# داهێنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی

دەیڤید جی. گرین

# داهێنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

گۆران سەباح

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

دەیڤید جی. گرین
داهێنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٩١
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١١٧٢ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، فەرهاد ئەکبەری، تریسکە ئەحمەد

ناوەڕۆک


دانـەر ........ 6
پێشـەکی ........ 7
بەشی یەکـەم ........ 13
میـسالییـەتی ئازادی ........ 15
ڕۆحییە کولتوورییـەکانی ئازادی ........ 35
بـەشــی دووەم ........ 45
واقیـعـی زیندووی ئازادی ........ 47
کۆمـەڵەکانی بنیاتنانی کارەکتەر ........ 67
سوودەکانی پارەی هیشکە و سـەربەخۆیی خـێزان ........ 77
کێ پێوەنـدیی کرد؟ ........ 87
چاودێریی پزیشکی ........ 96
بەشی سێیەم ........ 119
کۆمـەڵە دۆستـایەتییەکان و دەوڵەت ........ 121
١٩١١: دڵنیایی نـیشـتمانی و Crowding Out و هـاریکاریی هاوبەش ........ 133
١٩٤٨: ریشـەکێشکردنی هاریکاریی هاوبەش ........ 148
بەشی چوارەم ........ 163
بەرەنجامەکان ........ 165
پەڕاوێزەکان ........ 206

## دانەر

دوکتـۆر دەیڤـید گـرین بەڕێوەبەری یەکـەی تەندروسـتی و خـۆشگوزەرانیـیـە لە پەیمانگەی کـاروباری ئابووریدا. پێـشـتـر راوێژکـاری پارتی کـرێکاران بـووە لە نیــوکــاسڵ ئاپن تاین لە ١٩٧٦ تا ١٩٨١، هەروەها لە ١٩٨١ تا ١٩٨٣ ئەندامی دەسـتـەی توێژینەوە بووە لە زانکۆی نیشـتـمـانیی ئوسـتـرالیـا لە کانبـێـرا. ئەم کتێبانەی نووسیوە: دەسەڵات و حزب لە شارێکی ئینگلیزدا، ئالن ئەنوین، ١٩٨٠ هاریکاریی هاوبەش یان سیـسـتـمی خۆشگوزەرانی، ئالن ئەنوین، ١٩٨٤، لەگەڵ ئێڵ. کـرۆنوێل. نەخـۆشـەکـانی چینی کـرێکار و دامـەزراوەی پزیشکی، تێـمـپل سـمـیس/گـۆوە، ١٩٨٥ مـافی نوێ: دژە شـۆڕش لە بیـری سـیـاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، وێتشیف، ١٩٨٧ و بەرهەمەکانی لە کۆوارەکانیشدا بڵاو کراونەتەوە، وەک: The Journal of Social Policy, Political Quarterly, Philosophy of the Social Sciences and Policy and Politics IEA ئەم کـتـێـبـانەی دانەر بڵاوی کـردوونـەتەوە: سـیـسـتـمی خـۆشگوزەرانی: بۆ دەوڵەمـەند یان بۆ هەژار، . کـام دوکتۆر؟ ١٩٨٥ ئاسـتەنگ بۆ MHS، ١٩٨٦ داودەرمان لە بازاڕ، ١٩٨٧ هـەریەکێک نەخۆشێکی تایبەتە، ١٩٨٨ دەبێ دوکتۆرەکان رێکلام بکەن؟ ١٩٨٩ یەکسانکردنی خەڵک، ١٩٩٠ هەروەها لەگەڵ (دەیڤد لوکاس) مێدیکارد ئەم کتێبەی نووسیوە: رێگەیەکی باشتر بۆ کڕینی داودەرمان؟ ١٩٩٣

# پێشەکی

لە سەردەمی تاچەردا، گەلێ کەس لەوە دەترسان کە سیستمی خۆشگوزەرانی هەڵبوەشێتەوە. راستت دەوێ، سیستمی خۆشگوزەرانی هیچی بەسەردا نەهات لەبەرئەوەی رەوتی چاکسازیی ریشەیی لەلایەن ئیدارەکانی تاچەرەوە بەلای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی خۆشگوزەرانیدا نەچوو. زۆرجار کابینەکانی تاچەر دروشمی بازاڕیان بەکار دەهێنا، وەک "یەکەم جار ویستی نەخۆش ئەوجا پارە" یان "یەکەم جار دێباب (دایک و باوک) قوتابخانە هەڵبژێرن، ئەوجا پرسی پارە دێتە گۆڕێ"، بەڵام لە واقیعدا وەزیرەکان بەفیکرەیەکی سنووورداری بازاڕەوە کاریان دەکرد. بۆ نموونە، چاکسازییەکانی NHS (سیستمی تەندروستیی نیشتمانی) بووە هۆی هاتنە کایەی "بازاڕێکی ناوەخۆ" کە هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ بەرنامەکانی تری حکوومەتدا. کابینەکانی تاچەر زۆر بیرتەسکانە کاریان لەگەڵ بۆچوونی کارەکتەری مرۆڤ کردووە. بۆ نموونە، چاکسازییەکانی بواری پەروەردە لەسەر بۆچوونی بەکاربەرانەی دێبابدا وەستابوون. دێباب لە دەرەوەی قوتابخانە حوکمیان دەکرد، نەک وەک یاریدەر لە پرۆسەی درێژی پەروەردەی منداڵەکانیان تا فێری توانا و زانیاری و ئەو سیفەتە کەسانییانە بن کە پێویستن لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کراوە و لێبووردەدا.

ئەقڵانیەتی ئابووری بەتەواوی زاڵ بوو بەسەر ساڵانی هەشتاکاندا، چونکە ئێمە بەقۆناغێکدا تێپەڕ بووبووین کە تێیدا شەڕی ئایدیاکان لە نێوان سیستمە ئابوورییەکان و سەرمایەداری و سۆشیالیزمدا رووی دابوو. ململانێی نێوان شێوازی پلانی ئابووریی بەکۆمەڵ و بڕیاری بازرگانییەکی بێ سەروبەر لە بازاڕە ڕکابەرەکاندا، تەواو زاڵ بوو بەسەر مشتومڕی دوای شەڕدا. ئەمەش لەبەرئەوەی جیهان بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرابوو، ئەوانیش: کۆمونیست و کاپیتالیست. هەروەها ئایدۆلۆجیای بەرگریکردن لە کۆمونیزم و فۆرمە توندەکانی کۆباوەڕی

(collectivism: الجماعية)، پێیان داگرت لەسەر ئەوەی کە وا سیستمی کۆمەڵایەتی بەندە بەبناخەی ئابوورییەوە. بۆیە، ئەوانەی دژی کۆباوەڕی بوون، شتێکی وایان بۆ نەمایەوە جگە لە چڕکردنەوەی هێرشەکانیان بۆ سەر سیستمی ئابووریی کۆمونیست. بەڵام بەهۆی بایەخدان بە سوودەکانی بازاڕ، هەندێ لە هەوادارانی ئازادی دیدی میسالییەتیی مێژووییان لە کیس دا، کاتێک لە واقیعدا شارستانیەتی رۆئاوایان خستە پێش کۆمونیزمەوە.

بەهۆی تێگەیشتن لە ماوەی دوای رووداوەکان، ئێستا ئێمە تێ دەگەین لەو سەردەمەی پێش داگیرکارییەکە بەهۆی ئابوورییەوە تێڕوانینی ئێمەی گۆڕی لەمەڕ ئەو پرسە قووڵترانەی کە دووچاری هیچ شارستانییەتێک نەبوونەوە. بازاڕەکان خێروخۆشیی زیاتر فەراهەم دێنن، بەڵام "کاڵای زیاتر" کۆمەڵگەیەکی باش دروست ناکا، هەروەها هەر بەتەنیا توانای کۆمەڵگە بۆ دروستکردنی "کاڵای زیاتر" نییە کە سەرمایەداری بەپێش کۆمونیزم دەخات.

ئەی چ شتێک پاشان بوو بە میسالییەتی مێژوویی ئازادی؟ زۆربەی خەڵک بەریتانیا بەکۆمەڵگەیەکی ئازادی دەڵەمەی وەسف دەکەن، بەڵام کاتێ ئێمە قسە لە ئازادی دەکەین، بەوردی چیمان لەبارەی ئازادییەوە لە مێشکدایە؟ ئاستەنگی ئەمڕۆ چیی تر ئەوە نییە بازاڕ بەسەر پلانە سەرەکییەکانەوە باڵادەست بێت، بگرە قووڵکردنەوەی تێگەیشتنە لەو دامەزراوە ئاڵۆزانەی کە نەک تەنیا خێروخۆشی، بگرە پێشکەوتنیش لە هەموو بازنەکانی بوونی مرۆڤدا بەرجەستە دەکەن، جا ئەمە لە هونەر، پەروەردە، خۆشگوزەرانی، ئەخلاقیات، ئاین، خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە، یارمەتیی دراوسێ یان هەر شتێکی تریش. هەر بەو رادەیەش گرینگە کە ئەو دامەزراوانە رێگە بە فرەییی مرۆڤ بدەن بەبێ ئەوەی ئازادی و سەلامەتی لەسەر شەقامەکان بکەویتە مەترسییەوە.

هەروەک ئادەم سمیس درکی پێ کرد، دەکرێ کۆمەڵگەیەک بۆی بچێتە سەر ئەگەر تەنیا پشت بەسوودی هاوبەش ببەستێت. بەرژەوەندیی خود هەردەم مانای خۆپەرستی نییە. زۆر بوار هەیە بۆ رێککەوتنی گونجاو، هەروەها ئەوانەی نیازی خۆپەرستییان هەیە، بەوە دەزانن کە رێسای پێشبڕکێ وزەکانیان بەگەڕ دەخات بۆ خزمەتی ئەوانی تر. بەڵام، دیسان هەروەک ئادەم سمیس لە کتێبی (تیۆری هەستە

ئەخلاقییەکان)دا سەلماندوویەتی، ئەم جۆرە قسانە بەرەو دوورترمان دەبەن و بەرەو سمیس و پێشەنگەکانی سەرەتای لیبرالیزمی کلاسیکمان دەبەن، دەبێ خەڵک لە ژیانیاندا ڕێبەری بکرێن، نەک تەنیا بەهۆی بەرژەوەندیی خودەوە، بگرە بەهۆی ئەرکیشەوە، بێگومان بە بۆچوونی سمیس ئەمە پێی دەگوترێ "ئەرکی خێرخوازی".

ئەو ئازادییەی سمیس شادیی بۆ گێڕا، تەنیا تیۆرییەکی هەستیار نەبوو بە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی تژی لە بەرژەوەندیی خود، بگرە میسالییەتێکیش بوو کە ڕووبەڕووی هەر کەسێک بووەوە بۆ دۆزینەوەی خودی باشتری خۆی. هەروەک مایکل نۆڤاک نووسیویەتی، کۆمەڵگەیەکی ئازاد "داوای زیاتری لە تاکەکانە، چونکە چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکات ئازاد بن. سەرچاوەی جوانیی نەتەوەیەک، هەروەها سەرچاوەی ئەو خۆشەویستییەی کە هاوولاتییانی هەیانە، ئەوەیە کە داوای زۆر لە تاکەکان دەکات".

ئەو بیرمەندانەی دەستیان بەسەر ئەو سیاسەتە گشتییانەدا گرتبوو، کە لە سالانی هەشتاکاندا دارێژران، بەم زاراوانەوە لە ئازادی نەگەیشتبوون. ئەوان زیاتر بەلای بەکاربردنی ئەو زاراوەدا دەچوون کە فرانک نایت، بیرمەندی گەورەی قوتابخانەی ئابووریناسانی شیکاگۆ، پێی دەگوت "گرفتی واقیعێکی دژوار" hard-boiled pose، کەیفی بە هەموو ئەو قسانەی لەمەڕ میسالییەتەکان یان چاکەکان یان پاڵنەرە بەرزەکان، وەک هەست، نەدەهات.

ئەم گرووپە ئەقلانییە ئابوورییە واقیعییانە زۆرجار پۆزەتیڤانە دژی هەر قسەیەکی "بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی" یان "ئەرکی ئەخلاقی" دەوەستانەوە. پاساوێکی باشیان هەبوو بۆ گومانەکەیان، لەبەرئەوەی سۆشیالیستەکان زۆرجار کۆششەکانیان وا پێشان دەدا کە دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست لە پشت لێڵیی ئەو قسانەی لەبارەی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتییەوە دەکران، مەبەستیان لەمەش کرداری "سیاسی" بوو. بەڵام بەهیچ جۆرێک "کۆمەڵایەتی" بەواتای "سیاسی" نایەت. زۆر چالاکیی گشتی هەن، سیاسی نین، هەروەها یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکانی سیفەتی شارستانییەتێکی ئازاد، بریتییە لە دەوڵەمەندیی ژیانێکی ئارەزوومەندانە و هاوبەش. گومانی توند لەو دەمەتەقێ سیاسییەی بە زاراوەی ئەخلاقی دەکرێ بەتەواوی شوێنی لەق نەکرابوو، ئەمەش دووبارە لەبەرئەوەی سۆشیالیستەکان

کەسێکی باشیان بەدی نەکردبوو. وەک ئەو کەسەی کە کات و وزەی خۆی سەرف دەکات لە پێناو خزمەتی ئەوانی تردا، بگرە وەک تاکێک کە داوای کاری لە دەوڵەت دەکرد لەسەر حسێبی باجدەران. ئەم لێکدانەوە بەسیاسیکراوەی بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی، جگە لە زیادکردنی رەچاوکردنی ئەوانی تر، دەیەوێ هەستی بەرپرسیارەتیی کەسانی (شەخسی) بخاتە پەراوێزەوە کە بەراستی رۆحی کولتووریی (ethos) خزمەتگوزاریی لەسەر وەستاوە. بەڵام هەر کەسێک دیدێکی ئەخلاقییانەی هەبێ، سۆسیالیستێکی پێشەنگ، هەروەها ئەو ئاستەنگەی ئەمڕۆ ئێمە رووبەرووی دەبینەوە، بریتییە لە ناساندنی هەستی جڤاتی (community) یانیش هاوبەندی (Solidarity) کە لەگەڵ ئازادیدا بگونجێ. بازاڕ رکابەرەکان هەماهەنگی لە نێوان هەوڵەکانی ئەو کەسانەدا دەکەن کە لەوانەیە بەرژەوەندیی خۆیان بوێ، یانە تەنانەت خۆپەرست بن، بەڵام ناتوانن سازان دروست بکەن.

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە بەناوی خاتوون تاچەرەوە لکاوە، کە دەڵێ: "شتێک نییە بەناوی کۆمەڵگە"، لە راستیدا شتێک هەیە بەو ناوەوە. بەڵام هاوواتا نییە لەگەڵ دەوڵەت. بریتییە لە دنیای "چالاکیی هاوبەش، کە راستەوخۆ ئارەزوومەندانەیە و رێبەری دەکرێ بەهۆی هەستی ئەرک بەرامبەر بە خەڵک و سیستمی کۆمەڵایەتی کە ئازادی لەسەری وەستاوە. ئەقڵانییە ئابوورییە واقیعییەکان هەوڵیان دا، قەناعەت بە کاریگەریی تەنسیقی پێشبڕکێی بازاڕ بێنن. ئازادی دەوەستێتە سەر ئەوەی خەڵک بەرپرسیارەتیی کەسانی بگرنە ئەستۆ بۆ پاراستنی دامەزراوەکان، ئەخلاقەکان و ئەو سیفەتانەی بنچینەی ئازادین.

ئەم نەریتی "لیبرالیزمی هاوبەش"ە میسالییەتێکی یوتۆپیایی نییە، بگرە واقیعی زیندووی ئازادی بوو بۆ چەندان ساڵ تا پێی نایە سەدەی بیستەمیش. ئەم کتێبە بەزۆری هەوڵێکە بۆ وەسفکردنی سیفەتی رۆژ بە رۆژی ئەم نەریتە بەهۆی هەڵسەنگاندنەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە ئارەزوومەندانەکان کە لەژێر کاریگەریی خۆیدا پەیدا بوون لە کۆتاییی دوا سەدەدا، ئەو دەمەی پەرەسەندنیان زوو وەستا بەهۆی مارشی سۆشیالیزمەوە. بۆ تێگەیشتن لە سیفەتی بزووتنەوەیەکی مێژوویی، ئێمە دەبێ نەک هەر بچینەوە سەر نووسینەکانی سەرکردە رۆشنبیرەکانیان، بگرە دەبێ بچینەوە سەر سیفەتی هاووڵاتییە بێفیزترەکانی خاکەکە. لەبەرئەوەی ئازادی هەر تەنیا میسالییەتێکی رۆشنبیری نییە، بگرە فەلسەفەیەکی رێبەریکردنی

جەماوەرە کە نواندنی بەهاکانی ئەو فەلسەفەیەی کردووە لە ژیانی رۆژانەیدا. ئەم واقیعە لە هیچ شوێنێکی تر ئەوەندە روون نییە هێندەی لە کاری کۆمەڵە دۆستایەتییەکاندا، ئەو رێکخراوانەی کە لە سەتەکانی هەژدە، نۆزدە و سەرەتای بیستدا بۆ هاریکاریی هاوبەش دامەزران، روون کراوەتەوە. زۆربەی کرێکارە پیاوەکان، پەیوەندییان بەو رێکخراوانەوە کرد، ئەمەش بواری ئەندامێتیی رێکخراوەکانی تری چینەکانی کرێکاری، یەکەتییەکانی بازرگانی و کۆمەڵگە هەرەوەزییەکانی فراوانتر کرد. (لە ١٩١٠دا، ٦,٦ ملیۆن ئەندام لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکاندا، ٢,٥ ملیۆن ئەندامی یەکەتییە بازرگانییەکان و ٢,٥ ملیۆن ئەندامی کۆمەڵگە هەرەوەزییەکان تۆمار کران.)

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان هیی بەرژەوەندییە نەریتییەکانن لەبەر دوو هۆکاری تر. یەکەم، تۆماری کۆمەڵە دۆستایەتییەکان پێچەوانەی مەفهوومی فراوانی ئەمڕۆیە کە، هەرچەندە بێگومان کۆمەڵگەیەکی روو لە بازار، باشترین رێگەیە بۆ دەستەبەرکردنی خێروخۆشی، پێداویستیی تەندروستی و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییانی دابین دەکات. لە ماوەی نێوان بەشی ٣ تا ١٠دا، واقیعی مێژوویی وا دێتە پێش چاو کە دژی ئەفسانەی خۆشگوزەرانی وەستابێتەوە پێش ئەوەی وەک ئێستاکە بەشێوەیەکی فراوان باوەڕ بە سیستمی خۆشگوزەرانی بکرێت. دووەم، ئەزموونی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان پێشانی دەدات کە ئێمە کاریگەریی سیستمی خۆشگوزەرانیمان خستووەتە پەراوێزەوە.

بۆ نموونە حکومەتەکانی تاچەر بیریان لە وەلامێک کردەوە بۆ کەموکووڕییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ ناساندنی ئاراستە ڕکابەرەکان لەنێو سیستمی وڵاتدا. بەلام ئەمە بۆ بەهەڵە تێگەیشتنی سیفەتی کۆمەڵگەیەکی ئازاد بوو. بازارە ڕکابەرەکان پێویستن، بەلام هەموو مەرجێکیش نین بۆ ئازادی. سیستمی خۆشگوزەرانی تەنیا سیستمی پاڵنەری بازاڕی ڕکابەریی سەرکوت نەکرد، بگرە ئەو دامەزراوانەشی سەرکوت کرد کە وەک بناخەی دروست خزمەتیان کرد بەو پیاو و ئافرەتانەی کە سیفەتی باشیان هەبوو، هەروەها نامیلکەیان بلاو کردەوە بۆ ئادیالیزم و خزمەتگوزاری و دەسکەوت. کەواتە دەبێ ئێمە رێگەی نوێ بدۆزینەوە بۆ رێکخستنەوەی وزەی "کۆمەڵگەی مەدەنی". بەشی کۆتا پێشانی دەدات کە چۆن دەکرێ ئەم نوێبوونەوەیە بەدی بهێنرێ.

بەشێک لەبەر ویستنی ناوێکی گونجاو و بەشێکیش لەبەر دەرچوون لە نەریت، من باسی ئەقڵانییەتی ئابووریی واقیعی دەکەم، بانگەشەی کۆکردنەوەی راستییەکان، پرەنسیپەکانی رێبەریکردن، باوەڕەکان و سیفەتەکان بە "سەرمایەداریی مەدەنی" ناو دەبەم. زاراوەکە بۆ خستنەڕووی پشتگیرییە بۆ بازاڕە ڕکابەرەکان لە کاروباری ئابووریدا، تێکەڵ کراوە لەگەڵ درککردن بەوەی کە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، کە شایستەی ناوەکە بێت، دەوەستێتە سەر ئەرکی مەدەنی، واتە دەوەستێتە سەر رۆحی کولتووری بەرپرسیارەتیی کەسانیی هاوبەش بۆ خۆشگوزەرانیی هاوەڵەکانمان. ئاستەنگەکە برێتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی رۆحی کولتووریی رێزی هاوبەش لەگەڵ کەمترین قسە لەسەر کرداری سیاسی، کە دنیایەکە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی مەترسیدار چەواشە کراوە بەهۆی کوتلەکاریی سەرپێی پارتە سیاسییە مۆدێرنەکانەوە.

# بەشی یەکەم

# میسالییەتی ئازادی

## دامەزراوە بنەڕەتییەکانی ئازادی

ئەم بەشە باسی ئەو کێشانە دەکات کە دامەزرێنەرانی سەرمایەداریی مەدەنی پێوەی گیرۆدەن، جەخت دەکاتە سەر لێکدانەوەکانیان لەبارەی باری مرۆیی و دامەزراوە سەرەکییەکان کە گرینگن و مایەی بایەخن.

ئەم بەشە باسی هەموو ئەو فێرگە فیکرییانە ناکات کە لە کاتێکدا پێیان گوتراوە لیبراڵ، بگرە زیاتر بەدوای نەریتێکی تایبەتی فیکریی لیبراڵدا دەچێ کە کەس هێندەی مایکل ئۆکشۆت بەباشی باسی نەکردووە. تەنیا پشت بەیەک ئایدیا نابەستێت، بگرە پشت بەکۆمەڵێک دامەزراوەی پێکەوەلکاو و کارەکتەری تاک دەبەستێت. ئەمانەش ئەم شتانە دەگرنە خۆ: رقێکی قووڵ لە جەختکردنە سەر دەسەڵات، جا لە دەستی دەوڵەت یان هەر رێکخراوێکدا بێت، پشتگیری بۆ دیموکراسییەتێک، بەڵام فۆرمێکی سنووورداری حکوومەت، بەشێکیان بۆ چێککردنی فەرمانڕەوا بەهێزەکان، بەڵام بەدەر لە رێز بۆ شکۆمەندیی تاک، هەروەها هەستێکی بەهێزی سازانی کۆمەڵایەتیش دەگرنەوە کە بەندە بەو پێزانینەی کەوا سیستمی کۆمەڵایەتی دەوەستێتە سەر ئەرکی سەر شانی هەموو کەسێک کە کەمێک کار بکات، بۆ پاراستنی کەشوهەوای رێزگرتن و رەچاوکردنی هاوبەش بۆ ئەوانی تر، بەهۆی قەبووڵکردنی ئەرکە ئەخلاقییەکان کە لە نەریتی جودو-مەسیحییەوە هاتوون.

رەگەکانی، بەلایەنی کەم، دەگەڕێنەوە بۆ سەتەی سێزدە، بەڵام وەک نەریتێکی مۆدێرن دەکرێ لەناو نووسینەکانی لۆک لە سەتەی حەڤدە و لە بەرهەمەکانی سمیس لە سەتەی هەژدە، ئاکتن و تۆکڤیل لە سەتەی نۆزدە، هەروەها ئۆکشۆت، هایک و مایکل نۆڤاک لە سەتەی بیستدا بەدی بکرێت.

هەروەک مایکل ئۆکشۆت سەرنجی داوە، کەسێک پشتگیریی خۆی بۆ ئازادی رادەگەیەنێت لەبەرئەوە نییە بە پێناسەیەکی ئەبستراکتی ئازادی دەست پێ دەکات کە دواتر بەراوردی دەکات لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە، وەک چۆن ئەندازیارێک بەراوردی پارچە ئاسنێک دەکات لەگەڵ چوارچێوەیەک، بگرە لەبەرئەوەیە ڕێگەیەکی تایبەتی دۆزیوەتەوە بۆ ژیانێکی باش. کەواتە، مەبەست لە پرسیارکردن لە ئازادی پێناسەکردنی وشەیەک نییە، بگرە "پشکنینی نهێنیی ئەو شتەیە ئێمە خۆشیی لێ وەردەگرین، بۆ ناسینی دوژمنەکەیەتی، هەروەها بۆ زانینی ئەوەی ئازادی لە کوێ و چۆن پتر تامی لێ دەکرێ."

ئەمە هەوڵی ف.ا. هەیکیش بوو. ئەو ڕێی بۆ پێناسەکردنی ئازادی خۆش نەکرد، بگرە هەوڵی دا لەوە تێ بگات بەهای ئەو ئازادییە چییە کە لەلایەن نەتەوەکانی رۆژئاوەوە چێژی لێ وەردەگیرێ. ئەی پاشان سیفەتەکانی بەریتانیا چی بوون کە بوونە هۆی ئازادبوونی؟ یەکەم، ئەگەر ئۆکشۆت ڕاست بکات، ئێمە ناتوانین لیستێکی ئەو دامەزراوانە بکەین کە ئازادییان لەخۆ گرتووە. دەتوانرێ ئازادییەکان جیا بکرێنەوە، بەڵام ئەو ئازادییەی ئاشنا بوو بەوانەی پێش خۆمان، تەنیا نەوەستاوەتە سەر ماف، یاسا و دامەزراوە جوداکان، بگرە وەستاوەتە سەر گەلێ ئازادیی پشتگیریی هاوبەش: نە لە جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت، نە لە حوکمی یاسا، نە لە موڵکی تایبەت، نە لە حکومەتی پەرلەمانتاری، نە لە مافەکانی habeas corpus [(3)] ، نە لە سەربەخۆییی دادوەری، نە لە هەزاران ناوەند، رێکخستن و سیفەتی تری کۆمەڵگەکەمانەوە هاتووە، بگرە لەوەوە هاتووە هەریەک لەمانە بیسەلمێنن ئەوەندە جەخت لەسەر دەسەڵات لە کۆمەڵگەکەماندا نەکەنەوە.

نەبوونی جەختکردنەوەی زۆر لەسەر دەسەڵات، بەڕای ئۆکشۆت، بریتییە لە سیفەتی گشتیی ئازادی کە ئەوانی تریش لەخۆ دەگرێت. یەکەم، دەسەڵات دابەش کراوە لە نێوان رابردوو، ئێستا و داهاتوودا: ئێمە دەبێ رەچاوی کۆمەڵگەیەک بکەین کە بەتەواوی لەلایەن رابردووی، یان ئێستای یان داهاتوویەوە حوکم کراوە کە نالاندوویەتی لەژێر زۆرداریی ئەو دەسەڵاتەی کە ئازادی حەرام دەکات. سیاسەتی کۆمەڵگەکەمان گفتوگۆیەکە تێیدا هەریەک لە رابردوو، ئێستا و داهاتوو

دەنگیان هەیە، هەروەها هەرچەندە لەوانەیە یەکیان یان ئەوانی تریان بە ڕێککەوت سەر بکەون، هیچیان بەردەوام زاڵ نابن، بۆیە بەم پێیە ئێمە ئازادین.

دووەم، دەسەڵات لەنێو ئەو ڕێکخراو و بەرژەوەندییانەدا بڵاو بووەتەوە کە کۆمەڵگە پێک دێنن: ئێمە ناترسین یان بەدوای ئەوەوە نین فرەیی بەرژەوەندییەکان سەرکوت بکەین، بگرە ئێمە وا دەزانین ئازادی ناتەواوە ئەگەر دەسەڵات تێیدا بەباشی دابەش نەکرابێ، هەروەها ئازادی هەڕەشەی لەسەر دەبێت ئەگەر هەر بەرژەوەندییەک یان کۆمەڵێک بەرژەوەندی، هەرچەندە لەوانەیە بەرژەوەندیی زۆرینە بێت، دەسەڵاتێکی نامۆ دەستەبەر بکات.

کەواتە، لە جەوهەردا ئێمە خۆمان بە ئازاد دەزانین، چونکە: "کەس لە کۆمەڵگەکەماندا ڕێگەی پێ نەدراوە دەسەڵاتی بێ سنووری هەبێت، هیچ سەرکردەیەک، کوتلەیەک، حزبێک یان "چینێک"، زۆرینەیەک، حکوومەتێک، کڵێسا، دەستە، دەستەی بازرگانی یان پیشەیی یان یەکەتیی بازرگانی." نهێنیی ئازادیی ئێمە ئەوەیە کۆمەڵگەکەمان "لە فرە ڕێکخراو پێک هاتووە لە دەستوورێک کە بەباشترین شێوە ئەو پەرتەوازەییەی دەسەڵات چاک دەکاتەوە کە سیفەتی گشتییەتی."

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان، بەتایبەتی سیستمە پێوەندارەکان کە لە بەشی ٣–٧ دا باس کراون، هەر هەمان ئەو ڕێکخراوانەن.

### دەرهاویشتەی چاخەکانی ناوەڕاست

ئەگەر ئۆکشۆت ڕاست بکات کە جەختنەکردنەوەی زۆر لە دەسەڵات جەوهەری ئازادییە، ئێمە چۆن دەتوانین باسی سیفەتی تایبەتی دەوڵەتی بەریتانیا بکەین؟ بەڕای ئۆکشۆت، دەوڵەتە ئەورووپاییە مۆدێرنەکان دەرهاویشتەی چاخی ناوەڕاستن. یەکەم شێوازی کۆمەڵییە کە ئەو پێی دەڵێ "کۆمەڵی مەدەنی" و دووەمیش "پرۆژە" یان "کۆمەڵی ئامانجدار".

"کۆمەڵی ئامانجدار"[٤] پێک هاتووە لەو کەسانەی کە پێوەندییان بە بەدواداچوونی بەرژەوەندی یان ئامانجی هاوبەشەوە هەیە. فۆرمێکی خاوێنی ئەم جۆرە کۆمەڵەیە زۆر ئامانجی نییە، بگرە یەک مەرامی سەروەریی هەیە. ئەرکی

سەرکردەکان برێتییە لە بەدواداچوونی ئەم ئامانجە، ئەمەش راستەوخۆ بەپێی پێویستیی تاکەکانە. لەوانەیە نەتەوەیەک گەلێ لەو پرۆژانەی پێ بێ، بە کۆمەڵە بازرگانییەکانیشەوە، بەڵام لێرەدا بایەخ بە دەوڵەت-نەتەوەکان دەدەم کە ئەم سیفەتەیان هەیە.

لە نەتەوەیەکی کۆمەڵی مەدەنیدا، خەڵک پێوەندییان پێکەوە هەیە، لەبەرئەوەی نا کە ئامانجێکی کۆنکریتی هاوبەشیان هەیە، یان پێکەوە کار بۆ ئەرکێکی دیار دەکەن، بگرە لەبەرئەوەی ئەوان بەدەسەڵاتی یاسایەکی دەزانن کە لە سایەیدا دەژین. رێز بۆ دەسەڵاتی یاسا مانای ئەوە نییە کە هەموو کەسێک پشتگیریی یاسا دەکات. یاسا دیاردەیەکە لە گۆڕاندایە، بۆیە ئەوەی فەرمان بەرێزگرتن دەدات لە کۆمەڵەیەکی مەدەنیدا برێتییە لەو یاسایەی کە هەیە و یاسای پرۆسەی ریفۆرمیشە.

یاساکان ئەو مەرجانە سنووردار دەکەن کە بەهۆیەوە هەر کەس بەشداریی دەکات، واتە هەریەکە و بەدوای شێوازی ئەو ژیانە دەکەوێ کە هەڵی بژاردووە. کەواتە ئەم جۆرە تێکەڵەیە سیستمی یاسا و جێبەجێکردنیەتی. خەڵک تێکەڵی یەکترن، لەبەرئەوەی نا کە ویستی هاوبەشیان هەیە، بگرە لەبەرئەوەی هەمان ئەو مەرجانە قەبووڵ دەکەن لە گەڕان بەدوای ئەو ئامانجانەی کە پێیان وایە باشترین ئامانجن.

هەریەکە و لەژێر پابەندبوونێکدایە دەبێ کار بەیەکسانی بۆ ئەوانی تر بکات، هەروەها هەر کەسە و چێژ لە باری یەکسانی وەردەگرێت لەژێر یاساکەدا. سیفەتی یاساکان بنچینەیە. لە هەردووکیاندا، کۆمەڵی ئامانجدار و کۆمەڵی مەدەنیی خەڵکی پابەندن بە یاساکانی رەفتارکردنەوە، بەڵام لە کۆمەڵەیەکدا یاساکان گرینگن بۆ بەدواداچوونی مەبەستێکی هاوبەش. لە فۆرمی خاوێنی کۆمەڵی مەدەنیدا، یاساکان برێتین لە زاراوە ئەخلاقییەکان، نەک فەرمانی چالاک و گرینگ.

لەژێر سیستمێکی کۆمەڵی مەدەنیدا، هەستی هاریکاریی خەڵک و شەرعیەتی حکوومەت لەو هەستە هاوبەشانەوە سەرچاوەیان گرتووە کە سیستمی کۆمەڵایەتی دەرفەت بۆ هەموو کەسێک دەرەخسێنێ دریغی نەکەن لەو بازنەیەی خۆیان لە

ژیاندا هەڵیان بژاردووە، هەروەها سەرچاوەیان گرتووە لە هۆشیاریی گشتی کە تێیدا بەردەوامیی ئازادی دەوەستێتە سەر ئەوەی هەموو کەسێک بای خۆی کارێک بکات. بەڵام، هەستی هاریکاری لە کۆمەڵەیەکی چالاکدا سەرچاوەی گرتووە لەو باوەڕەی کە هەر کەسێک بەشێکە لە تاکە سیستمێکی چالاک، لە کردەدا، یان بۆ بەمۆدێرنکردنی یان پێشخستنی سەرچاوەکانی نەتەوە یان بۆ دەستەبەرکردنی سیفەتی مرۆ لە ئاراستەیەکی نوێدا. بۆیە، لە نەتەوەیەکدا کە وەک کۆمەڵێکی چالاک رێک خراوە، تاکەکان ئالیەتی حکومەتن، بەڵام لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا حکومەت ئالیەتێکی گەلە، بەرپرسە لە رێکخستنی ئەو دامەزراوانەی کە رێگە بە خەڵک دەدەن بەدوای ئەو میسالیاتانە بکەون کە خۆیان هەڵیان بژاردوون.

لە رووی مێژووییەوە، ئۆکشۆت دوو جۆرە کۆمەڵ دەستنیشان دەکات وەک بەرەنجامی کردە و فیکری چاخی ناوەڕاست. کۆمەڵی چالاک نێزیکە لە "خانەوادەیی" "lordship" و کۆمەڵی مەدەنییش لە "حوکمڕانی" "rulership". لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، پاشاکان سەرگەورەی ناوچە یان زەوییەکەی خۆیان بوون، بۆیە هەڵسووڕێنەری خەڵکەکەی خۆیان بوون. کەواتە، پاشایەتی لە سەردەمی خانەدانیدا بریتی بوو لە هەڵسووڕاندنی زەویزار. پاشا گەورەی شوێنەکە بووە. بەڕای ئۆکشۆت، لە خاکی سەرەکیی ئەوروپادا (Continent) [5] لە سەدەی پازدەدا، گەورەکانی دنیای ئەو سەردەمە گەشەیان دەکرد و دەبوونە حوکمڕان.

وەک حوکمڕانێک، پاشا پاسەوانی یاساکان و سەپێنەری دادوەری بوو، هەروەها بابەتەکانی ئەم حوکمڕانە ئازاد بوون لەوەی لەبارەی ژیانیانەوە بێت، بێ ئەوەی زۆر تەداخولیان بکات لە کاتی گوێڕایەڵبوونی یاسادا. لە بەریتانیا، سەرهەڵدانی حوکمڕانی لە سەدەی سێزدە باس کرا لەلایەن نووسەرانی وەک هێنری براکتن، حاکم و راوێژکاری کاتیدرالی ئێکزێرتەر کە یەکەم حیسابی سیستماتیکی یاسا و نەریتەکانی کۆ کردەوە. لەبارەی پارزەوینەکەوە، ئەو دنیایەی ئۆکشۆت لە بیریدا بوو پێک هاتبوو لە: نەمسا، براندربێرگ – پرووسیا، باڤاریا، ساکسۆنی، وتمبێرگ و وێستفالیا، کە حوکمڕانەکانیان لە قۆناخی گەورەی ئاژەڵداری و دەرەبەگایەتی و ناوچەکان دەرچووبوون بۆ بوون بە پاشای دنیا و بابەتە سەروەرییەکان.

ئەو جیــهانە تازانە چیی تر نـە زەویوزار بوون، نە هاوپەیمانیـی سـەربازی بوون، بگرە کۆمـەڵی یاسـایی بوون. حوکمـڕانیی تازەش: نە مـرۆڤێکی ئەریسـتۆکراتی، گەورە و خاوەنی ناوچەیەک، نە سـەرکردەی کۆمەڵێک بوو نە یەکێکی پێوەست بوو بە پراکتیزەکردنی ئەخلاقی پێناسـنەکراو و پاسەوانێتی بۆ دەسـتوەردان لە ژیان، چالاکیـیـەکـان و سـامـانی خـەڵکەکـەی، بگرە حـوکـمـڕانی بـابەتەکـان بوو... کـە پۆستەکەی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە گشتییە دیاریکراوەکان بوو، کە (هەرچەندە هەندێ زەحمەت بوو) جیاواز بوون لە بایەخە تایبەتییەکانی.

دەوڵەت کـە بەجێ مـاوە بۆ نـەتەوە ئەوروپاییـیـە مـۆدێرنەکـان لەوانـەیە، لە ڕووی مـێـژووییـیـەوە، وەک تەنگژەیـەکی بێ چارەسـەر درکـی پێ بکرێت لە نێـوان ئەو دوو سیـفەتەی دانـوویان پێکەوە ناکوڵێ، ئەوانیش، خـانەوادەیی (کۆمـەڵی ئامـانجدار) و حوکمڕانی (کۆمەڵی مەدەنی)دا.

لە سـەتەی بیـسـتدا، دەتوانین درک بە تۆتالیتـاریانیزم بکەین وەک هاوشـێوەیەکی مۆدێرنی کۆمـەڵی ئامـانجدار، هـەروەها لیـبرالیـزمی کـلاسـیکیش وەک هاوشـێوەی کـۆمـەڵی مـەدەنی. بەپێـی زاراوەسـازیی ئۆکـشـۆت، ئێمـە لە سـەتەی بیـسـتـدا، لە گـەشـەسـەندنی دیموکراسـیـیـەکانـی ڕۆئاوا دەگەین، بـە تایبـەتـی بەریتـانیـا، وەک پەرەیەکی جـێگیر لە کـۆمـەڵی مـەدەنییـەوە بۆ کـۆمـەڵی ئامـانجدار. بەلای لیـبراڵە کلاسیکەکانەوە، کۆمەڵی مەدەنی لە هەردووکیان خوازراوترە، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نییـە کـە کـۆمـەڵی ئامـانجدار هەردەم خـراپ بێ. ئاسـاییـیـە بـۆ کـۆمـەڵێکی مەدەنی بەشێوەیەکی کاتی خـۆی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵێکی ئامانجدار، وەک چۆن وڵاتە دیموکراسییەکانی ڕۆئاوا لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا وایان کرد.

### ئەو گرفتە کردەییانەی لیبراڵەکانی سەتەی حەڤدەیان نیگەران کرد

لە ئینگلتـەرادا، لیبرالیزمی مۆدێرن وەک فەلسـەفەی حـوکمڕانی لـە کاتی ناکۆکیی نێوان تاج و پەرلەمان لە سەتەی حەڤدەدا سـەری هەڵدا.

بەرگریکارانی ئازادی ئەو هـێڵەیان گرت، بـۆ دووپاتکردنەوەی مافی ئیلاهییـانەی پاشـاکـان، کە پاشـاکانی سـتوارت(٦) لە نەریتی ئازادییـەوە دەردەچوون بەپێی ئەو یاسایەی کە مافی بوونی ئینگلیزە، بەلایەنی کەم، لە سەتەی سێزدەمەوە. لە پرسـی

ئینگلیزدا، کە پەرلەمانتاران تێیدا هۆشمەند بوون، ناوی لێ نرا تا بەپێی یاساکان حوکمڕانی بکرێت، نەک بەپێی ئارەزووەکانی پاشا. ئایدیەی هاوشێوەی ئەمە پەڕییەوە بۆ ناوچەی ئەتڵەسی و بۆ ئەمەریکا کە لەوێ شەڕی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمەریکاییان هێنایە کایەوە. هەروەها بزووتنەوەی لەم چەشنە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا گەشەیان کرد وەک ئۆپۆزسیۆن بۆ حوکمڕانە رەهاکانی ئەو وڵاتانە.

لە سەدەی حەڤدەدا، دەسەڵاتی دەوڵەت، لە فۆرمی پاشایەتی و کڵێسای دامەزراودا، وەک بەربەستێک بۆ خۆئاراستەکردنی کەسانی دەبینرا. لیبرالیزم وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەم جۆرە ژیانە دروست بوو، هەوڵی شلکردنەوەی ئەو زنجیرانەی دا کە ژیانی ئابووری، کاروباری ئاینی، سیاسی و رۆشنبیرییان پەلبەست کردبوو. لیبرالەکان کۆتاییی ستەمی ئاینییان ویست و بەدوای ئازادیی ویژدان، بیر و دەربڕیندا گەڕان. گەلێکیان لەوەش دوورتر چوون، داوایان کرد نابێ هیچ ڕاڤەرێکی سەپێنراو لە نێوان مرۆڤ و نووسینە پیرۆزەکاندا هەبێت، هەروەها نابێ هیچ پێناوێک لە نێوان مرۆڤ و خوادا هەبێت. هەندێکیان قەشەکانی خۆیان لە رێگەی دەنگدانێکی ئازادانەوە وەک ئەندامانی کڵێسا هەڵبژارد. لیبرالەکان بەدوای گەرەنتییەکەوە بوون تا خەڵک بپارێزرێت لە تاوانباران، بۆ ئەوەش چاویان لە حکوومەت بڕی، بۆیان دابین بکات. بەڵام لەبەرئەوەی باش دەیانزانی کە رۆڵی دەوڵەت بۆ پاراستنی خەڵک دەکرێ خراپ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە داوای سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتیان کرد. دوا بەدوای ئەمەش، داوای یەکسانییان کرد لە بەردەم یاسادا، داوای سەربەخۆییی دادگەکانیان کرد لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی حکوومەت. ئازادییەکی تەواوی هاتوچۆیان دەویست لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر، بۆ ئەوەی تاکەکان و خێزانەکان بتوانن پێگەی خۆیان بدۆزنەوە. داوای ئازادیی ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانیان کرد بەپێی نرخێک کە بەهاوبەشی لەسەری رێک بکەون، بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە کە ئازادانە بەقەرز بدرێت و وەربگیرێت. داوای ئەوەیان دەکرد کە هەموو کەسێک چێژ وەربگرێ لە مافی خاوەندارێتی و بەکارهێنانی موڵک بەباشترین شێوە کە خۆی دەیەوێ. هەروەها بەدوای ئەوەوە بوون کە عادەتی پاشا بگۆڕن لە پێدانی قۆرخکارییە

شاهانەکان بەو گرووپانەی بەخواستی پاشا بوون، ئەوانیش لە بەرامبەردا پارە بدەن. لە ١٦٢١دا، بەپێی یەک لە مەزندەکان، نزیکەی ٧٠٠ قۆرخکاریی شاهانە هەبوون پاڵپەستۆیان دەخستە سەر نرخی گەلێ کاڵای گشتیی ناو ماڵ وەک مۆم، خەڵووز، سابوون، پێستە، خوێ و بیبەر.

چارەسەری لیبرالییانە ئەو داوایە بوو کە دەبێ پاشا هیچ یاسایەک دەرنەکات بۆ سوودی (یان زیانی) تایبەتی، بۆ گرووپ و تاکێکی ناسراو. ئەگەر لۆرد ئاکتن راست بووایە، ئارەزوو بۆ ئازادیی پەرستن هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی لیبرالیزم. ئەو گوتی لیبرالیزم "قووڵترین تەزوو" بوو لە ١٦٤١ و "بەهێزترین پاڵنەر" بوو لە ١٦٨٨دا. مرۆڤەکان فێر بوون تەنیا بەهۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتەکان دەکرێ ئازادیی کڵێساکان مسۆگەر بکرێت. ئاکتن، لەبارەی ئەو فیکرە سیاسییە مەزنەوە، نووسی: بەپیرۆزکردنی ئازادی و لکاندنی بە خواوە، پەروەردەکردنی مرۆڤ بۆ ئەوەی رێز لە ئازادییەکانی ئەوانی تر، وەک ئازادییەکانی خۆی، بگرن، هەروەها بەرگرییان لێ بکا زیاتر لە پێناو خۆشەویستی بۆ دادوەری و خێرخوازی، نەک وەک مافێک، ئەمانە روحی ئەو شتە مەزن و باشانە بوونە کە لە پێشکەوتنەکانی دوا دوو سەد ساڵی رابردوودا بەرجەستە کراون.

ئەم بەرهەڵستکارییەی سەتەی حەڤدە بۆ زاڵبوون بەسەر حکوومەتدا بەدوو ئاراستەدا چووە پێش، کە بەردەوام بە روونی لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. یەکەمیان، کە من پێی دەڵێم سەرمایەداریی مەدەنی، بەهیوای تێکەڵنەکردنی لەگەڵ ئایدیە پێوەستەکانی تر، دەکرێ بەو هەوڵە بزانرێت بۆ نەگەڕاندنەوەی پاشا بۆ "دەسەڵاتی ناوچەیی"، وەک بە زمانی ئۆکشۆت وای پێ دەڵێن. میسالییەتی سەرمایەداریی مەدەنی برێتی بوو لە نەتەوەیەک کە وەک کۆمەڵە مەدەنییەکان یەکگرتوو بێ، ئەمە بەلایەنی کەم لە سەتەی سێزدەوە هەیە، کە پرسە ئینگلیزییەکان لەلایەن حوکمڕانێکەوە نەک خانەوادەیەک حوکم دەکران، هەروەها یاسا کۆدێکی ئەخلاقی و حەتمی بوو بۆ ژیان کە هیچ کەس، بێگومان هیچ پاشایەک، نەیدەتوانی سووکایەتیی پێ بکات. پاشاکانی ستوارت وەک سووخۆر دەبینران کە دەستیان لە مافی ئەو پرسانەی کە چەندان سەتە تەمەنیان بوو، وەردەدا. کەواتە لیبرالیزمی کلاسیک، سەرمایەداریی مەدەنی، رێزداربوون لە مێژوودا. مێژوو بەشایستەی

زانی شارستانییەتی ئینگلتەرا بپارێزێت.

نەریتە لیبراڵە پێشەنگەکەی تر بەگشتی پێی دەگوترێ ئەقڵانییەت. دژایەتیی پاشاکانی ستوارتی وەک گێڕانەوەی مافە مێژووییەکان نەدەبینی، بگرە هەموو نەریتەکەی بەخنکاوی دەبینی، هەروەها تەواو جیاوازیی کرد لە نێوان عادات و خورافیات. ئەم نەریتە لەگەڵ دیکارت سەری هەڵدا، لە گەڕانیدا بەدوای راستییەکی "روون و دیار"، زیاد لە پێویست توانای حکوومەتی مەزندە کرد بۆ رێکخستنەوەی کاروبارە مرۆییەکان. گوتەبێژانی نەریتی لیبراڵ کلاسیک، وەک لۆک، لە لێدوانەکانیاندا میانڕۆتر بوون:

لەبەرئەوەی هەبوونی چەندان ڕا لە زۆرترین بەشی مرۆڤدا، ئەگەر هەمووی نەبێ، رێی پێ ناگیرێ، بەبێ بەڵگەی دروست و تەواوی راستییەکانیان، بەڕای من، وای لێ دێ هەموو مرۆڤ ئاشتی و هەروەها نووسینگە گشتییەکانی مرۆڤایەتی و هاوڕێیەتی لە فرەییی ڕادا دەپارێزێت. دەبێ ئێمە بەباشی بەزەییمان بە کەمبایەخیی هاوبەشدا بێتەوە و هەوڵ بدەین لایەرین لە هەموو رێگە یەکسان و دروستەکانی زانیاریدا، هەروەها بەخراپیش مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا نەکەین، وەک کەللەرەقی و خراپی، لەبەرئەوەی ئەوان دەست لە خۆیان هەڵناگرن و ڕایەکانی ئێمەش وەرناگرن.

لیبراڵە ئەقڵانییەکان دڵنیا بوون لەوەی کە ئەوان راستن و هەروەها زۆر سوور بوون لەسەر بەدواداچوونی ئامانجەکانیان. بەدەستی ئەو جۆرە مرۆڤانە، ئەم ناوەی لیبرالیزم ئاراستەی سیاسەتی رۆژئاوای گۆڕی تا بگەڕێتەوە بۆ خانەوادەیی، واتە، ئاراستەی سەرەکیی خەڵک و موڵک.

## گریمانە سەرەکییەکانی کاپیتالیستی مەدەنی لەبارەی رەوشی مرۆڤەوە

کاپیتالیستە مەدەنییەکان چۆن دەیانڕوانییە رەوشی مرۆڤ؟ لە جەوهەردا، بەململانێیەکیان دەزانی لە دژی ناکامڵبوونی مرۆڤ. وابەستە بوون بەدوو کەموکووڕی تایبەتەوە، تاوانکردن و پشتگوێخستن، دواجاریش ئەرکی کردەییی بیرمەند و چالاکیی کاپیتالیستی مەدەنی برێتی بوو لە پێشخستنی شارستانییەتی مرۆڤ بەهۆی دۆزینەوەی یان باشترکردنی ئەو دامەزراوانەی کە

هانی دژەکانی تاوان و پشتگوێخستنیان دا، بەگشتی باشی و فێربوون. ئەو میسالییەتە ئەخلاقییەی پەنجە دەخاتە سەر سەرمایەداریی مەدەنی ئەوەیە کە پێوەندییەکانی مرۆڤ، بەپێی پێویست، دەبێ بوەستنە سەر رازیبوونی هاوبەشی ئازادانە نەک هێز یان فەرمان. لیبراڵە کلاسیکەکان حەزیان لەو میسالییەتە بوو؛ چونکە پێیان وابوو ئەمە گونجاوترە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ تا حوکمڕانی لەلایەن "گەورەی ناوچەیەک"ەوە. بەڵام میسالییەتێکیش بوو لەو سۆنگەی کە ڕووبەڕووی سیفەتی مرۆڤ بووەوە بەهۆی دانانی ستانداردێک تا هیوای بۆ بخوازن. ئەو ستاندارده ڕێگەیەکی میسالیی بەخەڵک پێشان دا بۆ ژیان.

تێکەڵەیەکی تایبەتی ئەو دامەزراوانەی کە بەلاوە نرابوون شێوەیەکی پێگەیشتووی وەرگرت لەو کاتەی کە لیبراڵەکانی وەک دەیڤد هیوم، ئادەم سمیس، جۆشیا تەکەر، ئیدمۆند بێرک و ویلیەم پالی لە سەتەی هەژدەدا دەیاننووسی. سیفەتی سەرمایەداریی مەدەنی زیاتر روون کرایەوە لە کاتی مشتومڕەکان لەسەر دەستووری ئەمەریکایی لە ساڵانی هەشتاکان، لەلایەن دانەرانی Federalist Papers ، لەلایەن ئیمانوێل کانت و ویلهێلم ڤۆن همبۆلت لە ئەڵمانیا، لەلایەن مۆنتیسکیو لە فەرەنسا و لە سەتەی نۆزدە لەلایەن تۆکڤیل، ج.س. میل و ئاکتن. لە ماوەی ئەم سەتەیەدا، نەریتەکە لەلایەن فرێدریک هایک و مایکل نۆڤاکەوە زیاتر پەرەی پێ درا.

گرینگە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی شێوانی مۆدێرن لابەریت. ئازادی لەژێر یاسا مەزهەبێک نییە کە ئازادی بە نەبوونی تەلبەندەکان دەزانێ، یان ئازادی لە هەموو بەربەستەکانەوە بۆ ئارەزووەکانمان. لیبراڵە کلاسیکەکان "دەسەڵاتیان" نەویست، بگرە "ئازادی"یان ویست، واتە عەودالی "دەسەڵات" نەبوون بۆ دەستەبەرکردنی ئاواتە تایبەتییەکانیان، وێڵ بوون بەدوای سیستمێکی کۆمەڵایەتی- شارستانییەتێک- کە ڕێگە بەهەموو کەسێک بدات لە سایەی ئازادی لەژێر یاساوە کار بکەن بۆ بەختیاریی خۆیان و بەختیاریی ئەوانی تر بەپێی باشترین باوەڕی هەر یەکێک. بۆ دووبارەکردنەوەی وشەکانی ئاکتن، دەڵێن: ئازادیی ئەوانی تریان هێندەی ئازادیی خۆیان خۆش بوێت.

میسالییەتەکە ئازادی بوو لەژێر سێبەری یاسادا، نەک ئازادییەک بەکەیفی هەر کەسێک.

ئازادییـەک بـوو بەهـۆی ویژدانەوە ڕێبـەری کـرا نەک بەهـۆی ویسـتـە ڕووتەکـان. ئازادییەکی ڕێژەییش نەبوو. ئازادی قیمـەتی بۆ دانرا، لەبەرئەوەی ناکاپیـتالیسـتە مەدەنییەکان پێیان وابوو کە بۆچوون و بەهای هەر تاکێک بەقەد بۆچوون و بەهای یەکێکی تر باشە، بگرە لەبەرئەوەی کارێکی ئاسایی نییە هەر دەسەڵاتێک لە پێشدا ئەو کەسە بناسێنێت کە باشـترین کـار دەکات، یان تا ئەوپـەڕی سـوود لە مـرۆڤ وەربگرێت، یان حوکم بدات کامە بەها، عادەت یان دامـەزراوە دواجار دەیسـەلمێنن، یارمـەتیدەرن بۆ هـاریکاریی مـرۆیی. لە ئەنجـامـدا، پێیـان وابوو دەبێ هـەمـوو کـەس ئازاد بێ لەوەی کـامـە بیـرکردنەوەی بەلاوە دروسـتـە، لەو ڕوانگـەیەی کـە ئێـمـە دان بەپێشکەوتنی ڕاستەقینەدا دەنێین ئەو دەمەی دەیبینین.

دەبێ بۆچـوونی بیـرمـەندانی وەک ئـاکتن و تۆکـڤـیل بەتـەواوی لە بۆچوونێکی تر جیـا بـکرێتەوە کـە زۆرجـار بە لیـبراڵـیزمـەوە دەلکێ. ئەو بۆچوونەیە، کـە لە ڕۆسـۆوە سـەرچاوەی گرتووە، کە خەڵک لە جـەوهـەردا باشن، بەهۆی دامەزراوەکانەوە خراپ کراون، دامـەزراوانی وەک یاسـای خـراپ یان حکوومـەتی خـراپ. لە سـۆنگەی ئەم باوەڕەوە، بۆچـوونەکـە دوای ئەوە دەکـەوێ کـە، ئەگـەر بمـانەوێ مـرۆڤـەکـان کـامڵ بکەین، دەبێ یەکەم جـار ئـەو دامـەزراوانە بنبـڕ بکەین کە گـەندەڵیان دەکـەن. ئەم جـۆرە بیـرکـردنـەوەیە کـاریگەرییـەکی بەهـێـزی هـەبوو لەسـەر شـۆڕشگێـڕە فرەنسـاییەکان، کە بە بەهای گیـانی خۆیان گەیشـتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر تۆ نەریت و دامـەزراوەکـانی نەتـەوەیەک ڕیشـەکـێش بکەیت، ئەوا هـەر هـاوولاتیـیـەک کۆتاییی پێ دێت لەبەرئەوەی بەتەنیا ڕووبەڕووی یەک دەسەڵاتی ڕێکخراو دەبێتەوە، ئەویش سوپایە. بەلای کاپیتالیسـتە مەدەنییەکانەوە، خەڵک لە بنەوە باش نین. ژیان ململانێیەکی بەردەوام بوو لە دژی ناکاملبووندا، تێیدا سیسـتمی کۆمەڵایەتی شـان بەشـانی ویژدانی تاک ڕۆڵێکی سـەرەکیی هـەبوو.

لە نزیکـەوە پێـوەسـتـبـوون بەفیکرەی "دڕنـدەی مـاقـووڵ"ەوە باوەڕێکی تـر بوو کـە ئەویش لە فـرەنسـا دروسـت بوو. بیـرمـەندانی ڕۆشـنـگەری "Enlightenment"ی فـارەنسـایی لە نیـوەی دووەمـی سـەتـەی هـەژدەدا ئەو بۆچـوونـەیان گـرتە بەر کـە لە ڕێگەی هەستەکانەوە درک بەسروشت کراوە، بەهۆیەوە گەیشتنە ئەو ئەنجـامەی کە هـەمـوو لێکدانەوەکـانی تر هـەڵە بوون. لە ئاکـامـدا، تەواو بـاوەڕیان بەمـەعـریفـەی زانسـتی هـێنا و ئارەزووی ئەوەیان دەکرد کـە هـەمـوو خـوێندنەکانی کڵـێسـا وەک

خـورافیـاتی تەواو رەت بکەنەوە. بۆ نمـوونە، ڤۆڵتـێر سـەرکۆنـەی پیـاوانی ئـاینیی دەکرد، وەک چۆن کۆدۆرسیتیش وای کرد، کە باوەڕی وا بوو ئەو دەمەی پاشاکان، ئەریستـۆکـراتەکـان و قـەشـەکان خـرانـە پەراوێزەوە، ئینجـا مـرۆڤـەکـان ئازاد و یـەکـسـان دەبن. (رۆسـۆ پێـشـەنگی باوەڕدارانـە بە خـوا و بەشـداری لـە بەرهەڵستکاریی ئاینی لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە نەکرد[٧].)

بوونی ئەو حـەوسـەڵەی ئاینـی مـەسـیحـی وەک خـورافیـات، فـەیلەسـووفـەکـان بە پێـویستـیـان زانی پەنا ببـەنە بەر ئەخـلاق. گـەیشـتنـە ئەو ئەنجـامـەی، لەبەرئەوەی ناکرێ سەرچاوەی ئەخلاق لە فەرمایشـتەکانی خواوە هـاتبێ، بگرە دەبێ ئەخلاق لە پێداویستـیی هـاوبەشی مـرۆڤەکان بۆ یەکتـرییەوە سـەرچاوەی گرتبێ. هـەمـوو یاسـا ئەخـلاقـیـیـەکـان بەقـوربانـی دانراون لە پێناو سـازان، یان بـەپێی فـۆرمـی ئەم دەمەتەقێیەی کە لەلایەن هێلڤیتەس دانراوە، ئەخلاق بۆ مـەزندەی سوودی هـاوبەش کەم کراوەتەوە.

ئەم رێچکەیەی بیـرکـردنەوە، رێـگەی خـۆی دۆزییـەوە بەرەو ئینـگلتـەرا، بەهـۆی ویلیـەم گـۆدوین، تۆمـاس پێین و جـێریمی بێنتـامـەوە. گـۆدوین وای بۆ دەچوو کـە سـازانی سـروشـتـیی ژیانی مـرۆڤ دەبێـتـە هۆی بەکـۆتاهێنانـی حکوومـەت. پێین ویستـی رێچکەکە لە پاشـا، ئەریستـۆکرات و قـەشـەکان و خـورافیـاتەکـانیـان پاک بکاتەوە و لە نووکەوە بە مـافەکانی مـرۆڤ دەست پێ بکاتەوە. هـەروەها بێنـتامیش متمـانەی خـۆی خستـە پاڵ باشـترکردنی ژیانی مرۆڤ بـەهۆی چاکسـازیی یاسـا، تاکەکانی بـە موحـاسـیبی ئەقڵانیـی سـوودەکانی خـۆیانیـان دادەنا. ئـابووریناسـە کلاسیکەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی دەیڤد ریکاردۆ، کە وانەکانی ئادەم سـمیسی لە "تیـۆریی هـەسـتـە ئەخـلاقـییـەکـان"دا خـسـتـە پـەراوێزەوە، هـەروەها دیراسـەی رەفـتاری مـرۆڤی کرد وەک بلێـی خـەڵک ئەقڵانیـی ئابوورین یان بەدوای خـۆشـیدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی دەسکەوتیان بگەیەننە لووتکە. قوربانـی بەخـۆدان و ئەرک، ئەگەر هـەر کـاتێک خـۆشـییـان لێ وەرگیـرابێ، لە قـەنـاعـەتی هیـچ مـرۆڤـێکی تر بەجـیـاواز نەبینراون.

## دەزگا ئەخلاقی و یاساییبیەکانی ئازادی

ئەوەی کاپیتالیستە مەدەنییەکان بەدوایدا وێڵ بوون کۆمەڵێک داوودەزگا بوو کە، لەلایەکەوە، ئەو زیانەی کەم کردەوە کە ڕێی تێ دەچێت خەڵکی خراپ بیخەنەوە، لەلایەکی تریشەوە، ڕێی خۆش کرد بۆ باشترین شت کەوا بەهۆیەوە خەڵک گەشە بکات و سەربکەوێت. دەزگایەکی سەرەکی بۆ کۆمەڵگەیەک، کە هەلی دەرەخساند بۆ دەستپێشخەری و گۆڕان، وەک سیستمێکی ئەخلاقی بەدی کرا. زۆرجار ئەو سیستمە بەهۆی ستایشەوە هێزی پێ دەدرا، یانیش بەهۆی گلەییەوە کە لە هێزی تێوەگلانەوە بگرە تا دەگاتە دژبەرایەتی (ڕەتکردنەوە)ی تێدا بوو، هەروەها بەهۆی هەڕەشەکانی سزادانیش لە حاڵەتە باش ڕێکخراوەکاندا، سیستمەکە بەهێز کرا. یاساکە لە مانایەکی سنووردراردا بریتییە لەو ڕێسا ئەخلاقییانەی بەهۆی هەڕەشەکانی سزادانەوە دەسەپێنرێ. فیکرەی "حوکمی یاسا" تۆزێک فراوانترە. بەلای کاپیتالیستە مەدەنییەکانەوە، ئەمە مانای ئەوە بوو کە حکوومەت دەبوو بەپێی یاسا ڕێک بخرێت نەک بە مرۆڤ.

بەشێکی حوکمی یاسا تیۆرییەکی حکوومەتە کە دەڵێ، دەبێ حکوومەت لەژێر حوکمی یاسادا بێت و دەسەڵاتی یاسادانانیش دەبێ لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لە حاکمەکان جودا بکرێتەوە. هەروەها تیۆرێکیشە لەبارەی سیفەتی شیاوی یاساوە. یاسادانەران دەبێ تەنیا جۆرە یاسایەکی تایبەت دەربکەن، لە سەرووی هەموویانەوە، یاساکان دەبێ گشتی بن نەک خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بکەن. ئەم فیکرەیە باشتر لە سەتەکانی پێشتر هەرس کرا لە چاو ئەمڕۆدا. لە سەتەی حەڤدەدا، بەگشتی جیاوازییەک لە نێوان یاساکان و ڕاگەیەنراوە ڕەسمییەکاندا دەکرا.

یاساکان بەردەوامبوونیان هەبوو بەجۆرێک کە لە هەر تاکێک بەتەمەنتر بوون، ڕاگەیەنراوە ڕەسمییەکان تەنیا لە سەردەمی ژیانی پاشادا دەمانەوە و بریتی بوون لە فەرمان بۆ خزمەتکارەکان تا ئەرکە تایبەتییەکان بەجێ بێنن. دواتر هایک درکی بەم جیاوازییە کرد بەهۆی جیاوازیی نێوان "یاسای ڕەفتاری یەکسان" و "فەرمایشتەکان". لەبەر دوو هۆکار یاسا بەهای هەبوو، یەکەم نەیدەهێلا خەڵکی خراپ ئازاری ئەوانی تر بدەن، دووەمیش یاسا بارودۆخێکی جێگیری دروست کرد

کە تێیدا خەڵک دەیانتوانی بەپێی باشترین بیرکردنەوەیان مەعریفە و توانای خۆیان بەکار بێنن، چونکە دەیانتوانی لەسەر سەپاندنی یاسا دیاریکراوەکان حسێبی بکەن.

بۆچوونی کاپیتالیزمی مەدەنی لەبارەی مەعریفەی مرۆڤەوە ئەوە بوو کە تاکەکان لەسەر بارودۆخی خۆیان زیاتریان دەزانی تا بەرپرسانی حکوومەت. بێرک بە ڕوونی باسی ئەو فیکرەیەی کرد لە کتێبی "ڕەنگدانەوەکان لەسەر شۆڕش لە فەرەنسا"، دەڵێ: لە ژیانمدا، بەپێی پێوەرەکانم، زانیومە کە هاریکاریم لەگەڵ مرۆڤی مەزندا کردووە، تا ئێستا هیچ پلانێکم نەبینیوە کە دەستکاری نەکرابێت لەلایەن ئەوانەی کە ئاستیان لە تێگەیشتندا نزمتر بووە لە چاو ئەو کەسەی کە ڕابەرایەتیی کارەکەی کردووە.

وەک هایک دواتر سەلماندی، زۆرێک لەو مەعریفە و شارەزاییانەی بۆ ئێمە بەسوودن، لە تاکەکاندا هەن، جا ئەوەتا پێی بزانرێت یان نا. لە ئەنجامدا کۆمەڵگەیەک روو لە گەشەسەندن دەکات کە ڕێگەی بە تاکەکان دا ئەو مەعریفەیە، کە تەنیا ئەوان هەیانە، بەباشترین شێوە بەکار بێنن. ئازادیی ئەو دۆخانەی بەپێی یاسا دابین کردووە کە بواریان بۆ ئازادیی دەسپێشخەری ڕەخساند.

**یاساکان و گەشەسەندن**

بە ڕای ئادەم سمیس، وزەی مرۆڤ بەبێ یاسا لەنێو تاوانکاریدا بەهەدەر دەچێت. بە بۆچوونی ئەو، گەشەسەندنی ئینگلتەرا لە ئاکامی یاساکانیەوە بوو، ئەمە حاڵەتێکە سمیس لەگەڵ هەندێ وڵاتی ئەوروپایی بەراوردی کە کرد لەو وڵاتانەدا دەکرێ موڵکدارێتی بە ویستی حوکمڕانەوە دەستەبەر بکرێت.

لە ئەنجامدا، خەڵک لەو جۆرە وڵاتانەدا دەستی کرد بە هەڵگرتنی خوردە و شاردنەوەی ئامێرە بەقیمەتەکان لە پاشا و ئیمپراتۆرە تالانچییەکان. لە وەڵامدا، لە چەندان وڵاتدا ئەمە بووە عادەت کە سامانی هەڵگیراو موڵکی پاشایە. لە هەندێ وڵاتدا ، هەرکە ناشتنی سامان باو بوو، بەپێی پێوەرێکی گونجاو داوا کرا خەزێنە ببێتە بەشێکی گرینگی داهاتی حوکمڕانەکان. یاساکانی ئینگلتەرا ئەمنیەتی کەس و موڵکیان بۆ خەڵکی دابین کرد:

لەناو هەموو کاروباری داراییەکانی حکوومەتدا... سەرمایە بەبێدەنگی و وردە

ورده لەسەر یەک کۆ دەکرایەوە، بەهۆی قرچۆکی و رەفتاری باشی تاکەکانەوە، بەهۆی هەوڵی بەردەوام، زۆر و بێ وەستانیان بۆ باشترکردنی بارودۆخیان. ئەمە ئەو سوودەیە، کە درێژەی بە پێشکەوتنی ئینگلتەرا دا بەرەو کەڵەکەبوونی سامان و چاککردنی رەوشەکان لە چاو هەموو قۆناغەکانی پێشتردا. مەبەستی یاساکە، تەنیا بۆ سزادانی رەفتاری هەڵە نەبوو، بگرە بۆ خۆشکردنی رێگەی هاریکاریی ئارەزوومەندانەش بوو. بەگشتی، یاسای تاوان سزای هەڵە ئەخلاقییەکان دەدا، هەروەها یاسای مەدەنی برێتییە لەو رێسایانەی کە کارکردن لەگەڵ کەسانی تر ئاسانتر دەکات، وەک کڕیار یان فرۆشیار، بەڕێوەبەرەکان یان فەرمانبەرەکان، دواجار ئەو رێسایانە خستنەگەڕی سامان خورتتر دەکەن.

بۆیە، کاپیتالیزمی مەدەنی فەلسەفەیەکی سیاسی بوو پشتی بەست بە باوەڕێک لە شیمانەی (بەلام نەک لە یەقینەوە) پێشکەوتن و چۆنیەتیی بەدەستهێنانی بەباشترین شێوە. لە جەوهەردا، کاپیتالیستە مەدەنییەکان ئەو بۆچوونەیان هەبووە کە پێشکەوتن ئەنجامی لەدادگەدان و هەڵەیە. هەروەک ئابووریناسی ناسراو و ئەلفرێد مارشال باسی کردووە، لەوانەیە پێکڕایی (کۆباوەڕی) لە گەیاندنی سوودەکان کورتخایەن بێت، بەلام ئەمە تەنیا لەبەرئەوەی بوو کە کۆباوەڕی بەهۆی بەرهەمەکانی دەسپێشخەرییە تایبەتییەکانی پێشووەوە ژیاوە. بە بۆچوونی مارشاڵ، ئەگەر کانییەکانی پێشکەوتن وشک نەبووبان، هیچ بەدیلێک نەبوو بۆ موجازەفەکردن لەسەر حیسابی یەکێکی تر.

### کارەکتەری یاسای لیبراڵ

درککردن بەوەی کە یاسا پێویست بوو بۆ گەشەسەندن، ئەو مەترسییەی لەگەڵ خۆی هێنا کە دەسەڵاتی سزادان لەوانەیە خراپ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. چارەسەری لیبراڵە کلاسیکەکان برێتی بوو لە لکاندنی هەموو سزاکان بە دەوڵەتەوە، لەوەش زیاتر داوا لە دەوڵەت بکرێت تەنیا بەهۆی یەک ئالییەتەوە هەڕەشەی سزادان بکات، بەگشتی لە فۆرمی ئەو یاسایانەی کە پێشتر راگەیەنراون کە پرەنسیپەکانی مافی رەفتارکردنیان لێ دەکەوێتەوە. ئەم مەفهوومەی یاسا روونکردنەوەیەکی بچووکی پێویستە؛ چونکە لە بۆچوونی سەدەی بیستەم جیاوازە.

لەوەتەی چاخەکانی ناوەڕاستەوە و بێگومـان لەوەتەی سەتەی سێزدەشـەوە یاسا وەک "هـەر بڕیارێکی دروست لەلایەن پەرلەمانەوە بدرێ" بـەدی کراوە، وا زانراوە کە یاسـا "پێشـتر بوونی هـەیە" چاوەڕێی ئەوە دەکات لەلایەن سکۆلەر و حـاکمەکانەوە بدۆزرێتەوە. حاکمەکان یاساکانیان دۆزییەوە یان رایان گەیاندن، بەلاّم دروسـتیان نەکـردن. بەکورتـی، یاسا بە هـەرێـمی دەسـەلاّتی خـوا دەزانرا، نەک جـیـهانێک کـەوا کراوە بێت بۆ دەستکاریکردنی تەنیا لەلایەن نەمرەکانەوە. هـەروەها یاسا بـەرهـەمی ئەقلّ و تێگەیشـتنی نـەوەکـانە، لەبەرئەوەی ئـەو دەمـەی ئـادەم سـمـیس لە سـەتەی هـەژدەدا دەینووسـی زۆربەی یاسـاکـان یاسـای گشـتی بوون و لەلایەن دەسـەلاّتی یاسادانانەوە دەردەکران.

لە راسـتیـدا، تاکـو سـەتـەی نۆزدە بەشـێوەیەکی رێژەیی چەند یاسـایەکی کـەم هـەبوو بە ئەنقەست دەردەکران. دواتر، بەرەو کۆتاییی سەتەی نۆزدە و بەتایبەتی لە سـەتەی بیسـتدا، بۆ حکوومـەتەکان ڕەوا بوو هـەرچ یاسـایەک پێیـان خـۆشـە دەری بکەن و فیکرەی حکوومـەت لەژێر یاسا مـانای خـۆی لە دەست دا. ئەمڕۆکە، یاسا ئالیـیـەتی سـەرەکـیی حکوومـەتـە لە بەدەسـتـهـێنانی ئامـانجـەکـانی سـیـاسـەتی حکوومەتەکەدا. بەکردەکی، دەسـەلاّتی جێبەجێکردن دەسەلاّتی یاسادانانی گرتووە. بەسیاسەتکردنی یاسـادانان هێزێکی زیاتری پێ درا لە کۆتاییی سەتەی نۆزدە ئەو دەمـەی دەنگدەری نوێ هاتنە ناو تۆمـاری دەنگدانەوە. پارتە سـیـاسـییـەکان کـەوتنە ملمـلانێـیـەوە لەسـەر هاوکـاریکردنی دەنگدەرانی چینی نوێی کـرێکار بـەهـۆی بەهێـزکـردنی بواری یاسـادانان، بۆ کـڕینی دەنگەکـان، ئەمـە ئاراسـتـەیەکـە پێوەندییەکی تایبەتی بە کەرتی ئارەزوومەندانەوە هەیە کە دواتر تاوتوێ دەکرێ.

بە زاراوەی ئۆکشـۆت، بەریتانیا گەڕاوەتەوە سـەر ستایلێکی کۆنتری حکوومەت، "کـۆمـەڵی ئامـانجـدار" نەک "کـۆمـەڵی مـەدەنی". هیـچ حکوومـەتێک لە مـێـژووی بەریتـانیـادا تا ئێسـتا کۆمـەڵێکی تەواو مـەدەنی یان کۆمـەڵێکی تەواو ئامـانجـدار نەبـووە. بە بەردەوامی تـەنگژە هـەبـووە، بەلاّم لە سـالاّنی دوای شـەڕی جـیـهـانـیی دووەمـدا، ڕێڕەوی ئاراسـتـەکە بە تـەواوی بەرەو کـۆمـەڵی ئامـانجـدار گـۆڕا. بەلاّم بەریتـانیا هـەرگیـز سیفـەتی توندترین جـۆری، کۆمیـونیزمـی وەرنەگرت، لەو کارانە نابووری کە یەک ناگرنەوە لەگەڵ مـەبەسـتـی سـەروەرییـەکەی، نە رێکخـراوەکانیش لەگـەڵ مـەبەسـتـە جـوداکـانی. لەژێر دەسـەلاّتی ئەو جـۆرە ڕێژیمانەدا، لە کـردەدا،

کەسەکان موڵکی دەوڵەتن، کە تێیدا کار دەکەن یان دەژین یانیش ئەوەتا هەموویان پێکەوە بەجێی دێڵن، ئەمە بڕیاری ئیدارەکەیە. ئازادیی خەڵک لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵەدا بریتییە لە: "مەرجی ئازادبوون لە هەموو چاودێرییەک لە جیهانێکدا کە جارێک رزگار کراوە، بەگشتی، چاودێرییەکە ئەوەیە خەریک نەبیت بەجێبەجێکردنی رۆڵی یەکێکی تر لە پڕۆژەکەدا، هێواشکردنەوە و بیرتەسککردنەوەش نەبێت کە جووڵەی ئەو سەرچاوانە تەواو دەکەن ئەم جۆرە دەوڵەتەی لێ دەکەوێتەوە.

ئۆکشۆت دەڵێ: ئەم جۆرە سیستمە کۆمەڵایەتییانە، شوێنی گەڕان بەدوای قەناعەتە لێڵەکان و مەترسیی فەشەل دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو سوودانەی کە مسۆگەرن.

کورتە: بەلای کاپیتالیستە مەدەنییەکانەوە مەبەست لە کاری هەڵەی مرۆڤ ئەوە بوو کە دەبێ هەڕەشەی سزادان هەبێت. بەڵام تاوانکاریی مرۆڤ بەمانای ئەوە هات کە ئاژانسی سزادان، واتە دەوڵەت، دەبێ سنووردار بێ، نەبادا دەسەڵاتەکانی خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. خەڵک دەبێ بەپێی یاساکان حوکم بکرێن، نەک مرۆڤەکان، واتە دەبێ لەلایەن یاسای دامەزراوی رەفتاری راست و دروستەوە حوکم بکرێن، نەک بەهۆی ئارەزووەکانی پاشا یان زۆرینە لە پەرلەماندا.

بۆ نەهێشتنی مەترسیی سەرەکی، دەبێ دەوڵەت ببێتە ئالییەتی مەبەستە تەسکە تایبەتییەکان. لە ئینگلتەرای سەتەی حەڤدە و هەژدەدا، خواستێکی گشتی لەمەڕ گرینگیی بێلایەنیی حکوومەت  لە ئارادا بوو. ئاینە جیاجیاکان لە مێژووی خۆیاندا ئەزموونی چەوساندنەوەیان هەبوو. رۆیالیستەکان نەیارانی خۆیان دەچەوساندەوە، دواتر کرۆمویڵ دەسەڵاتەکەی لێ ئاوەژوو کردنەوە، دوای گێڕانەوەی حوکم، رۆیالیستەکان دەسەڵاتیان گرتەوە دەست.

ئەنجامەکە ئەوە بوو هەموو گرووپە بەهێزەکان هاتن بەهای رەتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بدەن بە هەموو بەرژەوەندییەکان بە هیی خۆشیانەوە. ئەمە مانای ئەوە بوو کە هەر گرووپە و دەبێ واز لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت بێنێ بۆ مەرامەکانی خۆی، بەم شێوەیە هەموو گرووپە بەهێزەکانی تر قوربانیی هاوشێوەی ئەمەیان دا.

کاپیتالیستە مەدەنییەکان دوو ڕۆڵیان لە حکوومەتدا بینی. یەکەم پشتگیریی دادوەری بوو. پێیان وابوو دەسەڵاتی حکوومەت لەم ڕۆڵەدا پێویستە بەتوندی بپارێزرێت تا مامەڵەی خراپی لەگەڵدا نەکرێت. ئەمەش لەبەر فیکرەی حوکم بەپێی یاسا نەک مرۆڤ بوو. دووەم وەزیفە دابینکردنی خزمەتگوزاری لە ڕێگەی سیستمی باجەوە. لێرەدا مەرجی سنووردار ئەوە بوو حکوومەت لەسەری بوو ڕەزامەندیی زۆرینەی خەڵک مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی باج بدەن.

هەندێ لیبراڵ، وەک هێربەرت سپێنسەر، ڕایان وابوو دەبێ دەوڵەت پابەند بێ بە سەپاندن و درێژەپێدانی یاسای تاوان: ئەی باشە حکوومەتیان بۆچییە؟ حکوومەتیان بۆ ڕێکخستنی بازرگانییان نییە، بۆ پەروەردەکردنی خەڵکیان نییە، بۆ فێری ئاین نییە، بۆ ئیدارەی خێرخوازی نییە، بۆ دروستکردنی ڕێگە و هێڵی شەمەندەفەر نییە، بگرە بەسادەیی بۆ بەرگریکردن لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤە، بۆ پاراستنی کەس و موڵکە، بۆ نەهێشتنی توندوتیژییەکانی دەسەڵاتدارانە بەرامبەر بە بێهێزەکان، بە کورتی، حکوومەتیان بۆ ئیدارەکردنی دادوەری گەرەکە. ئەمە حکوومەتێکی سروشتی و بنچینەییە. نە لەسەری بوو لەوە کەمتر بکات، نە پێویستی دەکرد ڕێی پێ بدرێ زیاتر بکات.

لیبراڵە کلاسیکەکانی تر جیاوازییەکی ڕوونیان کرد لە نێوان دەوڵەت وەک پشتیوانیی دادوەری و دەوڵەت وەک خزمەتکاری گەل. ئەم جیاوازییە بەقووڵی لە کاری سمیس و هاوچەرخەکانیدا باس کراوە، بەڵام بەتەواوی ڕوون نەکرایەوە تا ج. س. میل لە سەدەی نۆزدە دەستی بەنووسین کرد (بڕوانە لاپەڕە ١٢٤). بێ متمانەیی کاپیتالیزمی مەدەنیی حکوومەت دژی تەواوی کارەکانی حکوومەت ئاراستە نەکرا، بەڵام دژی ئەوانەی کە توانایان کەم کردەوە بۆ لەدادگەدان و هەڵە لەلایەن قۆرخکردنی ناوەندەکانی بەدەستهێنانی کۆتاییە ئارەزوو لەسەرەکان. دواتر لە بەشی کۆتاییدا تاوتوێی ئەوە دەکەم، چۆن ئەم هەوڵە لەوانەیە لە کردەوەدا جێبەجێ بکرێ ، لێرە تەنیا پرەنسیپە گشتییەکان باس دەکەم.

هایک چەندان جار جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە گرفتی پێناسکردنی سنووری زۆر لێکردن "هەمان ئەو ڕەچاوکردنە نییە کە پێویستە بۆ وەزیفەی

دروستی حکوومەت." چالاکییە بەزۆرییەکانی حکوومەت بێگومان تەنیا بۆ کارەکانیانە.

کەمترین گومان لە بۆچوونەکەیدا نەبوو، هایک هۆشداریی دژی لێسێز فێر[٨] دەدا: نە لۆک، نە هیوم، نە سمیس و بێرک قەت باسیان لێوە نەکردووە. وەک بێنتام دەڵێ "هەموو یاسایەک شەڕانگێزییەکە، لەبەرئەوەی هەموو یاسایەک سەرپێچییەکە لە ئازادی." دەمەتەقێکانیان هەرگیز دەمەتەقێیەکی تەواو نەبوو لەمەڕ لێسێز فێرەوە ... باشتریان دەزانی لە چاو زۆربەی رەخنەگرانی دواتر کە ئەوە جۆرە سیحرێک نەبوو بگرە پەرەسەندنی "دەزگا تۆکمەکان" بوو... کە بە سەرکەوتوویی کۆششەکانی تاکیان لەخۆ گرت بۆ مەبەستی دابینکردنی سوودە کۆمەڵایەتییەکان. لە راستیدا، دەمەتەقێکەیان هەرگیز دژی دەوڵەت، یان دژە حکوومەت نەبوو، کە برێتییە لە بەرەنجامی لۆجیکی رێچکەی لێسێز فێری ئەقڵانی. دەمەتەقێکە لەبارەی ئەرکە دیارەکانی دەوڵەت و سنوورەکانی کاری دەوڵەتەوە بوو.

ئەگەر ئازادی پێشێل نەکرێت، واتە، ئەگەر دەوڵەت بەردەوام مامەڵەیەکی مەدەنی لەگەڵ خەڵکدا بکات وەک کۆمەڵانی مەدەنی، ئەوا بیەوێ و نەیەوێ، دەبێ حکوومەت خزمەتگوزاری دابین بکات بە پشتبەستن بە پرسیارە کردەییەکانی وەک ئاخۆ تێچوو، بە تێچووە شاراوەکانیشەوە، لە سوودەکان تێپەڕ دەکات یان نا. وێڕای ئەمەش، تەنانەت ئەگەر پاساویش بۆ کاری حکوومەت، مەرج نییە حکوومەت خۆی خزمەتگوزاری پێشکێش بکات، بگرە دەتوانێ دارایی بۆ دابین بکات بەهۆی بەگەڕخستنی کۆمپانیا ئەهلییە رکابەرەکان. خەڵکی ئاقڵ دەتوانێ بە ئاسانی رازی نەبێ بە هاوسەنگیی تێچوو و سوود لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری یان دابینکردنی راستەوخۆ بەبەراورد لەگەڵ تەندەرە رکابەرەکاندا، هەروەها لەبەرئەوەی وەڵامێکی رەهای دروست نییە، لەدادگەدان و هەڵە باشترین چارەسەر دابین دەکەن. لەبەرئەوەی هایک پێی وابوو کە هێشتا زۆری ماوە بگوترێ لەبارەی پێشبڕکێ لە نێوان یاسا مەحەلییە جۆرەوجۆرەکاندا بگوترێ: جۆر و زنجیرە کرداری حکوومەت کە، بەلایەنی کەم لە بنەمادا، دەگونجێ لەگەڵ سیستمێکی ئازاد، بۆیە لە بەرچاو دەگیرێ. هاوکێشەی کۆنی لێسێز فێر یان دەستوەرنەدان، پێوەرێکی گونجاومان بۆ دابین ناکەن بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ئەوەی چ رێی پێ دەدرێ لە سیستمێکی ئازاددا و چش رێی پێ نادرێ.

بوارێكی بەرفــرەوان هەیە بۆ ئەزمــوونگەری و چاككردن لەنێــو ئەو چوارچێــوە یاســاییــە بەردەوامــەدا كــە ڕێ بۆ كـۆمــەڵگەیەكی ئازاد خـۆش دەكـات، بەوپەڕی كاریگەرییەوە كار بكات.

ئەگــەر بۆچوونی هـایک ڕاست بێت، ئەوا بـەشـێكی وەڵامــەكــە دەكـەوێتــە ناو دروستكردنی ئەو دەزگایانەی كـە ڕێ بە ئەزمـوونگـەرییـەكی فـرەوان دەدەن لەگەڵ شـێوازی جیـاجیـای حكوومـەت. بە واتایەكی تر، لەوانـەیە چارەسـەرەكە بازاڕێكی ڕكـابەر بێت لەو شـێوازە دەسـتـوورییـەی كە بـەدەست دێت بەهۆی جـێـهـێشـتنی شتێكی كەم بۆ حكوومەت، زۆرترین شـتیش بۆ دەسەڵاتە مـەحەلییەكان، هاوكاریی دارایی بكرێت بـەهۆی باجی ناوەخۆ لەگـەڵ بزووتنەوەی ئازادیی گـەل، كاڵا و پارە بۆ ڕێگەدان بە ئەزمـوونگەرییـەكی فرەوان لـەگەڵ مـەترسـییـەكـانی سـەروو و ژێری حكوومـەت. هاوكارە ناودارەكەم، ئارتەر سێلدەم، باسی بزووتنەوەی ئازادیی گەل، كاڵا و پـارە بۆ ڕێگەدان بە ئەزمـوونگەرییـەكی فـرەوان لەگـەڵ مـەترسـیی سـەروو و ژێری حكوومــەتی كـردووە. سیـسـتـمـێكی لامـەركـەزی ڕێگە بە هەندێ حكوومـەتی مــەحــەلی دەدات بەڕێوە ببــرێن لەلایەن ئـەوانەی ئامــادەن مــوجـازەفـە بكـەن لەژێر دەسـەڵاتی حكوومەت و بە پێچـەوانەشـەوە. ئـەم جۆرە پێشبـڕكێیـە لە شـێوازەكـانی حكوومــەتدا، ڕێگـە بـە هـەر حكوومــەتێكی مـەحـەلی دەدات، وانە لە ســەركــەوتن و فەشەلەكانی ئەوانی ترەوە فێر بێت.

بەڵام، كەمـوكووڕیی سـەرەكیی باجدان لە ڕێگەی ڕازیبوونەوە وەک پـرەنسیپێكی سنووورداری حكوومـەت ئەو دیموكراسییـە بووە كە لە سـەتەی بیستدا ئەو مـانایەی وەرگــرت كــە دەســەڵاتی زۆرینە پێــویســتــە سنووری نەبێت. وێڕای ئەمــەش، پێشكەوتـنێكی زیاتر وێرانكـەر، بەتەواوی بە كـەس هـەرس نەكرا تـا هـایک وەسـفی نەكرد، ئەویش ئەوە بوو كە دەسـەڵاتی بێ سنووری زۆرینـە هـەر بۆ زیادكردنی باج نەبوو، بگرە بۆ دەركــردنی یاســا بوو، بەو ئەنجــامــەی كــە ئالیــیــەتەكــانی سنووورداركـردنی دەســەڵاتی حكوومـەت، واتە یاسـا، بەسـیـاسـی كـرابوو و لەلایەن حكوومەتەكانەوە دەسـتی بەسەردا گیرابوو. ڕۆئاوا دەبێ بەسـەر ئەم كێشـەیەدا زاڵ بێت.

# ڕۆحییە کولتوورییەکانی ئازادی

## بەرپرسیارەتیی کەسانی

خاڵی سەرەکی لە بۆچوونی کاپیتالیستە مەدەنییەکاندا بریتییە لە باوەڕەکەیان کە دەڵێ، تاکەکان دەبێ ئەخلاقییەن لە هەموو بارودۆخەکاندا بەرپرسیار بن. کۆمەڵگە میسالییەکەیان، تا بڵێی بەندە بە ڕازیبوونێکی ئازادانەی هەموو بەشدارانەوە، نەک گوێڕایەڵیی فەرمایشتەکان. بیرۆکەی بەرپرسیارەتیی کەسانی کە میسالییەتەکەی لەسەر وەستاوە، سێ توخمی سەرەکیی هەیە. یەکەم: بەشێکی ئەو حوکمە پراگماتیکییەیە کە ئەگەر خەڵک سەرکەوتنی خۆیان بدوورنەوە و تەحەمولی تێچووی هەڵەکانی خۆیان بکەن، ئەوا ئەنجامی باشتری بەدوادا دێت بۆ هەمووان. دووەم، میسالییەتەکە پێی وایە بەبێ ئەو ستانداردانەی کە ئێمە دەتوانین بەردەوام بەپێچەوانەی ئەو ستانداردانە بجووڵێینەوە، ئەوا سەرکەوتنی زیاتری مرۆڤە گەمژەییی لێ دەکەوێتەوە. سێیەمیان، پشت بەو باوەڕە دەبەستێت کە کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە پێش هەر بەدیلێکی تردایە، چونکە خەڵکی هان دەدات زۆر زیاتر لە یەکتر داوا بکەن. لە بەرامبەردا ئەم بۆچوونە پشت دەبەستێت بە باوەڕی گەشبینی کە تاکەکان هەردەم توانای زیاتریان هەیە، هەروەها پشت دەبەستێت بە فەرمانی ئەخلاقی کە ئێمە دەبێ هەموومان ژیانی خۆمان بژین وەک هەوڵێک بۆ بەجێهێشتنی کەمێکی باشتر بۆ ئەو جیهانەی ئێمە دۆزیمانەوە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چۆن خەڵک لە بارودۆخی مرۆڤ تێ بگەن. ئاخۆ ئێمە تەنیا نواندنکاری دەورەکانمانین، وەک ئەوەی لە کۆمەڵی ئامانجدار، یان ئاخۆ ئێمە عەمیلی زیرەکین کار دەکەین بەپێی ئەو پرەنسیپانەی ڕێبەری دەکەن؟ هەروەک ئۆکشۆت باسی کرد، تاک لەناو میللەتێکی مەدەنیدا بریتییە لە: عەمیلێکی زیرەک کە لە بارودۆخی خۆی تێ دەگات (یان بەهەڵە تێ دەگات) بەویست و کرداری خۆی هەڵوێست دەگرێ و بۆ پیادەکردنی قەناعەتەکان، لە رووی

بەدواداچوونی هاریکاریی ویستە هاوبەشەکان، پێوەندییەکی پتەوی بە کەسانی ترەوە هەیە هەروەها لە رووی دانپێدانان بە پراکتیزە و رێنوێنییە ئەخلاقی و حەتمییەکانەوە. کەسەکە "عەمیلێکی ئازاد"ە وەک ئەوەی جیا کراوەتەوە لە "پێکهاتەی بایۆلۆجی یان ڕاسپاردەکانی تر."

## خێزان و کۆمەڵە ئارەزوومەندانەکان

کاپیتالیستە مەدەنییەکان ئاگەداری ئەوەش بوون کە ئازادی دەوەستێتە سەر مامەڵەیەکی باشی کۆنترۆڵی ئارەزوومەندانە، کە لە بەرامبەردا پشت دەبەستێت بەو خێزانە بەهێزانەی تێیاندا منداڵ پەروەردە دەکرێن، تا ببن بە هاووڵاتییەکی باشی کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ، هەروەها پشت دەبەستێت بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بزاوی کە لە هەموو جۆرە کۆمەڵێکی ئارەزوومەندانە خەڵک کار لەگەڵ ئەوانی تردا دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان و برەودان بە بەشیانە پۆزەتیڤەکانی یەکتری. ئەمە گرینگیی سەرەکیی کۆمەڵە ئارەزوومەندانەکانن. لەوانەیە خزمەتگوزاریی باشتر یان خراپتر لە چاو هەر بەدیلێکی تر دابین بکەن، بەڵام بەهای سەرەکییان دەکەوێتە ناو ئەو دەرفەتانەی ئەوان دابینی دەکەن بۆ پێشخستنی سیفەتە باشەکان لەو پیاو و ئافرەتانەی کە هێزی کارەکتەریان ئازادی بەهێز دەکات و لە دوژمنەکانی دەیپارێزێت. تۆتالیتاریانیزم رقی لەو کارەکتەرە بەهێزانەیە کە میسالییەتە بەرزەکانیان وایان لێ دەکا بەرگەی زۆرداری بگرن.

میسالییەتی ئازادی، دۆزینەوەی ئەو دەزگایانەیە کە وەک بناخەی سەلماندن کار دەکەن بۆ سیفەتە رۆشنبیرییەکان وەک گەڕان بەدوای راستی و کرانەوە بۆ هاودژی (التناقض)، سیفەتە ئەخلاقییەکان وەک راستگۆیی، خزمەت و قوربانی بەخۆدان، هەروەها سیفەتە چالاکەکان وەک بوێری و سووربوون، کە دواجار ئازادییان لەسەر وەستاوە.

## ئەفسانەی ئازادی و واقیع

دژەکانی سەرمایەداری زۆرجار گاڵتە بە سەرمایەداری دەکەن تاوەکو سووکی بکەن. دوو کاریکاتێری سەرەکی سەلماندیان کە دژەکان زۆر توندن.

یەکەمیان ئەوەیە سەرمایەداری لە سیستمی ئابووریی لێسێز فێر زیاتر نییە. بەڵام هەوڵی کاپیتالیستە مەدەنییەکان، کە لێرە باس دەکرێ، دروست نییە پێی بگوترێ لێسێز فێر. کەیفیان بە پێر سێی (per se 9) حکوومەت نەدەهات، بەڵام عەودالّی کارەکتەرێکی تایبەتی حکوومەت بوون. کورتکردنەوەی بۆچوونەکەیان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەو پرسیارە جەوهەرییەی ئەوان دەیانکرد لەبارەی هەر چالاکییەکی حکوومەتەوە، چالاکییەکە هەبێت یان پێشنیازکراو بێت، ئەمە بوو: "ئاخۆ خەڵک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەک ئالیەتێک بۆ سەرکەوتنی کۆتاییەکانی حکوومەت، یان ئاخۆ حکوومەت ئالیەت دروست و بەردەست دەکات بۆ خەڵک تا بەدوای خۆیان بکەون؟" هیچ رستەیەک و پرەنسیپێکی مەبەستدار ناتوانن سەرمایەداریی مەدەنی کورت بکەنەوە، هەروەها پەنجە خستنە سەر ئەو ئالیەتەی رستەی پێشوو سنووری خۆی هەیە، بەڵام سوودەکەشی ئەو پێشنیازەیە کە دەبێ هەوڵەکانمان ئەو ئاراستەیە بگرنە بەر تێیدا بەدوای سنووردارکردنی حکوومەتدا بگەڕێن.

دەکرێ کۆتاییەکانی حکوومەت چەندان فۆرم وەربگرن. هەندێ جار حکوومەت لەلایەن دیدێکی سەپێنراوەوە بەڕێوە دەبرێت. ئەو دیدە نیازی دروستکردنی جیهانێکی باشترە و پێویستی بە دیکتاتۆریەتێکە لە ماوەیەکی کورتدا تا خەڵک ناچار بکات بۆ گۆڕان. لە حاڵەتەکانی تردا، هیچ دیدێکی گشتگیری نییە بەڵام دەبێتە ئالیەتێک بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان. مەبەستی حکوومەت پێشخستنی بەرژەوەندیی گرووپەکەیە دژی ئەوانی تر. فیکرەی حکوومەتی سنووردار بەدیلێکە بۆ ئەم جۆرە شێوازانەی تر. لە سەتەی حەڤدە و هەژدەدا، حکوومەت لە بەشە فراوانەکەیدا بەجۆرێک لە ئاگربەست دەبینرا لە نێوان بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و لە نێوان ئاینە ڕکابەرەکاندا. دواتر، لە سەتەی بیستدا، حکوومەت وەک بەدیلێک بۆ دیکتاتۆریەتە کۆمونیستی و فاشیستییەکان هاتە ناسین. بەڵام "حکوومەتی سنووردار" خۆی لە خۆیدا کۆتاییەک نییە.

ئامانجی کاپیتالیستە مەدەنییەکان برێتی بوو لە دیتنەوەی شێوازێکی حکوومەت کە لەگەڵ ئازادیدا بگونجێ. کاریکاتێری دووەم ئەوەیە لیبراڵە کلاسیکەکان یان بازاڕڤانە ئازادەکان پاڵپشتیی خۆپەرستی دەکەن، لە راستیدا هەوڵەکەیان ڕەگی لەنێو خۆپەرستیدا داکوتاوە. لە کتێبی "لە رابردوو و ئێستا"دا

کـــە لە ١٨٤٣دا بـڵاو کـــرایەوە، تۆمـــاس کـــارلی، تۆنی زۆربـەی گـــوتاری دژە کـاپیتـالیستـیی دانا. کـاریکاتێـرەکـەی لەسـەر کـاپیـتـالیـزم، کـە تەنیـا بەندە بە "پێوەندیی نەقدی[١٠] "، هێشتا دووبارە دەبێتەوە. بۆ نموونە، پرۆفیسۆر ریمۆند پلانت لە سایەی ئەو شتەی کە پێی دەڵێت پارێزگاری تاکرەوی (individualist con-servatism) دەڵێت: "ئەوەی مایەی سەرنجە برێتییە لە ئەنجامی هەوڵەکانی کەسێک و ئاخـۆ ئەوانی تر ئامـادەن پارەکـەی بدەن. ئەمـە تاکـە پێـوەری بەهایە کـە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا جێبەجێ دەبێت."

بەردەوام دەبێ و دەڵێت بازارەکـان "دەبێ لە شـوێنی خـۆیاندا بپـارێزرێن"، لەبەرئەوەی هانی "منی باڵا و خۆپەرستی و حیسابی ئەقڵانیی سوود دەدەن بەسەر متـمانـەوە." زۆرجار نەریتی کاپیتالیستی وەک "پارێزگاری" یان دواجار وەک تاچەریزم باس دەکرێت. بۆ نموونە، تێد هیندوریچ، پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانکۆی لەندەن، دەنووسێت: پارێزگـاران هەروەک هەوادارانی ئادەم سمـیس دەمێننەوە کە پێشـەنگە لە دیتنەوەی دەستێکی شاراوە لەناو کاروبارەکانماندا. ئەمـە ئەو تێرامـانەیە. کە ئەگەر هـەریەک لە ئێمـە خـۆویستـانە بەدوای سـوودە شەخسییەکاندا گەڕا، ئەمە لەوانەیە جۆرێک خزمەت بە چارەنووسی گشتی بکات.

ئەو ئەنجـامـەی ئەو پێی دەگـات ئەوەیە کـە ئەقـڵانیـیـەتی پارێزگـاری بۆ سیاسەتەکەیان برێتییە لە "خۆپەرستی":

خۆپەرستییـان بەتەنیا شـەرحی پابەندبوونە جۆرەوجۆر و هەرە گرینگەکانیـان دەکات کـە پێوەستن بـە مـوڵک و بازاڕ، پابەندبوونەکان بۆ ئەم جۆرە شتـانە وەک پاداشت وایە. شـەرحی بەرگەگرتنیان دەکات بۆ ژیانێکی شایستە بۆ ئەوانەی کە نییانە.

ئەم کاریکاتێرەی ئازادی یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ڕێککەوتنەکانی نووسەرە لیبراڵ کلاسیکەکانی وەک ئادەم سمیس، ج. س. میل، تۆکفیل، ئاکتن و ئەلفرێد مارشاڵ، نە لەگەڵ پاڵەوانە مـۆدێرنەکـانیش دەگـونجێ وەک هایک و نۆڤـاک. لیـبـراڵە کلاسیکەکان خـەڵکیان بە بەکاربەر دانەدەنا، بە شتێک زیاتر لە پاڵنەرێکی مادی نەبێت. فەلسەفەکەیان یەکێک بوو لە ڕێزگرتن بۆ تاکێتی لە هەموو مانیفێستۆیە یاساییەکانیدا.

کاپیتالیستە مەدەنییەکان بەتوندی داکۆکییان لە خۆپەرستی دەکرد. نموونەی دووبارەبووەوە هەیە لەبارەی لیبراڵە کلاسیکەکانەوە، بەزاراوەی مارشال، کە وێڵن بەدوای بەهێزترین و بەرزترین پاڵنەرەکانی رەفتاری مرۆڤ. تۆکڤیل "دروست تێگەیشتنی بەرژەوەندیی خود"ی لەگەڵ میسالییەتی کۆنتری ئەریستۆکراتی ئەرکی خۆپەرستی پێچەوانە دەکاتەوە، بۆچوونێکە دووپاتی کردەوە کە مایەی شانازییە خزمەتی ئەوانی تر بکەیت بێ ئەوەی چاوت لە پاداشت بێ.

فیکرەی خزمەتکردنی ئەوانی تر بەبێ چاوەڕێکردنی پاداشت، تۆکڤیل باسی لێوە کرد لە سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا لە ١٨٣١ و ١٨٣٢دا فیکرەکە لەو وڵاتەدا باو نەبوو، بەڵام تۆکمەکردنی بەرژەوەندیی خود هەمان ئەنجامی لێ کەوتەوە. بەتایبەتی باسی ئەوە کرا کە "مرۆڤ خزمەتی خۆی دەکات کاتێ خزمەتی هاوەڵانی دەکات، بەرژەوەندیی تایبەتیی لەوەدایە کە کاری باش ئەنجام بدات." تۆکڤیل گوتی "لە ئەمەریکا، بەدەگمەن کەسێک هەیە قسە لەبارەی جوانیی سیفەتی باش بکات، بەڵام بەردەوامن لەوەی کە سیفەتی باش بەسوودە و هەموو رۆژێکیش ئەمە دەسەلمێت." زۆر لە کەس نەدەکرا خۆی بکاتە قوربانی بۆ هاوەڵانی لەبەرئەوەی ئەم کارە کارێکی جوامێرانەیە، بگرە لەبەرئەوەی ئەم جۆرە قوربانیدانە بۆ هەردوولا بەسوود بوو.

تۆکڤیل قسەکەی مۆنتێگن دووبارە دەکاتەوە "ئەی من نەبووم بەدوای رێگە راستەکە کەوتم لەبەر راستییەکەی، من دەبێ بەدوایدا بچم؛ چونکە بەهۆی ئەزموونەوە دۆزیومەتەوە کە لە کۆتاییدا گەشبینانەترین و بەسوودترین رێگەیە." کەواتە، بەپێی تۆکڤیل، خەڵکی فێر کرابوون بەپەرۆشی یەکتر بن لەبەرئەوەی نا ئەم رەفتارە پاداشتی تێدایە لە بەهەشت، بگرە لەبەرئەوەی کە هەردوولا چێژ لە سەرکەوتن وەردەگرن لەسەر زەوی. پیاوانی ئاینیی ئەمەریکایی باسی "دروست تێگەیشتنی بەرژەوەندیی خود"یان دەکرد بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر سوودە بەرهەست و هەنووکەییەکان.

کە دەست لە باوەڕە ئاینییەکانیان دەدەی، هەموو کات وای پێشان دەدەن بۆچوونە ئاینییەکان چۆنن بۆ ئازادی و ئارامیی گشتی، هەروەها زۆرجار زەحمەتە ئەوە لە قسەکانیاندا بەدی بکەیت کە ئاخۆ مەبەستی سەرەکیی ئاین

بەدەستـهێنانی خۆشـییەکی ئەبەدییە لـە جیـهانـەکەی تردا،  یان بەدەسـتـهێنانی گەشەسەندنە لەم جیهانەدا.

ڕۆحی ئەم کولتـووره پێـویسـتـی بە کـاری کـەمتری فـیداکـاریی رۆمـانسی هـەبوو، بەڵام پێشنیازی کاری بچووکی رۆژانەی خۆنەویستی self-denial کرد: کەسەکانی لەسەر عادەتی ڕێسا و نیزام، دان بەخۆداگرتن، میانڕەوی، پێشـبینی و فەرمایشت بەخـۆکردن ڕاهێنا. بەڵام بە ڕای تۆکڤیل، دروسـت تێگەیشتنی بەرژەوەندیی خـود " ناتوانێت وا لە پیـاوێک بکات سـیـفـەتـی باشی هـەبێت"، بە هـەمـوو شـێـوەیەک قـەناعـەتی بەمـە هـەبوو. تۆکڤیل پێی وابوو دروست تێگەیشـتنی بەرژەوەندیی خـود زیاتر بەو شـێوەیە خـوازراو بـوو کە ببێـتـە مـایەی هەڵە تێگەیشـتنـی بەرژەوەندیی خود، ئەمـەش تەواو خۆپەرستییە و باشتر لە تاکگەراییـیەوە "individualism" دێت، زاراوەیەکـە تۆکڤیـل بە سـیـاقێکی تایبـەت بەکاری هـێنا بۆ گـەڕانـەوە بۆ ناو بارە تایبەتییەکانی پێش داگیرکارییەکان. ئەو دەڵێ، لە هـەندێ وڵاتدا، "خەڵک بەهایەکی زۆریان داوەتە کـاتیـان تا سـەرفـی بکەن بۆ بەرژەوەندیی کـۆمـەڵگە، بۆیە خـۆیان لە خـۆپەرسـتـیـی تەسک رزگـار کردووە، کـە دەورە دراوە بە چـوار شـوورەی گـەورە و خێـراترین دەرگـەی چوونە ژوورەوە." لە راسـتیدا، چەند کاپیتـالیسـتێکی مـەدەنی بەتەنیا قـەناعەتیـان بە دروست تێگەیشتنی بەرژەوەندی خـود هـەبوو. هـەر ئەوانیش پێیان لەسەر بەرزترین میسالییەت دادەگرت.

ئادەم سـیـمس زۆر بـە ڕوونی باسی ئـەوەی کـرد کـە چوارچێـوەیەکی یاسـایی پێـویسـتـە بۆ کـۆمـەڵگەیەکی ئازاد، بەڵام دەیزانـی کـە یاسـا بـەتەنیـا ناتوانێت کـۆمـەڵگەیەکی باش دروست بکات. ئادەم سـمـیس دەڵێت دادوەری "کـۆڵەگـەی سـەرەکـیـیـە کـە تەواوی پێکهـاتەکە رادەگـرێت"، بـەڵام دەبێ خـەڵکیش عـەودالّی ئەنجامدانی کاری ڕاست بن، بەپێی ویژدانیان:

هـەسـتـی ئەرک دەبێ بنەمـای سـەرەکـیی ڕەفـتـارەکـانمان بێت. مـەفـهـوومی مـەسیـحیـیـەت لە هیـچ شـوێنێک نییـە، بەڵام ئەوە دەبێ حوکـمی یەکـێک بکات و بەڕێوەی بەرێت، هـەروەک چۆن فـەلسـەفە، لە راسـتیدا، ئاراسـتـەی هـەسـتـی گشـتی دەکات.

سـمیس هیچ بوارێکی بۆ گومـان لەبارەی هیواکانی بۆ مرۆڤایەتی نەهێشتـەوە:

بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆپەرستیمان دەبێ زۆر بە تەنگ ئەوانی ترەوە بین و کەمتر تەنگ بەخۆمانەوە بین، هەروەها وابەستەبوون بە نەرمی و سۆزمان کامڵبوونی سروشتی مرۆڤ پێک دەهێنێت. هەر ئەمەش بەتەنیا دەتوانێت لەنێو مرۆڤدا ئەو سازانەی هەست و سۆزەکان بەرهەم بێنێت کە تەواوی شکۆمەندی و ئەدەبیان بنیات دەنێت.

ئاکتن، ویژدان لە بەگەوهەری مەفهوومی ئازادیدا دادەنێت، "حوکمی دەسەڵات" لە بەرامبەر "حوکمی ویژدان" دادەنێت. بۆیە بەم شێوەیە بۆچوونی یاخیبووە ئاینییەکانی سەتەی حەڤدەی وەسف کرد لە دژی دەسەڵاتی ئیلاهییانەی پاشاکان:

وایان دەزانی کە حکوومەت و دەزگاکان دروست کراون بۆ ئەمان، وەک باقیی شتەکانی سەر زەوی، لە کاتێکدا تەنیا رۆحەکان نەمرن. وا تێ گەیشتبوون کە چیی تر برەودان لە نێوان ئازادی و دەسەڵاتدا نییە لە چاو ئەوەی لە نێوان نەمری و کاتدا هەیە. کەواتە بازنەی فەرمانی سەپێنراو پێویست بوو لەنێو سنوورە جێگیرەکاندا تەلبەند بکرێت. ئەمەش ئەنجام درابوو لەلایەن دەسەڵاتەوە، هەروەها پرەنسیپی بەسەرچوو و توندوتیژیی رێکخراو، دەبێ لە رێگەی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە، جێگیر بکرێت، هەروەها دەبێ خەڵک پابەند بێت بە بیر و ویژدانی مرۆڤی ئازادەوە.

بۆیە بە ڕای ئاکتن، تەسککردنەوەی رێگە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، برێتی بوو لە فرەوانکردنی توانای ویژدان. ئەمە نزیکەی پێچەوانەی وێنەی ئەفسانەی سەرمایەدارییە کە ئەمرۆ زۆرجار پەرەی پێ دەدرێ، لە کاتێکدا دنیای حکوومەت بە دنیای خۆویستی و دنیای تایبەت وەسف دەکرێت کە بەقەد دنیای خۆپەرستی یان منی باڵا سەرکۆنە دەکرێت.

هیچ شتێک پیرۆز نییە: پشتگوێخستنی مۆدێرنی دەزگا ئەخلاقییەکان، خەوشی بنەڕەتیی ئەقڵانییەتی ئابووری کە لە ساڵانی هەشتاکاندا گەیشتە لووتکە برێتی بوو لە رێزنەگرتنی شتە پیرۆزەکان، بەڵام ئەم تەسککردنەوەیە ئێستا کەوتووەتە بەر هێرش، نەک هەر لەلایەن دژە پارێزکارەکانی ئازادییەوە کە دەسەڵاتیان لا پەسندترە تا ویژدان، بگرە لەلایەن ئەو پاڵەوانانەی ئازادییەوە کە دەیانەوێ ئازادی ببین بەتوندی رەگ دابکوتێت لەناو ویژدانی پیاوان و ئافرەتانی ئازاددا.

بەلای مایکل نۆڤاکەوە مەترسیی سەرەکی بۆ رۆئاوا لە پشتگوێخستنی لایەنی رۆحیی سروشتی مرۆڤدایە. پێی وایە خەمۆکییەک لە دڵی بیری مۆدێرندا هەیە، لەبەر تەرکیزی سوودە مادییەکانی بازاڕ نا کە بووەتە هۆی تەواو پشتگوێخستنی "ژیانی ناوەوە"ی هاووڵاتییە ئازادەکان. ئەم پشتگوێخستنە زۆر گران کەوتووەتەوە، قیاس کراوە بەهۆی خراپتربوونی ستانداردەکانی رەفتاری شەخسییەوە، وەک بەرزبوونەوەی تاوان، کەمبوونەوەی رێزگرتنی کەسانی تر و سەروەت و سامانیان، پێشێلکرانی یاسا، خۆدزینەوە لە ئەرکی باوکایەتی لەلایەن پیاوانەوە. وەک زۆرێک ئەوانەی پێش خۆی، خەمی نۆڤاک کارەکتەرە:

کارەکتەر چەپکێک دەسەڵاتی ئەخلاقی و رۆشنبیریی کەسب کراوە کە بەهۆیەوە هەر کەسێک بەهێواشی توانای دانسقەی خۆی بەکار دێنێت بۆ تێگەیشتنی قووڵی ئیختیارەکانی. کارەکتەر بریتییە لە خۆسازاندنی یەکێک لەگەڵ ئازادییەکەی. کەسێکی خاوەن کارەکتەر ئەو کەسەیە کە بەرپرسە لە ژیانی خۆی، لە ناویدا وەک عەمیلێکی خۆبەڕێوەبەر جووڵە دەکات.

کارەکتەر یەکەم جار و بۆ هەموو کات لەنێو خێزاندا دروست دەبێت و ئێمە ئێستاش دەبێ تێچووی لەناوچوونی گرینگییەکەی بدەین، ئەمە پرسێکە لە بەشی ١١دا دێمەوە سەری.

**پوختە**

دامەزرێنەرانی کاپیتالیزمی مەدەنی دەوڵەتیان بە پارێزەری خەڵک لە تاوان و چەوساندنەوە، هەروەها بە هۆکاری بەرزکردنەوەی ئاستی ژیریی مرۆڤ دەزانی. تاکەکانیان وا وەسف دەکرد کە هەریەکەیان تێ دەکۆشن بۆ تێگەیشتن لە جیهانی چواردەوریان و ژیانی خۆیان بەهاوبەشی لەگەڵ ئەوانی تردا. هێندەی ئەمە گرینگ، خەڵکیان بە یەکگرتوو دەبینی، بۆ گەڕان بەدوای ئامانجی یەکگرتوویانە نەک لەبەرئەوەی هەموو ئازاد بوون بەدوای ئامانجەکانی خۆیان بکەون، بگرە لەبەر هەستێکی تایبەتی سازان کە سەرچاوەی گرتبوو لە تێگەیشتنێکی هاوبەش کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارستانییەتەی دەرفەت بە هەموو کەسێک دەدات. سازان بەگشتی زاراوەیەکە بە ئیگالیتاریانیزمەوە لکاوە، یان بە دروستکردنی یەکگرتنێکەوە لکاوە لە رێگەی گواستنەوەی ئیجباریی پارەی نەقدی _ وەک لە

دراودانی هاوبەشی یەکەتیی ئەوروپاییدا روون کراوەتەوە – بەڵام ئەو سازانەی لکاوە بە ئازادییەوە برێتییە لە هەستی ئەو یەکگرتنەی کە ببێتە بەشێک لە کولتوورێک کە رێز لە کەسەکان بگرێت، تا زۆرترین هەلیان بۆ برەخسێنی، ئەو هەستەی کە چاوی لە هەر تاکێکە ئەو بەهایانە رابگرێت کە ئازادییان لەسەر وەستاوە.

خۆشویستنی وڵاتەکەیان (هاووڵاتی) تایبەتمەندیی هاووڵاتییە ئازادەکانە، هەروەک چۆن سەربازانی هاوپەیمان لە شەڕی جیهانیدا پێشانیان دا .

بیرکردنەوەی سەرەکیی کاپیتالیستە مەدەنییەکان پابەندبوون بووە بە بەرپرسیارەتیی کەسانی، بەشێکی بۆ ئاگایی و بەشێکیشی بۆ هۆیە ئەخلاقییەکان. پێیان وابوو بەرپرسیارەتی خەڵک وشیار دەکاتەوە تا ئازاد بن لە بەدواداچوونی ئەنجامە یاساییەکانیان بەپێی حوکمەکانیان و لەسەر حسێبی موجازەفەی خۆیان، چونکە بەم شێوەیە ئەنجامی باشتر روو لە بەرژەوەندیی هەموو لایەک دەکات. بەشێکی ئەم بۆچوونە وەرگیرا چونکە، ئەو دەمەی یاسادانەران پارەی خەڵکی تر سەرف دەکەن، هەمان ئەو گرینگییەی پێ نادەن کە خۆیان کەسانی (شەخسی) تێچووی زیان یان دوورینەوەی پاداشتی سەرکەوتن لە ئەستۆ دەگرن. وێرای ئەمەش، لیبراڵە کلاسیکەکان باوەڕیشیان وابوو کە تەحەمولکردنی موجازەفەی کەسانی، توانایەکی زۆری بە تاکەکان دا بۆ باشترکردنی مەعریفە و شارەزایی و کارەکتەریان. ئەخلاقییەن، بۆچوونەکەیان لەسەر ئەو دەمەتەقێیە وەستابوو کە ئازادی بێ مانا دەبێ تا ئێمە هەموومان ئەوە قەبووڵ نەکەین کە بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا بکەین، بەهۆی عەمیلە ئەخلاقییەکانەوە.

# بەشی دووەم

# واقیعی زیندووی ئازادی

## پەرەسەندنی هاریکاریی هاوبەش

زۆربەی هەوڵەکانی دابینکردنی خۆشگوزەرانی دەیانەوێ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی یەکسان بکەن لەگەڵ گەشەسەندنی تێوەگلانی حکوومەت.

ئەو بۆشاییانەی چەندان ساڵە سیستمی خۆشگوزەرانی پڕی کردوونەتەوە، بەهۆی بازاڕەوە دروست بووبوون. بەڵام، دیدێکی هۆشیارانەتری بەڵگەکە پێشانی دەدات کە واقیعەکە زۆر جیاواز بوو. ئەو کەسانەی، کاتی یان بەشێوەی بەردەوام، پێویستییان بەو خزمەتگوزارییانە بوو چونکە نەیاندەتوانی بای خۆیان بەدەست بێنن، بە گەلێ ڕێگەی جۆرەوجۆری دەوڵەمەند هاوکاری دەکران. خێزان و دراوسێکان ڕۆڵی خۆیان گێڕا، بەڵام لەبەرئەوەی یارمەتییەکەیان ناڕەسمی و دۆکیومێنتنەکراو بوو، مێژوونووسان ویستوویانە تێی بگەن. خێرخوازییش گرینگ بوو و زۆرجار وا دادەنرێت کە کاری خۆشگوزەرانیی کردووە پێش ئەوەی سیستمی خۆشگوزەرانی بەجێ بهێڵرێت، بۆ دەزگا خێرخوازییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرینگترین میتۆد کە خەڵک داوای یەکتریان جێبەجێ کردووە میتۆدی هاریکاریی هاوبەش بووە. لە بەریتانیا، کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە گرینگترین دابینکەرانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بوون لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا.

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان برێتی بوون لە دەزگای خۆبەڕێوەبەریی هاوبەرژەوەند دامەزرابوون لەلایەن کرێکارانی هاوبەشەوە تا لە ڕۆژە ڕەشەکاندا پێویستیی یەکتر دابین بکەن. بە تەواوی فەلسەفەی ڕێبەرییان جیا کردەوە لە خێرخوازی و مرۆڤدۆستی کە تەواو لە چوارچێوەی کاری خێرخوازیدایە. دەزگای هاوبەرژەوەند لەلایەن گرووپێکەوە بەڕێوە نەدەبرا، بەنیازی یارمەتیدانی گرووپێکی جیاواز، بگرە برێتی بوو، لە دەزگایەک کە لە کۆمەڵە تاکێک پێک هاتبوو. ئەو تاکانە بەڵێنیان دابوو یارمەتیی یەکتر بدەن لە کاتی تەنگانەدا. مەبەست لە هەر هاوکارییەک

مەسەلەی خێرخوازی نەبوو، بگرە وەک مافێک وابوو کە کۆ کرابووەوە لەلایەن ئابوونەی هەر ئەندامێک لەناو فەندێکدا (سیپەیەکی گشتیی دراو). بەڵێنیان دابوو کە هەمان هاوکاری سەرف بکەن بۆ ئەندامانی تریش ئەگەر تووشی رۆژی رەش بوون. سەرەتا وەک یانەی مەحەلی دەستیان پێ کرد، پارەکانیان لە دەخیلەیەکی دارین یان سیپەیەکی قایمدا هەڵدەگرت، بەڵام سەتەی نۆزدە پەرەسەندنی هێواشی فیدراسیۆنە نیشتمانییەکانی بەخۆوە بینی کە بە سەدان هەزار ئەندامیان هەبوو و بە ئاگەدارییەوە کاری وەبەرهێنیان بەڕێوە دەبرد.

لە سەتەی نۆزدە و تا سەرەتای ئەم سەتەیەش، خێزان شانازیی بەخۆیەوە دەکرد کە خۆی یارمەتیی خۆی دەدات بەڵام مووچە بەشێوەیەک بوو، ئەگەر مووچەخۆر نەخۆش کەوتبا یان بمردبا، ئەوا ئەو خێزانە تووشی رۆژی رەش دەبوو. ئەو فەلسەفەیەی لەو واقیعە تاڵەوە سەری هەڵدا برێتی بوو لە هاریکاریی هاوبەش. لە سەرەتای ئەم سەتەیەدا، کۆمەڵە دۆستایەتییەکان تۆمارێکی زۆریان هەبوو لە رووی ئەرکەکانیان، وەک یانەی کۆمەلایەتی و چاودێری و پێشکێشکردنی هاوکارییەکان وەک: خەرجیی نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیری ئەو دەمەی مووچەخۆر نەیدەتوانی پارە بێنێتەوە ماڵ و، چاودێریی تەندروستی بۆ خۆی و ئەندامانی خێزانی، دابینکردنی خەرجیی تازیەیەکی شایستە: هەروەها هاوکاریی دارایی و پراکتیکی بۆ بێوەژن و ئەو بێ سەرپەرشتانەی کە ئەندامە مووچەخۆرەکەیان لە ژیاندا نەمابوو. عادەتەن خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان دابین دەکران لەلایەن کابینەکەیەوە یان دوکتۆرێک کە بەهۆی دەنگدانێکی ئەندامەکانەوە دەستنیشان دەکرا، بەڵام زۆربەی شارۆکە گەورەکان پەیمانگەیەکی پزیشکییان هەبوو، هەمان ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکێش دەکرد کە ئێستا لەلایەن سەنتەری تەندروستییەوە پێشکێش دەکرێن. کۆمەڵەکان تۆڕێکی هاوکارییان پێک هێنا بۆ دنەدانی ئەندامان تا بچن بەدوای کاردا بگەڕێن. ئەم خزمەتگوزارییانە لە بەشی پێنجەمدا باس کراون.

یەکەم یاسای پەرلەمان بەتایبەتی مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە دۆستایەتییانەدا دەکات، کە بە کۆمەڵەی هەرەوەزیی باش وەسفیان دەکات. جارجار ئەم کۆمەڵەیە بۆ مەبەستی بەخێوکردن بەکار دێت، بەهۆی ئابوونەی ئەندامەکانیەوە... بەهۆی پارەی دەخیلە یان فەند بۆ هاوکاری و پاراستنی هاوبەشی هەموو ئەندامەکان، لە

کاتی پیری، نەخۆشی، پەککەوتن، یان بۆ هاوکاریی ئەو بێوەژن و منداڵانەی کە مووچەخۆرەکەیان لە ژیاندا نەماوە. ئەم وەسفە لە یاسایەکدا هاتووە بەناوی "هاندان و هاوکاریی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان" کە لە ۱۷۹۳دا دەرچوو.

بێگومان، کۆمەڵە دۆستایەتییەکان زۆر دەمێک پێش ئەوەی ئەم یاسایە دەربچێت، دروست بووبوون. کۆنترینیان ئینکۆرپۆرەیشن ئۆڤ کارتەرس -In corporation of Carters (IC) بوو، کە لە ساڵی ۱٥٥٥دا لە لیس، سکۆتلاندندا دامەزرا، بەڵام تا سەتەی هەژدە ژمارەی ئەو کۆمەڵانە بەخێرایی گەشەی نەکرد. ئەندامێتی لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە سەتەی هەژدەدا تەواو گەشەی کرد. لە ۱۸۰۱دا، لێکۆڵینەوەیەکی دروست و ورد لەلایەن سێر فرێدریک ئیدندا خەمڵاندی کە نزیکەی ۷۲۰۰ کۆمەڵە هەیە و نزیکەی ٦٤۸ هەزار ئەندامی نێرینەی گەورەیان هەیە لە کۆی دانیشتوانێکی نزیکەی نۆ ملیۆنی. دەکرێ ئەمە بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو ئامارەی کە لە ساڵی ۱۸۰۳ بەناوی "گەڕانەوەی یاسا هەژارەکە" هاتە ئەنجامدان. لەو ئامارەدا هاتووە ۹٦۷۲ کۆمەڵە هەبوو کە ۷۰٤۳٥۰ ئەندامیان تەنیا لە ئینگلتەرا و وێلزدا هەبوو. ئەو کاتەی حکوومەتی بەریتانیایی سیستەمی دڵنیایی کۆمەڵایەتیی ئیجباری بۆ ۱۲ ملیۆن کەس ناساند لەژێر یاسای دڵنیایی نیشتمانی لە ۱۹۱۱، بەلایەنی کەم ۹ ملیۆن کەس ئەندام بوون لە دەزگا دڵنیاییە ئارەزوومەندانە تۆمارکراو و نەکراوەکاندا، واتە بەزۆری لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکاندا. لە ۱۹۱۰دا، ساڵێک پێش یاسای ۱۹۱۱، کۆمەڵە دۆستایەتییەکان ٦,٦ ملیۆن ئەندامی تۆمارکراوی هەبوو، تەواو جیا لەوانەی کە تۆمار نەکرابوون (ئەمە لە بەشی ٦دا تاوتوێ کراوە). ڕێژەی گەشەی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ماوەی ساڵی پاشتردا رووی لە زیادی کرد.

لە ۱۸۷۷دا، ئەندامانی تۆمارکراو گەیشتبووە ۲,۷٥ ملیۆن. دە ساڵ دواتر، بوو بە ۳,٦ ملیۆن، ساڵانە ۸٥ هەزار بەڕێژەی جێگیر زیادی دەکرد. لە ۱۸۹۷دا، ژمارەی ئەندامان گەیشتە ٤,۸ ملیۆن، لە ماوەی ساڵێکدا ۱۲۰ هەزار زیادی کرد. هەروەها لە ۱۹۱۰دا، ژمارەکە گەیشتە ٦,٦ ملیۆن، واتە لەوەتەی ۱۸۹۷ەوە ساڵانە ۱٤۰ هەزار ئەندام زیادی دەکرد. ئەمە لە چڵەپۆپەی فراوانبوونیاندا بوو کە دەوڵەت تەداخولی کرد و کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی گۆڕی بەهۆی ڕاگەیاندنی دڵنیایی نیشتمانیی ئیجبارییەوە– ئەمە لە بەشی نۆیەمدا زیاتر باس دەکرێ.

## بنەڕەتی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان

یەکەم جار، کۆمەڵەکان بریتی بوون لە کۆبوونەوەی مەحەلیی ئەو پیاوانەی یەکتریان دەناسی و جارجار یەکتریان دەبینی بۆ سوالفە و قسەکردن، عادەتەن لە خانەیەکی گشتیدا کۆ دەبوونەوە. هەموو ئەندامان بڕێک پارەیان دادەنا و رازی دەبوون بەوەی کە مافی ئەوەیان هەبێ سوودی لێ وەربگرن(١١). هەندێکیان ساڵانە دابەشیان دەکرد، عادەتەن پێش جەژنی لەدایکبوونی مەسیح، ئەوانی تر لە ساڵێک زیاتر پارەیان کۆ دەکردەوە. هەندێ لە کۆمەڵەکان هیچ یاسایەکی نووسراویان نەبوو، ئەوانی تر بەنووسین هەموو شتێکیان روون دەکردەوە. کۆمەڵەکان تەواو سەربەخۆ بوون. ئەم سیفەتی خۆبەڕێوەبردنە بوو کە بووە هۆی ئەوەی خێرا پێویستیی ئەندامان جێبەجێ بکەن لە کاتی تەنگانەدا. کاتێ حکوومەت باسی تۆمارکردنیانی کرد، زۆرێک لەو کۆمەڵانە حەزیان نەکرد تۆمار بکرێن، لەبەرئەوەی تۆمارکردنیان واتە دانانی سنوورێکی یاسایی لەسەر تواناکانیان. وەک پێشەنگی مێژوونووسانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان پ. هـ. گوسدن دەڵێ: "لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەندامان دەیانتوانی رێک بکەون، بەشێکی هاوکارییەکانیان لە جەژنێکی ساڵانەدا سەرف بکەن، ئامادە نەبوون خۆیان بخەنە ژێر ئەو هەلومەرجەی کارمەندێکی حکوومەتی هەوڵ بدا رێگەیان لەم کارە لێ بگرێت ".

## سەرهەڵدانی فیدراسیۆنەکان

هەندێ لە یانە سەرەتاییەکان وەک کۆمەڵەی جودا جودا رێک دەخران، واتە هەر ئەندامە و بڕێکی یەکسان پارە لە فەند دادەنێت و ئەگەر لە کۆتاییی ساڵدا زیادی کردبا، ئەوا زیادەکە بە یەکسانی لە نێوان ئەندامان دابەش دەکرا. ئەم جۆرە کۆمەڵانە لە سەتەی بیستدا باو بوون، بەڵام کەموکوورییەکانیان خێرا بەدیار کەوتن. یەکەم، کەمیی پارەی کۆکراوە، واتە هەندێ جار پارەی هیشکەیان نەدەما. دووەم، ئەوانەی زۆر نەخۆش بان لە کاتی نوێکردنەوەی ئەندامێتیی ساڵانە لە کۆتاییی ساڵدا وەدەر دەنران. ئەو کەموکوورییانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەو فیدراسیۆنانەی کە پارەی یەدەگی کۆ دەکردەوە و مافی ئەندامێتیی بەردەوامیشیان هەبوو تا ئەو کاتەی ئەندام بتوانی با پارە بدات.

فیدراسیۆنەکان لە سەرەتای سەتەی نۆزدەدا دەستیان بەگەشەکردن کرد و دواتر وەک (بەیانی پابەندبوون) بەناوبانگ بوون. لە کاتی کۆمیسیۆنی شاهانە لەسەر کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ١٨٧٤، ٣٤ کۆمەڵە دامەزرابوون کە زیاتر لە ١٠٠٠ ئەندامیان هەبوو. تەنیا کۆمەڵەی مانچستەر یونیی ئۆدفێلۆس -Man (MUO) chester Unity of Oddfellows و ئەنشینت ئۆردەی ئۆف فۆرێستەس (-Ancient Or der of Foresters (AOF نزیکەی یەک ملیۆن ئەندامیان هەبوو. هەندێ جار گەشەی فیدراسیۆنەکان برێتی بوو لە ئەنجامی رێکخراوێکی سەرەکی کە لقی نوێی دادەنا، هەندێ جاریش یانەی مەحەلیی نەخۆشییەکان لێکیان دەدا یان پێوەندییان بە فیدراسیۆنێکی نوێوە دەکرد. مانچستەر یونیتی گەورەترین کۆمەڵە بوو لەلایەن رۆبێرت نیلۆرەوە دامەزرا کە، شان بەشانی هاورێکانی تری، کۆبوونەوەی دەکرد بۆ مەبەستی تر لە رۆپمارکەرس ئار لە سالفۆرد. لە ١٨١٠دا، لقێکی تر بەناوی خانەی ئەبرکرۆمبی Abercrombie lodge دامەزرا، رۆبێرت نیلۆریش بوو بە ئەندامی دامەزرێنەری مانچستەر یونیتی. ئەندامێتی خێرا تەشەنەی کرد و لقی نوێتر کرانەوە. لە نێوان ١٨١٠ و ١٨١٤ خانەی ئەبرکرۆمبی هانی خانەکانی تری دا سەرکردایەتی قەبووڵ بکەن. یەکەم یەکەتیی تۆمارکراوی خانەکان، دروست بوو بە مەبەستی ئەوەی هەریەکە هاوکاریی یەکتر بکەن لە رووی پاراستن و ئامۆژگارییەوە"، ئەمە لە ساڵی ١٨١٤دا رووی دا. لەو ساتەوە ئیندیپێندنت ئۆردەرئۆف ئۆدفێلۆس Independent Order of Oddfellows (IOO) و مانچستەر یونیتی خێرا گەشەیان کرد. لە ١٨٣٨، بووە ٩٠ هەزار ئەندام، لە ١٨٢٤ بووە ٢٤٩ هەزار ئەندام و لە ١٨٧٦ ژمارەی ئەندامەکانی لە نیو ملیۆن تێ پەڕی کرد.

سەرهەڵدانی فیدراسیۆنەکان ڕاسپاردەی بەرچاویان هەیە بۆ حکوومەتە ناوەخۆییەکانی کۆمەڵگەکان. ئاکارە گشتگیرەکان لە یانە هەرە سەرەتاییەکاندا ئەوە بوو هەر کەس دەبێ رای یەکسانی هەبێ لە بڕیارە گشتییەکاندا. هەروەها لەبەرئەوەی ئاسایی بوو بۆ هەموو ئەندامان لە یەک شوێندا یەکتری ببینن، کاری ئاساییان دەرکردنی بڕیار بوو لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی هەموو ئەندامەکاندا. ئەو کۆبوونەوە سەرەتاییانە تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕیار نەبوو، بگرە بۆ خۆشیش بوو، بەمجۆرە یاساکانی یانە سەرەتاییەکان رەنگیان دەدایەوە.

هەردەم ئەو یانانە بەردەوامیی سیستمیان دابین دەکرد و بیرەیان بەسەر

ئەندامـاندا دابەش دەکرد. دامەزراوە سـەرەتاییەکانی کرێکارانی ئاسـایی هەوڵی چەندان میـتـۆدی خـۆبەڕێوەبردنیـان دا. یەکەم، راپرسـی هەبوو: ئـەو ئەندامانەی کـە ناتوانـن لە یەک شـوێندا یەکـتـری ببـینن، دەتوانن دەنگ بدەن. دووەم، چارەسـەر هەبوو بۆ بوونـی لقی حکوومـەت، کـە دەسـەڵات لە لقێکەوە دەگوازرایـەوە بۆ لقێکی تر. سـێیـەم، کـۆبـوونەوەی نـوێنـەران هـەبوو، هـەر نـوێنـەرە و پابـەنـد بوو بـە ڕێنوێنییەکانی لایەنگرانی. چوارەم، ئەنجوومـەنی نوێنەران هەبوو، کە پێکهاتبوو لە ئەندامـە هەڵبـژێردراوەکـان کە ئازاد بوون بـۆ دەرکـردنی ئەو بڕیـارانەی کـە پێـیـان وابوو باشـترینیان بەپێی ئەو واقیـعـانەی کە لێـیـان ئاگـەدارن و بەپێی ئارەزوو یان بەرژەوەندیی لایەنگرانیان.

ورده ورده، پێکهـاتەیەکی فـیـدراڵیی سـێ لقـی، واتە (نـاحـیـە و یـەکگـرتن- ئۆتۆنۆمـی) مـەحـەلییـان تێکەڵ کـرد، لەگـەڵ نوێنەرایـەتی لەسـەر ئاسـتی ناحـیـە و یەکگرتن (نیشـتمانی)یـەوە. لە سیسـتـمە پێوەندارەکاندا، لقـەکان پێیـان دەگوترا خـانـە (وەک ئۆدفـێلۆس) و دادگـە وەک فـۆرێسـتـەس. ئەو لقـانە دەسـەڵاتێکی بەرفـرەوانیـان وەدەست هـێنا، هـەرچەندە دەسـەڵاتی بڕیاری کـۆتا دەوەسـتـایە سـەر کۆبوونەوەی سـاڵانە یان سـاڵ ناسـاڵێک. ئەو کۆبوونەوەیە ناسرابـوو بە ناوونیشـانی جـۆرەوجـۆر لە سـیسـتـمـە جیـاوازەکاندا، هـەرچەندە زۆربـەیان نەریتی کـۆبوونەوەی گـەڕۆکـیـان هـەبوو بۆ دژایەتیکردنی سـەرهـەڵدانی سـەنتـەرێکی جـوگـرافـیـاییی دەسـەڵات. لە مانچسـتـەر یونیـتیدا، دەسـتـەی بەڕێوەبردن لە بنەڕەتدا ناسـرابوو بە لێژنەی گەڕۆکی ساڵانە، لە سیستمی کۆنی فۆرێستەردا بە دادگەی باڵا ناسرابوو، لە سـیـسـتـمی سـەربـەخـۆیی ریچابیـتیس، سـالفـۆرد یونیـتی بە کـۆنفـرانسـی باڵای گـەڕۆک ناسـرابوو، هـەروەهـا لە سـیـسـتـمـی کـۆمـەڵەی گراند یونایتـدی ئـۆدفێلۆس (Grand United Order of Oddfellows: GUOO) بە شـاندی گەڕۆکی سـاڵ ناسـاڵێک ناسرابوو. هـەر کۆبوونەوەیەک دەسـەڵاتی ئەوەی هـەبوو یاسـای سـاڵانە دەربکات یان یاسـاکـانی سـیـسـتـمـەکـە هـەمـوار بـکات. هـەریەکـەیان بەهـەڵبـژاردنی سـەرۆکێک و لێژنـەیەکی جێبـەجێکاری بەکـۆتا دەهات، کـە عـادەتەن پـێک هـاتبـوو لە کـارمـەندە سـەرەکییەکان لەگەڵ ٦ تا ١٢ ئەندامی تر.

گـرینگـتـرین ئەرکی لێژنەی جێبـەجێکاری لە هـەر سـیـسـتـمێکدا، بـرێتی بوو لە چاودێریکردنی هـەڵسووڕاندنی ناحیە و خانەکان. ئەو لێژنەیە ناچار بوو چاودێریی

کتێب و حیسابات بکات، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی کەمینەکان لەنێو خانەکاندا، هەروەها بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی سەرنج بدرێتە یاساکانی کۆمەڵەکە. ئەو لێژنەیە وەک دوایەمین دادگەی لێکۆڵینەوە کاری دەکرد بۆ ئەو مشتومڕانەی کە لەنێو خانەکان یان لەسەر ئاستی ناحیەدا نەدەتوانرا یەکلا بکرێنەوە. سەرۆکی لێژنەی جێبەجێکاری، کە سەرۆکی سیستمەکەش بوو، عادەتەن بۆ ماوەی یەک ساڵ دەستنیشان دەکرا. چەندان ناوونیشانی جۆرەوجۆری پێ دەدرا: مامۆستای مەزن، ئەندامی دادگەی باڵا، گەورە شوان، شیاوترین سەرۆک و حوکمڕانی باڵا.

گرینگترین بەرپرس، سکرتێری مەزن بوو، هەندێ جار بەو ناوە بانگ دەکرا. دەگوترا. هەندێ جاریش ناوی جیاجیای لێ دەنرا وەک سکرتێری نوێنەرایەتی، سکرتێری دائیمی یان نووسەری دادگەی باڵا. کۆمەڵەکان شانازییان بەخۆیانەوە دەکرد لەسەر نەبوونی بەربەست بۆ بەرزبوونەوەی پلەی هەر ئەندامێک بۆ ئەندامێکی باڵا: مافەکانی هەموو ئەندامێک لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقیدا رێزیان لێ دەگیرا و دەپارێزران. هەر تاکە و ماف و ئیمتیازی یەکسانی هەبوو. ئەنجامدانی کاری چاکە تاکە ناوەند بوو بەهۆیەوە ئەندام دەگەیشتە پۆستە فەخرییەکان، هەروەها هیچ بەربەستێکی دەستکرد بۆی نەبوو رێ لە کاری چاکە و شارەزایی بگرێت لە ژیان و لەنێو چوارچێوەی دەسەڵاتیاندا.

هەروەک پارتەکانی کرێکاران لە وڵاتانی دیموکراتیکی رۆئاوادا داوای ئەوەیان کرد کە دەبێ پەرلەمانتارەکان مووچەیان پێ بدرێت بۆ رێگەدان بە مووچەخۆران تا پێشبڕکێ بکەن لەسەر ماوەی یەکسان، بەم شێوەیە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان دووپاتیان کردەوە کە ویستی پارەی هیشکە رێگر نییە لە بەردەم ئەندامانیان تا بەرزترین پۆست وەربگرن.

ئەوە تەنیا لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا بوو کە ئاستی مامناوەندیی رێکخراو هاتە ناسین لە نێوان لقە مەحەلییەکان و لە ئاستی نیشتمانیدا. بەکارێکی باش زانرا بەرپرسیارەتیی رەسمی بۆ سوودی مردن بڵاو بکرێتەوە، فرەوانتر لە نێوان ئەندامانی هەر لقێک، کە تێیدا چەند مردنێکی کەم لە جێگرتنەوەی خێرادا دەیتوانی فەندێکی بچووک بەتاڵ بکات. گەلێ کۆمەڵە گەشەی بە پێکهاتەیەکی ناحیەیی دا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو موجازەفەیە. هەر ناحیە و راستەوخۆ لە دەستەی ناوەندیدا دەسەڵاتی خۆی وەردەگرت، بەڵام بەڕێوە دەبرا لەلایەن لێژنەیەکی

نوێنەران لە لقەکاندا. جگە لە کۆنترۆڵکردنی پارەی تازییەکان، ناحیەکان وەک دادگەی لێکۆڵینەوەش کاریان کرد، هەروەها چاودێریی هەڵسووڕاندنی چەندان خانەی جۆرەوجۆریان دەکرد، هەروەها دەیانڕوانییە بەرپرسیارییەکان و دەیانزانی لە کوێ پێویستن. خانەکان لەسەریان بوو ڕاپۆرت و فایلی ساڵانە بنێرن بۆ ناحیە و دەستەی ناوەند.

بەڵام، هەندێ لق کەیفیان بە کۆنترۆڵی زیاتر نەدەهات کە سیستمی ناحیەکە سەپاندبووی و پێوەی پابەند بەدەبوون. لە ناوەڕاستی سەتەی حەڤدەدا ئەم پرۆسەی گەشەسەندنە لە یانەی مەحەلییەوە لەگەڵ دیموکراسییەکەیدا بۆ پێکهاتەیەکی سێ لقی لەگەڵ ئەنجوومەنێکی نوێنەراندا و بەرپرسێکی سەرەکیی فولتایمی دەستەی جێبەجێکار لە ڕێگەدا بوو. بەڵام میسالییەتی دیموکراسییەکی پاک زۆربەی دەسەڵاتەکەی بەدەست هێنا و زۆرجار پێوانەیەک بوو کە گۆڕانی پێشنیازکراو لە دەرکردنی بڕیاردا حوکمی پێچەوانەی بەسەردا دەدا. لە کاتی لووتکەی سەرکەوتنی یانەی ئۆتۆنۆمیی مەحەلیی نەخۆشیدا، بەگشتی ئەوەی گرتە بەر کە هەموو کەس تەواو دامەزراوە بۆ وەرگرتنی پۆست، ئەمەش باوەڕێکی گشتی بوو لە ڕێکخراوەکانی تری چینی کرێکاراندا، بەتایبەتی لە ڕێکخراوە نوێیەکاندا. بۆ نموونە، لە گوتارێکی سەرەکی لە کلاریۆندا کە خێرا دوای دامەزراندنی پارتی کرێکارانی سەربەخۆ لە ١٨٩٣دا دامەزرا، نووسیارەکە editor (لە بۆچوونی سیدنی وێبەوە کە کاریگەرترین ئەندامی پارتەکە بوو) ڕای گەیاند:

تا ئێستا گومان لەوەدا نییە کە ئەرکە ئاساییەکانی بەرپرسان و نوێنەران، وەک پیاوانی لێژنە یان ئەندامانی پەرلەمان، بەشێکی ئاساییی هاووڵاتییانی گرتووەتەوە، ئەگەر هەر بەرپرسێک بەتەواوی ڕاستگۆ بێت، تەواو زیرەکانە دەردەکەوێت هەموو ئەو کارانە بکات کە پێویستن... با هەموو بەرپرسان دوای یەک ساڵ خانەنشین بکرێن، کەسانی نوێ و تازە هەڵبژێردراو شوێنیان بگرنەوە.

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر ئەم ڕۆحەیان دەستەبەر کرد، هەروەها بە تێپەڕینی چەندان ساڵ، چەند پێکهاتەیەک گەشەیان سەند کە هاوسەنگییەکیان دروست کرد لە نێوان پێویستی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ڕێکخراوەییەکان بەباشی و ئارەزوو بۆ زۆرترین بەشداریی ئەندامان. بەڵام ئەم پابەندبوونە بەهێزە بۆ دیموکراسییەتە مەحەلییە بزاوەکە مانای ئەوە نەبوو کە ئارەزووی ئەندامان بۆ

بەشداربوون بە مسۆگەری وەربگیرێت. سیستمی گراند یونایتدی ئۆدفێلۆس پێی وابوو پێویستە جەخت لەسەر گرینگیی بەشداربوونی ئەندامان لە دەستپێشخەرییەکاندا بکرێتەوە:

هەر کەسێک بچێتە ناو ئەم سیستمە بە مەبەستی کارێکی پووچ و خۆپەرستانە، بۆ ئەوەی بەشداری بکات و سوودە مادییەکانیش وەربگرێت بەبێ یارمەتیدانی ئەو کرێکارە ماندووانەی کاری خانەکەی ڕادەپەڕێنن، دەبێ بە دەستێوەردەرێکی ناشایستە دابنرێت، بەڵام ئێمە متمانەمان هەیە کە تۆ کارێکی شایانتر و راستتر دەکەیت، لە رێگەی رەفتاری باشەوە وا دەکەیت تۆ شایانی سیستمەکە بیت.

هەموو دەمێک ئەو داوایانە بایەخیان پێ نەدەدرا. لە کۆتاییی سەتەکەدا، ناڕەزاییەکانی ناو کۆوارەکانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان دەری دەخەن کە گەلێ لق بە زەحمەت دەیانتوانی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان دەستەبەر بکەن. سەرەتا خانەکان ئەندامانیان غەرامە دەکرد ئەگەر نەهاتبانە کۆبوونەوە. یاساکانی لقی رۆبێرت گۆردنی فۆرێستەرس لە ١٩٠٧دا، کە لە نۆرس شیلدز بوو، رای گەیاند ئەو ئەندامانەی دوو میل لە شوێنی کۆبوونەوەکە دوورن کە لە کلۆک ڤۆلتس لە شەقامی ویلینگتن بوو، دەبوایە سێ ئەوەندە غەرامە بدەن ئەگەر لە کۆبوونەوەی وەرزیدا ئامادە نەبان، تەنیا ئەگەر پزیشکێکی موقنعیان پێشکێش کردبایە.

هەروەها داوا لە ئەندامان دەکرا ئابوونە بدەن لە شەوی کۆبوونەوەکەدا. بۆ نموونە، لە فۆرێستەرسدا، یاسای عادەتی ئەوە بوو دەبوایە ئابوونەکان بدرابا بە سکرتێر تەنیا لە شەوانی کۆبوونەوەدا نەک کاتەکانی تر. بەڵام هەندێ ئەندام تەنیا دەهاتنە کۆبوونەوەکە و ئابوونەی خۆیان دەدا و دەڕۆیشتن. ئەوانی تر تا چارەگی کۆتایی چاوەڕێیان دەکرد، کە تا ئەو کاتە دەبوایە ئابوونەکان بدرێن، پاشان خێرا بانگ دەکران تا ئابوونەکە بدەن.

## کۆمەڵەکان و دیموکراسییەتی بەشداربوون

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان مایەی بایەخی تایبەتن لەبەرئەوەی عەوداڵی تێکەڵکردنی ئاستێکی بەرزی کۆنترۆڵ، لەلایەن ئەندامەکانەوە، لەگەڵ ئیدارەیەکی لێهاتوو بوون. بەگشتی سیستمی خۆشگوزەرانی رەخنەی لە مەرکەزییەتی رەها دەگرت، بەڵام کێشەیەک نەبوو بە تەنیا بە ڕووی حکومەت بووبێتەوە. ئەو دەمەی سیستمە

پێوەندارەکان هیچی تر بە یانەی مەحەلی حسێب نەکران، هاوسەنگیی دەسەڵات لە نێوان مەرکەز و لقەکاندا پرسێکی بەردەوام بوو.

کۆمەڵە پێوەندارەکان ژمارەیەک چارەسەری بێ وێنەیان بەرهەم هێناوە بۆ ئەم کێشە تەمەن درێژەخایەنەی کە ئەو چارەسەرانەی کە تێچووەکانیان کەم کردەوە و سوودەکانیان بۆ لێهاتوویی زیاتر کرد کە ئاستێکی بەرزی بەشداریکردن دەتوانێ ئەمە فەراهەم بکات. ئەو هەوڵەی لەلایەن فۆرێستەرسەوە درا برێتی بوو لە هەموو ئەو دەسەڵاتە یاساییەی کە بەگشتی لە ئەندامەکانیەوە سەرچاوەی گرتبوو.

یەکەم وانەی فۆرێستەرس دەڵێت، دەسەڵاتی ئەندامەکان "وەک تیشکی خۆر وایە واتە دەسەڵاتێکی نەتەوەیی، بنەڕەتی، قووڵە و بەهیچ مرۆڤێک سنووردار ناکرێ. دەسەڵات لە فەرمانبەرەکانماندا تەنیا بەقەرز هێنراو، خوازراوە و لەلایەن ویستی ئەندامەکانەوە سنووردار کراوە، کە دەسەڵاتی ئەوانە، هەموو بەرپرسانیش لێی بەرپرسیارن." لە لقەکەدا هەموو فۆرێستەرسەکان لەسەر زاراوەی یەکسان کۆک بوون: لە دادگە، لە بەردەم یاسادا، کەس لە کەس گەورەتر نییە. هەموو لەوێ بەیەکتر دەگەن بە زاراوەی یەکسانیی کامڵ... هیچ پۆستێک ئەوەندە بەرز نییە کە هەژارترین کەس نیازی بێ و پێی نەگات. هیچ ئەرکێک ئەوەندە سانا نییە کەس بتوانێ خۆی لێ لابدات. ژیری بۆ حوکمکردن، توانا بۆ پیادەکردنی دەسەڵات، لەگەڵ بوون بە مرۆڤێکی بێ فیز، هێشتا لەگەڵ توندییەکی بێ وێنە و هەروەها ویستی کەسانی (شەخسی) بۆ مسۆگەرکردنی ڕێز، هەموو ئەمانە ئەو سیفەتانەن کە پۆستێک داوایان دەکات، هەر ئەندامێکیش لە توانایدا هەیە ئەو سیفەتانە بەدەست بێنێت.

یانە سەرەتاییەکان دەسەڵاتیان بەسەرۆکی لق دابوو غەرامە بەکار بێنێت بۆ ڕەفتاری نابەجێ. سیستەمە پێوەندارەکان دوای هەمان ئەو نموونەیە کەوتن. دادگەی ئۆلد ئابی فۆرێستەرسەکان، کە لە گیبۆرۆیە، دەسەڵاتی بە سەرۆکەکەی دا ئەگەر ئەندامێک دەستی لە کاروباری یەکێکی تر وەردا سێ ئەوەندە غەرامەی بکات، شەش ئەوەندەش ئەگەر زمانێکی ناشیرینی بەکار هێنا.

لە هەمان کاتدا، فیدراسیۆنەکان و یانە سەرەتاییەکان بەپەرۆشەوە ئاگەداری ئەوە بوون کە پێویستە نەهێڵن بەرپرسە سەرەکییەکان دەسەڵات بەخراپی بەکار بهێنن. زۆربەی کۆمەڵەکان پێشبینیی زۆریان لە سەرۆکێکی نوێ دەکرد لە کاتی

مەراسیمی دەستبەکاربوونی. سەرۆکی گشتی لە فۆرێستەرسدا ئەم سوێندەی خوارد کاتێ پۆستەکەی وەرگرت:

من، (کە ناوم...)، بە سەرۆکی گشتی هەڵبژێردراوم. لێرەدا بەڵێن دەدەم و لە پێش ئێوە و برێترنی ئامادەدا رای دەگەیەنم، کە هەرچی لە دەسەڵاتمدا هەبێ بیکەم بۆ برەودان بە خۆشگوزەرانیی گشتی، ئاشتی و سازانی دادگە، هەوڵ دەدەم بێلایەنانە کار بکەم لە هەموو ئەو پرسانەی پێوەستن بەو پۆستە کە من بۆی دەستنیشان کراوم.

لە سیستمی گراند یونایتدی ئۆدفێلوسدا سەرۆکی تازە (ماقووڵی پایەدار) بەرپرسیارەتییەکانی بەبیر دەهێنرایەوە بەهۆی کارمەندێکی هەڵسووڕێنەرەوە:

"برای شایستە و رێزدار، ئەرکەکانی سەرۆکی تازەت دەکەوێتە سەر، وا پێت وایە دەتوانی بەرپرسیارەتیی ڕژد بخەیتە ئەستۆ؟"

"بەڵێ دەیخەمە ئەستۆ."

ئاخۆ ئامادەیت و پابەندی بەوەی کە ئەرک و وەفاداریت، بەبێ ئیمتیاز و، نادۆڕێنیتە کەس؟"

"بەڵێ ئامادەم."

"دەبێ سیفەتەکان لەوپەڕی رێکیدا بن. پێش هەموو شتێک، دەبێ زانیارییەکی قووڵت هەبێ لەسەر ئەو یاسایانەی ئۆدفێلوس، کە ئێمەی پێ حوکم دەکەیت. کەواتە کارێکی باش دەبێ، ئەگەر تۆ بەتەواوی خۆت لەم بوارەدا تاقی بکەیتەوە، بۆ ئەوەی ، ئەگەر توانات نەبوو، لەوانەیە تووشی لێپرسینەوە بێی."

"ئەوەی کە پۆستەکەی ئێوە وەردەگرێ، دەبێ خۆشناو و میانڕۆ هەبێت. دەبێ هێمن بێ، لە کاتی نائارامیدا، بتوانێ کۆنترۆڵی تووڕەیی بکات، بیر لەوە بکاتەوە چۆن توندوتیژییەکەی دادەمرکێنێتەوە و هێمنی دێنێتە ئاراوە. لە کاتی توندیدا، دەبێ ئارام بێت. نابێ لە کاتی توندیدا کاریگەری توندی بەسەرەوە بێت. هەروەها لە کاتی بەرهەمهێنانی ئالییەتەکانی دادوەری، دەبێ هەردەم لەو ئاستەدا بێ ویژدان و ئەخلاق تێیدا رەنگ بدەنەوە."

بەگشتی، کۆمەڵەکان پشتیان بە داوا ئەخلاقییەکان نەدەبەست. یاسا ئەوەی دیاری کرد سەرۆک دەتوانێ چی بکات و چی نەکات. بۆ نموونە، یاسا

گشتییەکانی فۆرێستەرس، ئەوە دیاری دەکەن ئەگەر فەرمانبەری تازە کورسییەکەی بەتاڵ کرد "بەبێ ڕەزامەندیی کۆبوونەوە، یان بەبێ دابینکردنی یەکێک کە شوێنی ئەو بگرێتەوە"، یان ئەوەی ڕەت کردەوە هەر پێشنیازێک کە بەشێوەیەکی یاسایی کراوە بخرێتە دەنگدانەوە، دەتوانێ ئەگەر کارەکە بەشێوەیەک نەبێت کە کار بکاتە سەر هەڵوێستی، ئەو کاتە پێنج شیلینگ غەرامە دەکرێت بۆ کاری یەکەم، ١٠ شیلینگ بۆ کاری دووەم، زیاتر لە ٢١ شیلینگ بۆ کارەکانی دواتری.

میتۆدێکی بەهێزتر بۆ نەهێشتنی مامەڵەی خراپ ئەوە بوو کە بەردەوام بەرپرس لەسەر کارەکەی لابدرێت. لە سیستمی فۆرێستەرسدا هاتووە: بۆ ئەوەی وا لە هەر بەرپرسێک بکەیت هەست بە بەرپرسیارەتی بکات لە بەرامبەر لایەنگرانی تا متمانەی وەفاداری لە دەست نەدات، هەروەها ئامادە بێت بۆ پێداچوونەوەی کارە ناچیزەکەی، یان نەهێڵی دەسەڵاتی بە خراپ بەکار بێنێت... ئەنجوومەنی دادگەی باڵا یان هەر ناحیەیەک یان دادگەیەکی فەرعی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە یەکسەر لە کار یان لە کاریان لابدات.

لە ژمارەیەک کۆمەڵەدا، مەراسیمی کردنەوەی خانەیەک بۆ ئەوەش بوو کە ئاراستە بۆ وەرگرانی پۆست هێواش بکاتەوە تا زۆر بەهێز بن. لە مانچستەر یونیتی، لە سەرەتای هەر کۆبوونەوەیەکدا، هەر پۆست وەرگرێک داوای لێ دەکرا بەتەنیا ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە قەرزداری ئەندامانی خانەکە بوو.

داوا لە سکرتێری هەڵبژێردراو دەکرا، ئەرکەکانی بەم شێوەیە بڵێتەوە: "دەبێ بچمە ناو هەر مامەڵەیەک، یان کۆبوونەوەیەک، بەبێ ئیمتیاز، هەروەها هەمان شت شەرح بکەم کە لەلایەن تۆ (سەرۆک) یان لەلایەن زۆرینەی خانەکە داوام لێ دەکرێت." سکرتێری دارایی، لە نۆرەی ئەودا، دەبووایە بڵێت: "حیساباتێکی بێلایەن و یەکسان بکەم لە نێوان هەر ئەندامێک و خانەکەدا. ئەم کارانە شەرح بکەم و هاوسەنگی رابگرم هەر کاتێک لەلایەن تۆ یان زۆرینەی خانەکە داوام لێ کرا، درێغی ناکەم لەوەی کاری ژمێرییارییەکەم روون و مەفهوم بن."

لە یانە سەرەتاییەکاندا، دەستاودەستکردنی پۆست لە پێناو مسۆگەرکردنی ئەرک و سوودەکانی نووسینگەدا بوو، بەڵام وردە وردە بەرەو هەڵبژاردنی بەنیزام چوو. بۆ نموونە، لە مانچستەر یونیتی، جگە لە سکرتێری دارایی کە پۆستەکەی

وەردەگرت بە ڕەزامەندیی خانەکە، ئاسایی بوو بۆ پۆستە سەرەکییەکان شوێنیان بگۆڕن لە هەڵبژاردنی شەش مانگە یان ساڵانەدا.

## ڕێ خۆشکردن بۆ دیموکراسی

هەر کۆمەڵەیەکی دۆستانە تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. بەڵام سیستەمە پێوەندارەکان نەریتێکی هاوبەشیان هەیە، بۆ زۆربەی مەبەستەکانیش، بەراورد دەکرێ. لە مانچستەر یونیتیدا، ئەندامی نوێ بۆی هەبوو پۆستێکی یاریدەر وەربگرێت: دەرگەوان، پاسەوان، کۆندەکتەر و یاریدەری سکرتێر. ئەرکی پاسەوان پاراستنی دەرگە بوو دەبوو لەوە دڵنیای بکاتەوە کە پاسوێردی ڕاست دراوەتە دەرگەکە. کۆندەکتەر لە ڕێگەی مەراسیمی دەستپێکەوە یارمەتیی ئەندامە نوێیەکانی دەدا. دەرگەوان سەیری هەر یەکێکی دەکرد تا بزانێ کەسی دروست هاتووەتە ژوورەوە، هەروەها هێمای خانەکەی دەبەست. هەر خانە و دوو سکرتێری هەبوو، سکرتێری ئارەزوومەندانە و سکرتێری دارایی. کاری سەرەکیی سکرتێری ئارەزوومەندانە نووسینی ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوە بوو. هەریەک لەو پۆستانە، جگە لە پۆستی سکرتێری دارایی، ڕێی تێ دەچوو لە هەر هەڵبژاردنێکدا بگۆڕێن.

سکرتێری دارایی لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا هەڵدەبژێردرا. ئەو کۆبوونەوەیەش وەرزی بوو و هەر ئەندامێک داوەتنامەیەکی نووسراوی، بەلایەنی کەم هەفتەیەک پێشتر، پێ دەگەیشت. پاشان بە ڕەزامەندیی خانەکە پۆستی وەردەگرت. کارێکی ئاسایی بوو بۆ خانەکان هەوڵ بدەن کەسێکی شیاو بدۆزنەوە و لەو پۆستەی دابنێن، چونکە سەرنەکەوتنی ئەرکە سەرەکییەکان لەسەر شانی ئەو بوون. هەندێ جار لقەکان بە زەحمەت سکرتێرێکی بەتوانایان دەدۆزییەوە. ئەمە یەکێک بوو لە کولفەکانی خۆ ڕێکخستن. گەلێ لق هەبوو پێکهاتبوو لە ئەندامی دەستڕەنگین بەڵام هیچ ئەزموونێکی ئیدارییان نەبوو.

هەروەها گەندەڵی و پارە دزین نەدەشاردرایەوە. وێڕای دوو سکرتێر، هەر خانەیەک سێ نووسینگەی سەرەکیی هەبوو: پیاوماقووڵ یان سەرۆک، جێگری پیاوماقووڵ یان سەرۆک و نووسینگەی سەرۆکی تازە لاچوو. ئەو نووسینگانە بەشێوەیەکی نیزامی پۆستەکانیان دەگۆڕی. تەواوی ئەندامان بەتەمای ئەوە بوون یەکێک لەو پۆستانە وەربگرن؛ هەروەک پێی دەگوترا "کورسی وەربگرێت". ئەندامان

لەسەریان بوو خۆیان بسەلمێنن بەهۆی وەرگرتنی پۆستی لاوەکی و بەهۆی وەرگرتنی پلەکانی سیستمەکە (بەشی چوارەم). بۆ ئەوەی هەر ئەندامێک مافی خۆپالاوتنی هەبێت بۆ جێگری سەرۆک، دەبوایە دوو پۆستی یاریدەری تێپەڕاندبایە، وەک سکرتێری ئارەزوومەندانە خزمەتی کردبێت و دوو پلەی لاوەکیشی وەرگرتبێت. هەر ئەندامێک بۆ ئەوەی مافی خۆپالاوتنی بۆ پۆستی سەرۆک هەبێت، دەبوایە هەر چوار پلەی لاوەکیی وەرگرتبا، وەک جێگری سەرۆک خزمەتی کردبا، بیتوانیبا وانە پێشکێش بکات لە شوێنێکی دیاریکراودا.

بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرا تەنیا نۆرەی پۆست وەرگرتن نەبوو. وەرگرتنی پۆست پرۆسەیەک بوو بەهۆیەوە ئەندامەکە دەیتوانی پسپۆڕێتیی نوێ فێر بێت. خانەکە، بۆ گەلێ کرێکار، هەلی دەرەخساند خۆیان باشتر بکەن و ئەو کەموکوورِییانەی لە شوێنی کاردا هەیانبوون پڕ بکەنەوە. بەڵام سیاسەتی گۆڕینی سەرۆک هەر شەش مانگ جارێک ئەو موجازەفەیەی هەبوو کە لەوانەیە سەرۆکی نوێ لێهاتوو نەبێت. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم مەترسییە و مسۆگەرکردنی ئامۆژگاریی ئامادە بۆ سەرۆکە نوێیەکە، هەر سەرۆکێک دوو هاوکاری دەستنیشان دەکرد، هاوکاری دەستە راست و دەستە چەپ. هەردوو هاوکار لە کاتی کۆبوونەوەکاندا لەملا و ئەولای سەرۆک دادەنیشتن ئامۆژگارییان بەگوێدا دەچرپاند. عادەتەن، سەرۆک هاوکارێکی بەئەزموونی بۆ دەستە راست هەڵدەبژارد، ئەندامێک کە پێشتر پۆستی وەرگرتووە و شارەزاییی باشی لە یاسا و رێنوێنییەکاندا هەبوو. هاوکاری دەستە چەپ برێتی بوو لە هاوڕێیەک کە ئەرکی هاوکاریی بەردەوامی ئەخلاقیی سەرۆکی دەکرد. بەم رەنگە، ئاستێکی بەرزی هاوبەشیی پۆست لەگەڵ نواندنی لێهاتوو تێکەڵ دەکرا. هەروەها کرێکارە ئاساییەکان، کە ئەرکیان لە شوێنی کاردا رۆتین و سنووردار بوو، ئەوانیش دەیانتوانی پەرە بە بەهرەکانیان بدەن و هاوبەشی ئەو قەناعەتە بکەن کە ئەوانیش دەست و پەنجەیان دیارە بۆ درێژەپێدانی میسالییەتی خزمەتگوزاریی هاوبەش کە بزووتنەوەی کۆمەڵەی دۆستایەتی لێ کەوتبووەوە.

لە کاتی تەواوکردنی ماوەی سەرۆکایەتیدا، ئەندامەکە، وەک سەرۆک، ئۆتۆماتیکی ماوەیەک کاری دەکرد وەک سەرۆکی تازە لاچوو. سەرۆک و سەرۆکی تازە لاچوو بۆیان نەبوو وەک سەرۆک خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەڵبژاردن تا دوازدە

مانگ تێ نەپەڕیبا. جێگری سەرۆک بۆی نەبوو جارێکی تر خۆی هەڵبژێرێتەوە بۆ پۆستی جێگری سەرۆک.

ئەمە سوودێکی یەکجار زۆری هەبوو و زەحمەت بوو بۆ هەر گرووپێکی خۆ دەستنیشانکەر زاڵ بن بەسەر خانەکەدا. هەروەها یاسایەک هەبوو ڕێی بە بەرپرسانی ناحیە نەدەدا پۆستی ئارەزوومەندانەی خانە وەربگرن کە یارمەتیی مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی خانەکەی دەدا لە ڕێکخستنی ناحیەکەدا. وەک تاکێک، کە لە چوار پۆستی لاوەکیدا خزمەتی کردووە، پلە لاوەکییەکانی وەرگرتووە، وەک جێگری سەرۆک خزمەتی کردووە، سەرۆک و سەرۆکی تازە لاچوو بووە، بۆی هەبوو دانیشێت بۆ دوا پلەی سەرۆکایەتی یان پلەی مۆر. ئەگەر سەرکەوتوو با، دەبووە ئەندامی خانەی سەرۆکی پێشوو و بۆی هەبوو پۆست لەسەر ئاستی ناحیە و ئاستی نیشتمانیدا وەربگرێت. بەرپرسانی ناحیە برێتی بوون لە سکرتێری ناحیە، سەرۆکی ناحیە، جێگری سەرۆک ناحیە و سەرۆکی تازە لاچووی ناحیە.

لە سەرووی ناحیەوە، سەرۆک ، جێگری سەرۆک و سەرۆکی تازە لاچوو دەهات. ئەم پۆستانە لە هەڵبژاردنی ساڵانەدا دیاری دەکران. دەستەی بەڕێوەبەران پێکهاتبوو لەو سێ پۆستە و نۆ تاکی تر کە لە کۆنفرانسی ساڵانەدا هەڵدەبژێردران. ساڵانە خانەنشین دەکران، بەڵام دەیانتوانی دووبارە خۆیان هەڵبژێرنەوە. هەریەکە داوای لێ دەکرا بگاتە دەسەڵاتێکی تەواو. پۆستی سکرتێری سەرۆک کارێکی فوولتایم بوو، سەرەتا لە کۆنفرانسی ساڵانە هەڵدەبژێردرا و پۆستەکەی بە ڕەزامەندیی خۆی وەردەگرت.

## ڕێزگرتن لە یاساکان و لە یەکتری

هەردەم کۆمەڵە پێشەنگەکان نامیلکەیاسای ڕوونیان هەبوو، کە لەو نامیلکەیەوە دەچوو ڕێزی لە ئەندامە کرێکارە ئاساییەکان دەگرت. پێش یاساکان، هەموو ئەندامان یەکسان بوون. وێڕای ئەمەش، یاساکان نەدەسەپێنران، بە تێپەڕینی چەندان ساڵ گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات لەلایەن ئەندامەکان خۆیانەوە: کاریان پێ کردن، هەمواریان کردن، ڕەتیان کردنەوە و پێیاندا چوونەوە، بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکان. ئەگەر یاساکان کۆنترۆڵیان سەپاندبا، کە دەبوو وابێ، ئەو کۆنترۆڵانە ئازادانە لەلایەن هەر ئەندامێکەوە پەسند دەکرا.

ئەندامـانـی کـۆمـەڵەی دۆسـتـانە شـانـازییـان بە یاسـاکـانـی خـۆیانەوە دەکـرد. شـانـازییـان بەخـۆیانەوە دەکـرد، نەک لەبەر یاسـاکـان خـۆی، بگرە لەبەر ئەو بنەمایانەی دەستەبەریان کردبوون. یاساکان ئەوەیان دیاری دەکرد هەر ئەندامە و بەچی بەشداری بکات و مافەکانی چین، هەروەها ئەرکەکـانی سـەرۆکیـان دیاری کرد. دەسەڵاتەکانی سەرۆکیان سنووردار دەکرد و خۆشی و باری نووسینگەکەیان بەهاوبەشی مـسـۆگەر دەکرد. هەروەها یاساکـان ئۆتۆنۆمـیی لقەکـانیـان پاراست لەسـەر ئاسـتی نـاحیـە و نیشـتـمانیدا لەگەڵ هەر فیدراسیـۆنـێک. کۆمـەڵەکان لە رێچکەیەکی راسـتـەقـینەدا بوون بـە یاسـا بەرێوە دەبران، نەک بـەپێی سـەلیـقـەی کـەسـانـی، تا ئەو رادەیـەی سـەرسـام بـوون بە رێ خـۆشکردن بۆ بەشـداری لە پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی نیشتمانیدا.

### کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە سەرەتای سەتەکەدا

لە کۆتاییی سەتەی نۆزدەدا بەگۆڕانی هەلومەرجەکان، جۆرێکی نوێی لە کۆمەڵەکان دەستـیان بەگەشـە کرد. لە کاتی پۆلێنکردنی جۆرەکانی کۆمەڵەکاندا، پێویسـتـە جیـاوازی لە نێـوان ئەو کـۆمـەڵانەدا بکرێت کـە تێـچـووی نەخـۆشی دابین دەکـەن (کۆمـەڵە گـشـتـییـەکان) و ئـەوانەشی کە دابینی ناکـەن (کۆمـەڵە تایبـەتییـەکان). پێدانـی سـوودی نەخـۆشـی، ئەرکی سـەرەکـیـتـرین زۆربـەی کـۆمـەڵەکـان بوو. لە ١٩١٠دا، پێش ئەوەی یاسـای دڵنیـاییی نیشـتـمـانی لە سـاڵی ١٩١٠دا کاریگەریی خـۆی بسـەپێنێت، ٢٦٧٨٨ کـۆمـەڵەی جـۆرەوجـۆر هەبوون و ٦٦٢٣٠٠٠ ئەندامی تۆمـارکراویان هەبوو. کـۆمـەڵە گشـتـییـەکان دابەش کـراون بەسـەر: سـیسـتـم و لقەکاندا، کۆمـەڵەی یەکگرتووی چڕ، کۆمەڵەی دابەشکراو، کۆمـەڵەی دیپـۆزیت یان هۆلۆویی[١٣] سـەرجـەم کۆمـەڵە دۆسـتـایەتـییە تایبـەتییـەکان لە ١٩١٠ برێتی بوو لە ١٨٨٨١٧٨ کـۆمـەڵە، کـە ٨٥٥٩٦٢یان کـۆمـەڵەی مـردووان یان ناشـتن بوون، ٤٠٣١٩٠یان بۆ تێکشکـانی کـەشـتـی و زیانە جـۆرەوجـۆرەکـان کـاریان دەکـرد و ٣٢٩٤٥٠یان چاودێریی تەندروستییان دابین دەکرد.

گفتوگۆیەکی تێروتەسەلتر لەبارەی ئەندامێتیی تۆمارکراو و نەکراوەوە لە بەشی شـەشـەمـدا هەیە. ئەوەی مـاوەتـەوە لەم بەشـەدا، ئەوەیـە جـەخت لەسـەر کـۆمـەڵە جۆرەوجۆرەکان، کە پەرەیان سەند، دەکرێتەوە.

بەپێی بیڤریج، سێ ئامانج هەیە لە پاڵ دروستکردنی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان: یەکەمیان ئارەزوو بۆ ئاسایش و نەخۆشی، دووەمیان ئارەزووی نەهێشتنی بەڕێوەبردنی تازیەی هەژاران و سێیەمیشیان ئارەزووی پاشەکەوتکردنی شتێک بۆ ڕۆژی ڕەش، بۆ پیران یان سەرفکردنی لە شتێکی شایستەدا.

خەمی سەرەکیی سیستەمە پێوەندارەکان دابینکردنی خەرجیی نەخۆشی، چاودێریی تەندروستی و تێچووی تازیەیە، هەرچەندە دوو سێ دەیەی کۆتاییی سەدەی نۆزدە، ئەو سیستەمانە ئاراستەی بایەخدانیان گۆڕی بەرەو مووچەی خانەنشین لە تەمەنی درێژدا بۆ پیران و هەروەها پێدانی دڵنیایی.

بەڵام کۆمەڵە دابەشبووەکان زیاتر جەختیان لەسەر پاشەکەوتکردنی پارە و هاوبەشیی زیاتری سالانە لەنێو ئەندامانیدا کردەوە. خاڵی لاوازی بنەمای دابەشکردن ئەوە بوو کە هەرکە ئەندامان دەکەوتنە تەمەنەوە، سوودەکان زیاتر دەبوون و ئابوونەی سالانەش کەمتر دەبووەوە. بەڵام حیسابکردنی وردیش لەو بارەیەوە بەسوود بوو؛ بۆ ئەمە هەبوو، لە ڕێگەی پارەدانی زیاتر لەوەی پێویستە، ئەندامان دەیانزانی کە تێچووەکان دابین دەکرێن و هەر زیادەیەکیش بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. هەروەها سیستەمێکی باشی پشکنینی دابین کرد لەسەر تەمبەڵی، چونکە هەر ئەندامە و بەرژەوەندیی لە زیادەیەکدا بوو کە لە کۆتاییی ساڵدا دەمایەوە. بیڤریج باسی ئەو بەڵگەیە دەکات کە درا بە کۆمیسیۆنی شاهانەی ساڵی ١٨٧٤ لەلایەن ڕێزدار پۆرتمانی ستیپل فیتزپێین لە سۆمەرسێت. دانی بەوە دانا کە سەرەتا لەوانەیە کارێکی باش نەبێ پارە زیادەکان هەموو ساڵێک دابەش بکرێن، بەڵام سەرنج بۆ لای سوودەکان دەچێت. بڕێک پارەی بیست و پێنج یان سی شیلینگی جارجارە سوودێکی گەورە بوو بۆ کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ. فیتزپێین درکی بەوە کرد کە پارەکە بەفیڕۆ نەچووە، بگرە بەکار هێنراوە بۆ کڕینی بەرازێک، جووتێ پێڵاو یان قەدە جلێک. بەپێی بیڤریج "تەواوی ئینگلتەرای لادێیی کۆمەڵێکی ستیپل فیتزپێینەیان بوو.

## کۆمەڵە دیپۆزیتییەکان (هۆڵۆویێ)

هەمــان ئـارەزوو بۆ هـاوســـەنگیــیـــەک لە نێــوان هــەڵگرتن، لەلایەک و ئـاســـایش و نەخۆشـی و دابینکردن لە دژی مردن، لەلایەکی ترەوە، بووە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵە دیپـۆزیتـیـیـەکـان. یەکەمین کۆمـەڵەی دیپـۆزیتی لە ١٨٣١ دامـەزرا، بەڵام فـیکرەکە درەنگ گەیشت.

لە ١٨٦٨دا کۆمـەڵەیەک دامەزرا لە ئالبێری شێری کە لە ١٨٧٢دا بووە کۆمەڵەی دۆستـایەتیی دیپۆزیتی نیشـتمانی، کە تا ئێستـا کۆمەڵەیە لەو جـۆرەی خۆیدا. هـەر ئەندامـێک ئابوونەی دەدا کـە، دوای تێپـەڕین بە ئـیـدارەدا، دەچووە نـاو فـەندێک بۆ دابینکردنـی خـەرجی نەخـۆشی و بەشـێکیـشـی دەچووە نـاو حـیـسـابی کـەسـانی کە بەهۆی قـازانجـەوە کـەڵەکە دەبوو. ئەندامـەکـان دەیانتـوانی قـەوارەی ئابوونەکـەیان دیاری بکەن، بە مـەرجێک مـانگانە لە ٢ شـیلینگ کـەمـتـر و لە ٢٠ شـیلینگ زیاتر نەبێ. پاشـان ئەم ئابوونـەیە سـوودەکـەی دیاری دەکرد: ڕێژەی ڕۆژانەی خـەرجـیی نەخـــۆشی هەمـــان ڕێژەی ئـابوونـەی مـــانگانـە بوو. وێڕای ئـەمـــەش، دەبوایـە هـەر ئەندامـێک بـەشـداری بکات و ٣ تا ٣٠ پاوەند لـەناو حـیـسـابی بانکی دابنێت. ئەم پارەیە کـاریگەریی لـەســەر ڕێژەی سـوودەکـە نەبوو، هـەرچـەندە کـاریگـەری هـەبوو لەسـەر ماوەکەی.

بەشـێکی خـەرجـیی نەخـۆشی لە فـەندا و بەشـێکیـشـی لە حـیـسـابی کـەسـانی ئەنداماندا دەردەهێنرا، دەگەیشتە بڕێک کە بـەپێی تەمەنی پێوەندیکردنەکەوە جیاواز بوو. ئەم خەرجییە دەدرا تا حیسابی کەسانیی بانکی شڕ دەبوو. ئەمـە مانای وابوو کە ئەو کەسـەی زۆر نەخۆش نەکەوێت ئەوا پارەیەکی زیاتر دەستەبەر دەکات لە کاتی خـانـەنشـینـیـدا. هەروەها ئـەو مـانایەشی هـەبوو: ئەو کـەســەی بۆ مـاوەیەکی درێژ نەخۆش بێت، ئەوا حیسابە بـانکییە کەسـانییـەکەی شڕ دەبێ، بەڵام لەم حـاڵەتانەدا ئەندامـەکـە "بەخـشـیش"ی وەردەگـرت بۆ هـەمـان ئەو مـاوەیەی کـە پارەی نەخـۆشی پێشـتـر ڕاکێشـراوە. لە ئـەنجـامی ئەو پاڵەوانەدا، کۆمـەڵەی دۆسـتـایەتیی دیپـۆزیتی نیشتمانی کەمتر نەخۆشی هەبوو.

سوودەکان بەم شـێوەیە دەدران. پارەی نەخۆشی بۆ ئەو پیاوانەی کە پێوەندییان بە کـۆمـەڵەکـەوە کـردووە لـە نێـوان تەمـەنی ١٦ تا ٣٠ سـاڵـیـدا. ئـەمـانە لە ٢٥٪ی

حیسابی بانکیی کەسانی و لە ٧٥٪ی فەندیان پێ دەدرا. بەخشیش لە ٧٥٪ی سوودەکان بوو. سوود بۆ ئەو پیاوانەی لە تەمەنی ٤٠ تا ٥٠ ساڵی پێوەندییان کردووە نیوە لە فەند و نیوەش لە حیسابی بانکیی کەسانی پێ دەدرا و بەخشیش نیوەی پارەی نەخۆشی بوو. ئەندامێتیی کۆمەڵەی دۆستایەتیی دیپۆزیتی نیشتمانی نزیکەی ١٠٠٠ ئەندام بوو لە ١٨٧٢دا، ٤٦ هەزار ئەندام لە ١٨٩٩، ٢١٠ هەزار ئەندام لە ١٩١٠دا. دوای راگەیاندنی دڵنیایی نیشتمانی کۆمەڵەکە خێرا گەشەی کرد و لە ١٩٣٩دا ١٤٦٢١٨٣ ئەندامی هەبوو.

## کۆمەڵە هۆلۆوێییەکان

کۆمەڵە هۆلۆوێییەکان لەسەر ئەو پرەنسیپانە بنیات نران کە لەلایەن جۆرج هۆلۆوێییەوە هاتنە کایەوە. جۆرج لە ساڵی ١٨٧٤دا کۆمەڵەی دۆستایەتیی پیاوی کرێکاری پارێزکار (ک د پ ک پ)ی لە ستراود دامەزراند. ئەم کۆمەڵەیە پارەی هەڵگیراو و پارەی نەخۆشی تێکەڵ کرد بەڵام بە رێگەی جیاواز لە (ک د د ن). ئابوونە زیاتر بوو لەوەی پێویست بوو بۆ پارەی نەخۆشی و تەواوی ئابوونەکە دەچووە ناو فەند (سیپەی پارەی گشتی). هەر ساڵێک زیادەکان بە یەکسانی دابەش دەکران و دەچووە ناو حیسابی بانکیی کەسانی کە دواتر قازانجی دەکرد. ئابوونەکە وەک یەک بوو بۆ هەموو ئەوانەی لە سەرووی ٣٠ ساڵییەوە بوون، بەڵام دواتر ساڵانە زیادی دەکرد. کۆمەڵە هۆلۆوێییەکان لەوەش جیاواز بوون کە تاکێک دەیتوانی پشکی زیادەی دابەشکراوی خۆی زیاتر بکات بەهۆی هەبوونی زیاتر لە پشکێک لە کۆمەڵەکەدا (زیاتر لە ١٠ پشک). بیرۆکەی سەرەکیی ئەمە ئەوە بوو ئابوونەی زیاتر بدەی لەوەی کە پێویست بوو بۆ پارەی نەخۆشی تا پارەی زیادە زیاتر بکات بۆ پیرەکان. بەڵام بەپێچەوانەی (ک د د ن)، نەدەبایە پارەی نەخۆشیت تەواو بووبایە. دوو گەورەترین کۆمەڵەی هۆلۆوێی برێتی بوون لە کۆمەڵەی سوودی میسالی بێرمینگهام (لە ١٨٩٣ دامەزرا) و تەنبریج وێلز ئیکویتەبل (لە ١٨٨١ دامەزرا).

## کۆمەڵە یەکگرتووە چرەکان (ک. ی. ک)

کۆمەڵە کەڵەکەبووەکان بەبێ لقەکان، ئەم ناوەیان لێ نرا، بۆ جیاکردنەوەیان لە

کۆمەڵە دابەشبووەکان کە پارەیان لە ١٢ مانگ زیاتر کۆ نەدەکردەوە. زۆربەی (ک. ی. ک) سیفەتی مەحەلییان هەبوو، بەڵام یەک کۆمەڵە یان دووانیان دوور بوون لە قەرەباڵغییەکە. هارتس ئۆڤ ئۆک گەورەترین کۆمەڵە بوو. لە ساڵی ١٨٤٢ بە ١٢ ئەندام دەستی پێ کرد. لە ١٨٥٦، پێنج هەزار ئەندامی هەبوو، لە ١٨٧٢ زیادی کرد و بوو بە ٣٢ هەزار ئەندام. ئەم کۆمەڵەیە بەڕێوە دەبرا لەلایەن ئەنجوومەنێکی نوێنەران کە نوێنەرایەتیی ٢٣١ ناوچەی دەکرد کە وڵات بەسەریاندا دابەش بووبوو. پێش ١٩١١، هەوڵێک درا بۆ زیندوو ڕاگرتنی ڕۆحی مەحەلی، بەڵام دوای دڵنیاییی نیشتمانی ئەو هەوڵانە بەلاوەنران. کۆمەڵەکە پارەی نەخۆشی و سوودی مردنی دەدا و دڵنیاییی هاوکاریشی پێشکێش دەکرد. لەژێر سیستمی دڵنیاییی نیشتمانیدا گەشەی کرد و لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانی ژمارەی ئەندامانی گەیشتە ٤٤٤ هەزار.

## ئەنجام

کەواتە، کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بە هەموو جۆرە شێوە و قەوارەیەکەوە هاتنە کایەوە و هەر ئەم مروونەش بوو بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی ئەو کۆمەڵانە تا ڕادەیەکی زۆر. هەروەک بیڤریج لە (کرداری ئارەزوومەندانە)دا باسی لێوە دەکات، شتێکی سەیرە چۆن گەلێ لەو دامەزراوە گەورانەی کە جەماوەریی خۆیان سەلماند بە کۆبوونەوەی چەند کەسێک یان کۆبوونەوەی ئەو کەسانەی ئێواران دوای کارکردن دەستیان پێ کرد، زۆرجار کۆبوونەوەکان لە ژووری پشتەوەی خانوویەکی گشتیدا ئەنجام دەدران. هەندێ سەرکەوتن و هەندێکیش فەشەلیان هێنا. بە ئەنجامدانی ئەم کارەش، بیڤریج دەڵێت، ئەو کۆمەڵانە جیهانیان گۆڕی.

لە دەوڵەتی تۆتالیتاریاندا یان لە بوارێک کە پێشتر لەناو دەوڵەتی قۆرخکاردا هەبووە، ئەوانەی نارازی بوون بە دامەزراوەکان دەیانتوانی چارەسەرێک بدۆزنەوە بەهۆی گەڕان بەدوای گۆڕان لە حکومەتی وڵاتدا. لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بوارێکی ئازاددا چارەسەرێکی جیاوازیان هەیە، تاکی ناقایل بە فیکرەی نوێوە دەتوانن دامەزراوەیەکی نوێ دروست بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان. بوارەکە کراوەیە بۆ تاقیکردنەوە، جا سەرکەوێت یان فەشەل بێنێت. جودابیری مامانی داهێنانە.

## کۆمەڵەکانی بنیاتنانی کارەکتەر

پاسەوان، دەرگەکە بخە سەرپشت! بەم وشانە سەرۆک لە مانچستەر یونیتی ئۆدفێلۆس رای دەگەیەنێت کۆبوونەوەی خانەکە کراوە بێت. پاشان دەرگەوان هەموو کەسێک ئەوانە دەپشکنێت کە لەوێ ئامادەن و نامۆ دیارن: ئەگەر هەر یەکێکتان بینی تۆزقاڵێک گومانی لەسەر بوو، نەهێڵن و بۆی نییە ئامادە بێت، یەکسەر پێم بڵێن، باش بیانپشکنن.

لە سەروبەندی بێدەنگیدا، دەرگەوان بەردەوام دەبێت. زۆربەی ئامادەبووان دەناسێت، بەڵام ئەندامانی نوێ داوای پاسوێردیان لێ دەکرێت. دەتوانین بەشدار بین لەو پاڵەپەستۆیەی لەسەر ئەندامێکی نوێیە، کە هەموو چاوێکی لەسەرە، هەوڵ دەدا پاسوێردەکەی بەبیر بێتەوە. پاسوێردەکەی بەڕاستی دەڵێت. نامۆیەکانی تریش ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبنەوە. ئەگەر هەموو بەڕاستی وەڵام بدەنەوە، ئەوا دەرگەوان بە سەرۆکی خانەکە رادەگەیەنێت، "سەرۆکی بەڕێز، هەمووی تەواوە،"، پاشان کۆبوونەوەکە بەردەوام دەبێت.

بەم شێوەیە کەشوهەوای خانەکە یەکسەر دەچەسپێت. لێرە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی نەبوو، بگرە کۆبوونەوەیەکە بەهۆی میسالییەتە هاوبەشەکان یەکگرتووە. ئەم پابەندبوونە بە بنیاتنانی ئایدیالیزمی هاوبەش، بە دەستەبەرکردنی سیفەتی باش و هاندانی بەشداریکردن لە کاری هاوبەشدا، سیفەتێکی سیستەمە پێوەندارەکان بوو، گەورەترین تاکە گرووپی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بوو. بەڵام ئەمە بەشێک نەبوو لە دروستکردنی کۆمەڵە مەرکەزییەکان. ئەمان شتێک زیاتر بوون لە دەستە بازرگانییەکان، بەڵام هەمان کێشیان نەدا بە پێشوازی و بنیاتنانی کارەکتەر وەک سیستمە پێوەندارەکان.

لەبەرئەوەی کۆمەڵە دۆستایەتییە پێوەندارەکان تەنیا کۆمەڵەی سوود نەبوون، بەهەمان شێوە بەهەڵەدا دەچین، ئەگەر بە دەستەی دراوسێیەتیی سەرەکی دایان

بنێین. ئەندامانیان بەهۆی نزیکیی جەستەییـیەوە یەکگرتوو نەبوون بگرە بەهۆی وابەستەبوونیان بە میسالییەتە هاوبەشەکان. کۆڵەگەی مەبەستی کۆمەڵەکان پێشخستنی کارەکتەری باش بوو، بۆ رەچاوکردنی گرینگییەکی زۆر بۆ فیکرەی لیبرالْ کلاسیکەکان بوو، هەندێ لە پاڵنەرانیان دەیانەوێ کارەکتەری باش و ئارەزووێک وەربگرن بۆ ژیانێکی مسۆگەری باشتر، لە ئەنجامدا وا دادەنێن کە هەموو کەسێک یەکسەر دەبێتە هاووڵاتییەکی بەتەماع، بەشدار و پشت بەخۆ بەستوو. لە سالآنی شەست و حەفتاکاندا، کاتێ یاسای داماو نەرمتر بوو، تەواوی کاریگەریی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان و دامەزراوەکانی تر وەک کڵێسا پابەند بوو و میتۆدیستییەکان بای هەندێ خۆیان سەلماند درێژە بە پابەندبوونێکی بەهێز بدەن بە ئازادی و پشت بەخۆ بەستن. لە سالآنی دوای شەڕی جیهانیی دووەمدا، ئەو دەمەی ئەو دامەزراوانە کاریگەرییەکان لە دەست دا، نەرمیی خۆشگوزەرانی ئەنجامێکی جیای لێ کەوتەوە و بەپێی شکستی خێزان و پشت بەخۆ نەبەستنی کەسانی، پێورا.

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان تەنیا ئەوەیان زۆر بەباشی دەزانی کە دەبوایە فەلسەفەی یارمەتی خۆ دان و هاوکاریی هاوبەش بکێڵن کە رێبەریی دەکردن، هەروەها کۆششێکی زۆر لە بەهێز هێشتنەوەی نەریتەکە سەرف دەکرا. فەلسەفەکە بەهۆی هاندانی ئەندامان بۆ خۆ هاویشتنە ناو چالاکییەکانی کۆمەڵگە و بەشدار بن لە میسالییەتەکانی. لە کۆمەڵە پێشەنگەکاندا، میسالییەتەکان وردە وردە لە مەراسیمەکاندا لای ئەندامان ئاشکرا بوون. یەکەم ئەزموونی ئەندامی نوێ دەسپێشخەری مەراسیمێک بوو، ئەو دەمەی بەهاکانی کۆمەڵە بەشێوەیەکی کاریگەر خرانە روو. ئەو مەراسیمانە بە تێپەڕینی چەند ساڵێک تەواو گۆڕان. تەنیا لە ساڵی ١٨٤٣دا کۆمەڵەی ئەنشینت ئۆردەی فۆرێستەری بەشەرِ وازی لەو کارە هێنا. پێش ئەوە کاندیدی دەسپێشخەری کارێکی لەم چەشنە دەبرایە هۆڵی دادگە و لەلایەن سەرۆکی دادگە بەخۆی و دوو دارەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرا. سەرۆکی دادگە بەتەنیا ئەمەی بە کاندیدەکە دەگوت:

"غەریب، ئێمە هەرگیز رێگەت پێ نادەین ببیتە ئەندام لە دامەزراوە بەرێز و کۆنەکەماندا، تەنیا بەوانە نەبێت کە رۆحی ئازایەتی، بوێری و داهێنەرانەیان تێدایە. کەواتە پێش ئەوەی قەبووڵ بکرێی، دەبێ هەندێ بەڵگەت هەبێ لەسەر توانا

و بویٚریت. دەتوانی پشتت بەوە ئەستوور بێت کە بەوپەڕی شەرەفەوە بەکارت بێنن."

هەردوو دارەکەی پێ پێشان دەدا و پێی دەڵێت "ئێمە بەگشتی سوود لەو دوو جۆرە چەکە وەردەگرین. بیانگرە، یەکێکیان هەڵبژێرە و ئەوی تریان بدە هەر برایەکی شایستەی من لەم هۆڵەدا وەک رکابەرت، ئینجا ئەویش بەکارهێنانی ئەو دارانەت پێ پێشان دەدات." کاندیدەکە ئەوەی لەسەری بوو جێبەجێی کرد و هەرکە یەکێک لە ئەندامان داری دووەمی قەبووڵ کرد، سەرۆک دادگەکەی بەڕێوە دەبرد: "بەڕێزان جێگری سەرۆک، ئەندامانی باڵا و سەرەتای ودوێرد، ئێوەش بەشداری لە شەڕەکەدا دەکەن، بە وردی سەیری ئازایەتیی کاندیدەکە بکەن، بەپێی نەریتی کۆن لێی ورد بنەوە، ئەوەی دەیبینن پێم بڵێن."

پاشان کاندیدەکە و ڕکابەری هەڵبژێردراوی دارەکە دەگرنە دەست و ئامادە دەبن. ئەگەر کاندیدەکە بەباشی و بەپێی پێویست خۆی سەلماندبا، ئەوا کاری سەرۆکی جێگری دادگە بوو ئەنجامەکە رابگەیەنێت. "بەڕێز سەرۆک، ئازایەتیی کاندید، بەپێی نەریتی کۆن، بەتەواوی تاقی کرایەوە و دەرکەوت شایستەیە."

لە مەراسیمەکانی دواتردا، باسی سەربردەی raison d'être (هۆکاری بوون)ی کۆمەڵگەیان بۆ کاندید دەکرد، هەروەها باسی ئەو حاڵەتانەیان دەکرد کە چاوەڕێیان لێ دەکرا رەفتاری خۆیان بنوێنن. ئەم قسانە بە ئەندامانی نوێی ئەنشینت ئۆردەری فۆرێستەرس دەگوترا:

ئێمە پێکەوە یەکگرتووین نەک تەنیا بۆ مەبەستی ژیرانەی دەرکردنی یاسا دژی ئەو نەهامەتییانەی کە هەموو مرۆڤێک دەرووخێنن، یان بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی داوای یارمەتیی ئێمە دەکەن، بگرە بۆ وەرگرتنی خۆشییەکی میانڕۆیانەی تێکەڵبوونی دۆستانە، هەروەها بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هەستە کۆمەڵایەتییەکان... ئێمە هانی کامڵبوون نادەین لە کۆبوونەوەکانماندا، هیچ باوەڕێکیش لە ئاین یان لە کۆدی سیاسیدا ناسەپێنین، ئێمە رێگە بە خۆخۆری و وەستانەوە دژی یەکتر نادەین لەبەرئەوەی گونجانەکەمان لێ تێک نەچێت یان نەبێتە لەمپەر لە بەردەم کارەکانماندا. هەروەها فۆرێستەرس ئامۆژگارییەکانی خۆیان بۆ رەفتاری کاری کۆمەڵە ناشارێتەوە:

لە پێوەندییە ناوەخۆییەکانتاندا، وەک مێردێکی بە سۆز و بەمتمانە بتانبینین،

وەک باوکێک بتانبینین کە ڕەچاوی ئەخلاق و خۆشگوزەرانیی منداڵەکانتان دەکەن، وەک کوڕێک ئەرکی خۆتان جێبەجێ بکەن و زۆر باش بن و وەک هاوڕێیەکیش بە وەفا و ڕاست بن.

لە ئۆردەری گراند یونایتدی ئۆد فێلۆسدا، ئەندامی نوێ هان دەدرا تام لە ساتەکانی وەربگرێت، نەک تەنیا ڕەخنە لە خۆی بگرێت، بەڵکو دەرفەتێک بۆ دۆزینەوەی کارەکتەری خۆی بڕەخسێنێت: وا چاکە تۆ کاتێک بۆ دەسپێشخەریی ڕووداوەکەت دابنێی بۆ ئەوپەڕی تاقیکردنەوەی خود، هەروەها ئەگەر شتێکیشت بەدی کرد لە ژیانی ڕابردووتدا بۆ ئەوەی چاکی بکەیتەوە، من ئەرکی ئەوەت دەخەمە ئەستۆ کە ئەم کارە دوا نەخەیت، نەهێڵی هیچ پراکتیزەیەکی نائەخلاقی، کارێکی پووچ، یان عەوداڵییەکی ئاست نزم و توند لە ناختدا سەر هەڵبدا.

ئەگەر بەباشی بەڕێوە چوو، مەراسیمی دەستپێک زۆرجار سەرچاوەیەکی ئیلهام بوو بۆ ئەندامانی نوێ و یەکەم چێژی بۆنە و کۆبوونەوەی دەبوو کە بەشێکی ڕێکی ژیانی خانەکەی پێک دەهێنا. مانچستەر یونیتی و گراند یونایتد ئۆردەری ئۆدفێلۆس زنجیرەیەک پلەیان هەبوو کە بەشێوەی تەدریجی بە ئەندامانی دەدرا ئەو دەمەی کاریان بەباشی ئەنجام دەدا لە بەڕێوەبردنی خانەکەدا. بەڵام ئەو پلانەی فۆرمی مەراسیمیان وەردەگرت ١٥ خولەکیان پێ دەچوو. لە هەر بۆنەیەکدا ئەندامەکە وانەیەکی لە سەرۆک وەردەگرت، پاسوێردی نیشانەی نهێنیی وەردەگرت. گراند یونایتد ئۆردەری ئۆدفێلۆسدا سێ لەو "پلە لاوەکییانە"ی هەبوون، لە مانچستەر یونیتیدا، چوار بوون. کۆمەڵەکانی تر، بۆ نموونە ئەنشینت ئۆردی فۆرێستەرس، میسالییەتەکانیان بۆ ئەندامان بە زنجیرەیەک وانە، زنجیرەیەکی حەوت ئەڵقەیی، شەرح دەکرد.

پابەندبوون بە برایەتی لە کانگەی باوەڕی کۆمەڵە دۆستایەتییەکاندا بوو. هەروەها بەڵگەیەکی بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی کە تێ دەکۆشن بۆ ئەوەی برایەتی لە واقیعدا بەرجەستە بکەن. برایەتی میسالییەتێک بوو ئەندامان پێیەوە پابەند بوون، ئەو دەمەی مشتومڕیان لەسەر سیاسەتی خانەکە دەکرد یان ئەرکەکانیان وەک سەرۆکی ئۆفیس وەردەگرت. لەناو مشتومڕەکاندا لە هۆڵی خانەکەدا، هەروەها لە کاتی ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوون لە کۆوارەکانی کۆمەڵەکەدا، داوای

برایەتی ڕۆڵێکی هەبوو. ئەمەش بێ سەرکەوتن نەبوو. بێگومان پاسوێرد و نیشانی نهێنی دەوریان هەبوو لە پێشخستنی گرێبەندی برایەتی وێڕای بەها کردەییەکان وەک بەڵگەیەکی ناسنامەی ئەندامان لە گەڕان بەدوای کاردا (بڕوانە لاپەڕە ٦٠).

برایەتی تاکە بەها نییە بەهۆیەوە کۆمەڵەکانی هاریکاریی هاوبەش لەسەری دامەزرابن. هەروەها پابەندبوونێکی بەهێز بەدی دەکەین بۆ ئازادی لە بۆچوونیان لەبارەی یاساکانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە: " یاساکانمان دادپەروەرانە و لیبراڵن"، پێشەکی بۆ یاسا گشتییەکانی فۆرێستەرسی ساڵی ١٨٥٧ بخوێنەوە.

یاساکان "لە خاوێنترین شێوازی حکوومەت و دابینکردنی گەورەترین ڕێژەی ئازادی بۆ تاکدا سەرچاوەیان گرتووە، هەروەها دەسازێن لەگەڵ سیستمی خۆشگوزەرانیی گشتی، هەروەها مسۆگەرن بۆ هەموو ئەندامێک."

ئەندامێتیی کۆمەڵەیەکی دۆستایەتی، دەرفەتێکی وای بەتاکێکی کرێکاری دابوو، کە لە ماوەی کارکردنیدا بۆی نەدەڕەخسا. لەوانەبا پارتەکەی بفرۆشتبا بۆ پەیداکردنی نانێک، بەڵام لە هۆڵی خانەکەدا ئەندامەکە زیاتر بوو لەوەی تەنیا کرێکارێکی مووچەخۆر بێت. ئەو ئەندامی برایەتی بوو و پابەند بوو بە میسالییەتە بەرزەکان. لە هۆڵی خانەکەدا هیچ سەرۆکێک نەبوو.

نابێ گرینگیی خانەکان لە پێدانی دەرفەت و ڕێزگرتنی ئەندامانددا نابێ بەسووک سەیر بکرێ. میتۆدە پیشەسازییەکانی بەرهەم و خێروخۆشیی زۆرتریان بۆ کرێکارانی ئاسایی هێنا، بەڵام تایبەتمەندیی تاکەکەس کە گەشەی ئابووریی هێنایە کایەوە، بووە هۆی تەسککردنەوەی ئەزموونی مرۆڤ. برایەتیی خانەکە و هەلی ئەوەی یەکێک بخەیتە ناو کارێکی ڕاستەوانە لە جیاتیی هاوەڵانی دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ پیاوانی کار کە پرەنسیپی کارگە و زەحمەتی چاودێریکردنی کرێکارانیان بەدی کرد.

### هاریکاریی هاوبەش خێرخوازی نییە

هەموو کۆمەڵە پێشەنگەکان بەئاگادارییەوە ئامادەبوونیان بۆ یارمەتیدانی یەکتر لە خێرخوازی جیا کردەوە. بۆ نموونە، سێیەم موحازەرەی فۆرێستەرس بەم چیرۆکە دەست پێ دەکات:

لە شـەڕی زوتفینداو، سێر فلیپ سیدنی[١٤]، شـەکەت و برینەکەی سـەخت بوو، لەلایەن هاوەڵانیەوە برایە کەنار دەریایەک، لەژێر سێبەری داربەڕوویەکدا پاڵ خوا. زۆر تێنووی بوو و داوای ئاوی کرد، ئاویان لە کڵاوئاسنێکدا بۆ هێنا. خەریک بوو ئاوەکە بخواتەوە، سەربازێکی داماوی بریندار، لە تەنیشتییەوە پاڵ خرابوو. چاوێکی پڕ لە حەزی بڕییە ئاوەکە، چونکە ئەویش لە تێنووان خەریک بوو قڕبێ. سێر فلیپ، لێوی تەڕ نەکرد، فەرمانی بە هاوەڵانی دا ئاوەکە بدەن بە سەربازە بریندارەکە گوتی: "ئەو سەربازە زیاتر پێویستی بە ئاوە تا من."

**موحازەرەکە بەردەوام دەبێ:**

ئەمە بەزەیی بوو، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە رەفتارە ئەنجام درا لە پێناو یەکێک کە پێویستی پێی بوو، بێ ئەوەی کەسیان هەست بەخۆپەرستی بکات. ئەگەر سێر فلیپ ئاوەکەی بەش بکردایە، کە خۆی پێویستی پێی نەبوو، ئەوا رەفتارەکەی دەبووە جۆرێک لە بەزەیی. دەیتوانی لەو برە ئاوەی بەخشی برێکی بۆ خۆی هەڵگرتبایە، ئەوا ئەم رەفتارە دەبووە کارێکی خێرخوازی، نەک بەزەیی. ئێمە، وەک ئەندامانی برایەتییەکی هاوبەش، بەتایبەتی لەسەرمانە مومارەسەی بەزەیی بکەین لە بەرزترین و نایابترین شێوەیدا.

وەک هەموو کات، ئەو هەستانەی وەک بەزەیی، دڵنەرمی و خێرخوازی، بەئاگەدارییەوە لە پێدانی ماف جیا دەکرانەوە:

بۆ چەند سوودێک لە نەخۆشیدا... هەموو برێتین بەگشتی بەشدارییان لە یەک سیپەی دراودا دەکرد. ئەو سیپەیە بانکی ئێمەیە. ئەوەی لەو بانکەش هەڵدەهێنجرێت، سەربەخۆیی و مافەکانی هەر ئەندامێکە، کە لە کاتی حاڵەتی تەواریدا ئابوونە بۆ سیپەکە زیاد بکات، ئەوەندە ئازادانە وەک بڵێی سیپەکە لەژێر دەستی کارمەندانی بانکی خۆیاندایە، ئەم کارەیان دەکرد بەڵام دەبوایە چەکێک بۆ برە پارەکە ببڕن. ئەمانە بەزەیی نین، ئەمانە مافن.

ئەم وشانە وامان لێ دەکەن لەوە تێ بگەین بۆچی داواکردنی "مافەکان" کارێکی باو بوو لە ساڵانی سەرەتای سیستمی خۆشگوزەرانیدا. بەڵام لە کۆمەڵە ئارەزوومەندانەکاندا، کە پێش سیستمی خۆشگوزەرانی هەبوون، لینکی نێوان

پارەدانی کەسانی و ماف بەخشین روون بوو. هەرکە دەوڵەت زیاتر تەداخولی "مافەکان"ی کرد، کارەکە بووە بەخشینی ماف بۆ سوودەکان لەسەر حیسابی کەسانی تر، چیی تر کارێکی پاداشتی عادیلانەی بەرپرسیارەتیی هاوبەش نەبوو.

## نابێ ناشایانی پشتگوێ بخرێت

وەک کارێکی نزیک لەو بۆچوونەی کە سوودەکانی سیستم برێتی بوون لە مافی ئەندامان، پاداشتی دادوەرانەی دووربینی و دەست بەپارەوە گرتن، ئاکامی روونی ئەوە بوو کە هەموو کەسێک پارەی رێگەی خۆیان نەدابوو. باشە بۆچوونی کۆمەڵەکان بۆ ئەو ناشایانانە چی بوو؟ مانچستەر یونیتی لە پلەی یەکەمیدا بۆچوونی خۆی دیار کرد. بەڵام زاراوەی "خێرخوازی" بەکار دێنێت، لە روانگەیەکی جیاواز لە فۆرێستەرس لەو پەرەگرافەی کە دوای "خێرخوازی" دێت، نزیکترە لە فیکرەی "بەزەیی" کە لە سێیەم موحازەرەی فۆرێستەرسدا بەدی کرا:

لە درێژەدان بە خێرخوازیمان ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین شایانە ڕاستەقینەکان بدۆزینەوە، بۆ ئەوانەی کە بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ ئامادە بن عەوداڵی خێرخوازیی ئەوانی تر بن و تەسلیمی هەموو رێزێکی خود بن، هەروەها لە رازیبوون بۆ ژین، شکۆمەندی کەسانی دەکەنە قوربانی. لەم حاڵەتانەدا، دەبێت لەسەر ئێمەیە، ئەوە بەدی بکەین کە خۆشەویستیی سەربەخۆیی هۆشیار بکرێتەوە، چونکە بنچینەی هەموو کارێکی چاک و شەرەفێکە.

نابێ ئەمە بەهەڵە لێک بدرێتەوە، موحازەرەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە: ئەوانەی بەناشایانی چاویان لە یارمەتییە نابێ پشتگوێ بخرێن ئەگەر بەڕاستی لە ئازاردا بژین، دەنگی نەهامەتی لە هەر کات و هەر شوێنێکدا بێت، نابێ بەلاوە بنرێ. بەڵام، دوای دابینکردنی پێویستیی ئەو کەسە ناشادانە، ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین لەو ئاستە بەرزیان بکەینەوە کە تێی کەوتوون و شکۆمەندییان دەوڵەمەندتر بکەین. هەروەک چۆن باشترە ١٠ تاوانبار ڕابکەن لەوەی کە یەک بێ تاوان ئازار بچێژێت، بۆیە باشترە دە کەسی ناشایان هاوکاری بکرێن، لەوەی کە یەک کەسی شایستە پشتگوێ بخرێت.

کۆمەڵەکان بەهایەکی بەرزیان بۆ ئۆتۆنۆمیی تاک دانا، ئەمە گومانی تێدا نییە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە هەموو کەس ئیشەکانی تەنیا بەسەر خۆیدا کەڵەکە بێن. یان کۆمەڵە دۆستایەتییەکان هیچ ڕۆڵێکیان لە کاری هەرەوەزیدا لەسەر شان نەبێ:

فۆرێستری بەوە دەزانێت و بەشێوەی کردەیی پشتگیریی راستیی مەزن دەکات، کە مرۆڤ دروست نەبووە تەنیا بۆ خۆی بژیت، بگرە دروست کراوە بۆ مەبەستی زۆر چاکی تر لە چاو مومارەسەی خۆپەرستی، یان بۆ تێرکردنی خۆشییەکانی خۆی، یان بۆ مەبەستێکی تەسک و پووچ. سیفەتەکانی زۆر نایابن و تواناکانیان زۆر گەورەن. کەواتە، فۆرێستری، کار دەکات لەسەر ئەو واقیعەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، پشت دەبەستێت بەسیستمی ئاینییەکەی بۆ مورتاحی، چێژ، هاریکاری، یارمەتی و هەوڵەکانی بۆ پێشخستن و ئاراستەکردنی باشترین سۆزەکانی سروشتمان کە ئازاری مرۆڤ لەوانەیە لادراو بێت/ کەوتبێتە بۆسەوە، ئازارێکی سانا و ئازارێکی تیژ بێت.

بەڵام، لە هەموو لێدوانەکانیان لەبارەی بەهای تێکەڵبوونەوە، لەو روانگەیەوە وا دادەنرا کە هەر تێکەڵەیەکی لەم چەشنە ئارەزوومەندانە دەبێت. ئەو کۆمەڵە دۆستایەتییانەی کە لە سەدەی نۆزدە سەریان هەڵدا بەتەواوی کۆمەڵەی ئارەزوومەندانە بوون. تاکوتەرا هەوڵ هەبوو بۆ سەپاندنی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بەسەر گرووپە تایبەتییەکانی کرێکاران لە بەریتانیا، عادەتەن لەلایەن ئەندامانی چینی حوکمڕان کە هاندراو و بەجۆش بوون، بەلایەنی کەم لە رابرووداو، بەهۆی نیگەرانی لەبارەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاریەوە. یاسایەک لە ١٧٥٧ کرێکارانی خەڵووزی ناچار کرد کار لەسەر رووباری تێبز بکەن، بۆ بەشداریکردن لە کۆمەڵەیەکی دۆستایەتی کە لەلایەن پیاوێکی پیری شاری لەندەنەوە بەڕێوە دەبرا. بەهۆی یاساکەوە فەرمان بە فەرمانبەران درا دوو شیلینگ لە مووچەی پیاوەکان، وەک ئابوونە ببڕنەوە. ئەو ئابوونەیە خەرجیی ئیدارەی پێ دابین دەکرا، هەروەها سوودەکان دەدرا بەڕێژەی حەوت شیلینگ لە هەفتەیەکدا، لە کاتی نەخۆشی و شەش پێنس لە یەک رۆژدا لە تەمەنی پیریدا. یاسا دانرا بۆ خەرجیی ناشتن و

پارەدان بەو بێوەژن و هەتیوانەی لە پاش مردنی فەرمانبەرێکی کانی خەڵووزدا بەجێ دەمان. یاساکە لە ۱۷۷۰دا هەڵوەشایەوە، "نەیتوانی وەڵامی ئەوە بداتەوە مەبەستەکانی ئەو یاسایانە چین." یاسایەکی لەم چەشنە لە ۱۷۹۲ خرایە کار بۆ ناچارکردنی کەشتییەوانەکان و ئەوانەی لە بازرگانیی خەڵووزدا کاریان دەکرد لەسەر رووباری (وێر)، تا پێوەندی بکەن بەکۆمەڵەیەکی دۆستایەتییەوە. بەشێوەیەکی ئیجباری پارە دەگێڕدرایەوە لە مووچەکان بەرێژەی پێنی و نیوێکی هەر قاپێکی خەڵووز کە لەسەر بەلەمەکانیاندا هەڵیان دەگرت. سوودەکان بۆ نەخۆشی و پیری دەدران، هەروەها مووچەش بە بێوەژن و هەتیوەکان دەدرا.

ئەندامانی سوودمەندی ئەو کۆمەڵانە هیچ رۆڵێکیان نەبوو لە ئیدارەدا، لە کاتێکدا کۆمەڵە دۆستایەتییەکە دامەزراوەیەکی خۆبەڕێوەبەر بوو بۆ هاریکاریی هاوبەش نەک کارێکی خێرخوازیی یەکلایەنە. کۆمەڵەکان بەهۆی ئەندامانی فەخرییەوە توانرا بەدەر بن لە سوودی ئەندامانی، ئەمەش پشتگیرییەکی کەمی بەدەست هێنا.

ئەندامانی کۆمەڵەی دۆستایەتی نەیانویست فەرمانیان پێ بکرێت لەلایەن چینی حوکمڕانەوە، هەروەها نەیانویست لە سوودمەندانی خێروبێرەکانی ئەواندا بن. هەروەها شانازییان بەوە دەکرد کە کۆمەڵە ئارەزوومەندانەکانی کرێکارانی ئاسایی بەشێوەیەکی بەرچاو سوودی هاوەڵانی خۆیانیان باشتر کرد و بەبێ ئەوەی یارمەتی لە چینی سەروو وەربگرن.

### کۆباوەڕی کارەکتەر بەلاوە دەنێت

لە کۆتاییی سەتەی نۆزدە و سەرەتای سەتەی بیستدا، پاڵەپەستۆ بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت گەشەی کرد و سەرکردەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی پێشەنگ بوون لە ئاگەدارکردنەوەی مەترسییەکان. لە کاتی وتاردانی لە کۆنفرانسی ساڵانەی ۱۹۰۹دا، سەرۆکی مانچستەری یونیتی گومانی زیاتر کرد لەبارەی پرۆپۆزەڵی جۆرج لیۆدەوە بۆ ناساندنی دڵنیاییی نیشتمانیی شێوازی ئەڵمانیایی:

من دووپاتی دەکەمەوە کە زۆرینەی ئەندامان و هەزاران هەزار ئەندامی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بەتەواوی دژی هەر حکوومەتێکن، یان هەر جۆرە شێوازێکی گوماناوی یان دڵنیاییی نەخۆشی بگرێتە بەر بۆ چینی کرێکارانی ئەم وڵاتە.

لەو کاتەدا مانچستەر یونیتی زیاتر لە ٧٥٠ هەزار ئەندامی هەبوو. سەرۆک دووپاتی کردەوە کە تەنانەت لە پلەکانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان خۆشیاندا، ژمارەیەکی کەم هەبوون پێیان وابوو کە شەڕانگێزەکان لەوانەیە راست بن بەهۆی:

"خنکاندنی کۆششی ئارەزوومەندانەی تاک و بەتەواوی پشت بەستن بە دەوڵەت. بەڵام، ئەم بۆچوونە، پێی وابوو، کاریگەری لەسەر کارەکتەر رەچاو نەکردبوو. دەوڵەت دەتوانێت مرۆڤێک ناچار بکات بەشدار بێت لە دڵنیاییی دەوڵەت، بەڵام ئەمە وا لەو مرۆڤە ناکات ئاگەدار یان پێشکەوتوو یان هاوولاتییەکی باش بێت."

هێندەی ئەمە گرینگ ئەوەیە کە یاسایەکی دەوڵەت هەلەکانی بۆ خەڵک تەسک دەکردەوە بۆ فێربوون و جێبەجێکردنی شارەزاییەکانی خۆ رێکخستن. ئەنشینت ئۆردەری فۆرێستەرس (کۆمەڵەیەک بوو لە ١٩١٠؛٦٢٠ هەزار ئەندامی هەبوو) گوتی ئەم ئەزموونە وا لە ئەندامان دەکات هاوولاتی باشتر بن، جا ئەوەتا رۆڵیان لە جیهانی دەرەوەدا روون بێت یان بەهێز:

ئەو مرۆڤەی لە هۆڵی دادگەدا خزمەتی کردووە دەزانێت گرینگیی گوێڕایەڵی چییە بۆ فەرمانێکی یاسایی، هەروەها خزمەتێکی باشتر دەکات لە دەرەوە لە چاو ئەو کەسەی کە کوێرانە گوێڕایەڵە و بەنارێکوپێکی خزمەت دەکات. ئەو مرۆڤەی مومارەسەی دەسەڵاتی کردووە لە دادگە، بانگ کراوەتە شوێنی شکۆ و دەسەڵات، بەهۆی ئیختیاری ئازادی سیستمەکەی، شیاوترە بۆ وەرگرتنی پۆستەکانی بەرپرسیارەتی لە جیهانی دەرەوەدا، زۆر کەمتر لووتبەرزانە و بە خۆبەزلزانینەوە کار دەکات دەستی، لە چاو کەسێک کە هەرگیز فێری بەرپرسیارەتیی ئەرکەکان نەکراوە، تەنانەت ئەگەر بەفەرمانیش بێت، یان وانەیەکی شایستە لەبارەی بێ فیزییەوە لە دەسەڵات فێر نەبووە، کە بەدەست دێت لە فێرگەی پشتبەستنی هاوبەشەوە.

لەبەرئەوەی ئەم وشانە شایەتی دەدەن، مەرگەساتی تێکەڵبوونی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بە دەوڵەت دوای ١٩١١، نەک هەر تەنیا ئارەزوومەندانەیی تێکوپێک شکاند، بگرە دامەزراوەکانی تریش کە یارمەتیی دەرخستنی سیفەتە ئەخلاقییەکانی نەتەوەیەکیان دا، لەق بوون.

## سوودەکانی پارەی هیشکە و سەربەخۆیی خێزان

بۆ خێزانێکی چینی، رووداو، نەخۆشی و مردن، دەبووە هۆی نەهامەتییەکی گەورە. ئەگەر مووچەخۆر مردبا، وێڕای لایەنە جەرگبڕەکەی، خێزانەکە دەبوایە خەرجیی تازیەکەش لە ئەستۆ بگرێت، ئەو ئەرکە سانایەی سەتەی نۆزدە، نەبوو ئەو دەمەی جەرگسووتاو چاوەڕێی لێ دەکرا، شتێک بەسەر خۆیدا بدات.

لە حاڵەتی مردنی مێرد یان ژن، ئەوەی دەمایەوە مافی وەرگرتنی برە پارەیەکی هەبوو کە خەرجیی تازیەکەی پێ دابین بکات، هەروەها ئەگەر نان پەیداکەرەکە مردبا، کۆمەڵەکە هاوکاریی بێوەژن و هەتیوەکانی دەکرد. خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان هەموو کات برێتی بوون لە خەرجیی نەخۆشی، چاودێریی پزیشکی و دابینکردنی داوودەرمان.

هەر مرۆڤێک برێک ئابوونەی دەدا سیپەیەکی دراوی گشتی. ئەگەر ئەم دەسەڵاتی پارە پەیداکردنە پەکی کەوتبا، بەهۆی نەخۆشی یان رووداوێکەوە دەیتوانی مینحەیەکی هەفتانە رابکێشێت و بەشی خۆی و خێزانەکەی بکات. سیپەکە خەرجیی چاودێریی پزیشکیشی دابین دەکرد.

لە کۆمەڵە دۆستایەتییە پێوەندارەکاندا، هەر ئەندامە و کتێبی یاساکانی پێ بوو کە پێی دەگوت ئابوونەی ئەو چەندە و مافی هەیە چەند سوودی لێ وەربگرێت. دادگەی رۆبێرت گۆردنی ئەنشینت ئۆردەری فۆرێستەر، لە نۆرس شیلدز، سوودەکانی ریز کرد لە پەڕی یەکەمی یاساکانیدا:

١- مسۆگەرکردنی برە پارەیەکی دیاریکراو لەسەر ژیانی ئەندامانی، هەروەها بۆ ناشتنی خێزانی ئەندامان، دابینکردنی ژیانی بێوەژن یان منداڵەکانیانی.

٢- مینحەیەکی هەفتانە بۆ ئەو ئەندامانەی کاتێ لە رووی جەستەیی یان ئەقڵییەوە نەخۆش دەبن، بەهۆیەوە ناتوانن کارەکەیان جێبەجێ بکەن.

٣- دابینکردنی چاودێریی پزیشکی و داوودەرمان بۆ ئەندامان.

٤– پێدانی هاوکاری بۆ ئەندامان لە حاڵەتە تەوارییەکاندا.

٥– یارمەتیدانی ئەندامان لە کاتی گەڕانیان بەدوای کاردا.

٦– دابینکردنی مووچەی خانەنشینی بەپێی سیستم بۆ پیران.

لە کاتی ئاودیوبوونی سەتەکەدا، سوودی نوێ زیاد کران. بۆ نموونە، سوودی منداڵبوون کە لەلایەن فۆرێستەرسەوە دابین کرا لە ١٩٠٧.

## ئابوونە و سوودەکان

ئابوونە و سوودەکان لە نێوان کۆمەڵەکاندا جیاواز بوون. ئەمە ئازادییەکی بەرچاویدا بە ئەندامانی کۆمەڵە دۆستایەتییە پێشەنگەکان تا کۆمەڵەیەک ئیختیار بکەن و ببنە ئەندامی. ئەوانەی حەزیان لێ بوو ئابوونە بدەن، یان تەنیا دەیانتوانی ئابوونەیەکی کەم بدەن دەیانتوانی کۆمەڵەیەکی گونجاو بدۆزنەوە. ئەوانەشی حەزیان لێ بوو زۆرتر بدەن دەیانتوانی کۆمەڵەی وا بدۆزنەوە کە بگونجێت لەگەڵ سوودە بەرزەکانیان و لەگەڵ ئاستی ئابوونەکەیاندا بێتەوە. هەروەها مەرجەکان جیاواز بوون لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر بۆ دانی ئابوونە و ئامادەییی کۆمەڵەکان بۆ قەبووڵکردنی ئەوانەی نەخۆشییان هەبوو یان کەمئەندام بوون.

باوترین پراکتیزە ئەوە بوو کە سیستمە پێوەستەکان، کە ئەندامانیان ئابوونەی تێکەڵیان دەدا بۆ نەخۆشی و سوودەکانی تازە، هەروەها ئەگەر حەزیان کردبا، بڕێکی زیاتریان دەدا بۆ چاودێریی تەندروستی و پزیشکی. ڕێنوێنیی عادەتی بۆ ئەندام ئەوە بوو کە ئابوونەکەی لە کۆبوونەوەی مانگانەدا بدات، بەڵام مەحاڵ بوو بۆ ئەندامێک چاوەڕێ بکات تا کۆتای وەرزێک ئەو دەمەی دەیتوانی لە کۆبوونەوەیەکی "بانگکراو"دا بیدات کە هەر ئەندامێک ناچار دەکرا بەشداری بکات ئەگەرنا دەبوایە غەرامە بدات. بۆ نموونە، هەر فۆرێستەرێک، "نۆتی جاڕدان"ی پێ دەگەیشت بۆ کۆبوونەوەی وەرزی کە نۆتێکی لەگەڵدا بوو پێی دەگوترا چەند قەرزدارە.

ئابوونەکانی کۆرت رۆبێرت گۆردن لە ١٩٠٧ بڕێکی دەسپێشخەری لەگەڵدا بوو کە لەگەڵ تەمەندا زیادی دەکرد و بۆ ئەوانەش کە پێش ١٩٠٧ پێوەندییان پێوە کردووە، هەر چوار هەفتە جارێک ئابوونە بۆ سیپەی دراوی نەخۆشی و تازیە دەدرا

و بەپێی تەمەنی پێوەندیکردنەوە دەگۆڕا. بڕی دەسپێک و ئابوونەی چوار هەفتەیی لە خشتەی ٢ و ٣دا پێشان دراون.

دوای ١٩٠٧ ئابوونەکان بەپێی ساڵی پێوەندیکردن زیادی دەکرد. سێ ئاست هەبوو: هەرزانترینیان بە ١ شیلینگ (نزیکەی ١٠ پێنس) مانگانە دەستی پێ کرد بۆ ئەوانەی لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بەشدارییان دەکرد، ساڵانە ٣ شیلینگ و ٧ پێنی (نزیکەی ١٨ پێنس) زیادی دەکرد بۆ ئەوانەی لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا بەشدارییان دەکرد. گرانترین ئاست بە ٢ شیلینگ و ٤ پێنی و نیو (نزیکەی ١٢ پێنس) دەستی پێ کرد بۆ تەمەن ١٨ ساڵی و ٤ شیلینگ و ٣ پێنی زیادی دەکرد بۆ ئەوانەی تەمەنیان ٣٩ ساڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەندامان مانگانە ٦ پێنی (٢ پێنس و نیو)یان دەدا بۆ هەڵسووڕاندنی سیپەی دراو بۆ داپۆشینی خەرجیی ئیدارە، لەگەڵ مانگێ یەک پێنی بۆ سیپەی دراوی سوودەکانی تر بۆ داپۆشینی سوودەکانی وەک گەشت و ڕۆژە ڕەشەکان.

پارەی نەخۆشی بۆ ئەندامانی پاش ١٩٠٧ ئەوەندە بوو: هەفتانە ١٠ شیلینگ (٥٠ پێنس) بۆ ماوەی ١٢ هەفتە، ٧ شیلینگ (٣٥ پێنس) بۆ ماوەی ١٤ هەفتە، ٥ شیلینگ (٢ پێنس) بۆ ٢٦ هەفتە و ٢ شیلینگ و ٦ پێنی (١٢ پێنس و نیو) تا دوایی. لە ١٩٠٧ەوە ڕێژەیەکی بەرزتر دەدرا: یەک پاوەند بۆ ٢٦ هەفتەی یەکەم، ١٠ شیلینگ بۆ ٢٦ی هەفتەی دواتر و ٥ شیلینگ تا دوایی. ١٠ پاوەندی سوودی تازیە دەدرا بە ژن ئەگەر ئەندامەکە (مێردەکەی) مردبا و ٤ پاوەندیش بۆ هەر مێردێک ژنەکەی بمردبا.

ئاسایی بوو لە فۆرێستەرس، ئەندام دەبوایە دوازدە مانگ چاوەڕێ بکات دوای ڕاگەیاندنی سیپەی دراوی نەخۆشی پێش ئەوەی مافی تەواوی پێ بدرێت پارەی تەواوی نەخۆشی بۆ هەمان نەخۆشی وەربگرێت. بەڵام ئەگەر سکاڵایەکی جیاوازی نووسیبا لەو کاتەدا ئەوا مافی تەواوی سوودەکەی پێ دەدرا.

لە کۆرت ڕۆبێرت گۆردندا، دەبوایە ئەندام شەش مانگ چاوەڕێ بکات بۆ پارەی نەخۆشی پێش ئەوەی دووبارە پارەی تەواو بۆ نەخۆشییەکەی وەربگرێتەوە.

هەموو ئەندامان ئاگەدار دەکرانەوە، لە ماوەی دوازدە مانگدا، تەمەن ١٨ ساڵ لە نزمترین ئاستدا ٣٠ شیلینگ و ٦ پێنی (نزیکەی ١ پاوەند و ٥٢)ی پێ دەدرا،

هەروەها پیاوێکی تەمەن ٣٩ ساڵ ٥٠ شیلینگ (٢,٥٠) پاوەندی پێ دەدرا. بۆ پیاوێکی گەنجتر دەسکەوتی ئاسایی ئەمە بەقەدەر مووچەی یەک هەفتە بوو لە ساڵێکدا، بۆ پیاوێکی گەورەتر نزیکەی هەفتە و نیوێک بوو. لە ١٩٠٦ مووچەی ئاسایی کرێکارە نەشارەزاکان بریتی بوو لە ٢٢ شیلینگ (١,١٠ پاوەند) لە هەفتەیەکدا. بۆ نیمچە شارەزا نزیکەی ٢٨ شیلینگ (١,٤٠ پاوەند) و بۆ کرێکارێکی شارەزاش نزیکەی ٣٧ شیلینگ (١,٨٥ پاوەند) بوو لە هەفتەیەکدا.

چاودێریی پزیشکی زیادە بوو، لە ئاوابوونی سەتەکەدا ساڵانە لە نێوان ٤ شیلینگ (٢٠ پێنس) و ٥ شیلینگ (٢٥ پێنس) تەکلیفی دەکرد، وەک لە بەشی حەوتەمدا باس کراوە.

## داواکردنی پارەی نەخۆشی

خەرجیی نەخۆشی لەلایەن هەر خانەیەکەوە کۆنترۆڵ کرابوو. باوترین ڕێنوێنیی بۆ ئەندامان ئەوە بوو لە نامەیەکدا بۆ سکرتێری لق بڵێن ناتوانن کار بکەن. عادەتەن، یاسای هەر کۆمەڵەیەک بووبووە هۆی چەند فۆرمێک کە دەبوایە بەکار بهێنرێن. ئەندامانی فۆرێستەرسی کۆرت رۆبێرت گۆردن لەسەریان بوو ئەمە بنووسن: "لەبەر نەخۆشی ناتوانم بێمە دەوام، لێرەدا داوای سوودی دادگە دەکەم لە (مێژوو) بەپێی ڕێنوێنییەکان".

ئەندامان دەبوایە ڕاچێتەی دوکتۆری خانەکەش بێنن تا بیسەلمێنن کە ناتوانن لە کارکردندا بەردەوام بن بەهۆی نەخۆشی یان ڕووداوێکەوە. داواکارییەکان لە کۆبوونەوەی مانگانەی لقدا ڕەچاو دەکران. ڕاستەوخۆ پارەی هەموو نەخۆشییەک نەدەدرا. بۆ نموونە، زۆربەی کۆمەڵەکان، بەپێی چەند یاسایەک پارەیان بۆ سووکەنەخۆشیی دەرەکیی لەش یان بەهۆی خواردنەوەی ئەلکهولەوە خەرج نەدەکرد. لە یاسا گشتییەکانی ئەنشینت ئۆردەری فۆرێستەرس لە ساڵی ١٩٠٧دا هاتووە کە پارە خەرج ناکرێت بۆ ئەو ئەندامەی بەهۆی شەڕێکەوە برینداد یان نەخۆش دەکەوێت (بێ لە حاڵەتی بەرگری لەخۆکردن)، یان بەهۆی هەر یارییەک، وەرزشێک یان کارێکی نایاسایی، یان بەهۆی کارێکی بێ ئەخلاقییەوە لە ژیانیدا.

## سەردانی نەخۆش

هەموو کۆمەڵەکان سەردانی نەخۆشانیان ڕێک دەخست، بەلایەنی کەم هەفتەی جارێک. سەردانی نەخۆشان نەدەکرا ئەگەر نەخۆشییەکە بۆ کەسانی تر نەقل بووبا. هەندێ کۆمەڵە هەموو ڕۆژ سەردانی نەخۆشانیان دەکرد. عادەتەن کاربەدەستێکی تایبەتی بەرپرسیارەتیی دەگرتە دەست. لە فۆرێستەرسدا، سەردانیکاری نەخۆش ودود (woodwad) بوو. ودود لەسەری بوو هەفتەی جارێک سەردانی نەخۆشەکان بکات، یان زیاتر ئەگەر پێویستی کردبا و دادگەی لە حاڵەتی نەخۆشەکان ئاگەدار کردبایەوە. کۆرت ئۆلد ئابی، لە گویسبۆرۆ لە یۆرکشایەر بوو، داوای لە ودود دەکرد هەموو شەموویێک پێش نیوەڕۆیان سەردانی نەخۆش بکات. سەردانەکان دڵنەواییی بە ئەندامە نەخۆشەکان دەدا، بەتایبەتی ئەندامە بەتەمەنەکان یان برایان لە نەخۆشخانە. هەروەها یارمەتیی کردەییش پێشکێش دەکران و خانەکان زۆرجار بڕێک داوودەرمانیان هەڵدەگرت تا بەکرێ بیدەن بە ئەندامە نەخۆشەکان.

بەگشتی، سەردانکەرانی نەخۆش وەک ئەرکێکی ئاینی سەیری ئەرکەکەیان دەکرد، زۆرجار چەندان میل دەڕۆیشتن تا سەردانی برا نەخۆشەکانیان دەکرد. جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە نەخۆشەکان بەپێی یاسا داوای پارەی نەخۆشی بکەن و بەڕاستی خەرجیی نەخۆشییەکە وەربگرن. سەردانکەرانی نەخۆش، ئەوەشیان لەسەر شان بوو ڕاپۆرت بدەن بە خانەکە لەسەر ئەوەی کە یاساکانی وەرگرتنی پارەی نەخۆشی لە داواکاریی نەخۆشەکان جێبەجێ کراون. بۆ نموونە، کۆمەڵەیەک یاری یان ئەنجامدانی هەر کارێکی تری لەسەر ئەندامان قەدەخە کرد، یان بەکاربردنی خواردنەوەی بەجۆش بەبێ ڕەزامەندیی پزیشک. هەروەها هیچ ئەندامێکی نەخۆش بۆی نەبوو دوای سەعات حەوتی ئێوارەی زستانان و نۆی ئێوارەی هاوینان لە دەرەوە بێت، مەگەر پاساوێکی بەجێی هەبایە.

## پارەی نەخۆشی و کۆنترۆڵی ناوەخۆ

کۆنترۆڵی ناوەخۆی پارەی نەخۆشی گرینگ بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی تەزویر. کۆمپانیای پرودێنشیەل شورانس Prudential Assurance، گەورەترین کۆمپانیای

دڵنیـــایی بوو، دەبوایە وازی لە پارەی نەخـــۆشی هێنابا؛ چونکە، هەروەک سکرتێرەکەی بە کۆمیسیۆنی شاهانەی گوت لەسەر کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ١٨٧٣، "دوای پێنج ساڵ ئەزموون، بۆمان دەرکەوت کە ناتوانین دەرەقەتی تەزویر بێین". بۆ کۆمەڵە دۆستایەتییە مەرکەزییەکانیش زەحمەت بوو کۆنترۆڵی تەزویر بکەن. کۆمەڵەی هارتس ئۆک بێنیفت، گەورەترین و کاریگەرترین کۆمەڵەی مەرکەزی بوو، هیچ لقێکی نەبوو، هەروەها هەموو سوودەکانی لە نووسینگەی سەرەکی دابەش دەکرد. رێژەی نەخۆشەکانی زۆر زیاتر بوو لە چاو ئەو ئەزموونەی کە فۆرێستەرس یان ئۆدفێلۆس هەیانبوو. بەپێی قسەی گۆتیارەکەیان، ئەم رێژە زۆرە لەبەر کەمیی توانا بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆ لە نەخۆشیدان. بۆ نموونە، لە ماوەی هەشت ساڵدا ١٨٨٤-١٨٩١، بەپێی ئەزموونی ساڵانی ١٨٦٦-١٨٧٠ی مانچستەر یونیتی، ماوەی نەخۆشیی چاوەڕوانکراو ١١١١٥٥٣ هەفتە بوو، لە کاتێکدا ژمارەی ئەو هەفتانەی سوودەکانی بۆ دابین کرابوو ١٤٥٢١٠٦ هەفتە بوو، ئەمەش دەکاتە ٣٠٪.

ئەمە گیروگرفتێکی باوە، ئەو کاتانە سەر هەڵدەدات کە سوودمەندان چیی تر هەست بەبەشدارییەکی راستەقینە ناکەن. ئەو دەمەی لقەکان ئیدارەی پارەی نەخۆشیان دەکرد، ئەندامان دەیانزانی کێ پارە دەدات، ئەویش ئەندامان خۆیان بوون. بەڵام ئەگەر نووسینگەی سەرەکی پارەی دابا، چێژوەرگرتن لەو خەیاڵەی کە یەکێکی تر پارەکە دەدات کارێکی ئاسایی بوو. پارەدەری مەرکەزی وەڵامێکی هەبوو بۆ ئەو خەیاڵە کە لە وەڵامی دەزگا حکوومەتییەکانی ئێستا باشتر نەبوو. هەندێ لە کۆمەڵە دۆستایەتییە مەرکەزییەکان، وەک کۆمەڵەی ناشنەل دیپۆزیت، پارە هەڵگرتنی لەگەڵ پارەی دانراو تێکەڵ کرد بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگەدا. هەروەها لە کۆمەڵە و لقە ناوخۆییەکانی سیستەمە پێوەندارەکان، ئەندامان هەستیان دەکرد پشکێکی راستەقینەیان لە رێکخراوەکەدا هەیە کە تا ڕادەیەک بەس بوو، نەک تەنیا بۆ بێزکردنەوە لە خۆپەرستی، بگرە بۆ بنیاتنانی هەستێکی راستەقینەی برایەتی. هەندێ تەزویر هەبوو، بەڵام بەلای گەلێ ئەندامانەوە رۆحێکی برایانە رێبەری رەفتارەکانیانی دەکرد.

هەندێ لە ئەندامان بەهیچ جۆرێک داوای پارەی نەخۆشیان نەدەکرد، هەرچەندە مافی وەرگرتنیشیان زۆر بەهێز با. ئەوانەی ئەو کارەشیان دەکرد، زۆربەیان تەنیا

داوای هەقی خۆیان دەکرد. بێگومان ئیدارەی مەحەلی مانای لێنەهاتوویی یان بەدگومانی نەبوو. ئەو کۆمەڵە فیدراڵییانەی کە ئۆتۆنۆمی لقیان لەگەڵ فەندێکی کۆمەکگەیێنی مەرکەزی تێکەڵ دەکرد بۆ ئەو لقانەی کە کەوتبوونە ناو تەنگژە داراییەکانەوە، سەرکەوتووانە بەشدارییەکی راستەقینەی لۆکاڵ و ستاندارادێکی مسۆگەری خزمەتگوزارییان بەدی کرد.

کەواتە، کۆمەڵە دۆستایەتییە پێوەندارەکان بەشێوازێکی زۆر کاریگەر بەگژ کێشەی تەزویردا چوونەوە. لە چاو سیستمە بیرۆکراسییە خۆشگوزەرانییەکانی ئەم سەردەمەدا. لقی ناوەخۆ ئیدارەی پارەی نەخۆشیی دەکرد، ئەمەش تەنیا مانای ئەوە نەبوو کە چاودێریی کاریگەر باشتر بوو، بگرە مانای ئەوەش بوو کە دروستکردنی هەستێکی راستەقینەی بەرپرسیارەتییە ئەخلاقییەکان لەناو ئەندامادا ئاساییە. ئەوانەی فڕوفێڵیان دەکرد هەر تەنیا بیرۆکراسییە بێ رووەکانیان هەڵنەدەخەڵەتاند، بگرە فێڵیان لە براکانی خۆشیان دەکرد، لەبەرئەوەی فەندی هەر لقێک شتێک زیاتر نەبوو لە ئابوونەی هەر ئەندامێک.

## پارەی نەخۆشی و مووچەی خانەنشینی

زۆرجار یاسای تایبەتی دەردەچوو بۆ ئەوانەی بەبەردەوام پەکیان دەکەوت. زۆربەی کۆمەڵەکان خانەیەکی پیرانیان دەکردەوە، ئەمەش عادەتەن لە ئەنجامی ئەوەدا دەهاتە کایەوە کە چەندان خانە سەرچاوەکانیان تێکەڵ دەکرد. کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی لەندەن خانەی پیرانی تایبەت بەخۆیان هەبوو، وەک ئەوانەی لە میدلاند و رۆهەڵاتی باکور، کە ئەندامانیان ساڵانە یەک شیلینگیان دەدا بۆ خانەی گرێنج ئۆڤە ساندس هۆم.

هەرکە ئەندامان دەچوونە تەمەنەوە، مەترسیی نەخۆشی زیاتر رووی تێ دەکردن. ئەوانەش کە کاری سەختیان ئەنجام دەدا، بەزەحمەتیان زانی بەردەوام بن لە کارەکانیان. ئەو ئەندامانەی، بەهۆی تەمەنەوە نەک نەخۆشی، نەیاندەتوانی بەردەوام بن لە کار، لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا پارەی نەخۆشییان وەردەگرت. ئەمە پاڵەپەستۆیەکی زۆری دەخستە سەر فەندی خانەکان، چونکە ئابوونەکان تەنیا بۆ داپۆشینی پارەی نەخۆشی بوون. کۆمەڵەکان چەندان ساڵ کۆششیان کرد تا وەڵامێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە. لە ماوەیەکی کورتدا، کۆمەڵەکان بیریان لە

بەردەوامبوونی قەرزی لقەکان لەگەڵ قەرزدان بە ئەندامە پیرەکان کردەوە، کە نەیاندەتوانی پڕی بکەنەوە بەهۆی (أ) وەرگرتنی ئەندامی گەنج (ب) وەرگرتنی ئابوونەی زیاتر بەهۆی تەمەنی پێوەندیکردنەوە، (ج) دروستکردنی فەندێک تایبەت بۆ فریاکەوتنی لقە بێهێزەکان و (د) جاروبار سەپاندنی پابەندبوونی زیاتر بەسەر ئەنداماندا. پلانی درێژخایەنیان برێتی بوو لە هاندانی ئەندامان تا ئابوونەی زیاتر بدەن بۆ مووچەی خانەنشینبوونیان.

لە ١٨٨٢، هەردوو سیستەمە پێوەنداره هەره گەورەکان پلانی مووچەی خانەنشینبوونیان هێنا کایەوە. بەپێی یاساکانی فۆرێستەرس بۆ فەندی خانەنشینیی ساڵانە، ئەندامی تەمەن ٣٠ساڵ دەیتوانی ٢٠,٣٨ پاوەند بدات بۆ مووچەی خانەنشینی تا تەمەنی ٦٥ ساڵی کە هەفتانە دەیکردە ٥ شیلینگ، یان ساڵانە ١,١٧ پاوەند بدات تا تەمەنی ٦٥ ساڵی. هەموو ئەو پارانە دەگەڕێنرایەوە ئەگەر ئەندام زوو بمردبا. بەڵام ئەندامان زۆر پێوەی پابەند نەبوون. بۆ نموونە، مانچستەر یونیتی ئۆدفیلۆس لە ١٨٨٢ پلانی مووچەی خانەنشینیی دانا کە لە ساڵی ١٨٩٣ تەنیا سەرنجی ٥٠٠ ئەندامی راکێشا لە کۆی ٧٠٠ هەزار ئەندام. هەروەها هەندێ ئەندامی فۆرێستەریش بایەخیان بەو پلانە دا.

## گەڕان بەدوای کاردا

یاسای زۆربەی لقەکان باسی یارمەتیدانی ئەو ئەندامانەی تێدا بوو کە بەدوای کاردا دەگەڕان. سیستەمەکە تەنیا یارمەتیی ئەوانەی نەدا کە دەگەڕان بەدوای کاردا، ئەگەر سەرکەوتووبان، یارمەتییانی دەدا تا خۆیان بۆ نزیکترین لقی مەحەلی بگوازنەوە. لە کۆمەڵەی فۆرێستەرسدا، ئەو ئەندامەی بۆ ماوەی ساڵێک ئابوونەکەی دابا، داوای لێ دەکرا بڕوانامەیەک وەربگرێت (پێی دەگوترا پاکانە)، ئەمەش بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوە بوو کە بەتەواوی پارەی پێ بدرێت. دواتر تەقدیمی مۆڵەتی گەشتی دەکرد، ئەگەر وەری گرتبا، بەلایەنی کەم پارەی شەش چەکی پێشەکی وەردەگرت، کە دەیکردە نزیکەی ٦ پاوەند، هەروەها پاسوێردی گەشتی پێ دەدرا کە (هەر وەرزە و جارێک دەگۆڕا). ئەندامەکە ڕاپۆرتی خۆی پێشکێشی سکرتێری ناحیەی لۆکال دەکرد، ئەگەر بیتوانیبا پاسوێردەکەی پێ بدات و زانیاری و تۆقە و هێماکانی فۆرێستەرسی بەتەواوی پێ گوتبا؛ ئەوا دەیتوانی

ڕۆژانە چەکێک وەربگرێت و ڕۆژانی شەمووش دوو چەک. مۆڵەتەکە بۆ ماوەی شەش هەفتە بوو. ئەگەر کارێکی دۆزیباوە، ئەندامەکە دەیتوانی پاکانەکەی بداتە لقە مەحەلییەکە. یاسای عادەتی ئەوە بوو کە هەر ئەندامێک ١٢ مانگ چاوەڕێی کردبا، کە لەسەر کتێبەکان روون بوو، مافی گواستنەوەیەکی پێ دەدرا. بەڵام، لەسەر لقی نوێ نەبوو پەسندی بکات و هەروەها لە کەیسی دەگمەنی رەتکردنەوەدا، ئەندامەکە یەک مانگی پێ دەدرا تا بگەڕێتەوە دادگەکەی خۆی کە پابەند بوو وەری بگرێتەوە. ئابوونەکان دەدران بەپێی مێژووی پێوەندیکردنی ئەندامەکە بۆیە گواستنەوە هیچ زیانێکی نەبوو.

لە کۆمەڵەی مانچستەر یونیتیدا، ئەندامی ١٢ مانگی لە سکرتێری خانەکە کارتێکی وەردەگرت کە پارەی سوودی نەخۆشی یان مردنی تێدا دیاری کرابوو. کارتەکە بۆ ماوەی شەش مانگ بوو و مافی ئەوەی پێ دەدا ڕاپۆرت بە هەر خانەیەک بدات، کە دواجار خەرجیی گەشتەکەی سەرف دەکرد. خانەکەش دەیتوانی داوای خەرجییەکان بکاتەوە لە فەندە مەرکەزییەکاندا. لە هەندێ ناحیەدا، بۆ ماوەیەکی زۆر چاودێریی پزیشکیش بەو ئەندامانە دەدرا کە گەشتیان دەکرد. بۆ نموونە، بەپێی یاساکانی ساڵی ١٨٤٠ی ناحیەی شیفیلدی مانچستەر یونیتی، پزیشکەکان لەسەریان بوو بەشداری بکەن بێ ئەوەی پارەی زیاتر بخەنە سەر ئەندامان لە خانەکان کە گەشتیان دەکرد لە پێناو دۆزینەوەی کاردا.

ئەندامانی مانچستەر یونیتی، کە بەپێوستیان زانی گەشت بکەن بە هەر هۆیەک بێ، دەیانتوانی بۆ نزیکترین لق خۆیان بگوازنەوە. ئەو دەمەی تەقدیمی دەکرد بۆ گەڕان بەدوای کاردا، لقە کۆنەکە بڕوانامەیەکی بۆ دەکرد کە دەیتوانی بیدات بە خانە نوێیەکە. سیستمی پاکانە لە سەرەتای سەتەی رابردوودا لەسەر ئاستێکی ناودەوڵەتی کاری دەکرد. بۆ نموونە، پەنابەران بۆ ئوستراليا، نیوزلەندا، کەنەدا، یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، خێرا لەنێو هاوڕێیاندا خۆیان دەدۆزییەوە.

کۆمەڵەی ئەنشینت ئۆردەری فۆرێستەرس لە ساڵی ١٨٧١ پاکانە حیسابی دەردەکرد و تۆمارەکانی ئەوە پێشان دەدەن کە لە نێوان ١٨٧١ و ١٨٧٥دا نزیکەی هەزار ئەندام ساڵانە سوودیان لەو سیستمە دەبینی. لە مانچستەر یونیتیدا، لە نێوان ١٨٤٨ و ١٨٧٢دا ئەندامان دۆکیومێنتی گەشتیان بۆ دەردەچوو. هەروەک

سەرۆکی تۆمارکردنی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ١٨٩٢ بە کۆمیسیۆنی شاهانەی پارتی کاری گوت:

کەواتە رێکخراوی سیستمە پێوەندارەکان زیاتر خووی داوەتە سەربەخۆیی و ئازادیی پیشەسازی لە چاو کۆمەڵە دۆستایەتییە گۆشەگیرەکان. پیاوی کرێکار، کە رازی نەبێت بە پارەکەی دەتوانێت شوێنی کارەکەی بەجێ بێڵێت و بەدوای کار لە شوێنێکی تردا بگەڕێت، هەروەها یارمەتیی مادی وەردەگرێت لە کاتی گەڕاندا، هاورێ دەدۆزێتەوە کە لەوانەیە ئامۆژگاریی بکەن.

## یارمەتی بۆ جەرگسووتاوان

لە سالآنی (١٨٧٠)کاندا، کۆمەڵەی کۆرت ئۆلد ئابی لە گیسبۆرۆ، ١٠ پاوەندی دەدا بە ژنی ئەندامێک دوای مردنی مێردەکەی، هەروەها ٥ پاوەندیش بەو مێردەی کە ژنەکەی (ئەندامی کۆمەڵەکە) کۆچی دوایی کردبا. بەڵام کۆمەڵەکان نەوەستان لە پێدانی پارەی هیشکە (نەقدی) بە بێوەژن یا بێوەپیاوان. کە دەمایەوە.

سەرەڕای ئەمەش، کۆمەڵەکە ئەوەی تەئکید دەکردەوە کە خەڵکێکی زۆر بێنە سەر تازیەکە. لە سەرەتادا، گەلێ خانە هاتنە تازیەیان بۆ ئەندامانی لق کردە ئیجباری و نەهاتن بۆ تازیە غەرامەی بەدواوە بوو. لە سەرەتای (١٨٥٠)کاندا کۆرت ئۆلد ئابی ئەو ئەندامانەی نەچووبانە تازیە بە یەک شیلینگ غەرامەی دەکردن. لە سالآنی دواتر، چوونە تازیە چیی تر ئیجباری نەبوو و لە ساڵی ١٩٠٧، بۆچوونەکان پێچەوانە بوونەوە و یاساکانی کۆمەڵەی فۆرێستەرس چوونە تازیەی ئیجباریی قەدەخە کرد. مەراسیمی کۆمەڵەش رۆڵێکی لەوەدا بینی. هەریەک لە کۆمەڵە پێشەنگەکان تەلقینی تازیەیان هەبوو کە کاربەدەستێکی باڵا لەسەر گۆڕی مردوو تەلقینی دەدا.

خەمی کۆمەڵەکە بە تازیە تەواو نەدەبوو. ئەندامان بەپەرۆشی ئەوە بوون کە بێوەژن و منداڵەکانی ئازار نەکێشن. لەوە دڵنیا دەبوون کە ئەندامانی خێزان شوێنێکیان هەیە لێی بژین و برسی نەبن. هەروەها جەختیان لەوە دەکردەوە کە منداڵەکان پەروەردە بکرێن، عادەتەن لە رێگەی زامنکردنی خوێندن بۆیان. هەندێ جار ئەمە وەک کارێکی خێرخوازی ئەنجام دەدرا، بەڵام گەلێ کۆمەڵە، فەندێکی تایبەتییان بۆ هەتیو و بێوەژنان دانا بۆ دابینکردنی ژیانیان بەپێی مافیان.

## کێ پێوەندیی کرد؟

کاندیدی ئەندامێتیی فەندی نەخۆشی و تازیە دەبوایە بە سێ داواکاریی سەرەکی پابەند بن. دەبوایە لە تەمەنێکی گونجاودا بن، تەندروستی و کارەکتەریان باش بوایە. داواکاریی تەمەن و تەندروستی بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوە بوو کە هەمووان بەیەکسانی پێوەندیی بە فەندەکەوە کردبا. زۆربەی کۆمەڵەکان ئەندامیان لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا وەردەگرت. کۆمەڵەی گراند یونایتد ئۆردەری ئۆدفیلۆس ئەندامی لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا وەردەگرت، کۆمەڵەی ئیدیپێندنت ئۆردەری ریچابیتیس لە تەمەنی ١٥ ساڵی وەری دەگرت، هەروەها یەک دوو کۆمەڵە و سیستمی لاوەکی هەبوو لە تەمەنی ١٤ ساڵی ئەندامیان وەردەگرت. چەند کۆمەڵەیەکیش لە دوای ٤٠ ساڵییەوە ئەندامیان وەردەگرت، هەرچەندە یونایتد ئەنشینت ئۆردەری درودس لە سەرووی ٤٥ ساڵییەوە وەری دەگرت و ڕێچابیتیس لە سەرووی ٥٠ ساڵییەوە. هەروەها گەلێ کۆمەڵەش ئەندامیان وەردەگرت لە هەر تەمەنێک بووبا، بەمەرجی ئەوەی ئابوونەیەکی زیاتر بدەن. لە (١٨٥٠)کاندا دادگەکانی فۆرێستەرس مافی ئەوەیان هەبوو ئەندام لە سەرووی ٤٠ ساڵییەوە وەربگرن، بەمەرجێ ئەوەی ١٢ شیلینگ و ٦ پێنس بدەن لەگەڵ ئابوونەی ئاسایی ساڵانە و ٩ شیلینگی زیاتریش ساڵانە بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی ٤٠ ساڵییەوەیە. لە کۆتاییی سەتەکەدا، کۆمەڵەکان هانی دامەزراندنی خانەی منداڵانیان دا. لە ١٩٠٧، یاسا گشتییەکانی فۆرێستەرس مافی بە منداڵان دا ببن بە ئەندامی سەرەتا لە تەمەنی یەک ساڵییەوە تا ١٨ ساڵی.

ئەوانەی تەقدیمی ئەندامێتیی فەندی نەخۆشی و تازیەیان دەکرد دەبوایە لە فەحسی پزیشکی دەرچووبان. ئەو یاسایەی فۆرێستەرس لە ١٨٥٧ پەیرەویی لێ کرد ئەوە بوو کەسی ناتەندروست وەرنەدەگیرا. یاسای ١٩٠٧ ئەمە بوو:

هیچ کەسێک بە ئەندامی ئۆردەر وەرناگیرێت ئەگەر شەلەل بێت، یان پێکهاتەی

تەواو نەبێت، یان ناتەندروست بێت یان قاچێک، دەستێک، قۆڵێک، پێیەکی نەقوسان بێت، یان چاوی نەبێت، یان شکانی هەبێت، بەڵام بە ئەندامی فەخری وەردەگیرێن.

داواکاران دەبوایە کارەکتەری باشیان هەبێت. فۆرێستەرس بەیاسا ڕای گەیاند کە هیچ کەسێک لەمانە وەرناگیرێن: ئەوانەی کارەکتەری خراپیان هەیە، ئەوانەی ژیانێکی فشۆڵیان هەیە، رەفتاریان خراپە، بەکارێک تاوانبار بن، یان خووڕەوشتێکی نابەجێیان هەبێت.

ڕێنوێنیی عادەتی لە کۆمەڵە پێوەندارەکان ئەوە بوو هەموو کاندیدەکان ناویان لە کۆتاییی کۆبوونەوەیەکی مانگانەدا بخوێنرێتەوە و تا لە کۆبوونەوەی داهاتوودا رەچاو بکرێن. هەر کاندیدە و پێویستی بە کەفیلێک بوو شایەتی بدات لەسەر کارەکتەری باشی و کەفیلەکەش لەسەری بوو شایەتییەکە بەهەند وەربگرێت. لە ١٨٦٧ لە مانچستەر یونیتی هەر خانەیەک لە شوێنی خۆیدا ناوی کەفیلەکانیان وەردەگرت، هەر یەکێک شتێکی لەبارەی و لە دژی کاندید زانیبا دەبوایە کاندیدەکە بەشداری بکات.

یاسای فەرمیش هەبوون. بەڵام لە ماوەی سەتەی رابردوودا، ئەو دەمەی گەلێ کەس بڕوانامەی لەدایکبوونیان نەبوو، سەپاندنی تەمەنی سنووردار زەحمەتتر بوو لە چاو ئەمڕۆکەدا. بەهەرحاڵ، هەندێ خانە بەپەرۆش بوون ئەندام وەربگرن و تەمەنیان ئەوەندە سنووردار نەدەکرد. هەروەها پرسی تەندروستییش ئەوەندە نەدەسەپێنرا وەک ئەوەی لە یاساکاندا هاتبوو. بەڵام، لە ماوەی سەتەی رابردوودا، تەنانەت لەو شوێنانەی یاسا بەتوندی جێبەجێ دەکرا، تەنیا کاری لە ئەندامێتیی فەندی نەخۆشی و تازیە دەکرد. ئەوانەی ڕێگەیان پێ نەدەدرا پێوەندی بەو فەندەوە بکەن، بەختی ئەوەیان هەبوو ببن بە ئەندامی فەخری و مافی سوودی پزیشکیان پێ دەدرا. کۆمەڵەی فۆرێستەرس ڕێگەیان بەهەر کەسێکی بەرێز دەدا ببێتە ئەندامێکی فەخری لە ڕێگەی کرێی پێوەندیکردن بەبڕی ١٠ شیلینگ و ٦ پێنس. ئەندامە فەخرییەکان بۆیان هەبوو رای خۆیان دەربڕن لەبارەی هەموو ئەو پرسیارانەی دەهاتە بەردەم دادگەکەیانەوە، بەڵام مافی دەنگدانیان نەبوو. لەوەش گرینگتر، دەیانتوانی سوود وەربگرن لە خزمەتگوزارییەکانی پزیشکیی دادگە، کە

٥٠٪ یان بۆ دابوو، ئەمەش زیاتر بوو لە ئەندامە داراییەکان.

باشە داواکاریی ئەوەی کەسێک "کارەکتەری باش" بێت لە کردەدا مانای چی بوو؟ بەپێی یاسای ژمارە ٧٧ی کۆمەڵەی فۆرێستەرس لە یاسا گشتییەکانی ساڵی ١٨٥٧دا تاوانبار دەردەکرا و هەڵپەساردنی ئەو ئەندامانەی تاوانبار دەکران بە هەوڵدان بۆ هەڵخەڵەتاندنی برایەکی تر لە هەقی عادیلانەی خۆی. لەم جۆرە حاڵەتانەدا دەبێ ئەم ئەندامە هەڵپەسێردرێت تا قەرەبووی هەڵەکەی دەکاتەوە و بەکردەوەکانی بیسەلمێنێت کە هەست بەشەرمەزاری و خەمناکی دەکات لەبەر ئەو هەڵەیەی ئەنجامی داوە. کەواتە، مەبەستی یاساکان وەبەرهێنانی کارەکتەری باش و برەودان بووە بە چاکسازی لەو شوێنەی گەندەڵی بەدی دەکرا. بەپێی یاسای ژمارە ٤٠ی فۆرێستەرس لە یاسا گشتییەکانی ساڵی ١٩٠٧دا، هەر ئەندامێک بەهۆی تاوانێکەوە بگیرێت، بەهۆی دەنگدانی لقە ناوخۆییەکە دەردەکرێت. بەڵام، ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێک راستگۆ و سەلار بژیبا و کاری چاکەی نواندبا و تۆبەیەکی دڵسۆزانەی کردبا، دووبارە وەردەگیرایەوە، بەڵام بۆ تاوانی دووەم بۆ هەموو کات دەردەکرا.

پێ دەچێت ئەمە سیفەتی کۆمەڵەکانی تریش بووبێ. بەگشتی کاندیدێکی کەم رەت دەکرانەوە، گرینگترین هۆ، بۆ رەتکردنەوەی کاندید، ئەنجامدانی تاوان یان رەفتارێکی نابەجێ بووە لە رابردوودا. جارجارە ئەندام دەردەکران. ئەمەش لە ئەنجامی رەفتارێکی تاوانکاری دەبوو، هەرچەندە هەندێ جار ئەندامێک دەردەکرا لەبەر فەشەلێکی ئەخلاقی، بۆ نموونە، بەجێهێشتنی ژن و منداڵی.

## ئەندامێتیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بۆ دابینکردنی نەخۆشی

ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵە دۆستایەتییە تۆمارکراوەکان ساڵانە لەلایەن نووسینگەی تۆماری کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە بڵاو دەکرایەوە. بەڵام لە هەندێ ساڵدا سەرجەم "کۆمەڵە کۆکەرەوەکان"یشی دەگرتەوە. ئەو کۆمەڵانە بریتی بوون لە کۆمپانیای پیشەسازیی دڵنیایی نەک تەنیا کۆمەڵەی دۆستایەتی و تەنیا خەرجی کفن و دفنیان پێشکێش دەکرد. بۆ گەیشتن بە ئەندامێتیی ئەو کۆمەڵە دۆستایەتییانەی کە خزمەتگوزاریی سەرەکی هەقی نەخۆشی و سوودی تازیەیان دەدا، دەبوایە ئەندامێتیی کۆمەڵە کۆکەرەوەکان داشکانی بەخۆوە بینیبا.

دوای گۆڕانی لە سەرەوەڕا بۆ خوار لە پێناو بەدەرنانی کۆمەڵە کۆکەرەوەکان، ژمارەی ڕەسمی پێویستی بە گۆڕانی لە خوارەوەڕا بۆ سەرێ بۆ ڕەچاوکردنی ئەندامانی تۆمارنەکراوی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان هەبوو. کۆمیسیۆنی شاهانەی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ١٨٧٤، دوای پشکنینی زانیارییەکان، لە ڕاپۆرتێکدا گوتی ڕادەی کۆمەڵە تۆمارنەکراوەکان بەقەد کۆمەڵە تۆمارکراوەکان دەبێ. بەڵام ئاخۆ ئەم حاڵەتە لە ماوەی ٤٠ ساڵی دواتری ئەوسا بەردەوام بوو؟ سێر ئیدوەرد برابروک، تۆمارکەری باڵای کۆمەڵە دۆستایەتییەکان، لە ١٨٩٢ بۆ کۆمیسیۆنی شاهانەی کاری ڕوون کردەوە کە ڕێژەی ئەندامانی تۆمارکراو و نەکراو هێشتا وەک یەک بوون. ٣,٨ ملیۆن کۆمەڵەی دۆستایەتیی تۆمارکراو هەبوو، لە کۆی حەوت ملیۆن دانیشتوانی پیاوی پیشەکاردا. ڕێگەدان بە دووهێندکردنی ئەندامێتی، ئەمە بەلایەنی کەم نواندنی سێ ملیۆن تاکە لە کۆمەڵە تۆمارکراوەکاندا، سەبارەت بە خەملاندنی ئەندامانی تۆمارنەکراویش، نزیکەی شەش ملیۆن ئەندامی تۆمارنەکراو هەبوون. سەرەڕای ئەمەش، برابروک هەستی بەوە کرد کە دەبێ هەندێ ئەندامانی یەکەتیی بازرگانییش بۆ سەرجەم زیاد بکرێن. لەبەرئەوەی هەندێ لە یەکەتییە بازرگانییەکانیش خەرجییەکانیان پێشکێش دەکرد. هەروەها ئێمە دەزانین کە یەکەتییە بازرگانییەکان ڕکابەرایەتیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانیان دەکرد لەسەر ئەندام، بەلایەنی کەم تا ڕادەیەک. لە ١٨٩٣ نزیکەی ٨٧٠ هەزار ئەندامی تۆمارکراو هەبوون لە یەکەتییە بازرگانییەکاندا. هەندێ لەمانە دەبێ بخرێنە سەر شەش ملیۆنەکەی برابروک. برابروک گوتی:

ئەمە وەک ئەوە وایە جۆرە هاوسەنگییەک بەجێ بهێڵرێت بۆ ئەوانەی کاریان مسۆگەر نییە یان بەپێچەوانەوە ناتوانن دڵنیا بن لە مسۆگەربوونی کارەکەیان.

دوو ساڵ پاشتر، لە بەردەم کۆمیسیۆنی شاهانەی ئیجد پوە، بۆچوونەکەی دووپات کردەوە. ئەندامێکی ستافەکەی سەردانی نۆرفۆلکی کرد و گەلێ کۆمەڵەی تۆمارنەکراوی ئاشکرا کرد. لە گەلێ حاڵەتدا، ئەو کۆمەڵە تۆمارنەکراوانە شوێنی هەندێ لە کۆمەڵە کۆنە تۆمارکراوەکانیان دەگرتەوە کە تەمەنیان زیاتر لە سەت ساڵ تێ پەڕیبوو: "بۆیە من پێم وایە هیچ گومان لەوەدا نییە کە بازنەی کۆمەڵە تۆمارنەکراوەکان یەکجار گەورەیە."

ئاخۆ ئێستاش گریمانەکەی برابروک راستە لەبارەی کۆمپانیا دڵنیاییە نیشتمانییەکانەوە؟ بەڵگەی دا بە کۆمیسیۆنی شاهانە لەسەر یاسای هەژاران لە ١٩٠٦ و بۆچوونەکەی دوویات کردەوە کە ئەندامێتیی تۆمارکراو و نەکراو نزیکەی یەکسان بوون. وێڕای ئەمەش، بەڵگەی بەسوود پێشکێشی کۆمیسیۆنی شاهانەی یاسای هەژاران کران لەلایەن أ. س. کێی و هـ. ڤ. تۆنبی. هەردووکیان لێکۆڵینەوەکیان لەبارەی مافی ئارەزوومەندانەوە کرد بۆ هەژاران لە چەندان شارۆکە و ناوچە گوندییەکاندا و رێژەیەکی بەرچاو چالاکیی کۆمەڵەی تۆمارنەکراویان ئاشکرا کرد. لێکۆڵینەوەکەیان لەم شوێنانەدا ئەنجام دا: سێ شارۆکەی گەورە (نۆرویچ، لیچفیلد و کۆڤنتری)، دوو شارۆکەی مامناوەند (بێڤەرلی و کەندال)، سێ شارۆکەی بچووک (لودلۆ، لیچفیلد و بۆرن)، هەروەها پێنج ناحیەی لادێیی. برابروک ئاماژەی بە گەشەسەندنی جەماوەریی یانەی میللی دابوو، هەروەها کێی و تۆنبی بەدڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵە دابەشبووە تۆمارنەکراوەکانیان بەدی کرد لەو ناوچانەی لێکۆڵینەوەیان تێدا ئەنجام دا. ئەوەیان ئاشکرا کرد کە کۆمەڵە دابەشبووەکان بەگشتی هاوپێچی خانە گشتییەکان و شوێنەکانی کار بوون لە یۆرک، نۆرویچ و کۆڤنتری. بەتایبەتی یەکێکیان زۆر گەورە بوو لە کۆلان لە نۆرویچ، نزیکەی هەموو کارگەکانی کۆڤنتری کۆمەڵەی دابەشبوویان هەبوو. لە یۆرکدا، لکێنرابوون بە قوتابخانەی گەوران. هەندێکیان لکێنرابوون بە کڵێساکان، بەڵام پێچەوانەی باوەڕی ئەوان، تا ڕادەیەکی زۆر کەم لە ساڵانی سەرەتادا حاڵەتەکە بەو شێوەیە نەبوو.

بیڤریج، لە کتێبی کاری ئارەزوومەندانەدا کە لە ١٩٤٨دا بڵاو کرایەوە، بەپێی خەمڵاندنەکانی دەڵێت لە کۆی ١٢ ملیۆن، پێنج ملیۆنیان لە بنەڕەتدا لەناو پلانی دڵنیاییی نیشتمانی بوون و پێشتر ئەندامی ئەو کۆمەڵە دۆستایەتییانە بوون کە هەقی نەخۆشییان دەدا. بەڵام ئەم ژمارەیە کۆمەڵە دۆستایەتییە تۆمارنەکراوەکان ناگرێتەوە و بگرە ئێمە لە تۆمارکەرەکە خۆیەوە دەزانین، هەروەها لە کۆمیسیۆنی شاهانەی یاسای هەژاران، کە ئەندامێتیی تۆمارنەکراو هێندەی تۆمارکراوەکان بوون. ئەگەر ئەو گریمانەیە راست بێت، کەواتە سێ چارەگی یان زیاتر لە ١٢ ملیۆن دەبێ پێشتر بەهۆی جۆرێک لە مافی ئارەزوومەندانەوە رەچاو کرابن.

ئاخۆ هەژاران پێوەندییان بەکۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە دەکرد؟

ڕۆنتری له ١٩٠١ له یۆرک ئەوەی ئاشکرا کرد کە کەسانی زۆر هەژار بەدەگمەن ئەندامی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بوون، هەروەها دووپاتی کردەوە کە "تەنانەت ئەگەر قایل بکرێن پێوەندی بکەن، خێرا ئەندامێتییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە." ئاخۆ بەگشتی ئەمە ڕاست بوو، ئاخۆ کۆمەڵە دۆستایەتییەکان تەنیا بۆ کرێکارە مووچە بەرزەکان دامەزرابوون؟ بۆ نموونە، پرۆفیسۆر بێنتلی گیلبەرت دەنووسێت: کۆمەڵە دۆستایەتییەکان هیچ پێوەندییان بە چینی کرێکاری ڕەش و ڕووت و ئاساییەوە نەبوو. ئەو گوتی ئەندامێتیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان باجی کرێکاری شارەزا بوو. ئەو کۆمەڵانە بۆ کەناس، کارمەندی کەشتی و شەمەندەفەر نەبوون، بگرە بۆ خاوەن زەویوزار، ئەندامی پەرلەمان یان بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان بوون.

گەلێ لە کرێکارانی کەشتی لەو یانانە کاریان دەکرد کە لەلایەن کۆمپانیا کەشتییەوانییەکانەوە بەڕێوە دەبران، عادەتەن بەپێی بنەمای دابەشبوو. بەڵام هەندێکیان لە کۆمەڵە دۆستایەتییە دایمییەکانیشدا بوون. ئەمە بووە هۆی نارەزایی دەربڕین لە ١٨٩٨ ئەو دەمەی کۆمپانیای لەندەن ئیست ئینديا هەوڵی دا ڕێ لە فەرمانبەران بگرێت لەوەی ببن بە ئەندامی کۆمەڵەکانی دەرەوە. کۆمپانیاکە کۆمەڵەیەکی دۆستایەتیی تایبەت بەخۆی دانا بۆ دابینکردنی هەقی نەخۆشی و درکی بەوە کردبوو کە ئەو پیاوانەی سەر بە کۆمەڵەیەکی دۆستایەتیی دەرەوە بوون و ئەندامی کۆمەڵەی کۆمپانیاکەش بوون، پاڵنەرێکیان هەبوو بۆ وازهێنان لە کار، چونکە هەقی نەخۆشیی کۆمپانیاکە و هەقی نەخۆشیی کۆمەڵەکە لە مووچەی ئاساییی خۆیان زیاتر دەبوو. کاتێ ئەندامێتی لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی دەرەوە قەدەخە کرا، مانچستەر یونیتی و کۆمەڵە گەورەکانی تر هەڵمەتێکی توندیان دژی بڕیارەکە دەست پێ کرد. پاڵەپەستۆیان خستە سەر پەرلەمان بۆ دەرکردنی یاسایەک بۆ قەدەخەکردنی کۆمپانیاکان لە سنووردارکردنی ئازادیی ئیختیاری فەرمانبەران لەم هەلومەرجەدا، چونکە دەیانگوت ناکرێ ئەندامان دابڕێن لەبەرئەوەی سیستمی پارەدان پەکی دەکەوێ.

ئەمە دوو شت دەخاتە ڕوو. یەکەم ئەوەیە کە هەندێ کرێکاری سەر کەشتی هەبوون لە کۆمەڵە دۆستایەتییە پێوەندارەکان، بێگومان دەبوایە سەرکردەکانیان ئاگەدار بکەنەوە ئەو دەمەی کۆمپانیا لەسەر فەرمانبەرانی دەکرد واز بێنن. دووەم، ئەوە پێشان دەدات کە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بەپەرۆش بوون بۆ کۆکردنەوەی

ئەندام لە کرێکارەکانی کەشتی. بۆیە ئەگەر کرێکارانی کەشتی پێوەندییان نەکردبا، ئەوا کاری کۆمەڵە دۆستایەتییە گەورەکان بوونی نەبوو. بڕوانامە بۆ کۆمیسیۆنی شاهانە لەسەر یاسای هەژاران دژی قسەکانی گیلبەرت دێتەوە. کۆمیسیۆنی شاهانە ئاگەدار کرابووەوە کە لەناو چوار هەزار ئەندامی مانچستەر یونیتی لە لیڤەرپوول، چەندان ئەندام مووچەی نایاساییان هەبوو، کە هەفتانە لە ٢٥ شیلینگ کەمتر نەبوو. گەلێکیان کرێکاری کەشتی بوون، بەلام بەگشتی کۆمیسیۆنی شاهانە ئاگەدار کرابوونەوە لەوەی کە کرێکارانی کەشتی سەر بە کۆمەڵە دابەشبووەکانی خۆیانن. دواجار، بەڵگە لە هەدسفیلدەوە پێشنیازی ئەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی مووچە نزمی هێڵی شەمەندەفەر پێوەندییان بە کۆمەڵە سەرەکییەکانەوە کرد. پاسەوانێکی هەدسفیلد، کە ئەندامی ئەنشینت ئۆردەری فۆرێستەریش بوو، شایەتیی دا کە زۆربەی ئەندامە مەحەلییەکان کرێکاری نەشارەزا بوون، وەک کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر کە هەفتانە ١٨ شیلینگی بەدەست دەهێنا. لە راستیدا، "زۆربەی زۆری" کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر، بەکەمترین مووچەیانەوە، پێوەندییان بە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان و یەکەتییە بازرگانییەکانەوە کرد. هەندێکیان تەنانەت کەمتریان بەدەست دێنا، بەلام زۆربەی کرێکارە نەشارەزاکان لە هەدسفیلد هەفتانە لە ١٨ شیلینگ تا ٢٢ شیلینگ و ٦ پێنسیان بەدەست دێنا. رێژەی مووچەی مانچستەر یونیتی بلاو کرایەوە کە لە ١٨ شیلینگەوە دەستی پێ دەکرد تا ٢٨ شیلینگ لە هەفتەیەکدا. لێکۆڵینەوەی کێی تۆنبی بۆ کۆمیسیۆنی شاهانەی یاسای هەژاران ئەوەی ئاشکرا کرد کە لەو سێ شارۆکە گەورەیەی کە لێکۆڵینەوەیان تێدا ئەنجام دا، رێژەی مووچە کەمترین بوو لە نۆرویچ، ئەندامێتیی کۆمەڵەی دۆستایەتی زۆر زیاتر بوو لە چاو شارۆکەکانی تر. سەرکردەی کۆمەڵە دۆستایەتییە مەحەلییەکان بە لێکۆڵەرانیان راگەیاند کە ئەمە لەبەر کەمیی مووچە بووە: کەسانی کەم مووچە دەبوایە ئاگایەنەتر بیر بکەنەوە لەبارەی ئەوەی چۆن لە حاڵەتی نەخۆشیدا پارەی نەخۆشی پەیدا بکەن. کرێکارە مووچە باشەکان بەدیلی زیاتریان هەبوو. لێکۆڵەران بەمە سەرسام بوون و زیاتر لە پرسەکە قووڵ بوونەوە. بەگشتی، بەوەیان زانی کە ئەندامێتیی کۆمەڵەی دۆستایەتیی تۆمارکراو لە زۆرترین رێژەدا بوو لە ناوچە لادێیەکاندا کە تێیاندا مووچە کەمترین بوو. ئەو خشتەیان دووبارە بەرهەم

هێنایەوە کە لەلایەن ئەنشینت ئۆردەری فۆریستەرسەوە بڵاو کرابووەوە (دووەم گەورەترین کۆمەڵە) کە ئەندامانی لە ١٩٠١ بەراورد کرد لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی شارۆکە لە ١٩٠١، شارۆکە لادێییەکان بەرزترین ڕێژە و کەمترین پیشەیان تێدا بوو.

ژمارەی نۆرفۆلک ٦١ بوو لە هەر هەزارێکدا، ئەمەش بەرزترین ڕێژە بوو. لانکاشیر، کە شارۆکەیەکی پیشەسازی بوو، کەمترین ڕێژەی هەبوو کە گەیشتە چوار لە هەزار. بەڵگەکانی تر لە کۆڤنتری پیشەسازی پێشان دەدەن کە ئەو دەمەی کرێکاران مووچەی زیاتریان وەردەگرت، ئەوا زیاتر مەیلی هەڵگرتنی پارەیان دەکرد و کەمتریش هەڵیان دەگرت بۆ پاراستن دژی نەخۆشی. هەندێکیان چوونە ناو کۆمەڵە دابەشبوو و دیپۆزیتە تۆمارنەکراوەکانەوە.

لێکۆڵەران بەتەنیا نەبوون کە بەو ژمارانە سەرسام بوون. ج. ل. ستید، سکرتێری دایمی فۆریستەرس، گوتی هەر لە سەرەتاوە سەرسام بوو کاتێ زانی هەندێ لە باشترین لقەکانیان لەو شوێنانە بوون کە کەمترین ڕێژەی مووچەیان هەبوو و بەشێوەیەکی ڕێژەیی بێهێزتر بوون لە چاو شارۆکە گەورەکان کە ئاستی مووچە زۆر بەرز بوو. ئەو پێی وابوو کە ئەندامێتیی کۆمەڵە دۆستایەتییە دایمییەکانی تر بەهەمان شێوە بوو، لە ڕاستیدا شانازیی بەوەوە دەکرد کە ئەندامی مووچە کەمیان هەبووە و گوتی:

ئێمە بێ فیزترین پیاوانی وڵاتمان لە کۆمەڵەکەماندا هەیە، ئێمە بەقەد ئەوانی تر شانازییان پێوە دەکەین.

بەڵگەی تر دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە گەلێ کرێکار بەمووچەی کەمەوە پێوەندییان بە کۆمەڵە دۆستایەتییە پێشەنگەکانەوە کردووە. کلاڤرهاوس گراهام، سەرۆکی یانەی مووچەی خانەنشینیی ئۆلد ئەیج ستێیت، بەڕێوەبەری مانچستەر یونیتی تا ١٩٨٠، هەروەها پاڵپشتێک بوو بۆ مووچەی خانەنشینیی دەوڵەت، بە لێژنەیەکی دەستنیشانکراوی پەرلەمانی گوت کە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان تەنیا ئەو کرێکارانەیان وەرنەدەگرت کە زۆرترین مووچەیان هەبوو. لە پارێزگاکانی ڕۆهەڵاتدا، کرێکارانی کشتوکاڵ هەفتانە ١٤ تا ١٥ شیلینیگیان وەردەگرت و ئەندامیش بوون. ئەو پێی وابوو کە ڕێژەی ئاساییی مووچەی ئەندامانی هەموو

کۆمەڵەکان هەفتانە لە یەک پاوەند تێ نەپەڕیوە، لە کاتێکدا کە ئاستی ئاسایی مووچەی نیشتمانی زۆر زیاتر بووە. ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەندام پێوەندییان بە کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە دەکرد و بەجێیان دەهێشت بەڵام، بەپێی فۆرێستەرس لە هەدسفیلد، ئەوانەی پێوەندییان دەکرد و دەڕۆیشتن لە تەمەنی نێوان ١٨ تا ٣٠ ساڵیدا بوون. ئەمە بۆچوونی تۆمارکەری باڵای کۆمەڵە دۆستایەتییەکانیش بوو. بەڵام گەلێ لەوانەی پێوەندییان دەکرد، دەڕۆیشتن و پێوەندییان دەکردەوە مووچەیان کەم بوو، یانیش کاریگەریی سووڕی بازرگانیان لەسەر بوو. بۆ نموونە، لە شیفیلد، کۆمیسیۆنی شاهانە ئاگەدار کرابووەوە لەوەی کە ئەو پیاوانەی نەیانتوانیوە ئابوونە بدەن، دواجار پێوەندییان بە کۆمەڵە دابەشبووەکانەوە کردووە.

بەکورتی: ناتوانرێت ژمارەیەکی ورد لەبارەی ژمارەی مووچە کەمەکان کە پێوەندییان بە کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە کردووە دیاری بکرێت، بۆیە ناچارین پشت بە شایەتیی چاودێرە هاوچەرخەکان ببەستین. لەم بەڵگەیەوە دەکرێ لۆجیکییانە بڵێین کە ژمارەیەکی بەرچاوی کەسانی هەژار پێوەندییان بە کۆمەڵەکانەوە کردووە، بە فیدراسیۆنە نیشتمانییە گەورەکانیشەوە. زۆرێکی تریان پێوەندییان نەکردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە بیسەلمێنێت کۆمەڵەکان کەسانی هەژاریان وەرنەگرتبێت، لە راستیدا، شانازییان بەوە دەکرد ئەندامی هەژاریان هەبێت. بەڵام زۆریش هەبوون لە ئاست مووچە کەمەکاندا بوون، بەتایبەتی ئەوانەی کاری وەرزییانەیان دەکرد، کە زەحمەت بوو بۆیان بەبەردەوامی ئابوونە بدەن.

# چاودێریی پزیشکی

بەگەلێ ڕێگەی جیاواز چاودێریی پزیشکی لە کاتی ئاوابوونی سەتەکەدا دابین دەکرا. کەسانی زۆر هەژار پشتیان بە یاسای هەژاران و مافەکانی دەبەست لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتوان بەسەر سێ پۆلدا دابەش بووبوون. یەکەم، هەندێکیان وەک نەخۆشیی تایبەتی چاودێریی پزیشکییان وەردەگرت و پارەیان دەدا بەو دوکتۆرەی خۆیان هەڵیان دەبژارد. هەقەکەش بەپێی داهاتی کەسەکە دەگۆڕا، هەروەها کرێی خانوو دەبووە پێوەری سەرەکیی توانای پارەدان. دووەم، بەشێکی زۆری دانیشتوان چاودێریی پزیشکییان لە ڕێگەی خێرخوازییەوە بەلاش وەردەگرت، وەک نەخۆشخانە ئارەزوومەندانەکان یان سەنتەری بەخۆڕایی کە بەشی نەخۆشیی دەرەوەیان هەبوو. سێیەمیان زۆر کەسیش بە پلانی پارەی پێشەکی وەریان دەگرت، بەگشتی پێی دەگوترا گرێبەستی پراکتیکی، لەسەر بنچینەی ئەو ئابوونە ساڵانەیە بوو کە بەپێی داهاتی هەر کەسێک دەدرا.

### دەسهەقی تایبەت

چواردەم زۆرینەی بەهێزی کۆمیسیۆنی شاهانەی یاسای هەژاران بەوەیان زانی کە زۆر کەس هەبوو، هەندێکیان لە چینە هەرە هەژارەکانیش بوون، دەسهەقی تایبەتی نەخۆشیی خۆیان دەدا بەپێی ئەو یانەیەی پێوەندییان پێوە دەکرد. بەڕێوەبەری تەندروستی لە مانچستەر کۆمیسیۆنی شاهانەی ئاگەدار کردەوە کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەوانەی لە هەفتەیەکدا لە ٣٠ شیلینگ کەمتریان هەیە دەسهەقێکی ئاسایی نەخۆشییەکانیان دەدەن. هەروەها بەڵگە هەیە کە ئەم حاڵەتە چەندان ساڵ بەردەوام بووە. بەپێی دەزگەی جۆرنالی پزیشکی، لە ١٨٥٣ کرێکارگەلێک هەفتانە تەنیا ١٢ تا ١٥ شیلینگیان هەبوو و دەسهەقی تایبەتیشیان دەدا. ئەمە هەر بەقسە ئاساییە، لە واقیعدا شتێکی ترە، لەبەرئەوەی دوکتۆرەکان بەپێی داهاتی کەسەکە پارەیان لە نەخۆش وەردەگرت، بۆیە ئەوەی کەمترین

مووچەی هەبووایە ئەوا کەمترین دەسهەقی دوکتۆری دەدا. عادەتەن کرێی خانوو بە دیارخەرێکی گرینگ دادەنرا بۆ دیاریکردنی ئاستی داهات.

لە ١٩٠٠، تاریفەیەکی رەسمی لە ئەلەناکی ویتاکەرز سێ لقی لێک جیا کردەوە: ئەوانەی سالآنە ١٠ تا ٢٥ پاوەند، ئەوانەی لە ٢٥ تا ٥٠ پاوەند و ئەوانەشی لە ٥٠ تا ١٠٠ پاوەند کرێیان دەدا. کەمترین دەسهەقی راوێژکارییەکی دوکتۆر (سەردانی دوکتۆر) بۆ هەژارترین چین ٢ شیلینگ و ٦ پێنس بوو. لە راستیدا، دەسهەقەکان زۆر لەوە کەمتریش بوون. لە ١٨٨٩، دەسهەقی دوکتۆر لە یەک شیلینگ تا ٢ شیلینگ و ٦ پێنس بوو. ئەگەر دوکتۆر بهاتبا ماڵەوە (بە داوودەرمانیشەوە) دەسهەقەکەی لە ١ شیلینگ و ٦ پێنس تا ٣ شیلینگ و ٦ پێنس بوو. باوترین دەسهەق لە ٢ شیلینگ تا ٢ شیلینگ و ٦ پێنس بوو، کەسانی زۆر هەژار یەک شیلینگ و ٦ پێنسیان دەدا. لە سەروبەندی پەیدابوونی سیستەمی دڵنیاییی نیشتمانیدا دەسهەق، جا بۆ هەر شتێک با، کەمێک هاتە خوارەوە. لە ناوچەی چینی کرێکاراندا، زەحمەت بوو تەنانەت یەک شیلینگیش بدرێت بە راوێژکارییەکی پزیشک، هەروەها لەناو چینە باشترەکاندا زەحمەت بوو لە ٣ شیلینگ و ٦ پێنس زیاتر بێت.

ئەو دەسهەقانە، مەگەر جاروبار فەرز دەکرا بدرێن، ئەگینا هەر بەپێی مووچە و داهات بوو. لە ١٩٠٦، مووچەی ئاسایی کرێکارە نەشارەزاکان هەفتانە نزیکەی ٢٢ شیلینگ بوو، بۆ نیمچە شارەزا نزیکەی ٢٨ شیلینگ و بۆ کرێکاری شارەزاش نزیکی ٣٧ شیلینگ بوو لە هەفتەیەکدا. وێڕای ئەمەش، لە هەندێ شارۆکەی گەورەی پیشەسازیدا، هەندێ جار دەسهەق بەشێوەی قیست دەدرا.

جگە لەوەش، بەپێی رووپێوێکی حکومەت لە ١٩١٠، گەلێ کەس دەچوونە لای موزەمیدەکان[١٥]. لە کۆی ٢١٧ شارۆکە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا، تەنیا لە ٨٢ شارۆکەدا، چاودێریی پزیشک لەلایەن موزەمیدەوە یان ئەوەتا لە زیادبووندا بوو یانیش یەکجار زۆر بوو، هەروەها لە ٧٥ شارۆکەشدا تا رادەیەک هەبوو. لە ٢٧یاندا، زۆر کەم بوو، هەروەها لە ٣٠ شارۆکەش چوونە لای موزەمید هەر نەبوو. رووپێوەکە ئەمانەشی لەخۆ گرتبوو: کیمیاگەر کە لەسەر مێزێک کاری دەکرد، پسپۆڕانی گیایی، بەیتاری ئێسک، زانا مەسیحییەکان، چاکەرەوەی ئیمان،

پسپۆڕانی لەباربردن و پسپۆڕانی پێست. لە ناوچەی کانەکاندا وەک نۆرتمبرلاند، دورهام و وێیلز بەیتارانی ئێسک هەمان ئاستی دوکتۆریان هەبوو.

## چاودێریی بەخۆڕایی

هەژارگەلێک هاوکاریی پزیشکییان لە نەخۆشخانە ئارەزوومەندانەکان یان دەرمانخانە خێرخوازییەکان وەردەگرت، کە لە زۆربەی شارۆکە گەورەکاندا دەرمان و ڕێنوێنیی پزیشکییان بەلاش دەدا ئەوانەی داهاتیان کەم بوو. لە نیوکاسل ئەپن تاین، بۆ نموونە، نەخۆشی دەرمانخانەی بەلاش بە نامەی ڕاسپاردەکەیەوە دەچوونە ژوورەوە و دەرمانیان بەخۆڕایی وەردەگرت، لە کاتێکدا ئەوانی تر بۆ هەر دەرمانێک ٢ شیلینگیان دەدا.

دابینکردنی داوودەرمانی خۆڕایی لەلایەن بەشی نەخۆشەکانی دەرەوە لە نەخۆشخانە ئارەزوومەندانەکان بوون کە گرینگترین ڕۆڵیان هەبوو. دەزگەی بێردت بۆ خێرخوازی و نەخۆشخانەکان لە ١٩٠٧ خەمڵاندی کە یەک لەسەر چواری دانیشتوانی لەندەن لە ١٨٧٧ دەرمانی بەخۆڕاییان وەرگرتووە، لە ١٨٩٤ یەک لە دوو و نیو و یەک لە ٢,١ لە ١٩٠٤ بۆ نموونە، لە ١٨٨٧، ئەو دەمەی دانیشتوانی لەندەن لە چوار ملیۆن زیاتر بوو، ملیۆن و نیوێک نەخۆش بەخۆڕایی دەچوونە نەخۆشخانەکانی لەندەن. لە هەمان ساڵدا، ١٦٢ هەزار بەشی ڕاوێژکاری هەبوو لە ٢٦ دەرمانخانەی بەلاش، ١٠٢ هەزار لە دەرمانخانەی نیمچە بەلاش و ١٢٦ هەزاریش لەو دەرمانخانانەی لەسەر سوودی بنەماکانی کۆمەڵگە بۆ تەواوی خێزان بەڕێوە دەچوون. بەرەچاوکردنی ئەو ئامارەی لەلایەن نەخۆشخانەی سەندەی فەند بڵاو کرایەوە، ئارسەر نیوزهۆلم (دواتر بە سێر ئارسەر ناسرا) پشکی شاری خەمڵاند کە یەک لە چواری دانیشتوانی شار داوودەرمانیان لە ١٩٠٧ بەخۆڕایی وەرگرتووە.

بەشەکانی نەخۆشی دەرەوە گرینگ بوون لە زۆربەی زۆری شارۆکە گەورەکاندا، بەڵام ژمارەکانی لەندەن نموونەی وڵاتەکە نین بەگشتی لەبەر چڕیی نەخۆشخانەکان لە پایەتەختدا. ئاماری پارێزگەکان جیاواز بوون. لە نیوکاسل لە ١٨٩٤دا، ژمارەکە یەک بوو لە ١,٨، لە ئیدنبیر یەک لە ٢,٧ بوو، لە گلاسگاو یەک بوو لە ٤,٩، لە کاردیف یەک لە ٧,٣ بوو، لە پۆرتسماوس یەک لە ١٤,٣ بوو. بۆ

نموونە لە لیسێستەر لە ساڵی ١٩٠٧، ئەو دەمەی ژمارەی دانیشتوانی ١٢٥ هەزار بوو، دەرمانخانەی گشتی ٣٩٩٩٤ نەخۆشی دەرەوەی وەردەگرت، لەگەڵ ١٣٨٣٦ بریندار و ٢٩٥٠ نەخۆشی ناوەخۆش.

## جۆرەکانی گرێبەستی پراکتیکی

شێوە جۆرەوجۆرەکانی پلانەکە لە راپۆرتێکی لێژنەی پزیشکیی سیاسیی BMAدا باس کراون، کە لە ١٩٠٥دا بڵاو کراوەتەوە. هەر جۆرێکی گرێبەستی پراکتیکی لەسەر بنەمای ئابوونەی ساڵانە وەستابوو، عادەتەن وەرزییانە ئابوونەکە دەدرا، بەڵام هەندێ جار دەبووە هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک. ئەمە مافی بە ئابوونەدەر دەدا، چەندان جار بچێتە لای پزیشک لە ماوەی دیاریکراودا. هەندێ لەو یانانە پشتیان بە کارگەکان دەبەست، ئەوانی تر لەلایەن دەزگە خێرخوازییەکانەوە رێک دەخران، هەندێکی تریان بەهۆی هێڵە بازرگانییەکانەوە بەرێوە دەچوون، هەندێکیان لەلایەن دوکتۆرێکەوە، هەندێکیان بەهۆی کۆمەڵەی مەحەلیی پزیشکانەوە، هەروەها هەندێکیشیان بەهۆی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە. بەگشتی، گرینگترین ژمارە هی پلانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بوون.

## یانەکانی کار (کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی)

ژمارەیەک دوکتۆر لەلایەن یانەکانی کارەوە تەعین دەکران. کرێکارانی کارگەیەک یان کانێک لەگەڵ بەرێوەبەرەکەیان رێک دەکەوتن برە پارەیەک گل دەنەوە تا بیدەن بەدەستەهەقی داوودەرمان و چوونە لای دوکتۆر، عادەتەن ئەمە بۆ خۆیان و خێزانیشیان بوو. هەندێ دوکتۆر مووچەیەکی جێگیریان پێ دەدرا، ئەوانی تر ساڵانە بەپێی هەر نەخۆشێک مووچەیان وەردەگرت. لە هەندێ حاڵەتدا، بەرێوەبەر خۆیشی مۆزەمیدێکی رادەسپارد تا بەشداری بکات لەگەڵ کرێکارەکانی، بەڵام لە ئاوابوونی سەتەکە شتێکی زۆر ئاسایی بوو دەستەی گشتیی بەرێوەبەران لە کارگەیەک یان کانێکدا، یان شوێنی کار لە هەر ناحیەیەکدا، یاریدەری پزیشکیی خۆیان لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا هەڵبژێرن و لیژنەیەک هەڵبژێرن بۆ ئیدارەی پلانەکە. کاراترین کاری یانەکان برێتی بوو لە کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی کە لەلایەن کرێکارانی کان و پۆڵاوە لە دۆڵەکانی ویلشەوە هاتنە دامەزراندن.

## تیمارگەی پاشەکەوتکەر

تیمارگە پاشەکەوتکەرەکان دەزگەی خێرخوازی بوون، بەشێکی فەندەکەیان لەلایەن ئابوونەی سوودمەندان و بەشێکیشی لەلایەن کۆمەکە خێرخوازییەکانی ئەندامە فەخرییەکانەوە دابین دەکرا. تیمارگەی پاشەکەوتکەر یان خۆژین زۆرجار بە بەدیلی تیمارگە خۆراییەکان دادەنران، کە گەلێکیان لە ماوەی سەتەی هەژدەدا دامەزران. تیمارگە خۆراییەکان هەستیان بەوە کرد دەبێ بەشێکی دایمی بۆ دانیشتوان دروست بکەن و مەبەستی تیمارگە پاشەکەوتکەرەکانیش بۆ ئەوە بوو هەژاران بتوانن ئەو دەسەقەی دەیدەن بە دوکتۆر و چاودێری پزیشکی، وەک ئابوونە بیدەن بە تیمارگەکان.

هەست بەوە کرا کە سوودمەندان ڕێزی خۆیان لا گەورەتر دەبێت ئەگەر بتوانن بەلایەنی کەم شتێک بۆ چاودێریی پزیشکیی خۆیان بدەن. بۆیە ئەوانیش ئابوونەیەکی کەمی ساڵانەیان دەدا، هەستیان دەکرد لەگەڵ هەرە هەژارەکاندان، هەروەها هاوسەنگییەکەش لەلایەن ئەندامانی فەخرییەوە رادەگیرا. MBA دانی بەوە دانا کە گەلێ لەو جۆرە دەزگایانەی تیمارگەی پاشەکەوتکەر، یانە تایبەتییەکان، خزمەتگوزاریی گشتیی پزیشکی و کۆمەڵە پزیشکییەکان ئەوەندە هەژار بوون کە نەیاندەتوانی دەسەقی تایبەت بەرێژەی چینی کرێکار بدەن. یەکێک لە تیمارگە پاشەکەوتکەرە هەرە بەهێزەکان لێسێستەر بوو. لە ١٩٠٧دا، ٥٠٧٩٨ ئەندامی هەبوو وماڵێکی بچووکی لەدایکبوون و نەخۆشخانەیەک کە وەک کوخێک وا بوو، بەرێوە دەبرد دەسەقیان هەفتانە یەک پێنی بوو بۆ گەوران، نیو پێنی بوو بۆ منداڵان، یانیش هەفتانە نیو پێنی بۆ پیاو، ژن و هەموو منداڵانی خوار تەمەن ١٤ ساڵ.

## کۆمپانیاکانی هاوکاریی پزیشکی

هەندێ لە گرێبەستە پراکتیکییەکانی پزیشکی لەسەر هێڵە بازرگانییەکانەوە رێک خران. بۆ نموونە، کۆمپانیای نیشتمانیی هاوکاریی پزیشکی، هاوکاریی پزیشکیی پێشکێش دەکرد وەک پاڵنەرێک بۆ بەدەستهێنانی کاری دڵنیایی ژیان (لایف ئینشورانس). ئەو کۆمپانیایانە جیاواز بوون لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان و

یانەکانی کار، هەروەها سەرپەرشتیارانیان زۆر خاڵی هاوبەشیان نەبوو لەگەڵ ئەندامانی فەخریی تیمارگە پاشەکەوتکەرەکان.

بەڵام، کۆمپانیاکانی دڵنیایی بەدیلێکی بەهادار بوون بۆ هەژاران. عادەتەن کاندیدێک بۆ دڵنیاییی ژیان دەبوایە لە تاقیکردنەوەی پزیشکی دەرچووبا، بەڵام ماف هەبوو بۆ ئەو کەسانەی ئابوونەیان دەدا لە بەرامبەر هەر بڕە پارەیەکی کەم کە قەبووڵ کرابا بەبێ تاقیکردنەوەی پزیشکی لەسەر متمانەی بریکارەکە. بریکارەکان، کە ڕێژەیەکی داهاتی کۆکراوەیان وەردەگرت، پاڵنەرێکی مادیی بەهێزیان هەبوو، بۆ قەبووڵکردنی ئەو ئابوونانە، بەم میتۆدە ئەو تاکانەی کە لە کۆمەڵەیەکی دۆستایەتی یان لە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی فەشەلیان دەهێنا دەیانتوانی لە خزمەتگوزارییەکانی پزیشکییەکان سوودمەند بن. بەڵام لە ١٩٠٥، ڕۆڵی کۆمپانیاکانی دڵنیایی کەم بووەوە بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆیەی لەلایەن ئەنجوومەنی گشتیی پزیشکییەوە خرایە سەریان. کارمەندێکی پزیشکی لە بێرمینگهام بە کۆمیسیۆنی شاهانەی یاسای هەژارانی گوت کە پێش ریکلام (شاباشی)ی GMC و هەڵمەتی لە دەرگەدان بسەپێنرێن لە ١٩٠١ و ١٩٠٢، گەلێ یانەی بازرگانی هەبوون. لەبەر یاساکانی جی ئێم سیەوە ئەو یانانە لەبارچوون.

## یانەی پزیشکان

هەروەها ژمارەیەکی زۆر یانە هەبوون لەلایەن پزیشکەکان خۆیانەوە ڕێک خرابوون. گەلێکیان چەند کەسێکیان تەعین دەکرد بۆ کۆکردنەوەی ئەندامی نوێ و بانگەوازکردن تا نەخۆش ئابوونە بدەن. کۆمیسیۆنی کۆکەرەوەکان جاری وا هەبوو ئەوەندە کەم بوو دەگەیشتە ٥٪ بەڵام هەندێ جار دەگەیشتە ٢٥٪ گەلێ موزەمید ڕەخنەیان لە یانەکانی پزیشکان گرت. یەکێکیان "یانەی هەفتانە بەیەک پێنی" بە تانەلێدان لە پیشەی پزیشکی وەسف کرد. بەڵام، رووپێوی بی ئێم ئەی ئەوەی ئاشکرا کرد کە گەلێ پزیشک هاوکار بوون:

یانەی خێزان پێویستییەک بوو کە لەلایەن پزیشک خۆیەوە بەڕێوە دەبرا. بەیەک سەرنج زۆرجار لەلایەن کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە دەردەکرا. ئەندامی تاکی یانەکەی خۆی، ئەگەر ناڕەزاییەکی هەبووایە، ئەوا شەخسی بەخۆی دەگوت. هیچ چاودێرییەک لەسەر پزیشک نەبووە، هەروەک من درکم پێ کردووە، دووریش بوو لە

بێ ڕێزیی لێژنەی کۆمەڵەی دۆستایەتی. نەخۆش لە یانەیەکی خێزانیدا، شەخسی تەماشای پزیشکیان دەکرد. بەڵام لە یانەی کۆمەڵەیەکی دۆستایەتیدا زۆرجار وەک خزمەتکارێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا. بچووکترین لادان لە یاساکانیاندا نارەزاییی لێ دەکەوتەوە و لێژنەکە سەردانی دەکرد. دوکتۆر لە یانەی خێزانی دەتوانێت قسەی خۆی هەبێت.

## خزمەتگوزارییە گشتییەکانی پزیشکی

خزمەتگوزارییە گشتییەکانی پزیشکی نزیک بوون لە کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی، بەڵام ئەوەی دواتریان لەلایەن لێژنەکانەوە کۆنترۆڵ دەکران، خزمەتگوزاریی گشتیی پزیشکی بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی پیشەی پزیشکیدا بوون، هەروەکو بی ئێم ئەیش وای دادەنێت. لە ١٩٠٥ خزمەتگوزارییە گشتییەکانی پزیشکی دیاردەیەکی تازە بوو. عادەتەن لەلایەن لقە مەحەلییەکانی بی ئێم ئەیەوە دادەمەزران، بۆ شەڕی تیمارگە پاشەکەوتکەرەکان، کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی یان کۆمەڵە دۆستایەتییەکان.

## پلانەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی

لەنێو ڕێکخستنە جۆرەوجۆرەکانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکاندا بۆ دابینکردنی چاودێریی پزیشکی، سێیان زۆر باو بوون: سیستمی خانە، پەیمانگەی پزیشکی و ئەنجوومەنە ڕێپێدراوەکان. پراکتیکی خانە: سیستمێکی نەریتی لە فیدراسیۆنە گەورەکان بۆ هەر لقێک هەبوو بۆ دانانی بەڕێوەبەرێکی پزیشکی. عادەتەن تەعیینکردن بەهۆی دەنگدانێکی ئازادی هەموو ئەندامانی ئامادەبووی کۆبوونەوەیەکی گشتییەوە ئەنجام دەدرا. هەندێ جار دوکتۆرەکان داوەت دەکران تا تەندەر پێش هەڵبژاردن پێشکێش بکەن. لە هەندێ ناوچەدا، گەلێ بەڕێوەبەری پزیشکی لە لقێک یان کۆمەڵێک لق تەعین دەکران، دواتر ئەندامانیش بەکەیفی خۆیان دوکتۆرێکیان دەستنیشان دەکرد. هەندێ جار بەڕێوەبەری پزیشکی بە ڕەزامەندیی لق تەعین دەکرا، هەندێ جاریش بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی سێ مانگی، شەش مانگی یان ساڵێک تەعین دەکرا.

ئەرکی بەڕێوەبەرانی پزیشکی سێ لایەنە بوو. یەکەم، کاندیدی بۆ ئەندامێتیی

خانەکە تاقی دەکردەوە. دووەم، ئەندامە نەخۆشەکانی دەپشکنی تا بزانێت ئاخۆ هەقی نەخۆشی وەربگرێت یان نا. سێیەمیان، هاوکاریی پزیشکی و داوودەرمانی بۆ هەر ئەندامێکی خانەکە دابین دەکرد لە بەرامبەر کرێیەکی جێگیری ساڵانەدا، عادەتەن وەرزییانە بەشێوەی قیست دەدرا. **پەیمانگە پزیشکییەکان**:

لە دەوروبەری ١٨٦٩دا، بزووتنەوەیەک هاتە کایەوە بۆ دامەزراندنی پەیمانگەی پزیشکی تا بەڕێوەبەری پزیشکی فوولتایم تەعین بکات و خزمەتی تەواوی خێزانەکە بکەن. خانەکان وەک گرووپ یەکیان گرت، فەندیان کۆ دەکردەوە و باڵەخانەیان دەکڕی یان بەکرێ دەدا. ڕێکخراوەکە لەژێر کۆنترۆڵی لیژنەیەکی نوێنەراندا بوو کە یەک یان زیاتر بەڕێوەبەری پزیشکی فوولتایمیان تەعین دەکرد، کە عادەتەن مووچەیەکی جێگیریان وەردەگرت لەگەڵ شوێنی حەوانەوە بەخۆڕایی. ئەرکی بەڕێوەبەرانی پزیشکی هاوکاریی گشتیی پزیشکی و عەمەلیات بوو، بەڵام پێوەندییان بەدابینکردنی داوودەرمانەوە نەبوو. دابینکردن لەلایەن دابینکەری پەیمانگە پزیشکییەکەوە ئەنجام دەدرا بۆ تەئکیدکردنی بەکارهێنانی جۆرە دەرمانێکی زۆر باش.

ئەنجوومەنە ڕێپێدراوەکان: لە سەروبەندی ئاوابوونی سەتەکەدا، سیستەمی ئەنجوومەنی داخراو، لەژێریدا کۆمەڵە دۆستایەتییەکان دوکتۆریان بەپێی لیستێکەوە تەعین دەکرد، جەماوەری پەیدا دەکرد. بۆ ئەوەی مافی پێوەندیکردنیان بە ئەنجوومەنەوە هەبێت، دوکتۆرەکان لەسەریان بوو چاودێریی ئەو مەرجانە بکەن لەلایەن کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە دادەنران و بەتایبەتی لەسەریان بوو ئەو کرێیە وەرگرن کە لەسەری ڕێک کەوتبوون. ئاڵۆزترین پلان ئەوەی کۆمەڵەی دۆستایەتیی دیپۆزیتی نیشتمانیی مەرکەزی بوو.

## چاودێریی پزیشکی لە سەروبەندی دڵنیاییی نیشتمانیدا

چۆن شێوە جۆرەوجۆرەکانی خزمەتگوزاریی پزیشکی لەو ساڵانەدا پەرەیان سەند کە بەرەو تەداخولی دەوڵەتی دەچوو لە ١٩١١دا؟ سیفەتێکی بەردەوامی چاودێریی پزیشکیی کۆمەڵەی دۆستایەتی ململانێ بوو لەگەڵ پیشەی پزیشکی ڕێکخراو. کۆمەڵە دۆستایەتییەکان نوێنەرایەتیی بەکاربەریان دەکرد و لە ڕێگەی پێشبڕکێوە عەودالی باشترکردنی جۆری چاودێریی پزیشکی بوون، هەروەها پاڵەپەستۆیان

دەخستە سەر زیادبوونی کرێیەکان. بەبڕینی ساڵانی سەدەی نۆزدە پیشەی پزیشکی بە هەموو شێوە بۆ ڕێگرتن لە پێشبڕکێ کەوتبووە خۆ. بەڵام هەموو دوکتۆرێک هەمان ئارەزووی بی ئێم ئەی و یەکەتیی بازرگانیی پزیشکانی نەبوو، دوکتۆرگەلێک زۆر لەگەڵ کۆمەڵە دۆستایەتییەکان سازان و کاریان کرد.

**سەرەتای کاری پیشەیی**

جۆرناڵە پزیشکییەکان دەستیان کرد بە خستنەڕووی مەرجەع بۆ ناکۆکییەکانی نێوان دوکتۆران و کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ساڵانی (١٨٣٠)کاندا، هەروەها لە ساڵانی (١٨٤٠ و ١٨٥٠)کاندا دوکتۆران دەستیان کرد بە کاری تۆکمەتر. لەو کاتەدا، پیشەی پزیشکی ڕێکخراو بەو شێوەیە دژی یانەکان نەبوو، بەڵام دوکتۆران بەدوای ریفۆرمێکی خێرا و بەرچاو بوون. دوو ناڕەزاییی سەرەکییان هەبوو: (١) مووچەیان کەم بوو و (٢) کۆمەڵە دۆستایەتییەکان ئەو ئەندامانەیان وەردەگرت کە دەیانتوانی دەسهەقی زیاتر بدەن. لە ١٨٦٩دا، جۆرنالی پێشەنگی پزیشکی بەناوی (لانسێت)، ئاماژەی بە "شەڕی یانەکان" دا، رای گەیاند ئەو شەڕە هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە. لەو ساڵەدا، دوکتۆران لە ناوچەی وێست برۆنویچ داوایان لە ٣٤ کۆمەڵەی دۆستایەتی کرد کە ٣ شیلینگ بە مووچەی ساڵانەیان زیاد بکەن. لە وەڵامدا، کە وەڵامێکی عادیلانە و نموونەیی بوو، ١٨ لەو کۆمەڵە دۆستایەتییانە کرێیان کردە ٤ شیلینگ، حەفتیان کردیانە ٥ شیلینگ. هەروەها لە حاڵەتێکدا یانەیەکی نوێ دامەزرا و کرێی دوکتۆری کردە ١٠ شیلینگ. ٩ یانە هەر وەڵامیشیان نەدایەوە. یانەیەکیان یەکسەر کرێی دوکتۆری کردە ٤ شیلینگ، بەڵام دواتر لە حوزەیرانی ١٨٧١، دوو دوکتۆر خۆبەخشانە کاریان کرد و تەنیا ٣ شیلینگ کرێیان وەردەگرت و هەروەها ئاماژەیان بۆ دەکرێت کەوا کرێی کەمتریشیان وەرگرتووە. بەگشتی دوکتۆرەکان هەستیان بەوە کرد کە هەڵمەتەکەیان سەرکەوتوو بووە.

هەڵمەتەکانی کۆتاییی ساڵانی (١٨٦٠ و ١٨٧٠)کان سیفەتی توند و تاڵی ساڵانی دواتریان نەبوو. لانسێت ئەوەی ئاشکرا کرد کە گەلێکیان ساڵانە کرێکەیان زیاد کرد بۆ ٥ شیلینگ و گەلێکیشیان زیادیان کرد بێ ئەوەی پاڵەپەستۆیان بخرێتە سەر، بەڵام بەنوێنەرایەتیی ماقووڵ و بەئەدەبەوە.

## سەرهەڵدانی پەیمانگە پزیشکییەکان

خەوشێکی هەڵمەتەکەی پزیشکەکان دامەزراندنی پەیمانگەی پزیشکیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی لێ کەوتەوە. یەکەم پەیمانگە لە پرێستن لە ١٨٧٠ کرایەوە لە وەڵامی هەڵمەتی دوکتۆرانی مەحەلی بۆ زیادکردنی کرێ. دوکتۆران پاڵەپەستۆیان دەهێنا بۆ زیادکردنی ٥٠٪ی کرێی ساڵانەیان کە کەمترینیان ٣ شیلینگ بوو، لەگەڵ برێکی زیادەی دووری بۆ ئەو نەخۆشانەی لە دەرەوەی ناحیەکە دەژیان. لە دیسێمبەری ١٨٦٩دا، کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی پرێستن زانییان کە دەبێ وەڵامی داواکانی ئەو دەزگەیە بدەنەوە کە پێی دەگوترا "یەکەتیی بازرگانیی پزیشکیی پرێستن". ئەنجامەکەی برێتی بوو لە دامەزراندنی تیمارگەی پاشەکەوتکەری کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی دەزگەی پرێستن.

هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی پەیمانگە پزیشکییەکان هەڵمەتی دوکتۆران بوو بۆ زیادکردنی دەسهەقیان. ئەم هۆکارە حەزێک نەبوو بۆ زیادنەکردنی دەسهەقی چاودێریی پزیشکی، بگرە زیاتر نارازیبوون بوو بە کاری نەریتییانەی خانەکە. سێ رەخنەی سەرەکی لە ئارادا بوو. یەکەم، دوکتۆرانی خانە عادەتەن پارت تایم بوون، هەر تەنیا خزمەتی لقەکانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانیان نەدەکرد بگرە نەخۆشی تایبەتیشیان وەردەگرت لە چوارچێوەی کرێی بنەمای خزمەتگوزاری. هەندێ ئەندامانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە چەند ناوچەیەکدا هەستیان بەوە کرد کە فەرمانبەرانی پزیشکی خانەکانیان زیاتر حەزیان لەوە بوو کارێکی تایبەتی بەرهەمدار بکەن تا خزمەتکردنی ئەندامانی خانەکە. بۆ مسۆگەرکردنی سەرنجێکی تەواو بە دوکتۆر، پەیمانگە پزیشکییەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتیی فەرمانبەری پزیشکی فوولتایمیان دامەزراند کە بۆیان نەبوو نەخۆشی تایبەتی وەربگرن. رەخنەی دووەم ئەوە بوو کاتێک هەندێ دوکتۆر داوودەرمانی زۆر گرانیان دەنووسی بۆ نەخۆشان، بەدەگمەن ئەو دەرمانانەیان لا دەس دەکەوت، بۆ ئەوەی نەخۆش پارەی زیاتر بدات بە دەرمانفرۆشەکان. ئەو جۆرە دوکتۆرانە مشتومڕی ئەوەیان بوو کە کرێی جێگیری ساڵانە بەشی دەرمانە گرانەکانی نەدەکرد. ئەم کارەش لە هەموو شوێنێک نەبوو، بەڵام پیادەش دەکرا. پەیمانگە پزیشکییەکان بەسەر ئەمەدا زاڵ بوون بەهۆی کڕینی بەکۆی دەرمان و هەڵگرتنی لە

تیمارگەکانیاندا. وێڕای ئەمەش، پەیمانگە پزیشکییەکان دەرمانی سروشتییان هەڵدەگرت وەک ڕۆنی جگەر و جۆری ترشاو.

ڕەخنەی سێیەم ئەوە بوو کە خانەکان عادەتەن دەرمانیان دابین نەدەکرد بۆ ئەوانەی پێویستیان پێی بوو. بۆیە، پەیمانگە پزیشکییەکان بۆ تەواوی خێزان دابینیان دەکرد نەک تەنیا بۆ ئەندامانی یانە. لە ساڵانی (١٨٧٠)کاندا زۆربەی پەیمانگەکان ساڵانە کرێی دوکتۆریان کردە ٨ شیلینگ بۆ تەواوی خێزان، لە کاتێکدا پێشتر خانەکان ٣ شیلینگ و ٦ پێنسیان تەنیا بۆ پیاوەکە دانابوو. چاودێریی باوانیش هەبوو بەڕێژەی ١٠ شیلینگ ٦ پێنس. جگە لەوەش، بێوەژن و هەتیوەکان ڕێگەیان پێ دەدرا بەردەوام بن لە ئەندامێتی، لە هەندێ حاڵەتدا هەتیوەکان بەخۆڕایی هاوکاریی پزیشکیشیان وەردەگرت تا دەگەیشتنە تەمەنی کارکردن.

لە ١٨٧٧، هەوڵ درا بۆ دامەزراندنی پەیمانگەی پزیشکی یان دەزگەی هاوکاریی پزیشکی لە سەرانسەری ئینگلتەرادا. لە پرێستن، نیوپۆرت، دێربی، وۆرسێستەر، نۆتینگهام، برادفۆرد و شوێنەکانی تر دامەزرا بوون. بەلای هەندێ سەرکردەی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە، دامەزراندنی پەیمانگەی پزیشکی هەنگاوێکی تر بوو لە هەڵمەتی کۆمەڵە دۆستایەتییەکاندا، لە دەستەواژەیەکدا کورت کرایەوە کە یەکسەر لەلایەن سیستمی خۆشگوزەرانییەوە دزرا، دەستەواژەکەش ئەمە بوو: دابینکردنی هاوکاریی پزیشکی بۆ ئەندامان "لە بێشکەوە تا گۆڕ." دەگوترا، سەرکردەکانی بزووتنەوەکە کارەکەیان بەتەواو نەدەزانی هەتا ئەم دەستەواژەیان بەجێ نەهێنابا.

لە ١٨٧٩، هاوپەیمانی پزیشکیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان (FSMA) "فزما" دامەزرا بۆ برەودان بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی پەیمانگە پزیشکییەکانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان. لە ١٨٨٢ فزما ئاژانسێکی پزیشکیی دامەزراندبوو (جۆرێک بوو لە ئاڵوگۆڕی کار)، دوکتۆران ناو و شارەزاییەیان لەو ئاژانسە تۆمار دەکرد تا بزانرێت کامە پەیمانگەی پزیشکی پێویستی بەدوکتۆرە و بۆیان دابین دەکرد. لە ١٨٨٣، ٣٢ پەیمانگەی پزیشکی بەخۆیان ١٣٩ هەزار ئەندامەوە بەتەواوی بۆ فزما گەڕانەوە. پەیمانگە هەبوو لە برادفۆرد، بیرمینگهام، بریستل، دێربی، ئێکزێتە،

گرینۆک، هەل، هارتلپول، لیدز- لیسێستە، لینکلن، لوێستۆفت، نیوپۆرت، نۆرسامتن، پۆرتسماوس، ریدینگ، شیفلد، وێست برۆمویچ، ولڤەرهامپتن و شوێنی تریش. گەورەترین پەیمانگە لە یۆرک بوو کە ٩٣٠٠ ئەندامی هەبوو. لە ١٨٩٨، نزیکەی ٤٠ پەیمانگەی پزیشکی تۆمارکراو وەک کۆمەڵەی دۆستایەتی هەبوون کە نزیکەی ٢١٣ هەزار ئەندامیان هەبوو، هەروەها ٧٥ فەرمانبەری پزیشکییان تەعین کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیمانگەی پزیشکیی تۆمارنەکراو هەبوون. لە ١٨٩٦، بەلایەنی کەم نزیکەی ١٩ هەزار ئەندام هەبوون. بەلایەنی کەم بیستیان شوێنی خۆیان، تیمارگە و شوێنی عەمەلیات و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دوکتۆران هەبوو. کرێی ساڵانە جیاواز بوو، بەڵام عادەتەن ٣ شیلینگ بوو بۆ پیاوان، ٤ تا ٥ شیلینگ بۆ ژنان و یەک شیلینگیش بۆ منداڵان. لە هەندێ حاڵەتدا، کرێیەکی گشتی بۆ تەواوی خێزان وەردەگیرا، کە لە ٣ شیلینگ و ٦ پێنسەوە هەبوو تا ٨ شیلینگ. کرێی باوان هەر ١٠ شیلینگ و ٦ پێنس بوو. گەورەترین پەیمانگە لە دێربی ١١٦٠٠ ئەندامی هەبوو. یۆرک دووەم گەورەترین بوو کە ١٠٣٠٠ ئەندامی هەبوو، پاشان ولڤەرخامپتن کە ٨٧٠٠ ئەندامی هەبوو.

**شەڕی یانەکان**

چەندان توێژینەوەی ئەکادیمی لەو ماوەیەدا زۆر پشتیان بە نووسراوی رووداوەکانی پزیشکانە بەستووە. بۆ نموونە، پرۆفیسۆر بێنتلی گیلبەرت باسی ئەتروحەی ئەلفرێد کۆکس دەکات کە سکرتێری پزیشکیی بی ئێم ئەی بوو، دەڵێت "شتێکی نهێنی نەبوو کە گەلێک کەس بەهۆی بەرتیل و گەندەڵییەوە تەعین دەکران." هەروەها گیلبەرت بەردەوام دەبێت و دەڵێت "کارەکان کەمکردنەوەیان (موناقەسە) بۆ دەکرا بۆ کەمترین. واقیعەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوو، هەروەها لە کاتی ئاوابوونی سەتەکەدا، گردبوونەوەی دوکتۆران بۆ زیادکردنی دەسهەق چەندان وەڵامی جۆرەوجۆری لێ کەوتەوە.

ئەزموونی یەکەتیی پزیشکیی پۆرتسماوس نموونەیی بوو. وێڕای هەوڵدان بۆ زیادکردنی پارە لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان، کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی و پاسەوانانی یاسای هەژاران، یەکەتیی پزیشکیی پۆرتسماوس خۆی تەرخان کرد بۆ دەرکردنی "لیستی رەشی دوکتۆران" و نەهێشتنی درێژکردنەوەی گرێبەستی

پراکتیکی بۆ ئافرەتان. هەڵمەتەکانیان بۆ هەقدەسی زیاتر وەلامێکی تێکەڵی لێ کەوتەوە هەردوو فەرمانبەری پزیشکی لە کۆمەڵەی سوودی پزیشکیی پۆرتسماوس (کۆمەڵەیەک بوو لەلایەن کرێکارانی کەشتییەوە بەڕێوە دەبرا و فەندیشی لە گلدانەوەی مووچە بۆ دابین دەکرا) دەستیان لە کار کێشایەوە لەبەرئەوەی دەسهەقیان کەم بوو. کرێکارانی کەشتی دوکتۆری تریان پەیدا کرد بۆ پڕکردنەوەی شوێنی هەردوو فەرمانبەر. بەلام، هەندێ کرێکاری کەشتی دڵیان بە فەرمانبەری پزیشکیی بنچینەیی دەسووتا و کۆمەڵەیەکی نوێیان دامەزراند کە کاری پێشکێش بەو فەرمانبەرانە دەکرد. دوو مانگ دواتر، لە نۆڤێمبەری ١٨٩٥دا، یەکێک لە خانە هەرە گەورەکانی ئۆفێلۆسی پۆرتسماوس هەڵبژاردنێکی ساز کرد بۆ بەڕێوەبەریی پزیشکی. بەڕێوەبەرەکەیان بەناوی دوکتۆر لۆرد، یاسا نوێیەکانی قەبووڵ نەبوون، بەتایبەتی رێژەی منداڵان کە ساڵانە ٢ شیلینگ و ٦ پێنس بوو. دوکتۆر لۆرد داوای ٤ شیلینگی دەکرد. سێ ڕکابەری دەرەوە دژی وەستانەوە، زیاتریش دژی بێزارکەریی جۆرنەل پزیشکیی بەریتانیایی (بی ئێم جی). یەکێکیان پێشنیازی کرد هاوکاریی پزیشکی بۆ مێرمنداڵان ٢ شیلینگ و ٦ پێنس بێت، ئەوی تر داوای ٢ شیلینگی دەکرد و یەکێکی تریش داوای ١ شیلینگ و ٦ پێنسی دەکرد. لەبەرئەوەی دوکتۆر لۆرد زۆر ڕێزی لێ دەگیرا، بۆیە دووبارە، وێڕای ئەو مووچە زۆرەی، داوای دەکرد، هەڵبژێردرایەوە، ١٦٨ دەنگی بردەوە، هەریەک لە ڕکابەرەکانیش ٦٥، ٣١، ١١ دەنگیان بەدەست هێنا.

لە ساڵانی (١٨٩٠)کاندا، هەڵمەت لە دژی یانەکان بەشێوەیەکی کاریگەرتر ڕێک خرا. لە ١٨٩٥، لانسێت کۆمیسەرێکی تایبەتی دەستنیشان کرد بۆ ڕاپۆرت ئامادەکردن لەسەر "شەڕی یانەکان" و تا دیسێمبەری ١٨٩٦، ٣٧ ڕاپۆرت بلاو کرابوونەوە. لە ١٨٩٥، ئینديێکسی بی ئێم جی چەندان سەرچاوەی تێدا بوو لەبارەی شەڕی یانەکانەوە. لە ١٨٩٦، بانگەواز کرا بۆ هەڵوێستی یەکەتییەکی بازرگانیی کراوە و هەندێ دوکتۆریش ئیدانەی سەربازە هاوکارەکانیان کرد و بە "پێ ڕەش" ناویان بردن. بەلام وێڕای رێکخراوی زیاتر و سەربازگەریی پیشەیی زیاتر، هەوڵی دوکتۆران بۆ دامەزراندنی قۆرخکارییەکان بەردەوام ڕووی لە فەشەل بوو. تەقەلای پیشەیی بۆ زیادکردنی دەسهەق چەندان وەلامی لێ کەوتەوە، هەروەها کرێی ساڵانە بۆ ٤ یان ٥ شیلینگ زیادی کرد. بەلام هەر کاتێک

تێکەڵەیەکی پیشەیی تووشی بەرهەڵستکارییەکی توند دەبوو لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان، دوکتۆرەکان دەدۆڕان.

### چەوت بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت

هەندێ دوکتۆر لە سەرنەکەوتنیان نائومێد بوون و دەستیان کرد بەو مشتومڕەی کە ئەرکەکەیان وەک پێویست نەچووەتە فۆڕمێکی بازرگانییەوە. بۆیە کردیانە سەر هاوکارەکانیان تا دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پزیشکیی گشتی (جی ئێم سی) توندتر بەکار بێنن بۆ زاڵبوون بەسەر بەکاربەرەکاندا. سەرنجی سەرەکیی جی ئێم سی ئەوە بوو کە بەپێی یاسای پزیشکییساڵی ١٨٥٨، دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو کە دوکتۆر لە تۆماری پزیشکی لابدات. ئەگەر تاوانبار بایە بە رەفتارێکی نابەجێی پێوەست بە پیشەکەیەوە. لابردن واتە کۆتاییی پیشەی دوکتۆرەکە.

هەندێ پزیشک رایان وابوو کە ئەمە "پەرچە کرداریکی نابەجێ"ی دروست کردووە بۆ سەرنەکەوتنی هاریکاریکردنی کارە پیشەییەکە کە بەمەبەستی سنووردارکردنی پێشبڕکێ و زیادکردنی دەسهەق دەکرا. ئەو دوکتۆرانە هەوڵیان دا جی ئێم سی بەکار بێنن تا وا لە هاوکارانیان بکەن لە تۆماری پزیشکی بچەقن و نەتوانن لە مشتومڕە بازرگانییەکاندا بەشداری بکەن. ئەم هەوڵانە لە سەرەتای ١٨٩٢ دەستیان پێ کرد.

نزیکبوونەوە لە جی ئێم سی، لەلایەن یەکەتیی بەرگریی پزیشکی (ئێم دی یو)ەوە ڕابەرایەتی دەکرا، کە هێرشەکانی جەختیان لەسەر کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی دەکردەوە، ئەم کارە رێکخراوە بازرگانییەکان و پەیمانگەی پزیشکیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانیشی گرتەوە. ئێم دی یو رای گەیاند کە پزیشکانی سەر بە کۆمەڵەی هاوکاریی پزیشکی ئارەقە دەکەن بۆ قازانجی کۆمەڵەکان. وەڵامی جی ئێم سی بریتی بوو لە دانانی لێژنەیەک کە لە حوزەیرانی ١٨٩٣ ڕاپۆرتی پێشکێش کرد. رەخنەکانی ئێم دی یو لەلایەن دوکتۆرێکەوە وەڵام درانەوە کە وەک بەڕێوەبەری پزیشکیی پەیمانگەی پزیشکیی کۆمەڵەیەکی دۆستانە کاری دەکرد. ئەو بۆچوونەی رەت کردەوە کەوا بەڕێوەبەرانی پزیشکی ئارەقەیان کردبێت، گوتی، بەپێچەوانەوە ئەوان پۆستیان وەک بەڕێوەبەری پزیشکی وەرگرتووە بۆ دەربازبوون لەو ئارەقەیەی کە پێشتر دەریان دەدا لەلایەن موزەمیدە تایبەتییەکان کە وەک

یاریدەری دوکتۆر خۆیان تەعین کرد. دوکتۆرەکە لە جیاتیی هەموو هاوکارەکانی خۆی قسەی کرد و گوتی پێشتر داوایان لێ کراوە زیاتر کار بکەن بەمووچەیەکی کەمتر وەک یاریدەر و هاوکاریی دوکتۆر بکەن. زۆربەیان بەلایەنی کەم کارێکی زۆریان پێ درابوو لەو کاتەی کە یاریدەر بوون، هەندێکیشیان سێ جار باری شانیان زۆر قورس کراوە. لە راستیدا، ئەمە ئازارێکی درێژخایەن بوو. دوکتۆرەکە نکوولّیی لەوە کرد کە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان قازانجیان لە کارەکانیاندا کردبێ. ئەگەر باری مادی داتەپیبا، کە جاروبار دادەتەپی، ئەوا بۆ دابینکردنی ئاسایشی داهات بوو لە داهاتوودا: "ئێمە تەواو قایل بووین بەوەی کە دەبێ داهاتمان پارێزراو بێت، بۆیە لەمەڕ پارەوە هیچ ناڕەزاییەکمان نییە."

لێژنەی جی ئێم سی ئاگەدار بوو لە جیاوازییەکانی نێوان پەیمانگەی پزیشکیی کۆمەڵەی دۆستایەتی و رێکخراوە بازرگانییەکان و لە کاتی پێشکێشکردنی راپۆرتی ئەندامانی لێژنەکەدا گوتی "ئارەزووی ئەوەی هەیە بەباشی داکۆکی لە شەرعیەت و کاری بەسوودی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بکات" لێژنەکە متمانەی خۆی پێشان دا بە هاوپەیمانیی پزیشکیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان کاتێ گوتی پەیمانگە پزیشکییەکان دەبێ پابەند بن بە یاسا رێبەرییەکانەوە. بەپێی یاساکان ٢ هەزار تا ٢٥٠٠ نەخۆش پێویستییان بە یەک بەڕێوەبەری پزیشکی فوولتایم هەیە. ٢٥٠٠ تا ٣٥٠٠ نەخۆش پێویستییان بە بەڕێوەبەرێک و تیمارکەرێکی فوولتایم هەبوو، ٣٥٠٠ تا ٤٥٠٠ پێویستیان بە بەڕێوەبەرێکی بالای پزیشکی و یاریدەرێکی بەڕێوەبەری پزیشکی هەبوو. زیاتر لە ٤٥٠٠ نەخۆش یان ئەوەتا پێویستی بە سێ بەڕێوەبەری پزیشکی هەبوو، یانیش دوو تیمارکەری فوولتایم. بەڵام، بەگوێرەی لێژنەی جی ئێم سی، ئەو سنوورانە زۆرجاران دەبەزێنران.

یەکەتیی بەرگریی پزیشکی، کە دەسپێشخەری ناڕەزاییەکەی کرد، داوای ئەوەی کرد کە خزمەتگوزاری لە پەیمانگەیەکی پزیشکیدا دەبێ وەک رەفتارێکی نابەجێ دابنرێ، مەگەر لە شوێنێک کە تەعینکردنەکە بەپێی یاسای یانەکە بێت. لێژنەکە رازی نەبوو. جی ئێم سی گەیشتە ئەو ئاکامەی کە توێژینەوەکە لەلایەن لێژنەکەیان هیچ کارێکی نابەجێی ئاشکرا نەکردووە لە چوارچێوەی پارێزگەی دەستووری ئەنجومەنەکەدا.

له سـالآنی (١٨٩٠)کـاندا، مـووچه و مـه‌رجـه‌کـان له په‌یمـانگه پزیشـکییـه‌کـاندا جیـاواز بوون، به‌لاّم که‌مـترین رێژه‌ی که‌مـترین مـووچه سـالآنه ١٢٠ پاوه‌ند بوو بۆ زۆربه‌ی ته‌عینه تازه‌کان. له سه‌رووی هه‌موو ئه‌وانه‌وه، عاده‌ته‌ن شوێنی حه‌وانه‌وه‌ش به‌خـۆڕایی هه‌بوو له‌گـه‌ڵ خـه‌رجـیی گـه‌شت. بـه‌ڕێوه‌به‌ری بالاّی پزیـشکی عـاده‌ته‌ن ٢٠٠ پاوه‌ندی وه‌رده‌گرت، باشـترین مووچه‌ش لـه ٣٠٠ پاوه‌ند زیاتر بوو. خـه‌ڵکێکی زۆر ته‌قدیری ئه‌و پۆسـتانه‌یان ده‌کرد، ته‌نانه‌ت به‌که‌مترین مـووچه‌شه‌وه. بۆ نموونه، له ١٨٩٣، ٧٥ داواکار بۆ یه‌ک پۆست هـه‌بوو که مـووچه‌که‌ی ١٢٠ پاوه‌ند بوو، له‌گه‌ڵ خانووێک. ئه‌مـه له‌به‌ر ئه‌وه بوو که گه‌لێ دوکتـۆری دامـه‌زراو له کاره تایبه‌تییـه‌کاندا وه‌ک یاریده‌ر تـه‌عین کـرابوون به مـووچه‌یه‌کی کـه‌مـتـریش، زۆرجـار مـووچه‌کـه‌یان سالآنه له نێوان ٦٠ تا ٨٠ پاوه‌ند بوو.

پاڵه‌په‌ستـۆ له‌سـه‌ر ئه‌نجوومـه‌نی پزیشکیی گشتی درێژه‌ی کێشا. هه‌ندێ دوکتـۆر به‌کراوه‌یی باسـی ئه‌وه‌یان ده‌کرد که ده‌بێ رێژه‌ی تایبه‌تـی مووچه دیاری بکرێت. بۆ نموونه، دوکتۆرێک، ناڕه‌زاییی ده‌ربڕی به‌وه‌ی که بڕه‌که‌ی "بڕێکی سوالْکارانه‌یه" که له گرێبه‌سـتی کاردا هـاتبوو، داوای لـه جی ئێم سی کرد به کـاری نابه‌جێ وه‌سـفی بکات کـه کـه‌مـتـر له کـه‌مـتـرین مـووچـه‌ی قـه‌بووڵ کـردووه. هه‌ندێ جـار، به‌هۆی په‌شیـمـانیی هه‌ندێ له ئه‌ندامـانی، کۆبوونه‌وه‌کـانی جی ئێم سی به گفـتوگۆکـانی تاکتیکه‌کانی یه‌که‌تیی بازرگانی ده‌چوو. پاڵه‌پەستـۆ له‌سـه‌ر جی ئێم سی به‌رده‌وام بوو له نۆڤێمبـه‌ری ١٩٠١دا، له وه‌رچه‌رخانێکی گرینگدا، ده‌رگه به‌ده‌رگه به کاری نابه‌جـێ ناوزه‌ند کـرا. سـاڵێک دواتر بڕیـارێکی هێنده‌ی ئه‌مـه گـرینگ ده‌رچوو کـه رێکلامکردنیش به‌کارێکی نابه‌جێ ناوزه‌ند کرا.

## گرتنی ده‌وڵه‌ت- کاریگه‌رییه‌کان له‌سه‌ر ده‌سه‌لاّتی پیشه‌یی

بۆ یه‌که‌م جار، به‌پێی بڕیاره‌کانـی سـالآنی ١٩٠١ و ١٩٠٢ ده‌سـه‌لاّته‌کانی جی ئێم سی به‌کراوه‌یی به‌کار هێنران بۆ به‌رژه‌وه‌نـدیی زیاتری دوکتۆران لـه‌سه‌ر حسـێبی نه‌خـۆشـان. خـه‌ڵکی ئه‌و کـاته بـه‌ته‌واوی له‌و بڕیارانـه گـه‌یشتن. بڕیار دژی ریکلام (شاباشی) به‌رژه‌وه‌ندیی رۆژنامه‌وانیی زۆر لێ که‌وته‌وه، هه‌روه‌ها ئـه‌و تۆمه‌تانه‌شی کـه گوایه جی ئێم سی بووه‌ته ئـالییـه‌تێکی یه‌که‌تیی بازرگـانی، باو بوون. له‌گـه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، زۆربه‌ی دوکتـۆران له‌سه‌ر جی ئێم سی به‌شه‌رەفـه‌وه ئه‌وه‌یان ره‌ت کرده‌وه

کــە دەســـەڵاتی دەوڵەت بۆ مـــەرامی لابەلا بەکـــار بێنن. هـەروەک ی. م. لیـــتل، مـێژوونـووسی بی ئێم ئـەی، لەو بارەیەوە گـوتی: ئێـسـتا پیـشـەکـە ئەو چەکـانەی دۆزییـەوە و لەژێر دەسـتی خـۆیەتی و لە بـەکارهێنانیـشیـان بەشـێوەیەکی کـاریگەر سـەرکەوتـوو بووە. پێشـبڕکـێ، بەهەمـوو سـوودەکـانـی بۆ بەکاربەر، چیی تـر تەنیـا شـتێک نەبوو کـە بەهۆیەوە هـاوکـاران دڵگران بکـات، چونکە لەوانە بوو ببـێتـە هـۆی لەدەسـتدانی ژیانی دوکـتـۆر. بی ئێم ئەی ئەم پەیامـەی گـەیانـدە هـەمـوو مـاڵێک لە ڕێگەی جـۆرنـالی پزیشکیی بەریتـانیـایی. لە ۱۹۰۳، بـی ئێم جـی زنجـیـرەیەک بەرەنجامـی هـەڵمەتی سـەرکەوتووی بڵاو کردەوە کـە وڵاتیان پێ بەرز و نـزم کرد، بە کارەکانی دورهام، گێتسهێد، وۆڵسێل و ڕۆتردامیشەوە.

پێـشـبڕکـێ ئەو کـاتـە بەکەڵک دێت ئەگـەر زانیـاریی ئازادانە بەردەست بێت بۆ بەکـاربەر. هـەڵمـەتی قـەناعـەت پێکردن و ڕێکلام دوو ڕێگەی سـەرەکین بـەهـۆیانەوە زانیـاری وا لە بـەکاربەر دەکات جیـاوازی لە نێـوان بەرهـەمـهـێنەرە بـەردەسـتـەکان بکـات. ئەمـە ڕێککەوت نیـیـە کـە یەکـەم جـار هـەڵمـەتی ڕێکلام بەڕێوە دەچێت، لەبـەرئەوەی ڕێکلامـــچی بـەئاســـانی زانیـــاری لـەبارەی نـرخ یان جـــۆر دەخـــاتە بەردەسـتـی بەکـاربەر، لە کـاتێکدا هەڵمـەتگێـڕ چالاکـانە سـەرنجی بەکـاربەر رادەکـێـشـێت بـۆ لایەنە چاکـەکـانی خـزمـەتگوزارییـەکـان. هەردووک چالاکی بەرژەوەندییەکانی بەکاربەر دەپارێزن، هەردووکیشیـان لە دوای ۱۹۰۲ لەلایەن جی ئێم سییەوە ڕەت کرانەوە.

یاسـاکـانی ڕێکلام و هەڵمـەت چ جـیـاوازییـەک بۆ دەسـەڵاتی پیـشـەیی دروست دەکـەن؟ لە ۱۹۰۵، بـی ئێم ئەی لێکـۆڵینـەوەیەکی سـەرەکـیـی لەبارەی گـرێبـەسـتی پراکتیکییـەوە بڵاو کـردەوە. لێکۆڵینەوەکە لەلایەن لێژنەی سیـاسـیی پزیشکییـەوە ئەنجـام درابـوو لەبارەی ۱۲ هـەزار دوکـتـۆر کـە ۱۵٤۸ وەڵامی بۆ گـەڕایەوە. لەو وەڵامـانـەدا، ٦۹۲ وابەسـتـە نەبوون بە گـرێبـەتسی پـراکتـیکی و ۸٥٦یان وابەسـتـە بوون. ئەوانەی کـە پرسـیـاری ڕێژەی مـووچەیان وەڵام دابووەوە، ٤٥۸یان لە وەڵامـدا گـوتیـان مـووچـەکەیان زۆر کـەمـە، هەروەها ١٦٥یش ڕازی بوون بە مـووچـەکـەیان. ڕێژەی مـووچە لەنێو دوکتـۆراندا کـە خزمـەتی کـۆمـەڵە دۆسـتـایەتییـەکان یان یانە هـاوشـێوەکـانیـان دەکرد جیاواز بوو بـەپێی ١٦٤١ حاڵەت کە لە کاتی لێکۆڵینەوەی بی ئێم ئەیەوە وەرگـیـرابوون. هـەروەک خـشـتـــەی ٤ پێـشـــانی دەدات، نزیکەی

چارەگێکی یانەکان لە ٤ شیلینگ کەمتریان دەدا، نزیکەی سێ چارەگیان لە ٤ شیلینگ زیاتریان دەدا. نزیکەی چارەگێکیان ٥ شیلینگ یان زیاتریان دەدا.

باوترین ژمارە ٤ شیلینگ یان ٤ شیلینگ و ٤ پێنس بوو. ئەمە بەگوێرەی هەلومەرجی کۆکردنەوەی پێنی لە هەفتەیەکدا. زۆربەی کۆمەڵە دۆستایەتییە گەورەکان راستەوخۆ ٤ شیلینگ و ٤ پێنسیان دەدا بە دوکتۆرەکە. بۆ نموونە، لە ئەنشینت ئۆردەری فۆرێستەرس، تەواوی ئابوونەی پزیشکی راستەوخۆ دەدرا بە دوکتۆر، تەنیا هەندێ حاڵەتی دەگمەن نەبوایە. بەڵام شتێکی گشتی بوو بۆ هەندێ لە کۆمەڵە بچووکترەکان ٤ شیلینگ بدەن بە دوکتۆر، ٤ پێنسەکەیان بۆ خەرجیی ئیدارە گل دەدایەوە. ئەمە زۆر هەرزان بوو بە بەراورد لەگەڵ یانە تایبەتییەکانی دوکتۆران.

رووپێوەکە پشتی بە وەڵامە ئارەزوومەندانەکان بەست، کەواتە شتێکی ئاساییە وا دابنێیت کە ئەنجامەکان لە بەرژەوەندیی دوکتۆرە ناقایلەکاندا بوون. ئەگەر وا بێت، پیشەی پزیشکی زۆر شتی لەبارەوە نەبوو نارەزاییان لێ کەوێتەوە. لەو ٤٥٨ دوکتۆرەی گوتیان مووچەیان زۆر کەمە، ٣٩٣یان پێشنیازی ژمارەیەکیان کرد کە پێی قایل دەبن. نزیکەی لە ٧٠٪ یان ٤ شیلینگ تا ٦ شیلینگیان پێشنیاز کرد وەک دەسهەقی ساڵانەیان. نیوە کەمتریان بە ٥ شیلینگ یان کەمتر قایل دەبوون. ئەو ویستانە وردە وردە بەدی هاتن.

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان جەختیان لەسەر سەرنجی پراکتیکی گرێبەستە پراکتیکییەکان کردەوە، کە گەلێ دوکتۆر زۆر بەپەرۆشەوە زانیارییان لەبارەیەوە هەبوو. هەروەک تۆمارکەری باڵای کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ١٩٠١دا گوتی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان حەزیان وەها بوو نرخێکی دادوەرانە بدەن بە خزمەتگوزاریی پزیشکییان. ئەوانە نە سواڵکەر بوون و نە هەقیشیان خورابوو. هەروەک لە یەکێک لە وتارەکانی کۆواری ئۆدفێلۆسدا هاتووە، گرێبەستی پراکتیکی کارێکی باش بوو. باشتر نەبوو لە پراکتیکی بازرگانی بۆ داشکاندنی کرێی ئاسایی لە بەرامبەر داهاتێکی بەردەوام، ئازادی لە هەڵگرتنی کتێب و مەترسیی قەرزی خراپ. دوای هەموو شتێک، سکرتێری خانەکە هەموو ئەرکە ئیدارییەکانی گرتە دەست، ئەگینا دەبوایە لەلایەن دوکتۆر یان سکرتێرێکەوە بێنە وەرگرتن.

داهاتی دوکـتـۆر بەردەوام بوو، یان ئـەوەتا بەبێ هیچ خـەرجـیـیـەک کـۆ دەکـرایەوە یانیش بۆ بڕێک پارە بەبەراورد لەگەڵ خەرجیی کۆکەرەوەی تەعینکراوەکە.

وێڕای ئەمەش، خانەکان هاریکارییان لەگەڵ دوکتۆران دەکرد تا ڕێژەی خەرجی بگەیەننە نزمترین ئاست. بۆ نموونە، کارێکی عادەتی بوو کە شووشەی دەرمانەکە گەڕاندرابایەوە لای دوکتۆر. ئەگینا دەبوو پارەی شووشەکە بەرێ. هەروەها کۆمەڵە دۆستایەتییەکان هەوڵیان دا هانی ئەندامان بدەن داواکاریی ناماقووڵ نەکەن بۆ سەردانی ماڵان.

قەدەخەکردنی هەڵمەت و ڕێکلام دیار بوو کاریگەرییەکی کەمی هەبوو لەسەر فراوانکردنی پەیمانگە پزیشکییەکان. بەردەوام لە گەشەسەندندا بوون. تەنیا لە ئینگلتەرا لە ١٩١٠، دوا ساڵ پێش دەرچوونی بیمەی نیشتمانی، پەیمانگە پزیشکییەکان گەیشتنە لووتکەی کاریگەرێتییان. لەو ساڵەدا، ٨٥ پەیمانگەی پزیشکی وەک کۆمەڵەی دۆستایەتی هەبوون، ٣٢٩٤٥٠ ئەندامیان هەبوو. (بە پشتبەستن بە ئاماری ١٨٩٦)، وا دابنێین کە کۆمەڵە تۆمارنەکراوەکان ١٣٪ی کۆی گشتییان پێک هێنابێت، ئەوا نزیکەی ١٠٠ پەیمانگە هەبووە لە ١٩١٢ (هەروەک لەلایەن تاکە خەملاندنی هاوچەرخیشەوە باسی لێوە کراوە)، کە نزیکەی ٣٥٠ هەزار ئەندامیان هەبووە. نزیکەی ٣٠ پەیمانگەی پزیشک، تیمارگە و ژووری عەمەلیاتی خۆیان هەبووە.

## خولیای دوکتۆران بۆ زێدەڕۆیی

لە شوباتی ١٩٠٩دا، کۆبوونەوەیەک لە نێوان نوێنەرانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان و بی ئێم ئەیەوە ئەنجام درا لەژێر چاودێریی کۆمەڵەی ڕێکخراوی خێرخوازیدا. ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوون بە ڕوحێکی دۆستانە هاتە کایەوە، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر دیارکردنی ئاستی مووچە بەدەست نەهات، کە خەمی سەرەکیی دوکتۆران بوو. کۆمەڵە دۆستایەتییەکان پێیان داگرت لە ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی تەنیا ئەوانەی کە کەمتر لە مووچەیەکی مسۆگەر وەردەگرن. لەو کۆبوونەوانەدا، هەندێ دوکتۆر خولیای خۆیان بۆ زێدەڕۆیی پێشان دا. لە کۆبوونەوەی شوباتی ١٩٠٩، سێر تۆماس بارلۆ گوتی ژیانی یانەی دوکتۆر ژیانێکی "کۆیلایەتیی ڕەها بووە"، بۆیە پێی باشترە مووچەی ببڕێت نەک ببێتە دوکتۆرێکی یانە. نوێنەری

کۆمەڵەیەکی دۆستانە ئاماژەی بەوە دا کە ئەمە لەوانەیە بۆ هەندێ دوکتۆر ڕاست بێت، بەڵام ئەو حاڵەتی یەکێکی تری باس کرد کە گرێبەستی پراکتیکیی خۆی بە ١٠٠ پاوەند فرۆشتبوو. بەسارديیەوە گوتی هەندێ دوکتۆر ئەوەندە دژی پراکتیکی خانەکە بوون، سوور بوون لەسەر سەپاندنی نرخێکی زۆر بەسەر خانەکەدا.

بەکورتی: لە ماوەی نزیکەی ٨٠ ساڵدا، پێش دەرچوونی یاسای نیشتمان لە ١٩١١دا، بەکاربەری ڕێکخراو زۆرجار بەدەسەڵاتتر بوو لە بەرهەمهێنەری ڕێکخراو، هەروەها بەلایەنی کەم لە هەندێ ناوچەشدا، حاڵەتی قۆرخکاری نا بگرە حاڵەتی مۆنۆپسۆنی (monopsony) هەبوو[١٦]. دوکتۆران نەیاندەتوانی خۆیان بەتەنیا دەسهەقیان دیاری بکەن (هەرچەندە دەسهەق بەڕازیبوونی هەردوولا زیادی دەکرد)، نەیاندەتوانی ئاستی داهات بسەپێنن بۆ بەدەرکردنی ئەوانەی مووچەیان باش بوو. هەروەها نەشیاندەتوانی دامەزراندن و گەشەی پەیمانگەی پزیشکی بوەستێنن. بەڵام سەرکەوتوو بوون لە سنووردارکردنی فراوانبوونی زۆربەی فۆرمەکانی گرێبەستی پراکتیکی بۆ ئافرەت و منداڵان، بەڵام تەنیا لەسەر حسێبی هاندانی پێشخستنی ئەو پەیمانگە پزیشکییانەی کە چاودێرییان بۆ تەواوی خێزان دابین دەکرد.

## تاقیکردنەوەی فیکرەی نوێ

پێش یاسای ١٩١١، چەندان پلانی تر بۆ یاسای چاودێریی پزیشکی لەلایەن کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە تاقی کرابوونەوە. بۆ نموونە، لە لێسێستەر لە ساڵانی (١٨٧٠)کاندا کۆمەڵەکان هاوکاریی پزیشکییان لە تیمارکردن جیا کردەوە. لە سەرەتادا هەوڵی ڕێکخستنی تیمارکردنیان دا لە ڕێگەی کیمیاگەری مەحەلییەوە بەڵام شوێنی ئەو ڕێکخستنەیان گۆڕی بە تیمارگەی تایبەتی خۆیان. هەر تەنیا داوودەرمانی هەڵنەدەگرت، بگرە چەوریی جگەر، جلوبەرگ و خۆراکیشیان هەڵدەگرت کە لەلایەن دوکتۆرانەوە هەڵنەدەگیران. لە ١٩١١دا، کۆمەڵەکانی لێسێستەر دەستەیەکی ٣٢ دوکتۆریان هەبوو کە هەموو ئەندامانیان دەپشکنی و داوودەرمانیان بۆ دەنووسین. ئەندامان دەیانتوانی بەکەیفی خۆیان بچنە لای دوکتۆرێک.

بۆ ماوەی چەندان ساڵ ئەزموونی سیستمی ئەنجوومەن هەبوو، هەندێکیان

پشتیان دەبەست بە کرێی باج و هەندێکیش نا. لە ١٩١٠، پلانێک لەژێر دەستاندا بوو بۆ فراوانکردنی ئیختیار لەنێو دوکتۆران لە ناحیەی لەندەنی باکور لە مانچستەر یونیتی. ئەم گواستنەوە ڕێ پێدراوە لەلایەن مافی هەر دوکتۆرێکی خانەکەوە لە ناوچەکەدا دەکرا کە رازی بووبوو بێتە ناو پلانەکەوە. نزیکەی ٨٠٪ی دوکتۆری نەشتەرکاری رازی بوون بەشداری بکەن.

لە ١٩٠٨ و ١٩٠٩، فیدراسیۆنی نیشتمانیی کۆمەڵە دابەشبووەکان، چاودێریی پزیشکیی باشتری دابین دەکرد بۆ ئەو ئەندامانەی لە شوێنێکی دووری دوکتۆری کۆمەڵەکەیاندا دەژیان. ئەندامان دەیانتوانی یەک شیلینگ و یەک پێنس لە هەر وەرزێکدا بدەن لە ڕێگەی پۆستە و هاوکاریی مسۆگەر لە هەر سەت دوکتۆرێکی لیستێکی ڕێ پێدراودا. خێزانەکان یەک شیلینگ و پێنسێکی زیاتریان دەدا.

هەندێ کۆمەڵەی دۆستایەتی پەرەیان بە سیستمی پلیت دا. بۆ نموونە، لە سالآنی (١٨٦٠)کاندا، لە هامپشێر، ئەندامانی گرووپێک ساڵانە ٤ شیلینگیان دەدا. هەر ئەندامە و هەگبەیەکی پلیتی هەبوو کە لە هەر سەردانێکدا پلیتێکی دەدا بە دوکتۆر. پاشان پزیشکەکان داوای بەهای هیشکە (پارەی نەقدی)ی پلیتیان کرد: ئەگەر دوکتۆر سەردانی ماڵتی کردبا ئەوا کرێیەکەی ٢ شیلینگ بوو، راوێژکاری عەمەلیات شیلینگێک و ٦ پێنس بوو، دەرمانی بێ راوێژکاری دەیکردە پلیتێکی ٩ پێنسی. پارەی زیاتر دەهاتە سەرێ بۆ رووداو و عەمەلیاتەکان. کۆمەڵە دۆستایەتییە دیپۆزیتییەکان سیستمێکی پلیتیان بەکار هێنا، تێچوویان دابەش کرد لە نێوان فەندی گشتی و حیسابی تایبەتی ئەندامدا. لە هەندێ ناوچەدا، کۆمەڵەکان ئەزموونی چەکی پزیشکییان هەبوو. ئەندامانی کۆمەڵەیەک لە هێرتفۆردشێر ئابوونەیان دەدا بە خانەکە، دوو دوکتۆریش ئەندامانیان دەبینی وەک نەخۆشی تایبەتی بە کرێی ئاسایی. کرێیەکان لەلایەن خانەکەوە لە فەندی گشتییەوە دەدران. لە ساڵی یەکەم (١٨٨٢) پاتی تێچوو ٣٢ پاوەند بۆ ١٦٠ ئەندام، لە ١٨٨٣، ٣٧ پاوەند بوو بۆ ١٦١ ئەندام، لە ١٨٨٤، ٥٩ پاوەند بوو بۆ ١٦٦ ئەندام، لە ١٨٨٥، ٨٢ پاوەند بوو بۆ ١٧٢ ئەندام. ئەگەر پاتەکە زۆر بوایە رەت دەکرایەوە و گرێبەستی پراکتیکی دەگەڕایەوە. ئەو پلانانە زۆرجار تاقی دەکرانەوە، بەڵام زۆرجار وازیان لێ دەهێنرا، بەزۆری لەبەرئەوەی زۆریان تێ دەچوو.

کۆمەڵەی دۆستایەتیی دیپۆزیتی نیشتمانی (MDFS) پەرەی بە سیستمێکی دانسقە دا، کە لەلایەن بی ئێم ئەی زۆر بەردڵ نەبوو. ئەندامان ساڵانە ڕێژەی ئابوونەیان دەدا، بۆیە مافیان هەبوو داوای پشکێکی جێگیر بکەن لە کۆمەڵەکە (عادەتەن دوو لەسەر سێ یان سێ چارەگ)ی دەسهەقی دوکتۆران. ئەو کرێیەی لەلایەن کۆمەڵەکەوە دەدرا ٢ شیلینگ و ٦ پێنس بوو لە بەرامبەر سەردانێکی دوکتۆر بۆ ماڵ، بە دەرمانیشەوە، هەروەها یەک شیلینگ و ٦ پێنس بۆ هەر ڕاوێژکارییەکی پزیشکی. لە ١٩٠٤، لێژنەی سیاسیی پزیشکیی بی ئێم ئەی لە پلانەکەی کۆڵییەوە و پێشنیازی کرد کە هیچ سیستمێکی لەو جۆرە نابێ ڕێگەی پێ بدرێت پەرە بسێنێت. کەیفیان پێ نەدەهات لەبەرئەوەی ئەو دوکتۆرانەی کە خزمەتی ئەندامانی دیپۆزینی نیشتمانییان دەکرد ویستیان ببن بە ئەنجوومەنێکی ڕێ پێدراوی موزەمیدان، ئەمەش دەبووە ڕێگر لە بەردەم بی ئێم ئەی بگاتە ئامانجەکەی کە برێتی بوو لەوەی هەر گرووپێکی جیاوازی داهات بتوانن زۆرترین کرێ بدەن. لە هەر ناحیەکدا، دەگوترا NDFS جیاوازیی دەکرد لە نێوان ئەو موزەمیدانەی کە ئامادە بوون ڕێژەی تێچووەکان قەبووڵ بکەن و ئەوانەشی کە ئامادە نەبوون. هەروەها زۆرجار نوێنەرانی کۆمەڵە داوایان لە دوکتۆران دەکرد هانیان بدەن کارەکە لەسەر حیسابی کۆمەڵەکە پەسند بکەن. بی ئێم ئەی گوتی، لە ئەنجامدا، ئەندامانی کۆمەڵە دەیانەوێت موزەمیدی ڕێ پێدراو تەعین بکەن بەدەر لەوانەی دراوسێکانیان، بۆیە ئەمە بووە هۆی هەرزانفرۆشی. وێڕای ئەمەش، زۆرجار پزیشکان بەشێکی دەسهەقیان لە کۆمەڵەکە پەسند دەکرد لە تەواوی حیسابەکەدا.

## بەردەستبوونی گرێبەستی پراکتیکی

بیڤریج ئەوەی خەملاند کە کۆمەڵەکان زیاتر لە ٤,٧ ملیۆن ئەندامی تۆمارکراویان هەبوو کە بتوانن هەقی نەخۆشی بدەن، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ درا. ئەو ژمارەیە کۆمەڵەکانی مردن و تازیە ناگرێتەوە کە هەقی نەخۆشی نادەن، بەڵام هەندێ لەو جۆرە کۆمەڵانە بەپێی گرێبەست دوکتۆریان تەعین دەکرد. یانەیەکی ناشتن لە ماکلسفیلد یەکێک بوو لەو جۆرە حاڵەتانە. ژمارەکە ئەوانەشی کە پسپۆڕ بوون لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان نەگرتەوە کە ئەوانیش هەقی نەخۆشییان نەدەدا.

بەڵام لەنێو ئەوانەدا پەیمانگە پزیشکییەکان هەبوو کە دوکتۆریان تەعین دەکرد. لە ۱۹۰۱دا، ئەندامێتی ۳۲۹٤٥۰ بوو. زۆربەیان ئەندامی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بوون و بۆیە پێشتر حیساب کراون، بەڵام هەندێکیان حیساب نەکراون. وێڕای ٤,٧ ملیۆنی بیمەی بیڤریج، زیاتر لە ملیۆنێک کرێکاری کان هەبوون کە یانەی کاری تایبەتی خۆیان هەبوو. ئەندامێتیی هەر کرێکارانی کانەکانی نەگرتەوە بگرە، کرێکارانی پۆڵا و فەرمانبەری کارگەکانی تریشی گرتەوە کە لە ناوچە کاندارەکاندا کاریان دەکرد. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە بەلایەنی کەم نۆ ملیۆن لە کۆی ۱۲ ملیۆن دڵنیاییی نیشتمانی ئەندامانی ئەو دەستانە بوونە کە هەقی نەخۆشییان ئارەزوومەندانە بوو. هەمان ڕێژەش بەردەست بوو بۆ چاودێریی پزیشکی.

## بەرەنجام

ئازادیی تاقیکردنەوە، لە ماوەی پێش دەرچوونی یاسای نیشتمانی لە ساڵی ۱۹۱۱دا، ڕێگەی بە بەکاربەران دەدا خۆیان لە داوای دەرمانی نایاساییی ڕێکخراو بپارێزن و هانی ستانداردێکی بەرزتری چاودێری بدەن. یەکەم، ئازادی وای لە بەکاربەرانی پزیشکی کرد خۆیان دژی هەوڵەکانی پیشەی پزیشکی ڕێک بخەن بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر دەسەڵات و دوکتۆری بەخۆڕاییی لە لێپێچینەوە لە دوکتۆران لە پێناو ستانداردی چاودێری. دووەم، نەبوونی کەرتێکی قۆرخکاریی گشتی پێش ۱۹۱۱ وای کرد، چەندان میتۆدی پارەدانی چاودێریی پزیشکی تاقی بکرێنەوە و ئەو وانە بەهادارانە بەلاوە نێن کە بەهۆیەوە ئەوانی فێری دەبوون و پێشکەوتنی داهاتووشی پێوە بەند بوو. یاسای ۱۹۱۱ بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پلانەکانی دەوڵەت لەسەر داوای پزیشکان، ئەمە لە بەشی نۆیەمدا باس کراوە.

# بەشی سێیەم

# کۆمەڵە دۆستایەتییەکان و دەوڵەت

## چڵەپۆپەی سەرکەوتنی لیبرالی کلاسیک: ١٨٣٤-١٩١١

لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، بۆچوونی دەوڵەت لەمەڕ کۆمەڵە دۆستایەتییەکان. لە ڕەگ و ڕیشەوە گۆڕا، چەندان نموونەی پێشان دا کە چۆن دەسەڵاتی دەوڵەت دەتوانرێت بۆ چاکە و بۆ خراپەش بەکار بهێنرێت، کەواتە ئەمە یارمەتیمان دەدات نزیکتر ببینەوە لە تێگەیشتنی ئەو بنەمایانەی کە ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگەیەک دەکەن تەرخان کراوە بۆ ئازادی لەژێر سایەی یاسادا. سێ قۆناغی سەرەکی هەبوو: پێش ١٨٣٤ کۆمەڵەکان کەوتبوونە بەر چاودێرییەکی پیاوسالارانەی دادوەریی ئاشتی. قۆناغی دووەم لە نێوان ١٨٣٤ (کە یاسای کۆمەڵە دۆستایەتییەکان دەرچوو) و ١٩١١ (کە یاسای دڵنیاییی نیشتمانی دەرچوو)، حوکمی گشتیی لیبرالیزم بوو. قۆناغی سێیەم ١٩١١ بەولاوە کە پیاوسالاری گەڕایەوە و دواجار لە سنووری تێکدانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ١٩٤٨ نزیک بووەوە.

## پیاوسالاری پێش ساڵی ١٨٣٤

تا ساڵانی (١٨٣٠)کان، بۆچوونی چینی حوکمڕان لەمەڕ کۆمەڵە دۆستایەتییەکان، هەست پێ دەکرا، بەهۆی بایەخدانی بە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاران، ئەویش لە ڕێگەی دنەدانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان و (بەتایبەتی دوای شۆڕشی فەرەنسایی و ماوەی شەڕە ناپلیۆنییەکان) بەشێکیشی بەهۆی سەرهەڵدانی ترسێکی ئەوتۆ کە نەکا کۆمەڵەکان ببنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر سیستمی کۆمەڵایەتی.

یاسای کۆبوونەوە یاخیگەرییەکان لە ١٧٩٥ و ١٨١٧، یاسای کۆمەڵە نایاساییەکانی ١٧٩٩ و یاسای تێکەڵبوون لە ١٧٩٩-١٨٠٠ کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵەکان دانا. لە ڕاستیدا، هەوری نایاساییبوون بەسەر کۆمەڵە پێوەندارەکانەوە هەبوو تا ١٨٤٦ ئەوە لە ١٨٣٤ بوو کە پیاوانی تۆلپەدل[١٧] حوکم

دران و حەوت ساڵ دوور خرانەوە بەتۆمەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستانەی کرێکارانی کشتوکاڵی. کۆمەڵەکەیان نیمچە یەکەتییەکی بازرگانی بوو، تێ دەکۆشا لە پێناو پاراستنی مووچەی کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ، هەروەها نیمچە کۆمەڵەیەکی دۆستانەش بوو، تێ دەکۆشا بۆ بنیاتنانی فەندێک کە بەهۆیەوە ئەندامان و خێزانەکانیان دەیانتوانی پێوەندیی پێوە بکەن لە کاتی نەخۆشی، رووداو یان هەر حاڵەتێکی تەنگانەی تر.

مەبەستی ئەو دادوەرەی کە حوکمەکەی راگەیاند سەرکوتکردنی گەشەی یەکەتییە بازرگانییەکان بوو. ویستی پیاوانی تۆلپەدل بکات بە پەند بۆ ئەوانی تر. بەپێی یاسای رێ پێدراو، توندترین سزای بەسەردا سەپاندن. بەڵام ئەوان بەدامەزراندنی یەکەتییەکی بازرگانی، کە هەرچەندە نایاسایی بوو، تاوانبار نەکران، بگرە بەهۆی بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی سوێندخواردنێکی نایاسایی تاوانبار کران. ئەو سوێندەی ئەوان خواردیان کەمێک جیاواز بوو لەو سوێندە گشتییانەی کە یەکەتییە بازرگانییەکان، کۆمەڵە دۆستایەتییەکان و خانەکانی فریمسنسی ئەمرۆ دەیانخوارد. سوێندی دڵسۆزی بوو بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی تر و بەڵێنێک بوو بۆ ئاشکرانەکردنی کاروباری کۆمەڵە بۆ دەرەوە. سوێندخواردنەکە وەک مەراسیمێکی دەسپێک بوو کە نوێژ، چرینی سروودی نیشتمانی و خستنە رووی ئامانجەکانی کۆمەڵەکەشی لەخۆ گرت. شەش پیاوەکە بەهیچ شێوەیەک تاوانبار نەبوون. لە راستیدا، یاسای بیست و سێیەمیان بەتەواوی توندوتیژی و سەرپێچیی یاسا قەدەغە دەکات: "ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بەهیچ شێوەیەک بەهۆی کاری توندوتیژییەوە نایەتە دی، بگرە بەپێچەوانەوە هەر کارێکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵەکە خۆی. ئەم فەرمانە لە هیچ جۆرە سەرپێچییەکی یاسا خۆش نابێت."

دوای بانگەوازێکی کە لە ١٨٣٦، شەهیدانی تۆلپەدل لێبووردنیان بۆ دەرچوو. لێبووردن بۆ ئەوان رەنگدانەوەی گۆڕانی میزاجێک بوو کە لە سەرەتای سالانی (١٨٣٠)کان بەولاوە هەستی پێ دەکرا و بووبووە هۆی گێڕانەوەی حکوومەتی ویگ (١٨) لەژێر سایەی لۆرد گرێی لە ١٨٣١ ئیدارەکەی خێرا یاسای ریفۆرمی ساڵی ١٨٣٢ی خستە گەڕ بۆ فراوانکردنی مافی دەنگدان، هەروەها یاسای هەژارانی لە ١٨٣٢ی هەموار کرد، کە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هاوکاریی دەرەکی. ئیدوین چادویک، میزاجی شەڕانگێزیی بۆ پیاوسالاری و متمانە بە ئەقڵی مرۆڤی کورت

کردەوە. باسی ئەوەی کرد چۆن چینی باڵا عەودالّی یارمەتیدانی هەژاران بوو لە ڕێگەی دەزگە خێرخوازییەکانەوە، هەروەها بڕی ئەو خەرجییانەی زیاد کرد کە سەرچاوەکەی ئەو بڕە پارەیە بوو کە، ئەو پێی وابوو، بووەتە ناوەندی سەرەکیی سستکردنی بەرەو پێشەوەچوونی چینی کرێکار. باشترین ڕێگە بۆ یارمەتیدانی هەژاران لەلایەن دەوڵەمەندانەوە برێتی بوو لە کارکردنیان لەگەڵ چینی کرێکار بۆ ئەوەی وای لێ بکەن چینی کرێکار خۆی کار بکا لە ڕێگەی جۆرە ڕێکخراوەکانەوە وەک دامەزراوەکانی پاشەکەوتکردن.

## لیبرالیزم ۱۸۳٤-۱۹۱۱

لە ١٨٣٤دا، یاسایەکی نوێی کۆمەڵەی دۆستانە دەرچوو و بۆچوونێکی نوێی لەمەڕ کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لەخۆ گرتبوو. چیی تر لەسەریان نەبوو لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتە مەحەلییەکانی دادوەریدا بن. لە بریی ئەوە، ڕووناکییەک واتە سیستەمێکی مەرکەزیی تۆمارکردن ڕاگەیەنرا. پێش ١٨٣٤، دەسەڵاتەکانی دادوەریی ئاشتی (JPs: جەی پیس) لەسەریان بوو قەناعەت بەخۆیان بێنن کە کۆمەڵە نوێیەکان پەسندن و هەروەها هیچ کۆمەڵەیەکی تر پێشتر نەبووە هەمان ئەو کارەی ئەوان بکات. یاسای ١٨٣٤ هەموو ئەو تەلبەندانەی پێکەوە لابرد. پێش ١٨٣٤، (جەی پیس)ەکان دەبوایە لەوەش قەناعەت بەخۆیان بێنن کە یاساکانی کۆمەڵەیەک "گونجاو و بەجێن"، بەڵام دوای یاساکە پارێزەری باڵای حکوومەت (دواتر بوو بە تۆمارکار) دەبوایە تەنیا بەوە ڕازی بێت کە نیزامەکان دەبێ لەگەڵ یاساکان یەک بگرنەوە. جەی پیسەکان پێشتر دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو باسی ئەوە بکەن کە خشتەی ئابوونە و سوودەکان لەلایەن دوو ژمێریارەوە یان دوو کەسی شارەزا لە ژماردن ڕەزامەندیی لەسەر بدرێت. ئەم داوایە هەڵوەشایەوە و ئامانجەکانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان فراوان کران تا ئەو ڕادەیەی کە هەموو مەبەستێکیان لەخۆ دەگرت، جگە لە مەبەستە نایاساییەکان.

گەشەسەندنی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان زۆر قەرزداری ئەو چوارچێوە لیبرالەی یاسایە کە لە ساڵانی (١٨٣٠)کاندا پەسند کران کە ڕێگەی بە خەڵکی دەدا پێکەوە کۆ ببنەوە و پێداویستییەکانی خۆیان بەباشترین ڕێگەی خۆیان دابین بکەن. لە ١٨٤٦، نازناوی تۆمارکاری کۆمەڵە دۆستایەتییەکان درا بە پارێزەری حکوومەت

کە پێشتر نیزامەکانی تۆمار دەکرد. یەکەم تۆمارکار جۆن تید پرات بوو، کە ئەم پۆستەی بەڕێوە برد تا مردنی لە ١٨٧٠ بەرپرسیار بوو لە تۆمارکردنی کۆمەڵەکان لەوەتەی یاسای ١٨٣٤ و هەڵمەتگێڕێکی بێ وچان بوو بۆ تۆمارکردنی دروستی دارایی لەنێو کۆمەڵەکاندا.

یاسای کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی ساڵی ١٨٤٦ رای گەیاند کە یاسای کۆمەڵەی پۆستەچییەکان و یاسای کۆبوونەوە یاخیگەرییەکان بۆ کۆمەڵە دۆستایەتییەکان جێبەجێ نابێت، بەڵام ئەمە تا یاسای ١٨٥٠ لە ئارادا نەبوو کە لقەکانی سیستمە پێوەندارەکان بۆیان هەبوو تۆمار بکرێن و بۆیە فەندەکانیان بەپێی یاسا پاراست. یاسای کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی ساڵی ١٨٥٠ جیاوازیشی کرد لە نێوان کۆمەڵە بڕوانامەدار و تۆمارکراوەکان. کۆمەڵە بڕوانامەدارەکان ئەوانە بوون کە خشتەکانیان بەهۆی ژمێریارێکی دەزگەی کۆمیسارەکانی قەرزی نیشتمانییەوە پەسند دەکران. هەرچی کۆمەڵە تۆمارکراوەکان بوون دەبوایە یاساکانیان تەنیا پێشکێشی تۆمارکار بکردایە. بەڵام، ئەم جیاوازییە لە ١٨٥٥ هەڵوەشێنرایەوە، هەرچەندە بڕوانامەیەکی ژمێریاریی سەرژمێری داواکراو بوو، ئەگەر کۆمەڵەکە سیستمی مووچەی خانەنشینیی بەش بەش یان مووچەی خانەنشینیی مانگانەی پێشکێش بکردایە.

تەنانەت دوای ١٨٥٥یش، سوودەکانی تۆمارکردن کەم بوون و بەگشتی بەهادارترین سوود برێتی بوو لە دان پێدانان بەپێی یاسا، ئەمە کەموکوورییەکی تێدا بوو کە گران لەسەر مانچستەر کەوت لە ١٨٤٨ ئەو دەمەی بەرپرسێکی باڵا بەخۆی و فەندەکەی بەردەستی هەڵات. کەیسەکە چووە دادگە، بەڵام دادوەری رێی بە مانچستەر یونیتی نەدا، هیچ قەرەبوویەک بکاتەوە؛ چونکە قەوارەیەکی رێکخراو نەبوو بەپێی یاسا. گرینگیی دان پێدانانی یاساییی کۆمەڵەکان دەکرێ بەشێوەیەکی کاتی حوکمی لەسەر بدرێت بەهۆی بەراوردکردنی سکۆتلەندا و ئینگلتەرا. لە سکۆتلەندا، یاسای گشتی و وجوودی دادوەریی گشتی، باشتر کۆمەڵە تۆمارنەکراوەکانیان پاراست، لە کاتێکدا ٨٤٪ی کۆمەڵە سکۆتلەندایییەکان تۆمارنەکراو بوون. لە ئینگلتەرا، تێیدا یاسای گشتیی پاراستنی کەمتر دابین دەکەن، وا دەزانرا نزیکەی سێ یەکی کۆمەڵەکان لە دوای یاسای ١٨٥٠ تۆمار نەکرابوون.

مردنی تید پرات له ١٨٧٠ کۆمیسیۆنێکی شاهانەی بەدوادا هات کە لە ١٨٧٠ تا ١٨٧٤ بەردەوام بوو و بووە هۆی دەرچوونی یاسای کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لە ١٨٧٥، ئەمەش بەنیازی سپۆنسەرەکانی هاتە کایەوە بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵەکان تا وەک کۆمپانیاکانی دڵنیایی مایەی متمانە پێکردن بن. کۆمەڵە تۆمارکراوەکان دەبوو حیسابەکانیان بخەنە بەردەست پشکنەران، هەروەها وەسڵ و خەرجییەکان، هەر پێنج ساڵ جارێک راپۆرتی دارایی نەخۆشی و مردن، هەر پێنج ساڵ جارێک راپۆرت لەسەر ئەرک و ئیلتیزامات و کەلوپەلەکان بنێرن. پێشتر رێگەیان پێ نەدەدرا لەسەر زەویوزار کاری وەبەرهێنان بکەن، بەڵام دوای ١٨٧٥ ئەم بڕیارە هەڵوەشایەوە. وێڕای ئەمەش، کۆمەڵە دابەشبووەکان رێگەیان پێ درا تۆمار بکرێن. له ١٨٧٥ەوە تۆمارکارێکی باڵا تەعین کرا بەناوی ج. م. لودلۆ، کە تا ١٨٩١ پۆستەکەی بەڕێوە برد.

لە ١٨٩١ەوە، کۆمەڵەکان رێگەیان پێ درابوو فەندەکانیان لە پێناو قازانج وەبەربێنن لەگەڵ کۆمیسیارانی قەرزی نیشتمانی و لە ١٨٢٩ رێژەی قازانج بە ٣٪ دیاری کرا. بەپێی یاسای ١٨٧٥، کۆمەڵەکان بەدەر بوون لە پولی چەند ئەرکێک بەڵام رێژەی قازانج لە کۆمیسیارەکانەوە کەم کرایەوە بۆ ٢٪، ئەم کارە سەرنجڕاکێشانە بەس نەبوون بۆ هاندانی ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵەکان بۆ تۆمارکردن و کۆمیسیۆنی شاهانەش ئەوە خەمڵاندی کە نزیکەی نیوەی کۆمەڵەکان لە سەرەتای (١٨٧٠)کان تۆمار نەکرابوون.

## پشت پێ بەستنی دارایی

سەدەی نۆزدە پێشکەوتنێکی جێگیری بەخۆوە بینی لە تێگەیشتنی ئاستی ئابوونەی هەفتانە کە دەیتوانی بەڵێنی پێدانی سوودەکان بباتە سەر، بەڵام خشتەی حیساباتی باوەڕ پێکراو چەندان دەیەی ویست تا هاتە بەردەست. گەورەترین مەترسی بۆ هەر ئەندامێکی یانە لۆکالەکان ئەوە بوو کە کۆمەڵەکە چەند ساڵێک بخایەنێت و پاشان برووخێت و ئەندامە لەمێژینەکانی بەبێ هاوکاری بەجێ بێڵێت.

سوود و ئابوونەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بوو بەپشتبەستن بە بارودۆخە مەحەلییەکان و پێشبڕکێ. هەرکە کۆمەڵە نوێیەکان دامەزران، هەندێ

جار هەڵە دەکرا، پەندی بەهاداریان لێ دەکەوتەوە و ئەوانی تر لێوەی فێر دەبوون. بۆ نموونە، هەندێ جار کۆمەڵە نوێیەکان خۆیان دادەمەزراند بەهۆی پێشکێشکردنی ئابوونەی کەم بۆ هەمان سوود، یان سوودی باشتر. بەڵام هیچ گرێنتییەک نەبوو ئاخۆ ئابوونەکان بەشی دەکردن یان نا. زۆرجار یانەکان لەلایەن ئەو پیاوانەی تەمەنیان لێک نزیک بوو دادەمەزران، بەڵام هەرکە بەتەمەن دەکەوتن، دەیانزانی ئیتر ناتوانن ئەندامی گەنج کۆ بکەنەوە. ئەمە بەم شێوەیە بوو تا سەتەی نۆزدە بۆ سەپاندنی ئابوونەی یەکسان، تەنیا دواتر، هەرکە ئەزموونەکان دەوڵەمەند بوون، ئابوونەکان وردە وردە زیاد کران بەپێی تەمەن و ئەوجا بووە شتێکی باو. ئەو بڕەی بۆ خەرجییەکانی ئیدارە تەرخان دەکرا، ئەوانیش جیاواز بوون. لە ۱۸۷۰، لێکۆڵەرێکی کۆمیسیۆنی شاهانە، بەوەی زانی کە نزیکەی ۲۳۰ کۆمەڵە لە ئۆلدمان بەشێکی فەندەکانیان لە مێوانداریدا خەرج دەکرد. لێکۆڵەرەکە گوتی لەبەر هەندێ زۆربەی کۆمەڵەکان جار بەجار بەپێویستیان دەزانی سوودەکان دوا بخەن یان "سیپەکە دابخەن."

دوو هەوڵ هەیە رێیان تێ دەچێت بۆ ئەو مەترسییەی کە ئابوونەی ئەندام بەشی سوودەکان نەکات. یەکەمیان ئەوەیە گریمان دەتوانرێت ئابوونە راستەکان زانستییانە هەژمار بکرێن و بۆ رێکخەریش ئاسانترە تا خشتە راستەکان بەسەر کۆمەڵەکاندا بسەپێنێت. ئەوی تریان ئەوەیە هەر کۆمەڵێک رێگەی پێ دەدرێت پشتگیریی بڕیاری خۆی بکات لەسەر حیسابی خۆی تاکو هەر کۆمەڵە و لە سەرکەوتن و فەشەلی ئەوانی ترەوە فێر بێت.

یاسادانەران ئاراستەیان لەوپەڕیەوە گۆڕی بۆ ئەوسەری لە کاتی سەتەی نۆزدەدا. پێش ۱۸۳٤، مەیلیان بۆ پیاوسالاری دەچوو، هەروەها کۆمەڵەکانیش لەسەریان بوو خشتەی خۆیان هەبێت و لەلایەن دوو ژمێریارەوە تەسدیق کرابێت. بەڵام خشتەی ئابوونەکان لە کاتێکدا بەکار دەهێنران کە سەلمێنراو و باوەڕ پێکراو نین. دوکتۆر پرایز لە ۱۷۸۹ یەکەم هەوڵی دا بۆ دانانی ئەو خشتانە. لەو کۆمەڵانەی کە پێک هاتبوون لە کەسانی تەمەن خوار ۳۲ساڵ، ئەو وای بۆ چوو لە چل و هەشت کەس، یەک کەس نەخۆش دەکەوێت. رێژەی نەخۆشی هەنگاو بەهەنگاو زیادی کرد تا بۆ تەمەنی ٥٨-٦٤ ساڵی، رێژەکە بە دووهێندە مەزەندە کرا. بەڵام، ئەزموونی سەلماندنی ئەو خەمڵاندنە زۆر کەم بوو.

له نێوان ١٨٣٤ و یاسای ١٨٥٠دا، کۆمەڵەکان لەسەریان نەبوو خشتەکانیان لەلایەن ژمێریارێکەوە تەسدیق بکرێت، بەڵام پابەندبوون بەوەی ڕاپۆرتی نەخۆشییەکان و ئەزموونی مردن هەر پێنج ساڵ جارێک پێشکێش بکەن. له ١٨٥٠، پیاوسالاری بۆ ماوەیەکی کاتی هاتەوە مەیدان. یاسا وای لە کۆمەڵەکان یان لقەکان کرد، خۆیان تۆمار بکەن و بۆیە بەپێی یاسا فەندەکانیان دەپاراست. بەڵام، گەمژەیی دەرکردنی بڕیارێک لەبارەی دروستیی باری داراییەوە له ١٨٥٥ بەدیار کەوت.

خشتە باوەڕ پێکراوە بەراییەکان له ١٨٤٥ بەردەست بوون لەسەر بنچینەی داتای ف.ج. پ. نیسۆن کە لەو ڕاپۆرتانە وەرگیرابوون کە لەژێر سایەی یاسای ١٨٣٤دا ئەنجام درابوون، هەروەها ماوەکەشی لە ١٨٣٦–١٨٤٠ بوو. پاشان، له ١٨٥٠ هێنری راتکلیف، سکرتێری نێردەی مانچستەر یونیتی، خشتەی باوەڕ پێکراوتری بڵاو کردەوە لەسەر بنچینەی ئەزموونی کۆمەڵەکان له ١٨٤٦، ١٨٤٧ و ١٨٤٨ له ١٨٦٢ و ١٨٧٢ ڕاپۆرتی زیاتری ئامادە کرد.

ئاخۆ میسداقیەتی خشتەکانی نیسۆن له ١٨٤٥ و ئەوانەی راتکلیف له ١٨٥٠ یاریی "دانێ و پێکی بگەیەنە"ی دروست کرد بۆ پیاوسالارییەکان؟ له راستیدا، پرسەکە لەلایەن ئامارەکانی حکوومەتەوە شێوێنرا کە له ١٨٥٣ و ١٨٥٤ بڵاو کرانەوە لەلایەن ج. فینلیزن، کە ژمێریاریی نووسینگەی قەرزی نیشتمانی بوو. بەرپرسی رەسمی بوو لە وردیی بڕوانامەی دارایی لەژێر سایەی یاسای ١٨٥٠، ئەمە سەرلێشێوانی لێ کەوتەوە بەهۆی بەکاربردنی پێناسەی بەرتەسک بۆ نەخۆشی. لە جیاتیی ئەوەی مەزەندەکانی لەمەڕ نەخۆش پشت ببەستن بە ئەزموونی راستەقینەی کۆمەڵەکان، نەخۆشیی زۆر بەتەسکی پێناسە کرد وەک "نەخۆشی پەکی کرێکار دەخات و ماوەی دیاری دەکات، پێویستی بە چاری پزیشکی بەردەوام هەیە، وەک بڵێی دژی سروشتی نەخۆشیی درێژخایەن بێت. بەڵام کۆمەڵەکان دەسهەقی نەخۆشییە درێژخایەنەکانیان دەدا و ئەندامانیش چاوەڕێی ئەوەیان لە کۆمەڵەکان دەکرد. تید پرات پرسەکانی خراپتر کرد بەهۆی راسپاردنی فینلێزن تا خشتە ئامادە بکات و هەژماردنەکان لە ڕاپۆرتی یەکەمی ساڵانەی خۆی بڵاو کردەوە. کۆمیسیۆنی شاهانە له ١٨٧٤ بەم شێوەیە دوا "هیچ گومانی تێدا نییە ئەو پلانەی کە ئەو خشتانەی لەسەر دروست کراوە کەڵکیان

نەبوو، هەروەها گەلێ کۆمەڵە و تەنانەت ژمێریارەکانیش خشتەکانیان بەکار هێناوە بەبێ ئەوەی بزانن کە خشتەکان بۆ کۆمەڵەکان جێبەجێ نابن کە سوودی نەخۆشی سنووردار ناکەن وەک ئەوەی لەلایەن بەڕێز فینلێزنەوە پێناس کراوە.

ئەگەر دەوڵەت خشتەکانی فینلێزنی سەپاندبا، ئەوا زیانێکی گەورەیان لێ دەکەوتەوە. خۆشبەختانە لە ١٨٥٥ جیاوازیی نێوان بڕوانامە و ڕێکخستن هەڵوەشایەوە و کۆمەڵەکان ڕێگەی پێشبڕکێیان پێ درا. لەو ساڵەوە یاساکە بەنەگۆڕی مایەوە هەتا ساڵی ١٨٥٧ وێڕای ئەمەش، پاش یاسای ساڵی ١٨٧٥ چوارچێوەی یاسایی بەشێوەیەکی پێویست هەر بە لیبرال مایەوە، ڕێگەی بەچەندان هەوڵی جیاواز دا کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی بەدیلی دەوڵەمەند و جیاجیا.

## ململانێ لەنێو مانچستەر یونیتیدا

وەک یەکەم کۆمەڵە کە بوو بە ڕێکخراوێکی نیشتمانی، مانچستەر یونیتی یەکەم کۆمەڵە بوو ڕووبەڕووی کێشەی تەمەنی ئەندامێتی بووەوە. لە ناوەڕاستی سەتەکەدا، سەرکردەکانی مانچستەر یونیتی لێیان ئاشکرا بوو کە ئەندامانیان ئابوونەیەکی کەمیان دەدا، تا لە تەمەنی پیریدا پشتی پێ ببەستن. لە ١٨٤٥ سوودی عادەتی ١٠ شیلینگی دەسهەقی نەخۆشی بوو، ١٠ پاوەندیش لە کاتی مردنی ئەندامێک و لە ٦ تا ١٠ پاوەندیش ئەگەر خێزانی ئەندامێک بمردبا. عادەتەن ئابوونەی هەفتانە ٤، ٥ یان ٦ پێنس بوو. لە ١٨٤٣، ٢٢٥ خانەی مانچستەر یونیتی لەبەر "داوای فەندەکان" داخران و زیاتریش داوای یارمەتییان لە یەکەتییەکە کرد. لە ١٨٤٤، مانچستەر یونیتی هەوڵی دا ڕاپۆرتی لقەکان بەدەست بێنێت بۆ زانینی دۆخی داراییان. گەلێکیان ئەوەیان ڕەت کردەوە و لە نێوان ١٨٤٤ و ١٨٤٥ کۆبوونەوەی سالانەی خانەکان بە ١٦ هەزار ئەندامەوە، دواخران لەبەر پێشکێش نەکردنی ڕاپۆرتی نەخۆشی و هەژماردنەکانیان.

لە ١٨٤٥، هەر خانەیەک فەرمانی پێ کرا بۆ هەموو خەرجییەکانی فەندێکی جیاوازی هەبێت جگە لە سوودی نەخۆشی و مردن. ئەمە بۆ نەهێشتنی بۆنەی سالانە و مێوانداریییەکانی تر کە لە فەندی نەخۆشی و تازیەدا پارەیان لێ سەرف دەکرا. خانەکان هێشتا هەر دەیانتوانی ئابوونەی خۆیان ڕێک بخەن، بەلام بەپێی

ڕێنوێنییەکان: هەفتانە ١ شیلینگ و هەروەها یەک پاوەند لە کاتی مردن لە بەرامبەر ئابوونەی نیو پێنسی هەفتانە. پرۆپۆزەلەکان پشت پێ بەستنی داراییان مسۆگەر نەکرد، بەڵام دەسەڵاتی کۆنفرانسی ساڵانەی بەدی هێنا بۆ دەستوەردان لەو دەمەی خانەکان لە مەترسیی لەناوچووندا بوون. هەندێ خانە پاشەکشێیان کرد بەڵام زۆربەیان دۆخە نوێیەکەیان پەسند کرد.

لە ڕاستیدا، ڕێژەکان لە ١٨٤٥ بەپێی پێویست نەبوون. بەپێی خشتەکانی نیسۆن، دەبوایە ئابوونەکان ساڵانە ٣٩ شیلینگ و ٥ پێنس بوونایە، بەڵام ڕێژەی ورد ٢٢ شیلینگ و ٩ پێنس بوو، کە دەکاتە ٤٢٪ کە ئەمەش زۆر کەمە. جاروبار، کۆمەڵەکان بە پەڕپووت (موفلیس) وەسف دەکران، بەڵام ئەو دەمەی یاریدەری تۆمارکار بوو، سێر ئیدوەرد برابروک، (دواتر بوو بە تۆمارکار) دژی بڕیاری خێرا هۆشداریی دا. گوتی وشەی پەڕپووتی بەڕاستی لە شوێنی خۆیدا نییە. خانەکان ویستیان پشت بە کۆکردنەوەی ئەندامی گەنج ببەستن بۆ داپۆشینی زیانەکانیان، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکرێت، ئەو پێی داگرت، کە کۆمەڵەی دڵنیایی تەواو نەبوون، بگرە زیاتر کۆمەڵەی برایانە بوون، بۆیە جار بەجار ئابوونەی زیاتر لە کۆبوونەوەکان دەسەپێنران بۆ داپۆشینی کەموکوورییەکان. هاوکارییەکان خڕ دەکرانەوە و پارە لە سەرچاوەی تریشەوە وەردەگیرا. ئابوونەی ئەندامانی فەخری هەندێ جار دەچوونە پاڵ فەندی نەخۆشییەوە، هەروەها یەکەتییەکە یان ناحیەکە هەندێ جار خانەکانی لە کێشە ڕزگار دەکرد. بۆیە ناکرێ گریمانەی ئەوە بکرێت کە ڕەتکردنەوەی خانەیەک بۆ ئەوەی بە ویستی ژمێریارێک بێت ئاکامی بێ مێشکی یان پشتگوێخستن بێت. هەندێ لە لقەکان مەیلیان لە سیستمی برایەتی هەبوو بۆ هاوکاریکردنی هێڵێکی خاوێنی دڵنیایی.

بەڵام، وردە وردە، بۆچوونەکان دەگۆڕان و لە ماوەی سێ ساڵی بڵاوکردنەوەی خشتەکانی ساڵی ١٨٥٠ی مانچستەر یونیتیدا، کۆبوونەوەی ساڵانەی مانچستەر یونیتی بۆ یەکەم جار بەکاربرا بۆ پێوەرێکی پلە بەپلەی ئابوونە، کە پشتی بەست بە تەمەنی پێوەندیکردنەوە. هەر هەموو خانەکان ڕێژە نوێیەکانیان پەسند نەکرد، بەڵام پێدا پێدا سیستمە نوێیەکە خێرا بڵاو بووەوە.

### یاسای ساڵی ١٨٧٥ : پشتبەستن بە واڵابوون نەک پیاوسالاری

هەندێ لەو شـایەتانەی کـە بەڵگەیان دا بە کـۆمیـسـیـۆنی شـاهانەی سـاڵی ١٨٧٤ داوای سەپاندنی پـلانێکی دڵنیاییی کۆمەڵایەتیی مەرکـەزییان کرد. پـرۆپۆزەڵێک کە لەلایەن هـەردوو گەورە قـەشـە، شـەش قەشـە و ١٧ پارێزەر، ٣٥ ئەندام پەرلەمان، ٣٧ سـەرۆکی بۆردی پاسـەوانـی، ٥٢ جـەی پیس، ٩٠ پیـاوی ئاینی و لەگـەڵ گـەلێکی تر کە ژمارەیان دەگەیشتە ٥٠٠ پیاو، پشتگیریی لێ کرا، جگە لە چوار خاتوون، وەک لە ڕاپۆرتەکـەدا هاتووە. داوای پلانێکی حکوومـەتیـان کـرد بۆ دڵنیـاییی نـەخـۆشی، مردن و پیری کە لە پۆسـت ئۆفیسـەکان ئیدارە بکرێن. خۆشـبـەختانە کۆمیسیۆنەکە لە بەهـای خـۆبـەخـشـانـە تێ گـەیشت و دژی پرۆپۆزەلـەکـە وەسـتـایەوە، بـەتایبـەتی لەبـەرئەوەی دەسـەهـەقی نـەخـۆشی ڕێی تێ دەچوو تەزویر بکرێت. ئەو بۆچوونەی وەرگرت کـە کۆمـەڵە دۆستـایەتییەکـان دەبێ باشـتر بکرێن لە ڕێگەی ئەوەی بەزۆری شتەکانیان واڵا بکەن.

کـاری زەحـمـەت بۆ تاک ئـەوە بـوو پێوەندی بـە کـامـە کـۆمـەڵەی دۆسـتـایەتیـیـەوە بکات؛ چونکە بەڵێن دەدرا سـوودی دوور لە بەرامبـەر ئابوونەی هەنووکـەیی بدرێت. هیـچ ڕێگەیەک نـەبوو دڵنیـات بکاتەوە ئابوونـەکـان بـەشی سـوودەکـان دەکـەن. بۆ زیادکردنـی زانیاری لەسـەر ئەندامان، یاسـاکە داوای لە کۆمەڵەکان کرد ڕاپۆرت و حـیـسـابـی سـاڵانە و پێنج سـاڵانـە بنێـرن و بـەهـای ئەرک و ئیلیـتـیـزامـات و کـەلوپەلەکـانیش ئامادە بکەن. سـەرنەکەوتنـی ئەم کارە لەبەر هێرشـێکـی دڵشکێن بوو.

سـەرۆکی کـۆمـیـسـیـۆنی شـاهانە سـێـر سـتـادفـۆد نۆرسکۆت بـوو، کـە بووە ڕاوێژکـاری ئێکسـچێکەر (Exchequre) لە ١٨٧٤ و دەسـەڵاتی یاسـادانـانی نوێی لە پەرلەمـان وروژاند. دوو ئامـانجی کـلاسـیکی هەبوون: (١) دابینـکردنی زانیـاریی بەسوود بۆ کۆمەڵەکان لە دانانی یاساکان و ڕێکخستنی ئابوونە و سوودەکان، (٢) دابینـکردنی زانیـاری بۆ ئەندامـانی گـشـتی تا بـتـوانن بۆ خـۆیان بڕیار بدەن تا ئاستێک لە هەر کۆمـەڵەیەکدا وەرگرن. بەڵام ئەو مـەبەستی جێـهێشـتنی ئیدارەی ڕاستەقینەی کۆمەڵەکان بوو بۆ ئەندامان و بەڕێوەبەرەکانیان.

لەژێر ئەو چوارچێوەیە یاسـاییـیـەدا کـەس نەیدەتوانی یـەکسـەر ببێـتـە ئەندامی

کۆمەڵەیەک کە شیمانەی رووخانی هەبوو لە هەر کاتێکی هەستیاردا. بەڵام، ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە کۆمەڵەکان لەناوچوون، مانای ئەوەش نەبوو کە کۆمەڵە دابەشبووەکان سڕانەوە. بگرە بەردەوام دەبووژانەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بیڤریج لە "کاری ئارەزوومەندان"دا باسی لێوە کردوون. بەتایبەتی، لەبەر ئەوە بوو کەوا کۆمەڵەکان کۆمپانیای دڵنیایی نەبوون: هەندێکیان برایانە و یانەی کۆمەڵایەتی بوون، هەندێکیشیان تاک و خێزانیان فێری پارە کۆکردنەوە دەکرد بۆ رۆژی رەش یان بۆ ئەوەی شتی گەورەی پێ بکڕن.

چوارچێوەی یاسایی لە ساڵی ١٨٧٥ رێگەی بە رێکخراوی نوێش دا گەشە بکەن، ئەو دەمەی داواکارییە میللییەکان گۆڕان. هێندەی ئەمە گرینگ، هەوڵە بەدیلەکان ئاسایی بوون بۆ بەهاداری و پەرەسەندن. بۆ نموونە، لە ١٨٨٦دا، نیسۆن شرۆڤەیەکی فۆرێستەرسی بڵاو کردەوە کە جیاوازیی دەکرد لە نێوان ئەزموونی ناوچە لادێیی و شارستانییەکاندا. لە ئەنجامدا، کۆبوونەوەی ساڵانەی فۆرێستەرس بڕیاری نەهێشتنی خشتەکانی دا لەسەر بنچینەی ئەزموونی نیشتمانی و ئەوەشی چارەسەر کرد کە هەر لقێک دەبوایە رێژەیەک بسەپێنێت لەسەر بنچینەی داتای لۆکاڵ. ئەگەر تاکە پاتێکی نیشتمانی بسەپێنرابا لەلایەن دەوڵەتەوە ئەوا زۆر زەحمەت دەبوو، ئەگەر مەحاڵ نەبووایە، سوودەکان ئەوەندە بسازێن.

یاسای ساڵی ١٨٧٥ بەڕەسمی دانی بە سیستەمە پێوەندارەکاندا نا، وەک "یەکەی تۆمارکراو"، لە کاتێکدا لەژێر یاسای ساڵی ١٨٥٥دا لقەکان بەجودا تۆمار دەکران و دەیانتوانی ئاسانتر یاساکانیان بگۆڕن یان کۆتا بە پێوەندییان بێنن لەگەڵ سیستەمێک بەپێی ویستی خۆیان. دەسەڵاتی یاسادانانی پێشتر سەربەخۆییی لقەکانی لە سەنتەر پتەوتر کرد، بەڵام یاساکانی ساڵانی ١٨٧٥ و ١٨٧٦ سەنتەریان بەهێز کرد. پێوەری تۆمارکردن ئەوە بوو بەشێوەیەکی رێکوپێک ئابوونەکان بدرێت بە فەندی مەرکەزی. لە ئەنجامدا، لە ١٨٧٥، مانچستەر یونیتی و فۆرێستەرس، هەندێ سیستەمی بچووکتری تر، ئابوونەیان کردە نیو یان یەک پێنس بۆ هەر ئەندامێک کە ساڵانە بیداتە فەندەکە بۆ رۆژی تەنگانەی لقەکان. پێش ١٨٧٥، لقەکان هیچ ئابوونەیان نەبوو، هەروەها بارەگەی سەرەکی لەلایەن داهاتی بۆنەکانی لقەکانەوە پارەی بۆ خەرج دەکرا.

هەروەها ئەوانەش هەبوون کە دەیانویست دەوڵەت کۆنترۆڵێکی زیاتر پیادە بکات، بەڵام توانرا تا ساڵی ١٩١١ بەرگەیان بگیرێت. پێشتر دەوڵەت بەشێوەیەکی فراوان رێگەی بە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان دا، پەرە بسێنن وەک ئەوەی خۆیان پێیان باشە، هەروەها کۆششی ئارەزوومەندانە خزمەتگوزاریی بەرفرەوانی جۆرەوجۆری دابین کرد و ناوەندەکانی دابینکردنی بۆ داهات لە کاتی نەخۆشیدا. بەشی نۆیەم باسی ئەوە دەکات چۆن ئازادیی کۆمەڵەکان پەرە دەسێنن و دواتر بەپێی یاسای دڵنیاییی نیشتمانی ١٩١١ پەردەپۆش کران، پێوەرێکە ئاماژەی بە کۆتاییی هەوڵی لیبرال هێنا کە زاڵ بوو بەسەر سیاسەتی گشتی لەوەتەی ١٨٣٤وە.

## ١٩١١: دڵنیایی نیشتمانی و پاڵەپەستۆی هاریکاریی هاوبەش

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان سەرکەوتوو بوون لە ڕێکخستنی دڵنیاییی کۆمەڵایەتی، هەروەها چاودێریی پزیشکییان بناخەیەکی بۆ سەرەتای سیستمی خۆشگوزەرانی دانا. بەڵام ئەمە، بەشێوەیەکی دژیەک (تناقض)، لە کاری ئەواندا ڕەنگی نەدەدایەوە. یاسای دڵنیاییی نیشتمانی ساڵی ١٩١١ لە بنەڕەتدا لەلایەن (یۆد جۆرج)ەوە فۆرمۆلە کرا، کە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە جێگیری کرد، وەک ڕێگەیەکی فراوانکردنی سوودەکانی ئەندامێتیی کۆمەڵەی دۆستایەتی بۆ چینی کرێکار. بەڵام لە ڕێگەیدا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، یاسا بنچینەییەکە بەشێوەیەکی ریشەیی لە دوژمنکارییەکی بەرژەوەندیخوازی دەسەڵاتدار بۆ هاریکاریی هاوبەشی چینی کرێکاران، بەتایبەتیش کەیفی بە کۆنترۆڵی چینی کرێکاری "پیاوماقووڵانی" پزیشکی نەدەهات. بی ئێم ئەی بەهەمان شێوە بەپەرۆش بوو بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر و پێوەرێکی بەرزتر بۆ دوکتۆران. هێندەی ئەمە گرینگ کۆمپانیا بازرگانییە دڵنیاییەکان بوون، کە دەمێک بوو کەیفیان بە پێشبڕکێی قازانج نەویستی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان نەدەهات و یاسای دڵنیاییی نیشتمانیی ١٩١١یان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر کارەکانیان زانی. ئەمانە لە شێوەی دەزگەیەکی بازرگانیی دەسەڵاتدارەوە ڕێک خرابوون و پێیان دەگوترا تێکەڵە " کۆمباین com-bine".

بی ئێم ئەی و کۆمباین هاوپەیمانییەکی کاتییان پێک هێنا بۆ دەرهێنانی مۆڵەت پێدانی کار لەژێر دەستی حکوومەت لەسەر حسێبی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان. جەوهەری دڵنیاییی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار خۆڕێکخستنێکی دیموکراتی بوو، بەڵام هەموارکردنەکانی یاساکە کە لەلایەن بی ئێم ئەی و کۆمباینەوە بەدەست هات، ئەم دیموکراسییەتەی بەلاوە نا. مووچەی پزیشکان لەگەڵ ئەو بڕانەدا بوو کە کرێکارانی ئاسایی دەیانتوانی بیدەن، بەڵام لەژێر پاڵەپەستۆدا. حکوومەت داهاتی پزیشکەکانی نزیکەی دوو هێندە زیاد کرد و هاوکاریی داراییی بۆ گواستنەوەی

سامان دابین کرد لە کرێکارە مسۆگەرەکان بۆ پیشەی پزیشکی بەهۆی ئالییەتی ئابوونەی ڕێژەییی دڵنیاییی نیشتمانی.

## دڵنیاییی نیشتمانی بەپاڵەپەستۆ: کاریگەریی ڕاستەوخۆ

پێشنیازی حکوومەت بۆ دڵنیاییی نیشتمانی، کە یەکەم جار لە ١٩١٠دا بڵاو بووەوە، بووە هۆی گۆڕان لە پیشەی پزیشکیدا. لە ١٩٠٣دا، گرێبەستی پراکتیکی لە ڕووی ئابوورییەوە وەک تیۆرێک بەباش وەسف کرا لەلایەن جۆرنالی پزیشکی بەریتانیایی و لە هەندێ فۆرمیشدا بە یەکێک لەو ڕێگە هەرە سەرنجڕاکێشانە وەسف کرا کە بەهۆیەوە پیاوێکی پزیشکی دەتوانێت گوزەرانی خۆی دابین بکات. بەڵام هەرکە گفتوگۆی گشتیی پێشنیازەکان دەستیان پێ کرد، هەستەکان گۆڕان. هەروەک دوکتۆرێک باسی لێوە دەکات، لەگەڵ هاتنی دڵنیایی بەپاڵەپەستۆی دەوڵەت (هۆکاری مانەوە)ی گرێبەستی پراکتیکیش بەسەر چوو: ئێمە ئێستا وەک موزەمیدی پزیشکی خاوێن و سادە دەست پێ دەکەینەوە، وەک فرۆشیار ئامادەین خزمەتگوزارییەکانمان بدەینە کڕیار، کە ئێستا هەژاری مووچەخۆر نین، بگرە کۆمپانیای پارەداری دڵنیاییی دەوڵەتن. زۆرجاران پزیشکەکان دوژمنی تەداخولی دەوڵەتن، ئەم بۆچوونە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە پتەوتر کرا بۆ پلانی حکوومەت. بەڵام ناکۆکی لەبارەی ماوەکانەوە بوو، پزیشکەکان لارییان نەبوو لەوەی دەوڵەت شتەکان بەدەستەوە بگرێت وەک بنەما ئەگەر مووچە و پێوەر و کۆنترۆڵیان پێ زیاتر بێت.

## کۆمباین

لە ١٩١٠دا، پیشەسازیی بازرگانیی دڵنیاییی ئەوەندە بەهێز بووبوو، ئیتر زەحمەت بوو بۆ حکوومەت پشتگوێی بخات. لە کۆتاییی ئەو ساڵەدا، ٢٨,٥ ملیۆن سیاسەتی سوودی تازیە کاریان پێ دەکرا لەگەڵ بەهایەکی گشتی کە دەگەیشتە زیاتر لە ٢٨٥ ملیۆن پاوەند. هەر ساڵە و ١٠ ملیۆن ئەندامی تر دەفرۆشرانەوە. ٩٠٪ی ئەو کارە لەلایەن ١٢ کۆمپانیای گەورەوە کۆنترۆڵ کرابوو، هەروەها پیشەسازییەکە باش ڕێک خرابوو بەهۆی دەزگاکەیەوە کە پێی دەگوترا "کۆمباین: Combine". نزیکەی یەک ملیۆن پیاو دامەزرابوون، کە ٧٠ هەزاریان فرۆشیاری

دەرگە بەدەرگەی فوولتایم بوون. داهاتیان لە فرۆشتنی هەر سیاسەتێک بوو، کە لە نێوان سەتا ٢٠ تا ٣٠ ی بڕی سەرەکی بوو. بڕی سەرەکی لە هەفتەیەکدا پێی دەگوترا "کتێب". کتێبەکان دەفرۆشران و دەکران و بۆیە نوێنەرایەتی وەبەرهێنانێکی بەرچاویان دەکرد لە بەشی کۆکەرەوەکاندا. پێشتر ویلیەم براسویت، یاریدەری سکرتێر لە دەستەی داهاتی ئینلاند، پاتێکی وردی ئامادە کردبوو، کۆمپانیاکانی دڵنیایی مافێکی سەرەکییان لە لیۆد جۆرج، راوێژکاری ئێکسچێکەر، وەرگرتەوە. سەرەتا، مەرامی ئەو ئەوە بوو کە دەسەڵاتی یاسادانان سوود دابین بکات بۆ بێوەژن و منداڵان بەڵام کۆمپانیاکانی دڵنیایی بەسەرکەوتوویی دژی ئەو پێشنیازەی وەستانەوە لەبەرئەوەی ترسان لەوەی پێشنیازەکە سیاسەتەکانی سوودی مردنی کۆمپانیاکان کەمتر سەرنجڕاکێش بکات.

پیشەسازییەکە بەهێز بوو، زۆر لەبەر سامانەکەی نەبوو بگرە لەبەر سوپایەکی بە پرەنسیپی ٧٠ هەزار کۆکەرەوەیی لە لووتکەی دەسەڵاتدا. کاریگەرییان لەسەر بۆچوونەکان زۆر حکوومەتی لیبرالی دەترساند، لەبەرئەوەی نا کە زۆرینەی لە پەرلەمان لە جانیوەری ١٩١٠دا کەم بووبووەوە، ناچاری کرد پشت بە هاوکاریی حزبی کرێکاران ببەستێت بۆ مانەوە. لیۆد جۆرج ئامادە نەبوو مووچەی بێوەژن و منداڵان کەم بکاتەوە لە پاتەکە بەڵام دواجار ئەمەی کرد لەبەر کۆمپانیاکانی دڵنیایی:

بەڵام وا پەسندترە ئەگەر دڵنیایی دەوڵەت بە بەدیل دابنێیت... هەر حزبێک کە هەوڵی دا ئەوا توانیی پەرە بە دوژمنایەتیی هەموو ئەو بریکار و کۆکەرەوانە بدات. سەردانی هەموو ماڵێکیان کرد، ماندوو نەدەبوون، زۆرجار زۆر زیرەک بوون، هەروەها حکوومەتێک کە هەوڵی دا بۆ دەست بەسەرداگرتنی کار بەبێ ئەوەی جاری هاوکاریی مسۆگەری پارتەکەی تر مسۆگەر بکات. بۆیە بەم شێوەیە دەیدۆڕاند لە هەوڵەکانیدا، بۆ ئەوەی، ئەگەر پاتی دڵنیایی نیشتمانی کەوتە ژێر دەستی هەر پارتێکی حوکمڕان، دەبێ سنووردار بێ، هەروەها پێویستترین و بەپەلەترینی هەموویان دەبێ بەجێ بهێڵرێن.

هەرکە یاساکە لە پەرلەمانەوە دەرچوو، زیاتر بڵاو بووەوە. یەکەم ڕەشنووسی

یاساکە، لە مایۆی ١٩١١دا بڵاو کرایەوە، ڕێگەی بە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان دا ببن بە "کۆمەڵەی ڕێپێدراو" و تەواوی کۆمپانیاکانی دڵنیاییشی وەدەرنا. دوو بڕگەی ناو یاساکە، کە بەئەنقەست لەلایەن برێتویتەوە دانرا، نەیهێشت کۆمپانیاکانی دڵنیایی ببن بە کۆمەڵەی ڕێ پێدراو. یەکەمیان، بڕگەی ٢١ خاڵی ١ و ٢ و ٣، داوای لە هەر کۆمەڵەیەکی ڕێ پێدراو کرد چەند لێژنەیەکی ئیدارەی مەحەلی لە ئەندامان دروست بکەن مەگەر پێشتر لقیان هەبووبێت. دووەم بڕگەی ١٨ خاڵی دوو، بەشی دووەم تێیدا هاتووە کە کۆمەڵەیەکی ڕێ پێدراو دەبێ لە دەستوورەکەیدا مافی ئەوەی نەبێت فەندەکانی دابەش بکات بگرە دەبێ بەڕێگە و بەپێی سوودەکانی دابەشی بکات بەسەر (جا سوودەکان لەژێر ئەم یاسایانە بن یان نا). لە بەشی سێیەمی ئەو بڕگەیەدا هاتووە کە کاروبارەکانی کۆمەڵە دەبێ بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەندامانیدا بێت، هەروەها بەشی چوارەمیشی داوای ئەوەی دەکرد کە دەبێ دەستوورەکەی ماف بەهەموو ئەندامان بدات لێژنە و نوێنەر و بەرپرسەکانیان هەڵبژێرن.

کۆمباین خۆی ڕێک خست و ئەو بڕگانەی لابرد. هانی سوپای بریکارەکانیان دا بچنە ریزی لۆبییەکانەوە، ئەم کارەشیان بەپەرۆشەوە وەرگرت، لە کۆتاییی حوزەیرانی ١٩١١ و مافی گرینگ پێشتر بەدەست هێنرابوو. بڕگەی ١٨ (٢)- بەشی دوو، کە دابەشکردنی سوودەکانی بەسەر بەشدارانی بەشێوەیەکی نایاسایی ئەنجام دەدا، ڕەش کرایەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا، کۆمباین هاوپەیمانێکی بەهاداری بەدەست هێنا، ئەویش دەزگەی پزیشکیی بەریتانیایی بوو. پێکەوە، کۆمباین و بی ئێم ئەی دوو مافی تری گرینگیان بەدەست هێنا. ئەو داوایەی کە ڕەزامەندیی لەسەر کۆمەڵەکان دەدا، دەبوایە لە لێژنەکانی ئیدارەی مەحەلی بوون، هەروەها داهاتی پزیشکییش بەڕێوە دەبران، نەک لەلایەن کۆمەڵە ڕێ پێدراوەکان، بگرە لەلایەن لێژنەی مەحەلیی تەندروستی (دواتر پێیان گوترا لێژنەکانی دڵنیایی).

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان سست بوون لە بەرپەرچدانەوەی ئەو گۆڕانانە، بەڵام لە سێپتێمبەر و ئۆکتۆبەر دەستیان کرد بە بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی کۆمباین. هەوڵیان دا بۆ دووبارەکردنەوەی داوای ڕێ پێدان بە کۆمەڵەکان کە ببن بە کۆمەڵەی

قازانج نەویست و خۆبەڕێوەبەر. نەک هەر تەنیا هەوڵەکانیان بێ سوود بوون، بگرە بۆ سێیەم جار نووچیان دا. بەشەکانی ٣ و ٤ی برگەی ١٨ (٢) نەیهێشت بۆ کۆمپانیاکانی دڵنیایی بەردەوام بن لە هێڵە مەرکەزییەکانی بازرگانی و کۆمباینیش عەودالی سڕینەوەیان بوو لە یاساکە. کۆمەڵە دۆستایەتییەکان، کە هێشتا نەدۆڕابوون، پاڵەپەستۆیان خستە سەر گەڕانەوەیان. بەڵام، دوای هەڵمەتێکی بەرفراوان، برگەی ١٨ (٢) لە بەرژەوەندیی کۆمباین هەموار کرایەوە. براتویت لەسەر ئەم هەموارکردنە گوتی:

لەم ساتەوە، لە ناخی دڵمەوە، بایەخم بۆ یاساکە نەماوە. تەواوی کارەکە بە ناپاکیی روحی یاساکە دەزانم، لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵە کۆکراوانە (کۆمباین) مافیان پێ درا بێنە ریزەوە، بەڵام دەبوایە ئەم کارەی بکردایە لەژێر کۆنترۆڵ نەک وەک کۆنترۆڵکار.

ئەگەر هەموارکردنەکانی یاساکە بەمەبەستی درێژکردنەوەی پێشبڕکێ بوایە بۆ سوودی بەکاربەران، ئەوا رەنگە هەموویان بێ سوود نەبوونایە. بەڵام لە واقیعدا، هەموارکردنەکان بەدەستی پزیشکانی رێکخراوەوە یارییان پێ دەکرا بەهۆی نەهێشتنی ئالییەتە سەرەکییەکان بەهۆیانەوە بەکاربەران دەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن دژی خزمەتگوزاریی خراپ و کرێی زۆر.

### کۆنترۆڵی بەکاربەر دوای ١٩١١

چەندان ساڵ کۆمەڵە دۆستایەتییەکان هانی پزیشکەکانیان دا ستاندارد‌ی خزمەتگوزارییەکانیان لە رێگەی پێشبڕکێوە باشتر بکەن. وێڕای ئەمەش، کۆمەڵە دۆستایەتییەکان نارەزایییان دەردەبڕی لەو رێنوێنییانەی کە پزیشکەکانیان سەربەست کردبوو.

حکوومەتیش سکاڵای میکانیزمی بەپێی یاسای ١٩١١دا بەرز کردەوە، بەڵام زۆر کەمتر بوو. هەروەک پرۆفیسۆر رودۆلف کلێین باسی لێوە دەکات، یاسای ١٩١١ هەنگاوێکی گەورە بوو بەرەو بوونی پیشەی پزیشکی لە چنگ کۆنترۆڵی سەپێنراوەوە. سکاڵا سیستماتیکییەکانی ١٩١١ بەهەوڵێک دانەنرا بۆ بەهێزترکردنی پێگەی بەکاربەر بگرە بە کردەیەکی رزگارکەر وەسف کرا کە داڕێژرابوو بۆ رزگارکردنی شتێک لە چنگی کۆنترۆڵی پەسێنراو بەسەر

خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانەوە. مامەڵەی ١٩١١ یەکەم هەنگاوی ڕێچکەکە بوو بەرەو سیستمێکی سیندیکالیستیی کۆنترۆڵی پیشەیی بەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانەوە. نەریتی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان لەسەر بنچینەی یاساکانی دادوەریی سروشتی بوو. دوو بنەمای سەرەکی هەن: "گوێ لەوی تر بگرە" و "هیچ کەسێک نابێتە حاکمی کەیسی خۆی". بەپێی ئەم فەلسەفەیە ئەو باوەڕە هەبوو کە هەردوولا مافی یەکسانیان هەیە لەوەی کەیسەکانیان بدرکێنرێن و کاری سەرەکیی پرۆسەکە سەربەخۆیی ئەوانە بوو کە بڕیاریان لەسەر پرسەکە دەدا. کەواتە یاساکانی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان تەعینی لێژنەی هەرەمەکیی دابین کرد کە لەو تاکانە پێک هاتبوون کە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو شت بهاڕن.

بۆچوونی پزیشکەکان دژی ئەمە بوون: نابێ کەس حوکمی پیشەگەران بکات تەنیا پیشەگەران خۆیان نەبێ. زۆرجار دوکتۆران دووپاتیان دەکردەوە کە ئەم بیرۆکەیە لە بەرژەوەندیی گشتیدایە، بەڵام بەبێ دڵسۆزیی ئەخلاقیاتی پیشەگەرانەوە کە بەتوندی خۆیان لە رەخنەی هاوەڵانیان کرژ دەکردەوە.

### ڕێکخستنەکان بۆ ئەوانەی دڵنیاییان نەبوو لە ساڵانی (١٩٣٠)کاندا

ماوەی ١٩١٤ بۆ ١٩٤٨بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە بەراوردێکی ئاسایی کرد لە نێوان هەگبەی بازاڕ و هەگبەی دەوڵەت. دانیشتووی کرێکار دەچووە پاڵ پاتی دڵنیایی نیشتمانی، بەڵام بەدەر لە ژن و منداڵ. ئەوان لە شوێنی بازاڕدا چاودێریی تەندروستیان وەردەگرت.

جۆرە سەرەکییەکانی هەگبە ئەمانە بوون: بەشەکانی نەخۆشانی دەرەوەی نەخۆشخانە خۆبەخشەکان، تیمارگە ئازادەکان، تیمارگە پاشەکەوتکەرەکان، پراکتیزی خانەی کۆمەڵەی دۆستایەتی، دڵنیایی دژی دەسهەقی پزیشکی (بە لێژنە ڕێ پێدراوەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتیشەوە)، خزمەتگوزاریی گشتیی پزیشکی، یانە تایبەتەکانی پزیشکان، یانەکانی کار و پەیمانگە پزیشکییەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی.

زۆر کەس بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی بەشەکانی نەخۆشانی دەرەوە لە جیاتیی جی پی (GP) موزەمیدی گشتی، هەرچەندە لە ساڵانی (١٩٣٠)کاندا گەلێ

نەخۆشـخـانەی خـۆبـەخش هانی نەخـۆشـانیـان دەدا یـەکـەم جـار بچنە لای جی پییـەکانیـان. لە ١٩٣٥دا، ١١٠٣ نەخـۆشـخـانەی خـۆبـەخش هـەبوو کـە ٢,١ملیۆن نەخــــۆشـی ناوەوە و ٥,٦ ملیــــۆن نـەخــــۆشـی دەرەوەی وەردەگــــرت. هـەندێ نەخۆشخانەی گشتی هەمان رۆڵیان بینی.

تیـمارگـە ئازادەکـان کـە لەلایەن دەزگـە خێـرخـوازییـەکـانەوە دەعـمی مـادییـان وەردەگـرت بەردەوام بوون لە کـار لە گـەلێ شـارۆکـەی گـەورەدا. لـە ناوەڕاسـتی (١٩٣٠)کـاندا بـەتەنیـا لە لـەندەن لە ٢٠ تیــمـارگــە زیاتر هـەبوو. تیــمـارگــە پاشـەکەوتکەرەکانیش بەردەوام بوون لە کارکردن. لە ناوچەی لـەندەن نزیکەی ٢٠ تیـمـارگـە هـەبوون. تیـمـارگـەی پاشـەکـەوتکەری (باترسـی) کـە یەکـێک لە هـەرە گەورەترینیان کەوا ٦ هـەزار ئەندامی هـەبوو لە ١٩٣٦.

هـەرکـە هـەفـتـانە ٣ پێنسی دەدا، پزیشکەکـان نـاو لێـژنەکـە ٦ پێنس کـرێیـان وەردەگرت. ژمـارەیەک یانەی پزیشکیی تایبەت بەردەوام بوون لە کار، بەڵام مـەحاڵە مەزەندەی ئەوە بکەیت چۆن چەندان کەس تەغتیـە دەکران. لە بڕیاری رووپێوی بی ئێم ئەی لە ١٩٣٨، ٣٩ یانەی تایبـەت پێـدا پێدا لەناو دەچوون. لـە زۆرینەی رەهای کەیسـەکاندا، سکرتێری بەشـەکان ڕایان گـەیاند هیچ یانـەیەکی تایبـەت نـەمـاوە، زۆرجار لەبەرئەوەی چووبوونە ناو خزمەتگوزارییە پزیشکییـە گشتییەکانەوە. برەکە بەلایەنی کەم هەفتانە ٣ پێنس بوو، هەرچەندە ڕێککەوتنە مەحەلییەکان زۆر جیاواز بوون. لە کـۆتاییی سـییـەکـاندا، پێ نەدەچوو زیاتر لە ١٠٠ هـەزار کـەس لەلایەن ئەندامێـتیی یانە تایبـەتەکانەوە ڕووماڵ کـرابن. گـەلێ کارگـە و تەواوی کـانەکـان هـاوکاریی پزیشکیـان دابین دەکرد. هـەندێکیـان بەڕێوە دەبـران لەلایەن بەڕێوەبەر و هـەندێکیش لەلایەن ئـەو لێـژنانەی کـە نوێنەرایەتیی فـەرمـانبـەرەکـانیـان دەکـرد. عادەتەن، ئەو پاتانە بەشی خێزان و فەرمانبەرەکانیان دەکرد. پلاندانانی ئابووری و سیـاسی (PEP)، دیراسـەیەکی سـەرەکـیی ئەنجـام دا، بـەڵام نەیتـوانی ژمـارەی تەغـتیـەکـراو بخـەمـڵێنێت. بەڵام، ئێمـە دەزانین کە هێـشتـا نزیکەی یەک ملیـۆن فـەرمـانبـەری کـانەکـان لە سـاڵانی سـییـەکـاندا هـەبوون. ئەوانەی پشـتیـان بەو فەرمانبەرانە دەبەست نزیکەی دوو ملیۆن تا دوو ملیۆن و نیو کەس دەبوون.

بی ئێم ئەی هانی پەرەپێدانی ناوەندی خزمـەتگوزاریی پزیشکیی گشتیی دەدا.

گـــەورەترینیـــان لە لەندەن بـوو، لە ١٩٣٧ لـە تەواوی وڵاتدا هـەشـــتـــا دەزگـــەی خـزمـــەتگوزاری هەبوو کـە ٦٥٠ هەزار ئابوونەداریـان هەبوو. رووپێـوێک لەســەر پەنجـاو یەک دەزگـەی خـزمـەتگوزاریی پزیشکیی گـشـتـی دەری خـست کـە هەر بەشدارییەکی لاوەکی ١,٨٦ کەس دەکەوتنە مەترسییەوە. لەسـەر ئەم بنەمایە کۆی گشـتـی نزیکەی ١,٢ ملیـۆن خـرابوونە چوارچێوەی دەزگە خـزمـەتگوزارییـەکانی پزیشـکیی گـشـتـیـیەوە. نزیکەی ٤ هـەزار دوکـتـۆر کـاریان تێـدا دەکـرد، بەرێژەی ئاسـایی ١١ شیلینگ و ٤ پێنسیـان وەردەگرت، بەڵام شـارۆکە گەورەکان لە ناوچە لادێییـیـەکان گـرانتر بوون. فـراوانکردن لە سـاڵانی (١٩٣٠)کـاندا خـێـرا بوو. لە ١٩٣٢، تەنیا ٣٢ خزمەتگوزاریی پزیشکیی گشتی هـەبوو.

## پراکتیکی خانەی کۆمەڵەی دۆستایەتی

زۆربەی ئەوانـەی لەلایەن پراکـتـیکی خـانـەوە رووماڵ دەکران پێش ١٩١١، لەلایەن دڵنیاییی نیشتمانییەوە رووماڵ کران، بەڵام خـانەکان بەردەوام بوون لە دابینکردن بۆ ئەو ژن و منداڵانەی کە لە دەرەوەی پـاتی دڵنیاییی نیشـتمانیدا بوون. بەگوێرەی رووپێـوەکانی بی ئێـم ئەی رێژەی گرێبـەسـتی پراکـتیکی لە ١٩٣٥-٣٦ و ١٩٣٨-٣٩دا جـێبـەجێ کـران، گـرێبـەسـتی پراکـتیکی بۆ ئەندامـە گەورەکـانی کـۆمـەڵە دۆسـتـایەتییـەکان خـێـرا روو لە نەمـان بوو. بەڵام هێشـتـا لە زۆر ناوچەدا رۆحـیـان لەبەر مـابوو. رێژەکان بەپێی پێشـبـڕکێـوە جیـاواز بوون. لـە ١٩٣٥-٣٦دا، کرێی سـاڵانە لە باس ٥ شـیلینـگ بوو، لە بێرمـینگهـام ١١ شـیلینـگ، لە چێسـتـەفیلد ١٣ شـیلینگ، لە نۆرویچ ١٢ شـیلینگ، لە کێنت ٦ شـیلینگ و لە بانسلی ١٠ شـیلینگ بوو. بەرزترینیان ١٦ شیلینگ بوو لە ئیلای.

رووپێـــوەکـــانی بی ئێم ئەی لە ســـاڵانی ١٩٣٥-٣٦ و ١٩٣٨-٣٩ تەواو نـەبوون، بەڵام بی ئێـم ئەی پێی وابوو کـە ٩٠٪ی پاتی گـرێبـەسـتـە هـەنووکـەییـیـان تەغـتـیـە کرابوون. رووپێوەکان لەبارەی رێژەی مووچەوە بوون نەک لەبارەی ژمارەی ئەوانەی دڵنـیـاییـــیـان هـەبوو، بەڵام هەندێ دیارخــەر لـە بەردەســتـــدا بوون. تێکەڵکردنی ئەنجـامـەکـانی بـی ئێم ئەی لـەگـەڵ ئەو ئامـــارانەی لەلایەن تـۆمـارکـەری کـۆمـــەڵە دۆسـتـایەتییـەکان، رێگەمـان پێ دەدا مـەزەندەی ژمـارەی ئەو کـەسـانە بکەین کـەوا چاودێریی پزیشکییان لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکانەوە بەدەست دەهێنا.

له سییەکاندا ۷۰۰ کۆمەڵەی دۆستایەتیی مێرمنداڵان هەبوو کە ۱۸٥ هەزار ئەندامیان هەبوو. کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بە لقەکانەوە ۲۹۸۲۰۰۰ ئەندامیان هەبوو. کۆمەڵە دابەشبووەکان ٤۹۹۰۰۰ ئەندام. هەروەها کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بەبێ لقەکان (ئەو لقانەی سوودی نەخۆشیان دەدا لەسەر بنەما کەڵەکەبووەکاندا) ۱۱٥۲۰۰۰ ئەندامیان هەبوو. هەموو ئەو ئەندامانە بەمسۆگەری چاودێریی پزیشکییان پێ نەدەگەیشت، گەلێکیان لەلایەن دڵنیاییی نیشتمانییەوە تەغتیە دەکران بەڵام بۆیان هەبوو نەخۆشی خۆبەخشانەی زیادە یان دڵنیاییەکانی تری لێ دەربێنن.

۱۸٥ هەزار ئەندامی کۆمەڵەکانی مێرمنداڵان چاودێریی پزیشکییان بۆ دابین دەکرا. وێڕای ئەمەش، کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی گەورەساڵان ئەندامی گەنجیان هەبوو. کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بە لقەکانەوە ۱۳٤ هەزار ئەندامیان هەبوو لە خوار تەمەنی ۱٦ساڵی لە ۱۹۳۰، کۆمەڵەکانی خەرجیی نەخۆشی (لەسەر بنەما کەڵەکەبووەکان) ۱۲۲ هەزار ئەندام، کۆمەڵە دابەشبووەکان ٥ هەزار ئەندامیان هەبوو، بەگشتی دەکاتە ٤٤٦ هەزار ئەندامی مێرمنداڵ. کۆمەڵەکان بە لقەکانەوە ۲۱۸۹۰۰۰ ئەندامیان هەبوو لە خوار تەمەنی ۱٦ ساڵی، کۆمەڵە کەڵەکەبووەکان ۹٤۷ هەزار ئەندام، کۆمەڵە دابەشبووەکان ۳۷۰ هەزار ئەندام. لە کۆی گشتیی ئەندامێتیی گەوران کە ۳٥۰٦۰۰۰ ئەندام بوو، زۆرینەی رەهای ئافرەتانی ئەندام ئابوونەیان بۆ چاودێریی پزیشکی دەدا. تۆمارکار ئامارە جوداکانی لەبارەی ئەندامانی نێر و مێ بڵاو نەکردەوە، بەڵام بەڵگەی کۆنفرانسی نیشتمانیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان بۆ لێژنەی بیڤریج لە ۱۹٤۲ پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئافرەتان چارەگێکی کۆی گشتیی ئەندامێتییان پێک هێناوە. لە ۱۹٤۱، لە کۆی ٤,٦ ملیۆن ئەندام، ۲٤٪ی ئافرەت بوون. بەم شێوەیە، لە کۆی ۳,٥ ملیۆن ئەندامی گەورەی خۆبەخش لە ۱۹۳۰، نزیکەی ۸٤۰ هەزاریان ئافرەت بوون. زۆربەیان بۆ سوودی پزیشکی پارەیان داوە. هەندێ لە ئەندامە پیاوەکان یارمەتیی پزیشکە خانەکانیشیان داوە. ئەگەر تەنیا ۱۰٪یان ئەم کارەیان کردبێت، ئەوا دەکاتە ۲۸۰ هەزار ئەندام. هەموو پێیان گوترابوو، بەلایەنی کەم لە ناوچەیەکی هەرێمەکە ۱,٥ ملیۆن کەس بەو منداڵانەشەوە کە ئەندامی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی گەوران بوون لەگەڵ کۆمەڵە تایبەتییەکانی مێرمنداڵان، دەبێ چاودێریی پزیشکیان بۆ دابین بکرێت

لە ڕێگەی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان تا کۆمەڵە دیپۆزیتییەکان لە ناوەڕاستی سییەکاندا پەیدا بوون. ئەم خەمڵاندنە دەوەستێتە سەر ئەندامێتیی کۆمەڵە دۆستایەتییە تۆمارکراوەکان و هیچ حسێبی کۆمەڵە تۆمارنەکراوەکان نەکراوە.

## دڵنیایی لە دژی کرێی پزیشکی

دوای یاسای ١٩١١، هەندێ کۆمەڵەی دۆستانە پاتی نوێیان پەرە پێ دا بۆ دڵنیاکردنەوەی پزیشکان. هەندێ پاتی پزیشکی پارەدانەوەیان بۆ تەواوی کرێیەکە دابین کرد، هەندێکیشیان بۆ بەشێکیان دابین کرد. لە چەند کەیسێکدا هەر دوکتۆرێک دەکرا راوێژی پێ بکرێت و هەروەها پارەدانەوەی هەر کرێیەک کە باسی لێوە دەکرا، دەکرا بانگەشەی بۆ بکرێت. لە زۆربەی کەیسەکاندا، دوکتۆر دەبوایە لەلایەن لیژنەیەکی دوکتۆرانەوە هەڵبژێردرێت کە رەزامەندییان لەسەر کرێی تایبەتی دەدا.

لە سەروبەندی راگەیاندنی دڵنیاییی نیشتمانی لە ١٩١١، ناحیەی ساوس لەندەنی مانچستەر یونیتی، پاتێکی دانا بۆ کرێی خزمەتگوزارییەکان. سەرەتا ئەندامان هەفتانە یەک پێنسیان (خێرا بوو بە ٢ پێنس) دەدا بە فەندێکی گشتی، بەناوی فەندی هاوکاریی پزیشکی. ئەندامان دەیانتوانی بچنە لای هەر دوکتۆرێک، دەسهەقی دوکتۆر بدەن و وەسڵ وەربگرن و لە فەندەکە وەری گرنەوە. دەسهەقی دوکتۆر بۆ سەردانی ماڵ ٣ شیلینگ و بۆ راوێژکارییەکی پزیشکیش دوو شیلینگ بوو. لە ١٩٢٥دا، شەش هەزار ئابوونەدار هەبوو بۆ پاتی باشی دارایی. لە ماوەی ١٢ ساڵدا، خەرجیی ئاسایی ساڵانە نزیکەی ٢ هەزار پاوەند بوو. "مەلەوانگە پزیشکییەکان" کە زۆرجار وایان پێ دەگوترا، سەرکەوتوو بوون لە هەندێ ناوچەدا، وەک سوادلینکۆت، کۆلڤیل و ولڤێرتن، بەڵام سەرکەوتنیان تەنیا ئەو کاتە بەدی کرا کاتێ رێگەیان دا بە دانانی سنوورێک بۆ دەسهەقی دوکتۆران.

ئەو پاتانەی لەسەر بنەمای قیست بەڕێوە دەچوون خێرا فراوان کران. لە ١٩٣٦، ١,٣ ملیۆن ئەندامی کۆمەڵەی دۆستانەی نیشتمانی دیپۆزیت و زیاتریش دابین کران بۆ پارەی بەشێکی وەسڵەکانی دوکتۆران، کە ٥٧ هەزار ئەندامی کۆمەڵەی پاشەکەوتی مامۆستایان هەبوون. تا ١٩٤٨، ئەندامانی کۆمەڵەی دۆستایەتیی نیشتمانی دیپۆزیت بۆ چارەسەری پزیشکی ٢ شیلینگ و ٦ پێنس و بۆ سەردانی

ماڵیش ٣ شیلینگ و ٦ پێنسیان دەدا، بەداوودەرمانیشەوە. کۆمەڵەکە یان ئەوەتا دوو لەسەر سێشیان سێ چارەگی کرێیەکەیان دەدایەوە. بەڵام، بەپێی بی ئێم ئەی، ژمارەی بەرچاوی دوکتۆران بەردەوام بوون لە پەسندکردنی تەنیا پارەی دیپۆزیتی نیشتمانی بەیەکجار، وێڕای رەخنەی درێژخایەنی بی ئێم ئەی لە پراکتکیدا.

## چەند کەس چاودێریی پزیشکییان وەردەگرت؟

لە ١٩٣٩دا، دانیشتوانی بەریتانیا ٤٦,٥ ملیۆن بوو. لە کۆی ئەم ژمارەیە، نزیکەی ١٩ ملیۆنیان دڵنیاییی نیشتمانییان بۆ دابین کرابوو. بەشەکانی نەخۆشانی دەرەوەی نەخۆشخانە خۆبەخش و گشتییەکان دەبێ خزمەتی شەش ملیۆنیان کردبێت، تیمارگە خێرخوازی و پاشەکەوتەکانیش لەوانەیە ٣٠٠ هەزار، خانەکانیش ١,٥ ملیۆن، پەیمانگە پزیشکییەکانیش ١٥٠ هەزار، دڵنیایی کرێی خزمەتگوزاری دوو ملیۆن، خزمەتگوزارییە پزیشکییە گشتییەکان ١,٢ ملیۆن، یانە تایبەتییەکانی دوکتۆران ١٠٠ هەزار و یانەکانی کار (بە کۆمەڵەی هاوکارییە پزیشکییەکانیشەوە) نزیکەی ٣ ملیۆن بوو. بەپێی ئەم خەمڵاندنانە، نزیکەی ١٤,٢ ملیۆن کەس لە سەرووی ئەو پاتانەوە بۆیان دابین دەکرا. پێ دەچێت بەلایەنی کەم ملیۆنێکی تر لەلایەن کۆمەڵە دۆستایەتییە تۆمارنەکراوەکانەوە چاودێریی پزیشکییان بۆ دابین کرابێ. ئەو ١٢ ملیۆنەی دەشمانەوە لەوانەیە کرێی تایبەتییان دابێت.

## پێشبڕکێ

دیارترینی ئەو رێکخراوانەی کە پێشبڕکێی پێشکێش کرد و کرێی پزیشکییان سنووردار کرد، پەیمانگە پزیشکییەکانی سەر بە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان و کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی بوون. لە ساڵانی (١٩٣٠)کاندا، پەیمانگە پزیشکییەکان تەنیا ١٥٠ هەزار ئەندامی خۆبەخشیان هەبوون (وێڕای ئەندامانی دڵنیاییی نیشتمانی)، بەڵام لە سەرانسەری ئینگلتەرادا لە ٦٠ شارۆکەی گەورەدا دابەش بووبوون. تەنیا یەک رکابەری رژد لە ناوچەیەکدا داوای لێ کرا نرخی جێگیری بی ئێم ئەی، جارِ بدات، هەروەها پەیمانگە پزیشکییەکان دواتر کاریگەرییان هەبوو لەسەر نرخەیل لە کۆی هەموو بەشەکانی قەوارەی

ئەندامێتییان. ئەم دەسەڵاتەی بازاڕ دوژمنایەتیی پیشەی پزیشکیی نەهێشت و لە ئەنجامدا، ئەو دەمەی ئێن هێچ ئێس پلانی دادەنا بۆ دوژمنایەتیی بی ئێم ئەی یەکلاکەرەوە بوو لە مسۆگەرکردنی ئەوەی کە هیچ رۆڵێک رێی پێ نەدەدرا بۆ پەیمانگە پزیشکییەکان.

لە تەواوی ژیانی سیستمی لێژنەکەدا، بی ئێم ئەی وەزارەتی تەندروستیی خستە ژێر پاڵەپەستۆیەکی بەردەوامەوە بۆ جیاکردنەوەی لە دژی پەیمانگە پزیشکییەکان و کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی. بۆ نموونە، لە ئاداری ١٩٢١دا، ئەلفرێد کۆکس نامەیەکی بۆ وەزارەت نووسی لە جیاتیی بی ئێم ئەی نارەزاییی دەربڕی کە پەیمانگەی پزیشکیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی نۆرویچ وەرزانە ٣ شیلینگی بۆ ئەندامانی مێرمندالان دەگۆڕی. بی ئێمی ئەی هەستی کرد کە ئەمە زۆر کەمە و پەیمانگەکەی تۆمەتبار کرد بە بەلاوەنانی مێرمندالان لە داهاتیان لە پاتی بیمەی نیشتمانی. کۆکس دووبارە لە ٢٢ی نیسان نووسی و دووپاتی کردەوە کە بی ئێم ئەی بەتوندی دژی بەلاوەنانی ئەوانەی دڵنیاییان نییە دەوەستێتەوە. سکرتێری دایمی (ر.و. هاریش) وەڵامی دایەوە کە ناتوانێت بەردەوام بێت لە ناردنی شت بەڕەسمی بەڵام پێشنیازی گفتوگۆیەکی تایبەتی کرد، لە کاتێکدا کۆکس دواتر بوو بە وەزیر. لە ٧ی مایۆدا کۆکس بانگ کرا بۆ گفتوگۆکە. تۆمارێکی رەسمیی بی ئێم ئەی بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات:

لە روانگەی بی ئێم ئەیەوە زۆر گرینگە کە وا دابنێیت ئەو مێرمندالانەی دڵنیاییان نییە بەهەمان دەسهەق حسێبیان بۆ بکرێت لەگەڵ کەسێک کە دڵنیاییی هەیە، ئەمە نابێ هەبێت وەک کارێک کە رەنگە لە رووداوی فراوانکردنی مامەڵەی موزەمیدی گشتی بەکار بێت بۆ دانیشتوانی گشتی.

باشترین بەڵگەی بەردەست لە رووپێوەکانی بی ئێم ئەیدا هەیە کە لە ١٩٣٥–٣٦ و ١٩٣٨–٣٩دا ئەنجام دراون. ئەمانە پێشانی دەدەن کە گەلێ نرخ لە خوار کرێی دڵنیاییی نیشتمانیدا بوون. بەتایبەتی، پەیمانگە پزیشکییەکان نرخیان دابەزاندبوو. خزمەتگوزاریی پزیشکیی گشتیی خوێنراو (کە لەلایەن بی ئێم ئەی بەڕێوە دەچوو) کەمترین کرێی هەبوو، لە تەواوی وڵاتان دەگوترا کە ئەمە نیگەرانییەکی بەرچاو دروست دەکات لەلایەن لێژنەی فەرعیی خزمەتگوزاریی

پزیشکیی گشتیی بی ئێم ئەی. دوکتۆرانی دەزگەی ریدینگ بە بی ئێم ئەیان گوت مەحاڵە نرخ بەرز بکەنەوە لەبەر پێشبڕکێی چالاک لە کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی ئەمالگەمەیتدی ریدینگ.

یانەکانی کاریش پێشبڕکێیان هەبوو. لە ساود وێڵز، کە کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی بالادەست بوون، دەگوترێ رێکخستنەکان باشتر بوون (واتە ئەوەندە پێشبڕکێیان نەدەکرد) بەڵام لە ناوچەکەی تر، بەتایبەتی لە یۆرکشایەر، کرێیەکان قایلکەر نەبوون. ئەنجوومەنی لق هەفتانە داوای ٤ پێنسی دەکرد بۆ پیاو و کوڕان، بەڵام نرخی تر کەمتر بوو. لە کۆی ١٣ کەیس لە ڕاپۆرتی رووپێوەکەدا، نرخی هەفتانە ٣ پێنس بوو لە حەوت ناوچەدا، لە سێ ناوچەی تردا ٣ پێنس و نیو بوو.

بەکورتی: هێشتا پاڵەپەستۆی ڕکابەری بەرچاو هەبوو کە نەیاندەهێشت بی ئێم ئەی نرخەیل بەخۆی جێگیر بکات. تەنانەت لە دژی باکگراوندی دڵنیاییی نیشتمانی و سیاسەتێکی پیشەیی هەوڵ دەدرا بۆ زیادکردنی نرخی حکوومەت لە گرێبەستی کەرتی تایبەتدا، پیشەکە دەسەڵاتی دۆزینەوەی ڕێگەی خۆی نەبوو. ئەمە تەنیا بۆ گرێبەستی پراکتیکی جێبەجێ نەبوو. ئەو دەمەی نەخۆش دڵنیاییی هەبوو لە دژی کرێی پزیشکی بی ئێم ئەی نەیدەتوانی نەهێڵێت کۆمەڵە دۆستایەتییەکان پارە بەیەکجار وەربگرن. تێکەڵبوونی بەکاربەر بۆ پێشکێشکردنی دەسەڵاتێکی سەرکەوتوو بۆ رێکخستنی پیشەکە ماوەی بیست ساڵی خایاند وێڕای ئەو پاڵەپەستۆیانەش بۆ لەناوبردنیان هەر مایەوە.

## کێ سوودی لە دڵنیاییی نیشتمانی وەرگرت؟

یاسای دڵنیاییی نیشتمانیی ساڵی ١٩١١ دەسەڵاتی بەکاربەری پزیشکیی لاواز کرد، بەڵام چ کاریگەرییەکی لەسەر داهاتە پزیشکییەکان هەبوو؟ سکاڵای سەرەکی لەلایەن پزیشکان پێش یاسای ١٩١١ ئەوە بوو کە خێرا نەبوون. لە ئەنجامی پاتی حکوومەت، زیادەیەکی باشیان لە داهاتیاندا مسۆگەر کرد. بەڵام ئەمە رەگی رەخنەکانی لە بنەوە دەرنەهێنا. دوای ١٩١١، سکاڵای پزیشکان لەبارەی کرێی کەمەوە، زۆرجار بە بەهایەکی باش دادەنرا لەلایەن رەخنەگرانی چاودێریی تەندروستی پێش ١٩١١، لەلایەن حکوومەتەوە تەوجیهات دەدرا لە جیاتیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان. سەرەتا حکوومەت ٦ شیلینگی دەدا بە دوکتۆر بۆ هەر



(١٠) دەیڤید جی. گرین

نەخـۆشـێک کـە دڵنیـاییی هەبوایـە، بە دەرمـانیـشـەوە. ئـەمـە نرخـێکی باش بوو، لەبەرئـەوەی نرخی کـەمـترین گـرێبـەسـتی کـار ئەو کـاتە لەلایەن بی ئێم ئەی داوا دەکرا ٥ شیلینگ بوو، ئەمە زیاتر بوو لە هەندێ نرخی بازار. لە شوباتی ١٩١٢ بی ئێم ئەی داوای ٨ شیلینگ و ٦ پێنسی کرد بەبێ دەرمان.

رووپێـوێک لـەسـەر داهاتی پزیشکەکان لەلایەن سـێـر ویلیـەم پلێنـدەرەوە ئەنجام درا، کـە داوای لـێ کـرا سـەردانـی شـەش شـارۆکـە بکات، سـیـانیـان لـەلایەن کۆمیسیـۆنی دڵنیاییەوە دەستنیشان کران و سیانیشیان لەلایەن بی ئێم ئەیەوە. دیراسەی داهاتی دوکتۆرانی کرد لە ١٩١٠ و ١٩١١ لە کاردیف، دارلیگتن، داروی، دەندی و نـۆرویچ و سـێت ئالبـانس. لە ٢٦٥ دوکـتـۆر دیراسـەی کـرد، کـە پەنجاویەکیان رەتیان کردەوە تۆمارەکانیان بدەن. لە کۆی ئەمەش پلیان لە کاردیف بوون، لەبەر هەندێ کاردیف لە دیراسەکەدا دەرهێنرا.

سـێـر ویلیـەم لە تـەمـووزدا گوتی ئەو پێنج شـارۆکـەیەی مـاون داهاتی ئاسـاییی سـاڵانەی دوکـتـۆر لـە گرێبـەسـتی پراکـتـیکدا، کـەمـتر لە پشک بۆ قـەزر، بۆ هەر نەخۆشێک ٤ شیلینگ و ٢ پێنس بوو. ئەگەر داهات لە گرێبەستی کار زیاد کرابا، رێژەی ئاسایی دەبووە ٤ شیلینگ و سێ چارەگ. کرێی ئاسایی ساڵانە کە دەدرا ٣ شیلینگ و ١١ پێنس بوو. رێژەی ئاسایی کە ٤ شیلینگ و ٢ پێنس بوو پێویستی بە هەمـوارکـردن بوو، چونکە دوکـتـۆران لە ناوچەی دەندی دەرمـانیـان نەدەدا. لە خـەمـڵاندنێکی ئامـادەکراوی کۆمـیـسـیـۆنی دڵنیـایی بۆ ئینگلتـەرا، پێشـنیـازی ٤ شـیـلینگ و ٥ پێنس کـرا وەک ئامـارێکی وردتر، ئەمـە رێگـەی بە تێـچـووی دەرمـان دەدا لە دەندی.

جـۆرنـالی پزیشکیـی بەریتـانیـایی یەکسـەر ئیدانەی ئەنجـامـەکانی پلێندری کرد وەک ئـەوەی لایەنـگیــری تێــدایە و راسـت نـین، هـەروەهـا بی ئێم ئـەیش بـەردەوام جـەخـتی دەکردەوە لەسـەر زیادکردنی بۆ ٦ شـیلینگ. حکوومـەت وەڵامـی دایەوە بە زیادکـردنـی نـرخـەکـەی بۆ ٧ شـیلـینگ و ٦ پێنس. ئـەمـەش رەت کـرایەوە. لە ٢٣ی ئۆکتـۆبەر، دواجـار حکوومـەت نرخـەکەی کردە ٩ شـیلینگ (بە دەرمـانیـشـەوە). ئەم نرخەش لەلایەن بی ئێم ئەی رەت کرایەوە.

بەڵام لەم کاتەدا، ناکۆکی سەری هەڵدا لەنێو پیشەی پزیشکیدا. سـەرکردایەتیی

بی ئێم ئەی دەســـتی لێ نەدەدرا لە رووی پلە و فـــایلەوە، کــــە باش دەیزانی قــەبووڵکردنی ٩ شــیلینگ بە واتای نزیکەی دوو هێندکــردنی داهاتەکــانە. لە جانیوەری ١٩١٣ نرخی ٩ شیلینگ پەسند کرا.

لە سالانی بەرەو یاسای ١٩١١ ئەو یەکەتییەی کە پزیشکان عەودالّی بوون، لە ئارادا نەبوو. بەلام، یەکێک لە ئەنجامە سەرەکییەکانی دڵنیایی نیشتمانی ئەوە بوو کە پیشەی پزیشکیی وروژاند تا یەک بگرن لەسەر حسێبی بەکاربەر. پزیشکان هەڵمەتێکیان رێک خست بۆ گواستنەوەی پاتی دڵنیایی بۆ یەک پات کە سوودیان پێ بگەیەنێت لەسەر حسێبی بەکاربەرانی پزیشکی، بەتایبەتی ئەندامانی کۆمەڵەی دۆستایەتی. لە ئەنجامی تووڕەبوونیان لە نێوان ١٩١٠ و ١٩١٢، دوکتۆران دەسکەوتی بەرچاویان هەبوو: سەرنجدارترینیان، ئەوە بوو خۆیان لە کۆنترۆڵی سەپێنراو رزگار کرد، خۆیان خستە ناو سیستمی دەوڵەت، بەم کارەش دەسهەقیان نزیکەی دوو هێندەی لێ هات.

## ١٩٤٨، ریشەکێشکردنی هاریکاریی هاوبەش

یاسای ١٩١١، کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی خستە پاڵ پاتی دڵنیاییی نیشتمانیی دەوڵەتەوە. چاکەی خۆبەخشێتی ئەوەیە چەندان میتۆدی ماف پێدان دەکرێ پێش بخرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە جۆربەجۆرەکانی تاک و خێزانەکان. کۆمەڵە دۆستایەتییە پێوەندەکان هەوڵێکیان دا بەڵام بەئارەزووی هەموو کەسێک نەبوو و گەلێ کەس کەیفیان بە سیستمی جیاجیای کۆمەڵەی مەرکەزی دەهات وەک هاتس ئۆڤ ئۆک یان کۆمەڵەی دۆستایەتیی دیپۆزیتی نیشتمانی. بەڵام، ئەم جۆرەوجۆرییەش بوو بە کێشە لە پاتی دەوڵەتدا، لەبەرئەوەی دەنگی نارەزایی دەستی پێ کرد کەوا کارێکی ناعادیلانەیە سووودی جیاواز لە بەرامبەر هەمان ئابوونەی بەزۆر وەربگیرێت.

راپۆرتی بیڤریج لە ساڵی ١٩٤٢ باسی ئەوەی کرد واتای ئەو جیاوازییان لە کۆتاییی سییەکاندا چییان بەسەر هات. بەپێی سیستمی کۆمەڵایەتیی رێ پێدراو هەر کۆمەڵەیەک دوای پێنج ساڵ ئەوجا بەهای پێ دەدرا و دوای دابینکردنی یەدەگەکانیش حسێبی بودجەیەک یان پاتێک دەکرا. پاتەکە لە سوودی زیادە بۆ ئەندامان سەرف دەکرا. هەڵسەنگاندنی پێندەم لە ١٩٣٨دا رێی بە کۆمەڵەکان دا کە ٨٨٪ی پیاوان و ٨١٪ی ئافرەتان، ئەوانەی کە دڵنیاییان هەبوو، سوودی زیادە بدەن. پاتەکە ٥٨٥٠٠٠٠ پاوەند بوو ئەو دەمەی خەرجیی گشتی نزیکەی ٣٥ ملیۆن پاوەند بوو. لە کۆی ئەو پاتە، ٢٢٠٠٠٠٠ پاوەند مایەی سوودی زیادەی هیشکە بوو و ٣٦٥٠٠٠٠ پاوەندیش لەو جۆرانە بوو: چاودێریی ددان و چاو، پێداویستیی پزیشکی و خانەی چارەسەرکردن. سوودی زیادەی نەخۆشی و کەمئەندام لەلایەن ئەو کۆمەڵانە دەدرا کە نوێنەرایەتیی ٦٣٪ی ئەو پیاوانەیان دەکرد کە دڵنیاییان هەبوو. نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ پاوەند لە سوودی منداڵبوون خەرج دەکرا.

راپۆرتی بیڤریج پێشنیازی یەک ئابوونە و یەک ئاژانس کرد بۆ بەرێوەبردنی

پاتەکە. بەڵام، بیڤریج بەپەرۆشی ئەوە بوو کەوا کۆمەڵە دۆستایەتییەکان دەبێ ڕێیان پێ بدرێت، وەک بریکار کار بکەن بۆ پێدانی سوودی دەوڵەت و پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ ئەو ئەندامانەی کە سوودی ئارەزوومەندانە دەدەن. بیڤریج تووشی بێ ئومێدییەکی گەورە بوو کاتێ پێشنیازەکەی لەلایەن حکوومەتەوە ڕەت کرایەوە.

ئەنجامەکە سیستمێکی زلی دەوڵەت بوو بۆ سوودەکان و چاودێریی پزیشکی. ئەوەی ماوەتەوە لەم بەشەدا تەرخان دەکرێت بۆ نموونەیەک لەبارەی ئەوەی ئەمە لە پراکتیکدا مانای چی بوو بۆ پەیمانگە پزیشکییەکان و کۆمەڵەکانی هاریکاریی پزیشکیی کانەکانی وێلش، کە بەهای پێشەنگیی خۆیان سەلماند، وێڕای بەرهەڵستکارییەکی زۆری دەزگە پزیشکییە ڕێکخراوەکان.

ئەمە لێکۆڵینەوەی کەیسێکی وردە، بەڵام شایەنی وردبوونەوەیە، چونکە ئەقڵییەتی ئەو ماوەیە دەخاتە سەرپشت، بەتایبەتی ئەوە پێشان دەدات چۆن سەرکردەکانی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە نەیانتوانی لە بەهای فرەیی تێ بگەن و بوارێک بدەن بە پێشکەوتنی مرۆیی. بیڤریج خۆی لە کۆواری تایمز هۆشداریی دووەم خوێندنەوەی یاسای دڵنیاییی نیشتمانی دا لە شوباتی ١٩٤٦، گوتی ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی بەردەوامی کۆمەڵە دۆستایەتییەکان هەڵەیەکی کوشندە دەبێت. بیڤریج گوتی "بنیاتنانی سیستمێکی گشتگیری دەوڵەت دوا ئامانجە"، بەڵام دان پێدانان بە کۆمەڵە دۆستایەتییەکان "بوار دەدات بۆ ئەزموونگەرایی و دادگەیی". بەڵام ئەم بۆچوونانە پشتگوێ خران.

## لەناوچوونی پەیمانگە پزیشکییەکان

لە ساڵانی (١٩٢٠) و (١٩٣٠)کاندا پەیمانگە پزیشکییەکان کاریگەرییەکی باشیان لەسەر کرێی پزیشکی هەبوو بەقازانجی بەکاربەر. بی ئێم ئەی ئەو هەڵەی کە لەلایەن دەزگەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانییەوە ڕەخسێنرابوو، قۆستەوە بۆ قرکردنی پەیمانگە پزیشکییەکان لە پێناو باشەدا.

لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا گفتوگۆیەکی زۆر هەبوو لەبارەی ئەوەی دەبێ چۆن چاودێریی پزیشکیی سەرەتایی ڕێک بخرێت. پلان دوای پلان خێرا

دەهاتن و دەچوون بەم پلانانەشەوە: پلانی براون، کاغەزی سپیی ١٩٤٤ و پلانی ویلینک. کاتێ یاسای خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی لە ١٩٤٦دا دەرچوو، خزمەتگوزاریی موزەمیدی گشتیی ئێن هێچ ئێس زۆر بە سیستمی لێژنەی کۆنی ١٩١١ دەچوو. لێژنەکانی دڵنیایی شوێنیان گیرایەوە بەهۆی چەندان ئەنجوومەنی مەحەلیی جێبەجێکاری. پلەیەکی کۆنترۆڵی ناوەندیی خزمەتگوزاریی جی پی هەبوو لە رێگەی لێژنەی پراکتیکی پزیشکی. پارەی باج کۆنترۆڵ کرابوو، هەروەها پراکتیکی تایبەتیش بەردەوام بوو، بەڵام فرۆشی پراکتیکەکان قەدەخە کرا.

لە ماوەی شەڕدا حکوومەتی هاوپەیمانی دەستی کردبوو بەپلانی خزمەتگوزارییەکی پزیشکیی گشتگیر لە شوباتی ١٩٤٣دا هەروەها لە مارج ئێرنس براون، وەزیری تەندروستی پلانەکانی راگەیاند. هاوپەیمانی ساوس وێلز مۆنماوسشایەری کۆمەڵەکانی هاریکاریی پزیشکی (SWMA: سوما) نیگەران بوو لە رۆڵی داهاتوو لەژێر سایەی پلانەکە، داوای کرد چاوی بە وەزیر بکەوێ بەڵام بەتوندی داواکەی رەت کرایەوە. لە دیسێمبەری ١٩٤٣دا هێنری ویلینک بووە وەزیر، دوو مانگ دواتر پلانی (کاغەزی سپی: White Paper)، خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی بڵاو کردەوە کە پێشنیازی پەیمانگەی "لەحیمکراوی پێکەوەیی" کرد. لە ئاداری ١٩٤٤، (فزما FSMA) پرسیاری لەبارەی ئەوە کرد چۆن ئەو "لەحیمکردنە" جێبەجێ دەکرێت، دوای ئەوەش کۆنفرانسی هاوبەشی فزما و سوما بڕیاری ئەوەی لێ کەوتەوە لە وەزیر بپرسن بۆچی کاغەزی سپی باسی پەیمانگە رێ پێدراوەکانی نەکردووە، لەبەرئەوەی پەیمانگە پزیشکییەکان ناسراو بوون. وەزیر رازی بوو هەردوو رێکخراو لە نیسانی ١٩٤٤ ببینێت و دوای ئەوەش ویلینک بۆ سێر جۆفری شکسپیری نووسی، کە پەرلەمانتارێکی سۆزناک بوو بۆ نۆرویچ، دڵنیای کردەوە کە پەیمانگە پزیشکییەکان پشتگوێ نەخراون: بەهای کاری پێشەنگییان بەرز دەنرخێنرێت.

کۆمەڵە دۆستایەتییەکان عەودالّی کۆبوونەوەی زیاتر بوون لەگەڵ وەزیر لە ١٩٤٤. فەرمانبەرانی حکوومەتی ئاگەداریان کردەوە لەوەی کە کۆبوونەوە کەم بکاتەوە تا دوای کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری بی ئێم ئەی لە دیسێمبەر. راوێژکارێکی باڵا بە ویلینکی گوت، گومانی لە هاوپەیمانان هەیە داوای ئەوە بکەن بوونیان لە ئێن هێچ ئێس بپارێزرێت. نەک پێشنیازی باش پێشکێش بکەن لەسەر فۆرمی

گـشـتـیی خـزمـەتگوزاریی جی پی. بۆیە هـیچ مـەبەسـتـێکی راسـتـەقـینە لە کۆبـوونەوەکاندا نەبوو. لە دیسێمبەردا، دواجار فەرمانبەرانی حکوومەتی گوتیان کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هاوپەیمانان دەبێ ئەنجام بدرێت. یەکێکیان لەسەر پشتی نامەیەکی نووسیبوو بۆ فزما کە مێژووی ١١ی دیسێمبەری پێوەیە:

من بەتەواوی تێ ناگەم چۆن ئەو خەڵکە لەوە زیاتر پشتگوێ بخرێن. لە راستیدا، دەبوو بیرم بکردایەتەوە کە ئێستا باشترە تا دواتر، چونکە ئێستا ئاسانترە وەڵامێکی نائیلتیزامی بدەیەوە لەسەر بنچینەی ئەوەی کەوا هێشتا چەندان هۆکاری گوماناوی هەن.

## بنبڕکردنی پێشبڕکێ

یاداشتێکی خزمەتگوزاری بۆ وەزیر مێژووی ١٨ جانیوەری ١٩٤٥ی پێوەیە و دەڵێت: کەیسەکەیان خراپە. هەموو کات پیشەی پزیشکی کەیفی بەوانە نەهاتووە، ئەمانە لە چوارچێوەی بیری وەزارەتەکەدا نین، هەروەها کۆمیسیۆنی شاهانی ١٩٢٦ گوتی ئەمانە "نیزامی نین".

وێڕای ئەمەش، وەزیر ئاگەدار کرایەوە کەوا قازانجی رابردوویان لە دابینکردنی مەودایەکی فراوانتری خزمەتگوزارییەکان لەوەی لەژێر سیستمی لێژنەدا نامێنێت لەژێر سایەی پاتە نوێیەکە. کەواتە وەزیر دەبێ گوێ لە کەیسەکەیان رابگرێت و بەهیوای هیچ نەبێت، بێ ئەوەی دواجار هیچ بڕیارێک دەربکات بۆ لەناوبردنیان. لەو هەلومەرجانەدا باشتر دەبێ بیانبینێت و لە کۆڵیان بکاتەوە. کۆبوونەوەیەکی کەسانی لەگەڵ وەزیر بەباشترین کار دادەنرا لەبەر بەرژەوەندیی ئەو پرسەی لەلایەن سێر جۆفری شکسپیر خرابووە روو. هەروەها وەزیر لە سیفەتی نارێکی بەرپرسان ئاگەدار کرایەوە لەبەرئەوەی کە "ئەگەر ئێمە بەراستی لە کۆتاییدا لەناویان دەبەین، ئەوا پاشان ناتوانین نارەزایی لەو پێوەندییەدا دەرببڕین کەوا نەیانتوانیوە کەیسەکەیان لە بەرزترین ئاست دابنێن. دواجار هاوپەیمانان چاویان بە وەزیر کەوت لە شوباتی ١٩٤٥". پەیمانگە پزیشکییەکان هەرگیز بەجیدی وەرنەدەگیران لەلایەن حکوومەت و هەروەها وەزیر بەردەوام لە فەرمانبەرەکانیەوە ئامۆژگاری دەکرا کەوا دەبێ ئەو پەیمانگانە نەمێنن. ئامۆژگارییەکان بەتەواوی گومڕاکەر بوون و ئامۆژگاریی باش نەبوون. لەو جۆرانە بوون کە بەنهێنی دەدرێن

و ناتوانرێت بەئاشکرا ڕووبەڕوویان بوەستــێــتــەوە. بەســادەیی، کــۆمــەڵە دۆستایەتییەکان بە نانیزامی سەیر دەکران. لە سەرووی هەموویانەوە، فەرمانبەری حکوومــەتی وا پێ دەچن کــە بەتەواوی باوەڕیان بەوە بووە کــە ئێن هێچ ئێس کاریگەرییەکی باشی لەسەر ستاتس کو[١٩] (Status quo) دەبێت.

کۆمەڵەکان ناتوانن تەواوی خزمەتگوزارییەکان بەڕێوە ببەن کە نەخۆش لە پاتە نوێیەکەدا پێشکێشی دەکرێت. ئەگەر ئەو خزمەتگوزارییانە لەژێر فەرمانی کۆمەڵەکان نەبن، ئەوا ناتوانن لەگەڵ ستانداردی شوێنی تر هەڵبکەن تەنانەت ئەگەر لە سەرەتادا باشتریش بن.

بەواتای تر، پەیمانگە پزیشکییەکان ناکرێ باشتر بن لە ئێن هێچ ئێسی پلان بۆداڕێژراو، تەنانەت ئەگەر باشتریش بن، ئەوا خێرا بەو شێوەیە نامێنن. گریمانەکە وا دەرکەوت کە ئێن هێچ ئێس بەپێی کات باشتر دەبێ، لە کاتێکدا پەیمانگەکانیش روو لە خراپی دەکەن، وێڕای ناوبانگییان و تۆمارێکی درێژی بەرەوپێشچوونی بەردەوامییان. لە ڕەشنووسی ئەو سەرنجەی سەرەوە بۆ وەزیر هاودژییەک دیار خرا: وشەی "باشتر" بە قەڵەم ڕەساس خەتی لەسەر درابوو، بە هێمای پرسیار ئاماژەی بۆ کرابوو. بەڵام لە ڕەشنووسی کۆتاییدا هەر مایەوە. ئەو پێشنیازەی کە پەیمانگەکان دەتوانن ببن بە بریکاری وەزیری تەندروستی بەتوندی ڕەت کرایەوە. ڕێککەوتنی ئاژانس بەم واتایە دێت:

یەکەم، خەرجیی زیادکراوی ئیدارە، دووەمیان دانانی لینکێکی زیادە لە زنجیرە بەرپرسیارەتییەکاندا- دوکتۆر بەرپرسیارە لە کۆمەڵگە، کە بەرپرسیارە لە دەسەڵاتەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی یان لێژنە مەحەلییەکانی دڵنیایی، کە بەرپرسیارن لە نوێنەرانی نەخۆش، واتە پەرلەمان. هەر جۆرە لینکێکی لەو شێوەیە بەرپرسیارەتیی پزیشکان لاواز دەکات بۆ نەخۆشان و بۆ نموونە وای لێ دەکات کە سیستمی نارەزایی زۆر زەحمەتترە بۆ کار، هەروەک لە پراکتیکدا وا بەدی کراوە.

هەروەها ئیختیاری ئازادیی دوکتۆریش ناهێڵێت. وێڕای ئەمەش، دەمەتەقێیەکە بەڕێوە چوو، پیشــە (بەرهەمــهێنەر) دوژمنکار بوو بەرامــبەر بە پەیمانگەکــان (بەکاربەر)، کەواتە بۆ هاوکاریکردنی پەیمانگەکان دەبێ پیشەکە بەلاوە نێیت. هەروەها هەست بەوەش دەکرا کە ڕێگە بە هەر گرێبەستێک هەر ڕێکخستنێکی تر

بدرێت، ئەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی شتی تر وەک ئەوەی زۆر بەر لەوساکە گرووپێک دروست بوون بەناوی "زانایانی مەسیحی و چاکەرەوەکانی سروشت" ئەمانەش داوایان کرد بچنە ژێر باری پاتەکەوە.

## پشتگوێخستنی خزمەتگوزاریی مەدەنی

ئەو یاداشتەی کە پێشکێشی وەزیر کرا لەلایەن فزما و سوما لە شوباتی ١٩٤٥ خاڵ بەخاڵ وەڵام درایەوە. پەیمانگەکان تێبینیی ئەوەیان کرد کە، لەبەر بەڕێوەبەرانی پزیشکی نەخۆشیان لە هەمان شێوەدا دەپشکنی، هاریکاریی نزیک راوێژکاری زۆر ئاسانتر بوو. بەرپرسێک، دیاربوو هیچ ئاگەداری سەنتەرەکانی وەزارەتی تەندروستی نەبوو، وەڵامی دایەوە: "رازین، بەڵام خزمەتگوزارییەکی مەرکەزی بۆ هەموو نەخۆشێک یان هەموو دوکتۆرێک ناشێت."

پەیمانگەکان باسی ئەوەیان کرد بەڕێوەبەران و دابەشکەران دەتوانن زۆر بەئاسانی هاوکاریی یەکتر بکەن. ئەو وەڵامەی بەدەستیان گەیشت ئەوە بوو "بنەمای گشتی ئەوە بوو کە پزیشکان نابێ دەرمان دابەش بکەن، خزمەتگوزارییە مەرکەزییەکان گونجاوترین نین لە هەموو کەیسەکاندا." بەرپرسەکە پێ دەچوو ئاگای لەوە نەبوو کە پەیمانگە پزیشکییەکان پێشنیاز نەکرابوون بۆ هەموو کەیسەکان، تەنیا بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێن.

پەیمانگەکان زیاتر سەرنجیان دا کە قسەکانیان لەسەر بنیاتی چەند ئامانجێک داڕێژراوە. وەڵامەکە ئەوە بوو: "بەڵێ، بەڵام قسەکان هەردەم باش نین." لە راستیدا قسەکان جیاواز نەبوون، بەڵام باشتر بوون لەوەی کە لە هەر شوێنێکی ئەوسادا بەردەست بوو.

پەیمانگەکان بەبیر حکومەتیان هێنایەوە کەوا ئەوان کاریان بۆ قازانج نەدەکرد. زەحمەتە باوەڕ بەوە بکرێت کە ئەو وەڵامەی ئەوان لەسەر ئەم خاڵە وەریان گرتەوە وەڵامێکی دڵسۆزانە بوو: "ئەو راستییەی کە پەیمانگەکان کار بۆ قازانج ناکەن مانای ئەوەیە کە هیچ زەحمەتییەکی دارایی نییە ئەگەر یەکیان گرتەوە لەگەڵ خزمەتگوزاریی نوێ و ناسنامەیان لەدەست بدەن." مافی راوێژکاری و خزمەتگوزاریی تایبەتی لەلایەن پەیمانگەکانەوە گوایە باری داراییان باش بوو، بەڵام خزمەتگوزاریی گشتگیر دەبێ فراوانتر بێت."

## دڵنیاکردنەوەی هەڵە لەلایەن حکوومەتەوە

لە کۆبوونەوەی شوباتی ١٩٤٥، بەدرۆ نوێنەرانی فزما و سومای دڵنیا کرانەوە کەوا ئامانجی حکوومەت تێکشکاندنی پەیمانگەکان نەبوو، بگرە بەکارهێنانی ئەو ئاسانکارییانەیە بەباشترین شێوە کە ئەوان پێشکێشیان کردووە. پەیمانگە پزیشکییەکان دڵنیا کرانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەڵبژاردنی گشتیی تەمووزی ١٩٤٥، پێوەندییان کرد بە ئەندام پەرلەمانی هەموو ئەو ناوچانەی کە پەیمانگەی پزیشکییان لێ بوو تا داوایان لێ بکەن پشتگیریی پاراستنی پەیمانگە رێ پێدراوەکان بکەن. وەڵامەکە بەپێی پێویست بوو و فزما حەپەسا بەو قەوارە زۆرینە رەهایەی کاردانەوەکان.

شاندێک کە لەلایەن وەزیرەوە پێشوازیی لێ کرا، لە شوباتی ١٩٤٥دا دوو ئەندام پەرلەمانی لەگەڵدا بوو. یەکێکیان ئانورین بیڤان بوو، کە بەتەواوی پشتگیریی سومای کرد لە کۆبوونەوەکە. لە تەمووزدا، بووە وەزیر و دەستی کرد بەئیمزاکردنی هەمان ئەو نامانەی کە لەلایەن هەمان بەرپرسەوە دەنووسران، کە ویلینک و براون پێش ئەو ئیمزایان کردبوو. لە سێپتێمبەردا، سوما داوای کرد چاوی بە بیڤان بکەوێت. وەڵامی دایەوە کە هێشتا زۆر زووە، هێشتا بریاری خۆی نەداوە چۆن کارەکان بەرێوە ببات. لە کۆتاییی ئۆکتۆبەردا، دیسان چاوی پێیان نەکەوت. مانگی دواتر فزما و سوما پێکەوە هەوڵیان دا لەگەڵ وەزیر کۆ ببنەوە. بیڤان رەتی کردەوە و گوتی پرسە گشتییەکان هێشتا لەژێر پێداچوونەوەدان. هێشتا زۆر زوو بوو. دواجار، لەسەر کۆبوونەوەیەک لە جانیوەری ١٩٤٦ رێک کەوتن.

بیڤان دەستی بە کۆبوونەوەکە کرد بەدانانان بەوەی کە تۆزێک شەرمەزاریان بووە. داوای لێ کرا ئەگەر حەز بکات راگەیەنراوی هاوپەیمانێتییەکە ببینێت کە پشتگیریی کەیسەکەیان دەکات بۆ بەردەوامبوونیان، بەڵام وەڵامی دایەوە:

دەزانم کە خزمەتگوزارییە بەهادارەکان لەلایەن دەزگەکانەوە گوێزرانەوە. من بۆ ماوەی چەندان ساڵ لە نزیکەوە لەگەڵیاندا بووم ، تەنانەت لە کاتی کورێنیشمەوە، بۆیە ناتوانم زیاتر لەوە گوێ بگرم کە خۆم پێشتر دەیزانم، بۆیە کاتم زۆر بەفیرۆ دەچێت ئەگەر من جارێکی تر بەسەر هەموو پرسەکەدا بچمەوە. کەواتە من باسی

پاتی حکوومەتتان بۆ دەکەم.

بیڤان کورتە باسێکی پێشنیازەکەی پێشکێش بە هەر ١٠ نوێنەر کرد. دەبوایە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر سەنتەرەکانی تەندروستی بوایە، بوارێک کە کۆمەڵەکانی هاوکاریی پزیشکی تێیدا پێشەنگ بوون. لە سەنتەرە تەندروستییە نوێیەکاندا، دوکتۆران دەبوایە بەردەوام راوێژیان بەیەکتری کردبوایە. کەواتە دوکتۆرانی پەیمانگە پزیشکییەکان بەتەنیا دەبوون. دابەشکردنی دوکتۆران هەبوو بەسەر ئەو ناوچانەیدا کە زۆر پێویست بوو. بیڤان پرسی "ئێمە چۆن ئەو کارە بکەین لەگەڵ دوکتۆرانی ئێوەدا؟" . پێیان گوترا کە پاتەکە هیچ شوێنێکی تێدا نەماوە بۆ ئاژانسە ناڕاستەوخۆکانی وەک پەیمانگە پزیشکییەکان. بەڵام دڵنیا کرانەوە کە ئەزموونیان بەهەدەر ناچێت و کارێکی زۆر دەبێ بۆ ئەوان لە لێژنەی جۆرەوجۆردا بیکەن کە پێوەندییان بە ئیدارەی پاتەکەوە هەیە. بەڵام بیڤان ئەوەشی خستە سەر قسەکانی کە هیچ هۆکارێک نییە بۆچی پەیمانگەکان ناتوانن سوودی زیادە دابین بکەن بۆ خزمەتگوزاریی تەواو و گشتگیر.

بیڤان دووبارە بەبیری هێنرایەوە کە خزمەتگوزاریی گشتگیر لە سویندن و تریدیگاردا هەبوون. یەکێک لە نوێنەرەکان پرسی: "ئاخۆ ئێستا ئەو خزمەتگوزارییانە وەک زبڵ بەزیادە دادەنرێن و فڕێ دەدرێن؟ بیڤان وەڵامی دایەوە: من ئەو کارەی ئێوە کردووتانە و ئێستاش بەردەوامن زۆر بەرزی دەنرخێنم. من دڵم بۆ خەڵک دەسووتێ نەک بۆ پەیمانگەکان." گوتی: "حکوومەت سوورە لەسەر ئەوەی نابێ پاتەکە ئاژانسەکانی تر بەشیان لێی هەبێت". لە کۆتاییدا گوتی: "ئێوە رێگەتان بەئێمە پێشان داوە و هەروەها بەهۆی لێهاتوویی خۆتانەوە کۆتایی خۆتان دروست کرد."

## باوەڕی گەمژانە بەکۆباوەڕی

سێ بیرۆکەی نزیکی یەکتر، بەقسە نەگوتراو، پێ دەچوو رەگیان لە بیرکردنەوەی حکوومەتدا داکوتابێت. یەکەمیان، باوەڕێکی سادە بوو بە باڵایی مافی حکوومەت بەسەر بازاڕەوە. هەرچەندە پێشکەوتنەکان لە بازاڕی چاودێریی تەندروستییەوە بەرچاو بوون لە دەرەوەی پاتی حکوومەت، هەروەها زۆرجار مۆدیلێکی بۆ ریفۆرمخوازان دابین دەکرد کە دەیانویست پاڵەپەستۆ بخەنە سەر هەموو کەسێک

بۆ ملدان بە پاتێکی  دیاریکراوی حکوومــەت، شــەرت نیـیــە کــە دەســـوەردانی حکوومەت هەردەم ئەنجامێکی خراپی هەبێ. لە سیبیەکاندا، دوای چەند ساڵێک لە تەداخولاتی حکوومەت، هەموو چاککارییەکان بە رایەکی پێشکەوتوو وەرگیران کەوا لە ئەنجامی پاتی حکوومەتەوە کراوە و هەموو کێشەکان لە ئەنجامی بەردەوامیی کاری نابەجێی شوێنی بازاڕ بووە یانیش بەهۆی ناقابلیی سروشتی تەداخولاتی پێشووی حکوومەتەوە بووە. هەڵەکانی سەرەتا بە تەداخولاتی حکوومەت دانەنران، بگرە دەکەوتنەوە سەر شانی فەشەلی کارمەندان یان بەرنامە. هیچ هەوڵێکی قایلکەر نەدرا بۆ هەڵسەنگاندنی بازاڕ وەک بەدیلێک بۆ تەداخول. ئەگەر بازاڕ بەراورد کرابوایە، ئەوە بازاڕ بوو پێش تەداخول، وەک بڵێی هیچ گۆڕانێک بەبێ تەداخولاتی حکوومەت رووی نەدابێ. هەروەها هیچ دان پێدانانێکیش نەبوو کە حکوومەت لەوانەیە بە ئەنقەست هەندێ گۆڕانی کردبێت بۆ سوودی خۆی.

ئەوانەی زۆر بەپەرۆش بوون بۆ دەوڵەتێکی قۆرخکار سۆزناکانە پێیان وابوو پاتی نوێ باشترین کار دەبێت، رێگە بەهەر جۆرە رێکخراوێکی تر دەدات بەردەوام بێ سوود بن. نەدەکرا هەر بەدیلێکی تر لەوە باشتر بێت. هاوپەیمانەکانی ئەم باوەڕە سادەیە لە بالاییی حکوومەت دووەم بیرۆکە بوو کە هایک پێی گوت "وەهمی گشتی". بیرۆکەکە ئەوەیە تاکە کەسێک هەموو ئەو فاکتەرانە لە بیریدا بێت کەوا پێوەستن بە کێشەی کۆمەڵایەتییەوە. راپۆرتی پی ئی پی (PEP: پێپ) لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستیی بەریتانیا نموونەی وەهمیی گشتی دەدات بەدەستەوە، هەروەها نموونەی سیفەتی هاودژیشی تێدایە:

تاکە واقیع کەوا هیچ هەوڵێکی گشتگیر بۆ خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی نەبوو و سێ ساڵی ویست بۆ پێکهێنانی گرووپێکی زیرەکی خەڵک بۆ سەرکوتکردنەوەی ئەو شیمانە سەرەتاییانە، بەڵگەیەکی گشتگیرە کەوا بابەتەکە لە حاڵەتێکی تەواو شێواودا بوو. واقیعی ئەوەی کەوا زانیاریی سەرەتایی دەبوایە کۆ بکرایاتەوە بەهۆی لێکۆڵینەوەی درێژکراوە لە گەلێ کەس و ئاژانسی جیاجیاوە خۆی لە خۆیدا رەخنەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی کە پێیان وایە، ئێمەش پێمان وایە، کە گرینگە هەوڵ بدەیت بەگشتی سەیری خزمەتگوزارییەکان بکەیت و بڕیار بدەیت چۆن کاری خۆیان دەکەن بەهۆی هەڵسەنگاندنیان بەپێی یەکتر و بزانی ئەمانە

بۆچی بوونیان هەیە. کەس ناحەپەسێت ئەگەر بۆچوونی کەرتی و یەک لایەنە سەر بکەوێت لەبەرئەوەی بنەماکان بۆ بۆچوونێکی هاوسەنگ و گشتگیر بوونی نییە.

بەم بانگەشـەیەوە ڕاپۆرتەکـە بەردەوام دەبێت لە نارەزایی لەسـەر هێـڵی دواتر کـەوا زەحـمـەتـە وەڵامی قـایلکەر بدۆزیتـەوە بۆ پرسـیـارەکـە. خـزمـەتگوزارییـە تەندروستییـەکان چین؟ پێ دەچێت، نووسـەرانیان داوای بۆچوونێکی گشتگیرییان کردووە بۆ بابەتەکە کە پێیان وابووە زۆر ئاڵۆز بووە و سنوورەکانیشی بەگۆترە داناون. کارێکی سەرنجڕاکێشە بگەیتە ئەو قەناعەتەی یەکێک لەو هۆیانەی ئەوان سیستمێکی گشتگیریان ویستووە نائومێدییان بووە لە توێژەرە پیشـەییـەکان لەگەڵ زەحمـەتیان لە لێکۆڵینەوەی بابەتێکی ئاڵۆز. لە گەلێ بۆنەدا ڕاپۆرتی پێش نـارەزایی لـەبارەی زەحـــمـــەت کـــۆکـــردنـەوەی زانیـــاری لـەبارەی پاتی ناحکوومـەتییـەکانەوە. بۆ نموونە، لەبارەی گەڕانەوە بۆ یانەکانی کار ڕاپۆرتەکە دەڵێت: قـەرزداریی سـروشـت تاک و نارێکخـراوی ئەو بیـمـانە، مـەحـاڵە مـافی سوودمـەندبوون لە پاتەکە درێژ بکەیتـەوە." نارێکخراو بەواتای نامەرکەزی هاتووە، لەبەرئەوەی بەسادەیی پاتەکان لە چوارچێوەیەکی ئاساییدا رێک نەخرابوون.

بیرۆکەی سێیەم ئەوە بوو کە پێشکەوتن حەتمی بوو. هـەموو بیرکردنەوەکان ئاراسـتـە کـرابوون بۆ دروسـتکردنی ئەو شـتـەی کـە پێـیـان وابوو باشـتـرین خزمـەتگوزاریی تەندروستییە. ئەو پێکهاتە پەیمانگەییانە زیاتر پێشکەوتنیان بەخـۆوە بینی لەوانی تر، ئەمـەش لەبەر کـارنـامـەی سـاڵی ١٩٤٥ و ١٩٤٦ نەبوو. هەرچەندە کاری پێشـەنگی پەیمانگە پزیشکییـەکان ئازادانە دانیان پێ دانرا، پێ دەچێت وا دانرابێت کە هیچی تر پێویستییان بە پەیمانگەی پێشەنگ نەبووە. پاتی دەوڵەت خەمی پێشکەوتن دەخوات.

نامـەیەک بۆ سکرتێری تایبـەتی ئەنتـۆنی ئیدن؛ لەلایەن سکرتێـری تایبـەتی بیڤانەوە لە نیسانی ١٩٤٦ نێردرا (بێگومان بەرەزامەندیی بیڤان بوو) کەوا باسی بیـرکـردنەوەی ئەو سـەردەمـەی کـردووە: "ئێمـە بـەو کـارە مـەزنەی کـۆمـەڵەکـانی هاریکاریی پزیشکی دەزانین، وەک تیمارگەی پاشـەکەوتکەری لیمینگتن. هۆیەکانی ئەوەی کە خزمەتگوزارییـەکانیان چیی تر پێویست نییە ئەوەیە کە مافی رێکخراوی گشتی و فەندی گشتی شوێنی هەوڵی خۆبەخشانە دەگرێتەوە لەو بوارەدا. ئەم

بۆچوونە هیچ ئاگادارییەک پێشان نادات کە دەوڵەتی قۆرخکار زۆر کورت دەهێنێت لە بازاڕ لە چاکردنی هەلومەرجەکاندا".

### ترس لە کەمتربوونی NHS

ستافی بنەڕەتیی پەیمانگە پزیشکییەکان تاکە قوربانیی کتوپڕی NHS نەبوون. لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٨، تەنیا چوار هەفتە مابوو NHS بەڕەسمی بێتە بوون، سوما زانیاریی خستە بەر دیدی بیڤان کە پێ دەچێت ترساندبێتی. لە هەندێ ناوچەدا، پێ دەچوو، مافی چاودێریی تەندروستی دوای ٥ی تەمووز لە جاران خراپتر بێت.

لە ١٢ی مایۆی ١٩٤٨، بەرپرسێکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری مۆنماوسشایەر بە دەستەی تەندروستیی وێلشی گوتبوو کە خزمەتگوزاریی نوێی دەرمان لە تریدیگار بەپێی پێویست نابێت. کاتێ دوکتۆرانی سەر بە کۆمەڵەی هاریکاریی پزیشکی لە تریدیگار، کە دەرمانیشیان دابەش دەکرد، وەستان لەم کارە لە ٥ی تەمووز هەرکە داوای پاتی نوێ کرا. هەردوو دەرمانخانەکە لە شارۆکەکەدا نەیاندەتوانی خزمەتگوزاری بەیەکسانی دابەش بکەن. لە کۆبوونەوەی ٨ی حوزەیراندا، بیڤان ئەمە و کێشەکانی تریشی بەبیر هێنرایەوە. گوتی ئەو نایەوێت دەرمانخانەکان دەرمان دابەش بکەن؛ چونکە سەنتەرە تەندروستییەکان لە ماوەی چوار پێنج ساڵی داهاتوودا دروست دەکرێن و ئەو دەمە دابەشکردن دەبێ بگەڕێتەوە سەنتەرەکان (باوەڕێکی زۆر گەشبینانە بوو کە دەرکەوت). پێشنیازی کرد کەوا بارەگاکانی کۆمەڵەی هاریکاریی پزیشکی دەبێ بکرێنە سەنتەری تەندروستیی کاتی.

لە نووسراوی دوای کۆبوونەوەکەدا کە وەسفی هەستەکانی وەزیر دەکات، گوایە بیڤان گوتوویەتی: بەهیچ شێوەیەک قایل نەبووە بەوەی کە دەسەڵاتەکانی تەندروستیی مەحەلی لە مۆنماوسشایەر و گلامۆرگان هەنگاوی پێویستیان نابێ بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە باڵەخانەکانی تەندروستی ئامادە بن دوای ٥ی تەمووز، کە لانی کەم دەبێ وەک ئەوانەی ژێر کۆمەڵەکانی هاریکاریی پزیشکی کاریگەر بن.

هەروەها بیڤان خەمەکانی تەسک کردەوە بۆ بەرژەوەندیی ستافی وەزارەت. جەختی لەسەر دوو خاڵ کردەوە: ١) ئەو خزمەتگوزارییەی دوای رۆژی دیاریکراو

پێشكێش دەكرێت دەبێ بەلانی كەم وەک رۆژی پێشتر باش بێت. ٢) لەو شوێنەی كە كۆمەڵەی هاریكاریی پزیشكی نەیویست خزمەتگوزارییەكانی لەلایەن دەرمانسازێكی بازرگانی وەربگیرێت، ئەوا دەبێ وەک سەنتەرێكی تەندروستی رێگەی پێ بدرێت، هەتا ئەگەر بیناكە گونجاویش نەبوو. ئەو پێی داگرت كەوا هەموو شتێک دەكرێ بە سەنتەری تەندروستی بچوێنرێت، ئەوجا دواتر دەتوانرێ باشتر بكرێت. لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٤٨ رێنوێنییەک دەركرا و ئەو بنەمایانەی لەخۆ گرت.

## كاردانەوەی لاوازیی بیڤان

بەڵام، بڕیارەكەی بیڤان هەرگیز بەتەواوی جێبەجێ نەكرا. باڵەخانەكان لە تریدیگار، ئێبو ڤەیل و بلانەڤۆن بە گونجاو دادەنران بۆ بەكارهێنانیان وەک سەنتەری تەندروستی و ئەوانی تر گونجاو نەبوون. لە هەر كۆبوونەوەیەكی مشتومڕاوی لەگەڵ سومادا، بەرپرسانی دەستەی تەندروستیی وێڵش بە شاندەكەیان دەگوت كە بیڤان لە بنەڕەتدا مەبەستی ئەوە بوو هەموو باڵەخانەكانی كۆمەڵەی هاریكاریی پزیشكی بە سەنتەری تەندروستیی كاتی رابگەیەنێت، بەڵام دواجار قسەی بەرپرسەكانی بەسەردا زاڵ بوو و ئەو كارەی نەكرد.

لە ١ی تەمووزی ١٩٤٨، بیڤان راپۆرتێكی لە دەستەی تەندروستیی وێڵش وەرگرت بەتەواوی باسی ئەوەی دەكرد كە بڕیارە هەمواركراوەكەی واتای چی دەگەیەنێت. كۆمەڵەكانی هاریكاریی پزیشكی لە ١٩ سەنتەر لە وێڵزی باشووری دەرمانیان دابەش دەكرد. دوو دەرمانساز و چوار دابەشكەریان هەبوو، هەروەها ئەوەی دەمایەوە لەلایەن دوكتۆرانی كۆمەڵەكەوە جێبەجێ دەكرا. ئاستەنگ لە تریدیگار چارەسەر كرا بەهۆی ئەوەی باڵەخانەكانیان وەک سەنتەری تەندروستی وەرگرت. لە ناوچەكانی تر، دوكتۆران رێگەیان پێ دەدرا بەردەوام بن لە دابەشكردنی دەرمان. لەو شوێنانەی كە كیمیاگەرە بازرگانەكان دەبوایە لابدرێن، بەرپرسان بە بیڤانیان گوت كەوا خزمەتگوزاریی نوێ مایەی رەزامەندی دەبێت جگە لە سێ شوێن نەبێت: كوم (ئێبو ڤەیل، لیپیا (مید رۆندا) و پۆنتلۆتن. بیڤان ئاگەدار كرایەوە كەوا رەزامەندی لەسەر رێكخستنە نوێیەكان لەوانەیە مانای كێشە بێت لە رۆندا، هەرچەندە پرسەكە لەوانەیە ئاسان بێت ئەگەر بتوانێت بۆ

خەڵکی شی بکاتەوە کەوا خزمەتگوزاریی باشتری دەرمان لەم سیستەمە دەکەوێتەوە. لە نیس، دەرمانخانەیەکی بچووک بەڵام زۆر باش هەبوو، کەچی بەدوکانی دەرمانسازێک شوێنی گیرایەوە. لە مید رۆندا دابەشکەر ئیفلیج کرا. دەگوترا کە خزمەتێکی باشی بۆ ماوەی چەندان ساڵ پێشکێش کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، کارەکەی لەدەست دا.

بۆچی بیڤان لە بڕیارەکەی، هەڵگەڕایەوە؟ دیاربوو کە بەرپرسان لە بڵاوبوونەوەی NHS دەترسان. لە ٤ی تەمووز بە سومایان گوت نایانەوێ وێنەی سەنتەرە تەندروستییە کاتییەکان بەبڵاوکراوەیی ببینن وەک ئەوەی کە لە گی مۆرگان دەبینرێ. پێ دەچێت، حکوومەت بەهۆی پلانی خۆیەوە کەوتە داوەوە. NHS سیستەمێکی گشتگیر بوو، باشترین سیستم بوو. هەروەها هیچ شتێک نییە دژی ئەو بانگەشانە بوەستێتەوە، لەوانەیە ئەمەش راست بێت. باڵەخانەی هەندێ لە کۆمەڵەکانی هاریکاریی پزیشکی زۆر بەبچووک دادەنران. بۆیە وا باشتر بوو هیچ نەبێت، باشتر لەوەش خزمەتێکی کەمت هەبێت کە لەلایەن کیمیاگەری بازرگانەوە، دابین بکرێت، نەک رێگە بە رۆژنامەوانی بدەیت بڵێت NHS باشترین نییە.

دەڵێن گۆتیاری سوما زۆر تووڕە بووبوو و بەرپرسان هەستیان کرد بارودۆخەکە زۆر "ناشیرین" دەبێت. لە قۆناخێکدا، بەگشتی هەڕەشەی وەستاندنی کار لە رۆنادا کرا. لە رۆژی دیاریکراودا، بارودۆخەکە بەڕەسمی بەبارودۆخێکی "زۆر ناسک" وەسف کرا. وا دەزانرا سەرکردەکانی کۆمەڵەی مەحەلی هاریکاریی پزیشکی، دەتوانن کۆبوونەوەکان بەڕێوە ببەن بۆ مەرامی داپڵۆسینی NHS، هەروەها هەڕەشەی ئەو کارەشیان کرد. لە ئەنجامدا، کۆمەڵەکان رێگەیان پێ درا کەمێکی تر بەردەوام بن. لە کۆبوونەوەی ٦ی تەمووز هەموو دوکتۆران لە رۆندا دانیشتن. زۆربەیان بڕیاریان دا پابەند بن. دوکتۆرێک بەناوی لوینپیا کە لە دووریی میلێک لە نزیکترین کیمیاگەری (دەرمانسازی)دا کاری دەکرد بڕیاری دا بەردەوام بێت لە دابەشکردن تا پلانێکی لقی بووتس دەکرێتەوە. هەروەها دوکتۆر ویلیەمیش لە تۆنیپاندی بە نەخۆشەکانی گوت ئەگەر پێیان خۆشە دەتوانن دەرمانیان لە کیمیاگەرێک وەربگرن، یان لەلایەن دەرمانخانەی کۆمەڵەی هاریکاریی پزیشکی، کە دابەشکەری هەبوو، بەڵام کاری دەرمان دروستکردن نەبوو. ئەوەی دواتریان یاسای NHS (خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی)ی شکاند.

وەڵامی ستانداردی ئەو ئەنجامانە لە پارتیزانەکانی NHS بێ شک ئەوە دەبێت کە ئەو ئەنجامانە تەنیا کێشەی لاوەکی بوون. بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک پێویست نەبوو کێشەی لاوەکی دروست بکرێت. خەڵکی دۆڵەکانی وێڵش رێکخستنی وایان دروست کرد کە بۆیان دەگونجا، کە چەندان ساڵ کاری کرد و مایەوە. لە دەسەڵاتیان بوو کە ئەو رێکخستنانە باشتر بکەن، ئەگەر پێیان باش بوایە، کە بۆ ماوەی چەندان دەیە ئەو کارەیان بە بەردەوامی کرد.

ئەزموونەکە خزمەتەکانی وەسف کرد بۆ روونکردنەوەی راستییەکی گشتی لەبارەی رێکخستنی گشتگیری، بەزۆری رێکخستنی کۆمەڵایەتی: کەوا ئەندازیارە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی پشتگوێ خراون. رەنگە وا دابنێین کە نیازەکانی بیڤان بۆ خەڵکی ساوس وێلز کارێکی بەزەییانە بووبێت. بەڵام پشتگوێ خرا، وەک کاریگەریی راستەقینە کە تا مانگێکیش پێش کردنەوەی هەیبوو. بۆ ماوەی چەند رۆژێک، دوای ئەوەی راستییەکانی بۆ هێنرایە ماڵەوە، بەشێوەیەکی یەکجارەکی کاری کرد. دواجار هاتە سەر رای فەرمانبەرەکانی NHS.

## چارەنووسی پەیمانگە پزیشکییەکان لە ئینگلتەرا

بەبۆنەی NHS لە حوزەیرانی ١٩٤٨، ٣١ پەیمانگەی پزیشکی لە ئینگلتەرادا هەبوون. لەمانەش، ١٧یان لە ٥ی تەمووز لەلایەن بەرێوەبەرانی پزیشکییەوە وەرگیران، لە چوار نموونەدا ئەنجوومەنەکانی وڵات پلانیان دادەنا وەریان بگرن وەک سەنتەری تەندروستی بەرێوەیان ببەن. لە یەک کەیسدا، ئەویش لە یۆرک، داهاتوو نادیار بوو، هەروەها لە نۆ نموونەدا باڵەخانەکان چیی تر لەلایەن جی پییەکانەوە بەکار نەهێنران.

ئەو چوار باڵەخانەی کە لەلایەن ئەنجوومەنەکانی وڵاتەوە وەک سەنتەری تەندروستی بەکار هێنران سەر بەو دەزگایانەی پێشوو بوون: پەیمانگەی پزیشکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی لوتن، کۆمەڵەی فەندی پزیشکیی شەمەندەفەری رۆئاوا لە سویندن، هاوپەیمانیی پزیشکیی کۆمەڵە دۆستایەتییەکانی گلۆسێستەر و تیمارگەی پاشەکەوتکەری گلۆسێستەر.

سەنتەرەکانی تەندروستی، کە چاوەڕێیان لێ دەکرا لە بەرەی پێشەوەی

چاودێریی بەرایی NHSدا بن، کاتێکی زۆری ویست تا بەمادی کران. لە ١٩٥٩ تەنیا ١٠یان دروست کران. لە مایۆی ١٩٦٦، دوای ١٩ ساڵی NHS، تەنیا ٢٤ سەنتەری تەندروستی دامەزرا بوون، هەرچەندە ٢٤ی تریش ڕەزامەندییان لەسەر درابوو و لەژێر دروستکردندا بوون. لەوساکەوە ژمارەیان بەخێرایی زیادی کرد. بەڵام بیست ساڵ دوای یاساکە، سەنتەری تەندروستی کەمتر هەبوون لە چاو پەیمانگە پزیشکییەکانی پێش ١٩٤٦.

یاسای خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی لە ئاداری ١٩٤٦ بڵاو کرایەوە، لەو کاتەدا ئەندامانی سوما دەستیان لە چارەنووسیان شۆردبوو و دەستیان کرد بە پاڵەپەستۆ دروستکردن بۆ ئەو مسۆگەرییانەی کە ستافی تازە لە ئێن هێچ ئێسەوە دامەزرێن. ٥١ پەیمانگەی پزیشکی لە ئینگلتەرا و وێلز نزیکەی ٢٥٠ ستافیان دامەزراند، نزیکەی ١٠٠یان فوولتیام بوون. وەک بەرەنجامێکی لەناوچوونی پەیمانگە پزیشکییەکان، نزیکەی کۆمەڵێک لە کارمەندەکانیان شیمانەی مانەوەیان لەدەست دا بەبێ قەرەبووکردنەوە ئەو دەمەی ئێن هێچ ئێس لە ٥ تەمووزی ١٩٤٨ هاتە بوون.

**ئەنجام**

پێش ١٩٤٨، پەیمانگە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی و کۆمەڵەکانی هاریکاریی پزیشکی، کەوتنە ڕکابەرییەکی پێویست بۆ دابینکردنی چاودێریی پزیشکی. ئەمە یارمەتیی دابەزینی نرخی دا لە کەرتە ناحکوومەتییەکان. لەوەش گرینگتر ڕۆڵی پێشەنگی پەیمانگە پزیشکییەکان و کۆمەڵەکانی هاریکاریی پزیشکی بوو. هەروەک ئانورین بیڤان دانی پێدانا، ئەو کۆمەڵانە پێشەنگی خزمەتگوزاریی نوێ بوون کە بەهیوای ئەوە بوو کە NHS ستانداردێک دروست بکات. بەڵام، بەپێی ئەو وەهمەی کە پرۆسەی سیاسی دەتوانێت هێندەی کاریگەریی بازاڕ پێشەنگ بێت، هەموو بەدیلە زۆر و زەوەندەکانی NHS وەلا نران. بەپێی هەوڵ و تەقەلاکانی حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی خاوەن پیشەکان، بەڵام بۆ گومڕاکردنی باوەڕ لە توانای ڕێکخراوەیی حکوومەت، هەروەها دوا پاشماوەکانی پێشبڕکێ لە دابینکردنی چاودێریی تەندروستی بوونیان نەما.

# بەشی چوارەم

# بەرەنجامەکان

## وەگەڕخستنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئەم بەشەی کۆتایی، باس لە پرسە پراکتیکییەکان دەکات، جەخت دەکاتە سەر سیستمی چاکسازی و خۆشگوزەرانی. من سێ پێشنیاز و سێ کەیس بۆ لێکۆڵینەوە پێشکێش دەکەم. پێشنیازی یەکەم جەخت دەکاتە سەر گرینگیی سیاسەتوانە پلەدارەکان و بەرپرسە حکوومەتییەکان لە بەردەم یاسادا. دووەمیان لیستکردنی ئەو پێوەرانەیە بۆ ناساندنی بەرپرسیارەتییەکانی دەوڵەت کە بێتەوە لەگەڵ ئازادی و پرسیارەکانی کاریگەری (زۆرینەی رازی) وەک میتۆدی سنووردارکردنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی حکوومەت. سێیەمیان بەها کەسانییەکان هەڵدەسەنگێنێت کە ئازادییان پێوە بەندە، لەگەڵ بایەخێکی تایبەتی بە رۆڵی سەرەکیی خێزان لە ئامادەکردنی پیاو و ئافرەت کە پڕچەک بن بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد. دواجار، سێ کەیس بۆ لێکۆڵینەوەی جێبەجێبوونی سەرمایەداریی مەدەنی: تەندروستی، پەروەردە و پاراستنی هەژاران.

١- بەسیاسی نەکردنی پرۆسەی یاسادانان

بەپەلەترین ئەرک ئەوەیە تێگەیشتنمان بۆ میسالییەتی ئازادی بەپێی یاسا نوێ بکەینەوە. باسی هایک بۆ پێشاندانی ئەوە بوو کە یەکەم ئەزموونی دیموکرات لیبرال نووچی دا، چونکە دامەزراوەکان لەلایەن لیبرال کلاسیکەکانەوە دامەزران بۆ پاراستنی ئازادییەک کە سەلمێنرا بەپێی پێویست نییە. لیبرال کلاسیکە سەرەتاییەکان باوەڕیان بە جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبوو - یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن، بەڵام ئەم جودابوونەوەیە هەرگیز بەتەواوی نەهاتە دی. ئاڵۆزترین ئەزموون، دەستووری ئەمەریکایی بوو، کە داڕێژرابوو لەسەر بنچینەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی فیدرال و ویلایەتەکان و جودابوونی دەسەڵاتەکانی فیدرال. ئەمەش فەشەلی هێنا بۆ لەخۆگرتنی دەسەڵاتی ناوەند،

چونکە یاسادانان بەتەواوی لە سیاسەتدانان جیا نەکرابووەوە. دادگەی باڵا بەنیاز بوو لە بەسیاسەتکردنی یاسادانان بکۆڵێتەوە بەڵام خۆیشی بەسیاسی کرا.

هایک گوتی، چارەسەر ئەوە بوو یاسا لە سەرووی حکوومەتەوە بێت. دامەزراوە سەرەتاییەکان سەریان نەگرت، چونکە بیرمەندانی لیبرال کلاسیک بەپێی پێویست هۆشیار نەبوون کە چەواشەکردنی پرۆسەی یاسادانان لەلایەن دامەزراوەی سیاسییەوە بێ ئاگابوون. زۆربەی یاساکان لە سەتەی حەڤدە و هەژدەدا یاسای گشتی بوون بۆیە دادوەران یان پسپۆڕان درکیان بەوە کرد کەوا سەرنەکەوتوون. ئەو فیکرەیەی کە یاسا لە سەرووی دەس تێوەردانە لەلایەن حکوومەتەکانەوە بەشێکی لە بۆچوونەکانی پێشترەوە هاتووە کە یاسا یاسای خوا بوو. بەدڵنیاییەوە باوەڕ بەوە دەکرا کە هیچ کەس و حکوومەتێک ناتوانێت یاسای خوا بگۆڕێت. ئەمڕۆ بۆ ئێمە زەحمەتە لەوە بگەین یاسای زەوی بەهەمان رۆشنایی یاسای خوا ببینرێن. بەڵام ئەم بۆچوونە لەلایەن لیبراڵە سەرەتاییەکان وابوو: هیچ حکوومەتێک بۆی نەبوو دەست لە یاسا وەربدات، چونکە یاسا ئالییەتی سنووردارکردنی خراپ مامەڵەی حوکمڕانان بوو. لێرەدا خاڵی هایک لە هیی ئۆکشۆت دەچوو. لە کۆمەڵگەیەکی تژی لە دەزگەی مەدەنی نابێ یاسا ببێتە ئالییەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، نابێ بشبێتە ئالییەتی حکوومەت. دەبێ دەستەی ئەخلاقی بن و بۆ هەموو کەسێک وەک یەک بن.

چۆن یاسادانان وەک مومارەسەیەک دەگێڕدرێتەوە بۆ دروستکردنی حوکمە یەکسانەکانی رەفتاری دادوەرانە؟ وەڵامی هایک ئەوەیە کە یاسادانان لەم بارە تایبەتەدا دەبێ ئەرکی ئەنجوومەنێکی تایبەتی بێت. لە رووی مێژووەوە، هەڵەی بەریتانیا ئەوەیە، دەبوایە رێگەی بەهەمان ئەنجوومەن دابا کە دەنگی بۆ باج بدا و یاساشی دانابا. یاسادانان زۆر گرینگە پێی لەسەر دابگیرێت. زەوقێکی جیاوازی دەوێت، رۆحێکی بێلایەنی و ژیریی دەوێت، بۆیە ئەنجوومەنی سیاسی ئەو توانایەی نییە.

ئەو میکانیزمەی لەلایەن هایکەوە پێشنیاز کرا بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو دوای پراکتیکی ئەسینایییە کۆنەکان دێت، میتۆدێکیش لەلایەن ج. س. میلەوە پێشنیاز کرا. لە ئەسینا، بەرزترین ماوەی دیموکراتی، ئەنجوومەنی میللی

تەنیا یاسا لەسەر چەند پرسێکی سیاسی دەردەکرد. ئەنجوومەنێکی جیا، نۆمۆسیتا، بەرپرسیار بوو لە پێداچوونەوەی یاساکان، بە حوکمی رەفتاری دادوەرانە دادەنران یان نۆمۆس. لە پێناو جیاکردنەوەی پێشەکیی یاساکان کە لەسەر پرسی تایبەتی بوون لە دەرکردنی حوکم لەسەر رەفتاری دادوەرانە، هایک پێشنیازی ئەوە دەکات دوو ئەنجوومەنی میللیی نوێ دابمەزرێن: یەکیان لەگەڵ حکوومەت بێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی کار، ئەوی تریان بۆ رێکخستنی نۆمۆس بێت. پێی وابوو خەڵک نوێنەری زیاتر و جیاوازتر بۆ هەردوو ئەنجوومەن هەڵدەبژێرن:

لە هەڵبژاردنی یەکێک کە زۆر لێهاتوو بێت بەدوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بکەوێت لە هەڵبژاردنی ئەوانەی متمانەیان پێ دەکرێت بۆ پشتگیریکردنی دادوەریی بێلایەنانە ئەوا خەڵک زۆر کەسی جیاواز هەڵدەبژێرن: شارەزاییی پێویستی بە سیفەت هەیە زۆر جیاواز لە دڵنەرمی، ژیری و حوکمدان کە زۆر گرینگترن لە دووەمدا.

هایک پێشنیازی ئالییەتێکی کرد بەهۆیەوە ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان دەکرێ بپارێزرێن لە پرەنسیپی حزب و لە ترسی پەرپووتی، هەرکە ماوەیان تەواو دەبێت، سەلامەتییەکی بایەخداریان دەبێت ئەگەر بەتەواوی بێلایەن بن. پێشنیازی ئەوەی کرد هەموو کەس دەگاتە تەمەنی ٤٥ ساڵی دەبێ دەنگێکی هەبێت بۆ کاندیدەکان لە هەمان گرووپدا کە ماوەی پۆستەکەی پازدە ساڵ دەبێت. ئەنجامەکەی ئەنجوومەنێکی چەند کەسی دەبێت لە نێوان ٤٥ تا ٦٠ ساڵی، هەر پازدە ساڵێک یەکێکیان خانەنشین دەکرێن. بەڵام، هەوڵەکانی هایک بۆ هاندانی بەسیاسی نەکردنی یاسا بایەخێکی زۆری پێ دراوە ئەمڕۆ یاسای نوێ بەردەوام بێت، وەک فەرمانی سیاسی وایە نەک حوکمی ئەخلاقی.

پێشنیازی تایبەتی هایک رەنگە باشترین وەڵام نەبێت، بەڵام لایەنە چاکەکانی وردەکاریی پلانەکەی، گرینگیی بیرکردنەوەی ناسرێتەوە، کە ئازادی دەوەستێتە سەر یاسای بێلایەن و بەلاوە دەنرێ ئەو دەمەی یاسا خزمەتی بەرژەوەندیی لایەنەکان دەکات.

– ئەرکەکانی دەوڵەت و بەرپرسیارەتیی خەڵک: سنووری نێوانیان لە کوێیە،

ویڕای ڕۆڵەکەی وەک دانەر و سەپێنەری حوکمە بێلایەنەکانی جەست کۆندەکت (just conduct)(20) ، دەوڵەت لەبەرئەوەش بەسوودە دەتوانێت باج بسەپێنێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی بەسوود. بەڵام، ئەم دەسەڵاتە، دەکرێ خراپ بەکار بهێنرێت بەتایبەتی ئەگەر تاکە سنوور ئەوە بێت کە حکوومەت هاوکاریی زۆرینە مسۆگەر بکات. ئاخۆ هەندێ بنەمای ڕێنوێنی پێناس دەکرێن بۆ یارمەتیدانی باجدەران لە بڕیاری ئەوەی ئاخۆ خزمەتگوزارییە پێشنیازکراوەکانی حکوومەت بەتەواوی بەرپرسیارەتیی دەوڵەتن؟

ج. س میل، هەندێ ئامۆژگاریی داون، مشتومڕە لەم بارەیەوە زۆر پەرەی نەسەند تا هایک بایەخەکەی لە پەنجاکاندا نوێ نەکردەوە. میل جیاوازیی کرد لە نێوان چالاکییە "بە دەسەڵات" و "بێ دەسەڵاتەکان"ی حکوومەت. کاری بەدەسەڵات سزادانی لەگەڵدا بوو، بەڵام کاری بێ دەسەڵات لەگەڵیدا نەبوو. میل سێ هۆکار دەهێنێتەوە بۆ سنووردارکردنی خزمەتگوزارییە نارێکخراوەکانی دەوڵەت. یەکەم، کاتێ تاکەکەسی تایبەتی دەتوانێت خزمەتگوزارییەکی باشتر دابین بکات، نابێ دەوڵەت تەداخول بکات. دووەم، هەتا ئەگەر بەرپرسانی حکوومەت کارێکی باشتر بکەن، هێشتا بواری ئەوە هەیە لە بەرژەوەندی مافی تایبەت وەک ئالییەتێکی وشیارکردنەوەی خەڵک بۆ شارەزاییەکانی هاوکاریی ئارەزوومەندانە بکۆڵرێتەوە. سێیەمیان، گریمانەیەکی گشتی هەیە لە دژی ئەوەی زۆر شت بخرێتە سەر دەسەڵاتی حکوومەت، لەبەرئەوەی چەندی دەسەڵاتی حکوومەت زیاتر بێت، ئەوەندە زیاتر پتری لێ دەکەوێتەوە. هایک پەرەی بە بیرکردنەوەی میل دا. یەکەم جار لێسێز فێری رەت کردەوە:

داواکاریی ئاسایی بۆ بنەمای دەستوەرنەدان لە شەڕی دژی پێوەرە زیانبەگێنەکان کاریگەریی ئەوەی دەبێت جیاوازیی بنەڕەتی لێڵ بکات لە نێوان جۆرەکانی ئەو پێوانانەی کە لەگەڵ سیستمی ئازاددا دەگونجێن و ئەوانەشی کە ناگونجێن. بەلای هایکەوە، " کارەکتەر گرینگە نەک قەوارەی چالاکیی حکوومەت." لە سەرووی هەموویانەوە، حکوومەت نابێ تەنیا بیری لە لایەنی چەندایەتیی پرۆژەکانی بکاتەوە. لەوانەیە کاری زیانگەیێن بەهۆی یاساوە قەدەخە بکەن و لەوانەیە خزمەتگوزاری پێشکێش بکەن بۆ فراوانکردنی ئەو ناوەندانەی بەردەستن بۆ تاکە تایبەتییەکان. بەڵام نابێ مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییان بکەن وەک ناوەندێک بۆ

دروستکردنی کۆتاییی‌ەک کە بەدڵی دەسەڵات بێت. ڕێچکەی حوکمی یاسا، بەپێی هایک، بەنیازی نکووڵیکردنی حکوومەتە لە میتۆدی سیستەمە تایبەتییەکان یان ئەو قەدەخانەی کە ئاراستەی کەسانی دیاریکراو دەکرێن. ئەم کارەی کرد بەهیوای گەورەکردنی کرانەوەکان کە بەردەستن بۆ تاکە تایبەتییەکان. بەڵام نیازی قەدەخەکردنی حکوومەت نەبوو لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان کە بواری هاووڵاتییانی ئازادی فراوان کرد.

هەندێ بەتەواوی ئەم هەوڵە جیا ناکەنەوە، دەڵێن لەبەرئەوەیە کە هیچ هێڵێکی روون "لەسەر لەکە ناکێشێت" دەسەڵاتەکانی حکوومەت بەنیازی ئەوە زیاتر فراوان بن. بەڵام، هیچ کەس پێشنیازی بنەمایەکی نەکردووە کە دوای کۆتاییبوون بەدوای شتدا بکەون. ئارسەر سیلدۆن، گەورە رۆشنبیری IEA، پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەرکەکانی حکوومەت دەبێ کۆباوەڕانە بن ئەرکگەلی و پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ، یانیش حکوومەت تەنیا ئەو کارە ئەنجام دەدات کە لە بازاڕدا ناتوانرێت بێتە ئەنجامدان، هەموو ئەو هاوکێشانە توخمێکی حوکم بەجێ دێڵن.

هەروەک جۆن گرێی دانی پێدا ناوە لە کتێبی "ئەرکە ئەخلاقییەکانی دامەزراوەکانی بازاڕدا"، ناکرێ هیچ بنەمایەکی بەردەوام کە سنووری دەوڵەت سنووردار دەکات بێتە باسکردن. کەواتە، ئێمە دەبێ هەوڵ بۆ پلانێکی درێژخایەنی ئیجباری بدەین، بەڵکو بنەمایەکی ڕێنوێنی کە ڕێگە بدات ئێمە رۆژێکی نوێ دەست پێ بکەین، حکوومەت وەک خۆی، تەنیا بە حوکمێک چەکدار بێت کە یارمەتیمان بدات بڕیار بدەین بەکامە ڕێگەدا بچین. ئەم واقیعە تاڵە لەلایەن (هایک)یشەوە بەتەواوی دانی پێدا نرا. بەڕای ئەو، خەمی یەکەم ئەوە بوو کە حکوومەتەکان نابێ ئالییەتە سەرەتاییەکان تێک بشکێنن کە وا لە تاک دەکەن کاروبارەکانیان کۆنترۆڵ بکەن. لە ئەنجامدا، حکوومەتەکان نابێ هەرگیز نرخەکان، گەیشتن بە دەسەڵات، مەرجەکانی فرۆشتن و بڕی بەرهەم یان فرۆشراو کۆنترۆڵ بکەن. تاقیکردنەوەکە ئەوەیە ئاخۆ حکوومەت ئالییەت دابین دەکات بۆ گەل بۆ بەکارهێنانی حوکم لە بەدواداچوونی ئامانجەکانیان یان ئاخۆ خەڵک وەک ناوەندێک بەکار دێنێت بۆ کۆتاییەکانی ئالییەتی حکوومەت. بۆ نموونە، حکوومەت دەتوانێت داوا لە خەڵک بکات بچنە پۆستێکەوە بەپێی سیفەت و کوالیتیی داواکراو، بەڵام تەنیا ئەو کاتە کەوا هەر کەسێکی خاوەن ئەو سیفەتانە مافی یاسایی هەبێت بۆ پراکتیزەکردنی

ئەو پۆستـە. بۆ داواکـردنی هاوەڵانی پۆسـتێک بۆ بەدەسـتـهێنانی سـیـفـەتێک مـەعریفـەیان زیاتر دەکات و شـتێک لەبارەیانـەوە بە بەکاربەر دەڵێت. کەواتە ئەمـە بواری پێشکەوتن لەبارتر دەکات. بەڵام بۆ کۆنترۆڵکردنی گەیشتن بە پۆست دەبێتە هۆی قـۆرخکردن، خـزمـایـەتی و سـەرکـوتکردنـەوە؟ چونکە ئەمـە دەبێـتـە هۆی سنووردارکـردنی داهێنان و دەسـپـێـشـخـەری. هایک بەتەواوی دابەشکردنەوەی سـامـان یان داهات رەت دەکاتـەوە، چونکە لەگەڵ پیـادەکردنی ئـازادانەی بەهرەدا نایـەتەوە. بەڵام بـەسنووردارکـردنـی ئەم هەمـوو کـارانـەی حکوومـەت، هـێـشـتـا حکوومەت زۆر رێی پێ دراوە کاری زیاتر بکات.

رەنگە پێـوەرەکانی تریش بەدەر بنـرێن، هەروەک هایک باس دەکات، بـەڵام تەنیـا لەسـەر بنچـینـەیەکی گونجـاو. لەم جۆرە کـەیسـانـەدا، خـەمی سـەرەکی ئەوە دەبێت ئاخـۆ خـەرجـیـیـەکـان راسـتـیی سـوودەکـان دەسـەلمێنن. بۆ نموونە، هـەندێ خزمـەتگوزاری هەن بەهۆی پرۆژەی ڕکابەرییـەوە دابین ناکرێن، چونکە ئـاسایی نین یانیش زۆر زەحـمـەتە سـوودمـەندان تەکلیف بکەیت. ئەم پۆلێنە لەوانەیە هەندێ پێـوەری تەندروسـتـیی گـشـتی و هـەندێ رێگە بگرێتـەوە. بۆ ئـەوەی حکوومـەت دابینیان بکات پێویستی بە چالاکیی تایبەتی و دروستکردنی ناوەندی نوێیە لەسەر حسێبی تاک و کۆمەڵە لێهاتووەکان.

بەڵام، ئەو هەلومـەرجـەی تێـیدا ئەو خـزمـەتگوزارییـانـە دابین دەکرێن، لەوانەیە سـەرپێـچـیی ئازادی بێت. دوو خـەمی سـەرەکی هەن: پەیدابوونی قـۆرخکاری و دامـەزراندنی یاسـای ئیداری. بنەمـای یەکەم ئەوەیە دەوڵەت نـابێ رێی قۆرخکاری بەخـۆی بدات، جگە لە رۆڵی خـۆی وەک دەرکردنـی یاسـا، لە هـەمـوو بوارەکـانی تر دەبێ کـار بکات لەسـەر هـەمـان بنچـینە و هەمـووانیش وەها کـار بکەن. بەڵام، ئەو مـەرجەی کە حکوومـەت دەبێ کار بکات وەک بلێی کەسێکی تایبـەتە، ئەمە ئاسـان نییە بۆ سەپاندنی، چونکە یەکسـەر باجەکان دەتوانرێن بەکار بێن بۆ دروستکردنی واقیعی قۆرخکاری. چاودێریی بەردەوام پێویستە.

دووەم، دەبێ دەسـەڵاتی ئیـداری نـەهێـڵـرێت. بەپێی سـیـسـتـەمـێکی ئازاد ئەو حـوکمـانە بەیەکسـانی لە یاسـادا رەچاو بکرێن، وەک بنیـاتنانی نیـزام و یاسـاکان. لەوانەیە خـەرجییەکان لە سوودەکان زیاتر بن، لەوانەیە خەرجییەکان شـاراوە بن،

بەڵام مەرج نییە ئەم حوکمانە سەرپێچی لە ئازادی بکەن، ئەگەربێو بەیەکسانی بەسەر هەمووواندا دابەش بن. خەڵک هێشتا وەک کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن.

بۆ نموونە، داواکاریی ئەوەی هەموو باڵەخانە نوێیە بلۆکییەکان دەبێ بە پایەی ئاسن بەرز بکرێنەوە بۆ هەر مەتری چوارگۆشەیەکی دیواری بلۆک (بۆ پێک بەستنەوەی هەردوو دیوارە بلۆکەکە بە دیوارێکی پتەو) ئەمە سەرپێچیی ئازادی نییە. ئەم حوکمە لەوانەیە رێی تێ بچێت چونکە هەرکە خانوویەک دروست کرا، کڕیار ناتوانێت بیپشکنێت چۆن دیوارەکان دروست کراون مەگەر دیوارەکان هەڵوەشێنێتەوە. نیزامی بیناکردن متمانە دروست دەکات لە پێوەرەکانی بیناسازی، کات بۆ کڕیار دەگێڕێتەوە و رێگەی پێ دەدات وزەی زیاتر لە بەرهەمدا سەرف بکا. ئەمە هاوکارییەکە بۆ کڕیار. تێچووی زیادکراو سەرپێچی نییە لە ئازادی ئەگەر هەموو بیناسازەکان پابەند بن پێیەوە. بەڵام ئەگەر بەرپرسان دەسەڵاتیان پێ درا هەڵبژێرن و دەستنیشانی بکەن کامە خانوو دەبێ بەوەندە ژمارە دیواری پتەوە دروست بکرێ، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. بەم شێوەیە دەتوانن لایەنگیریی سیفەتەکانی هەندێ لە بیناسازان بکەن لەسەر حسێبی ئەوانی تر. واتە بیناسازان دەبن بە ئالییەت لە بەدواداچوونی کۆتاییی دەسەڵاتەکان. راستە کاتێ حوکمێک بەیەکسانی بەسەر هەمووواندا جێبەجێ بکرێت، حکوومەت بەخەڵکی دەڵێت، چۆن پارەکەیان سەرف بکەن، بەڵام ئەم کارە کاتێک دەکرێ ئەگەربێو حکوومەت هەموو کەسێک لە فرۆفێڵ بپارێزێت. نیازی بەرایی و بەرەنجامەکەی ئەوەیە هاریکاریی ئارەزوومەندان ئاسانتر دەکات. کەواتە، هێڵی دابەشکردن لە نێوان جەختکردن و نەرمی نواندندا نییە، بگرە لە نێوان جەختکردندایە کە لە ئەنجامی ئازادکردنی زۆرترین ژمارەی خەڵکی نەناسراو تا زانیارییان بەکار بێنن بەڕێگەی خۆیان، ئەمە بوار بۆ پێشکەوتن زیاتر دەکات، ئەو جەختکردنەش کە، لەبەرئەوەی لە دژی خەڵک ئاراستە کراوە، لەلایەن دەسەڵاتەوە خوازراو بێت یان نا، دەبێتە هۆی ئەوەی حکوومەت ئەو کەسە هەڵبژێرێت کە دەتوانێت تەواو خۆی تەرخان بکات بۆ پێشخستنی مرۆڤ. بەهۆی سەپاندنی گەلێ نیزامەوە کە خەرجیی بیناسازی زیاد دەکەن، خەڵکی وڵاتێک لەوانەیە نەتوانن پێشبڕکێی هاووڵاتییانی وڵاتێکی تر بکەن. بەڵام بەزاراوەی

هایک، ئەم سەپاندنە گونجاو نییە و نابێتە سەرپێچی لە یاسا.

سەرمایەدارە مەدەنییەکان باسیان لەوە کردووە ئەگەر شارستانییەتی مرۆڤ پێش بکەوێت، ئێمە پێویستمان بە دەرفەتێک بۆ گەشەپێدانی تێگەیشتنی مرۆڤ دەبێت. هەرگیز ناتوانین باری داهاتووی مەعریفەمان بزانین، هەروەها هەرگیز لە پێشدا ئەستەمە بزانین چ کەسانێک لەناو مرۆڤایەتیدا زۆرترین قازانج دەکەن. بۆیە، ئێمە دەبێ رێگە بەهەمووان بدەین پشتگیریی باوەڕەکانیان لەسەر حسێبی خۆیان بکەن، لە رێگەی لەدادگەدان و هەڵەکانەوە ئاشکرا بێت کێ شتەکان دەدۆزێتەوە و فیکرە بەرهەم دێنێت کە دۆخی مرۆڤ باشتر بکات.

ئەم پێویستییە بۆ رێگەدان بەگەشەی تێگەیشتنی مرۆڤ هۆی سەرەکییە لە پای چی سەرمایەدارە مەدەنییەکان لەوە ترسان، حکوومەت خزمەتگوزاری دابین بکات، بەتایبەتی دابینکردنی قۆرخکاری. لە هەر بارێکی مەعریفەماندا، قۆرخکاریی حکوومەت لەوانەیە بتوانێت خزمەتگوزاریی سنووردار و کاریگەر دابین بکات. بەڵام ئەم جۆرە رێکخستنە، ئەگەر بەدیلەکان سەرکوت بکات، گۆڕان دەخنکێنێت و رێ لە پێشکەوتن دەگرێت و بۆیە ناوەندەکان ئیفلیج دەکات بەهۆیەوە ئێمە دەتوانین خزمەتگوزاریی باشتر دابین بکەین لەوەی ئێمە ئێستا چاوەڕێی دەکەین. ئەم ئاراستەیە کە دەبێتە هۆی سستبوون و خەوشی کۆمونیزم بوو، هەروەها خەوشێکیشە کۆباوەڕییە لەناو میانڕۆکاندا. کاتێ چەوساندنەوەی حکوومەتی کۆمۆنیست لە رۆهەڵاتی ئەوروپادا بنبڕ کرا لە کۆتاییی ١٩٨٩، بەگشتی ئەوە گوترا کە کۆمونیزم هەندێ گۆڕانکاریی لە ژیانی خەڵکیدا ئەنجام دا. سەرمایەی فیزیکی و شارەزاییەکانی مرۆڤی کوشت کە شارستانییەتی ئەوروپا لە ماوەی سەتەکانی رابردوودا دروستی کردبوو. مەبەستی حکوومەت، کە پابەندە بە ئازادی، دروستکردنی بوارێکی فراوانتر بوو تێیدا دەسپێشخەریی مرۆڤ و وزە و داهێنان ببنە هۆی باشترکردنی باری هەمووان.

### وردبینییەکی پێویست

کامە ئەرک شیاوە بۆ دەوڵەت؟ ئەگەر هایک راستی کردبێت، ئێمە دەبێ خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتی بخەینە ژێر تاقیکردنەوەی پێویستییەکانیان. لەوانەیە ئەمە بەدی بێت بەهۆی ئەوەی هەموو چالاکییەکی حکوومەت (یان

پێشنیازی چالاکیی نوێ) بخرێته ژێر "وردبینییەکی پێویست"، بۆ زانینی ئەوەی ئەمە سەر بەکەرتی گشتییە یان نا. بەڵام ئێمە دەبێ روون بین لەبارەی هۆکارەکانی پرسیارکردن لە دابینکردنی کەرتی گشتییەوە. هەر ئەوە بەس نییە ئارەزوو پێشان بدەیت بۆ تەداخولکردن، یان لێسێز فێر، یان "حکوومەتی بچووک". پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە: ئاخۆ حکوومەت دەسەڵاتەکانی بەکار دێنێت بۆ ئاراستەکردنی وزەکانی خەڵک بۆ کۆتاییەکی بەردەست؟ واتە: ئاخۆ حکوومەت خەڵک وەک ئالییەتێک بەکار دێنێت، یاخۆ ئالییەت بۆ خەڵک دابین دەکات؟ ئەگەر ئامانجی حکوومەت جێگرتنەوەی دەسپێشخەری تایبەتی نەبێ، بەڵام دواجار پشتگیریی بکات و تەواوی بکات، دوای میل و هایک، رەنگە سوود لە ئاراستەکردنی پێنج پرسیار وەربگرین لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتەوە.

١- ئاخۆ دەزگە تایبەتییەکان دەتوانن خزمەتگوزارییەکی باشتر دابین بکەن؟ ئەگەر وابێت، بۆچی بەگشتی خزمەتگوزارییەکان لە کەرتی گشتیدان؟

٢- تەنانەت ئەگەر حکوومەت خزمەتگوزارییەکە باشتر دابین بکات، ئاخۆ دەکرێ لە کەرتی تایبەتی دابنرێت. وەک ناوەندێکی باشترکردن لە رێگەی ئەزموونی جۆرایەتیی ئەخلاقی، رۆشنبیری و چالاکیی خەڵک؟

٣- حکوومەت پێویستە لە کوێ خزمەتگوزاری بکات، ئاخۆ دەوڵەت قۆرخکاریی هەیە؟ ئەگەر هەیبێت، ئەوجا دەسپێشخەرییە نوێیەکان سەرکوت دەکات کە پێشکەوتنیان لەسەر بەندە. خزمەتگوزارییەکان لە رێگەی ئەزموونەوە باشتر دەبن، کە فیکرەی نوێ دەورووژێنێت کە دەکرێ بەکار ببرێن ئەگەر سەرنجڕاکێش بن، یان رەت بکرێنەوە ئەگەر باش نەبوون. هەر قۆرخکارییەک، هەر قۆرخکارییەکی تایبەتیی کەرتی گشتی، سەرکوتی فرەیی دەکات کە پێشکەوتنی پێوە بەندە.

٤- دەسەڵاتی حوکم لە کوێیە، ئاخۆ دەسەڵاتی حوکمی ئیداری لادەدرێت؟ چەندە دەسەڵات زیاتر بێت، ئەوەندە رێی خراپ بەکارهێنانی زیاتر دەبێت.

٥- دابینکردنی کەرەستەی گشتی لە کوێیە، ئاخۆ پێویستە خزمەتگوزارییەکە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە یان لەلایەن حکوومەتی مەحەلییەوە دابین بکرێت؟

## حکوومەتی لۆکاڵ یان ناوەند؟

وەک حوکمێکی گشتی، لە هەر شوێنێک دەست بدات، ئەو خزمەتگوزارییانەی سەر بە کەرتی گشتین دەبێ لەسەر ئاستی لۆکاڵ دابین بکرێن بەهۆی ئەو یەکانەی حکوومەت کە خۆیان باری داراییان بەڕێوە دەبەن. ناکرێ وەڵامێکی تەواو دروست هەبێت لەبارەی پێویستیی ئەوەی خزمەتگوزاری ببێتە گشتی یان تایبەتی، یان بەگشتی دارایی بۆ تەرخان بکرێت، لەسەر ئاستی تایبەتدا دابین بکرێت، لە ئەنجامدا ئێمە دەبێ بوار بە لۆکاڵە جیاوازەکان بدەین، ئەزموون وەربگرن، هەندێکیان بە خزمەتگوزاریی گشتیی زیاتر یان کەمتر، ئەواتی تر بە دەسەڵاتی راستەوخۆ، هەروەها هەندێکیشیان بە دارایی لۆکاڵ کە لەگەڵ ئاراستەی رکابەر تێکەڵ بکرێت بەهۆی ئاژانسە تایبەتییەکان. بەڵام یەکەکانی حکوومەتی لۆکاڵ دەبێ لەسەر حسێبی خۆیان ئەزموون وەربگرن. ئەمە مانای ئەوەیە تەرخانکردنی دارایی بۆ حکوومەتی لۆکاڵ لە باجە لۆکاڵەکان بەبێ پشکی باجە گشتییەکان، هەرچییەک بێت، تاکو بڕیارە لۆکاڵەکان بدرێن بەهۆی کولفەی باجدەری بەئاگا لەسەر حسێبی خۆیان. لە خاڵە لاوازەکانی باجی خراپ لەسەر حوکمدراو نووچدانی بوو بە لابردنی بودجەی ناوەند، بۆیە باجدەرانی بەبێ ئاگایی هێشتەوە، لەوەی تا چەند خزمەتگوزاریی گشتیی لۆکاڵ هەڵی دەبژارد. شتێکی بنەڕەتییە بۆ ئازادی کەوا خەڵک دەبێ ئازاد بن بڵێن بەڵێ یان نەخێر بۆ باج و بەبێ زانیاریی تەواو لەبارەی خزمەتگوزارییەکان کە لە بەرامبەر باجدا وەری دەگرن. مەحاڵە بڕیارێکی ماقووڵ بدرێ. لەبەرئەوەی ئاگاییی باجدەری لۆکاڵ بێهێز بووە بەهۆی چەندان بودجە لە باجی گشتی، حکوومەتی لۆکاڵیی بەریتانیایی بووەتە پێوەرێکی گەورەی چەکێکی حکوومەتی ناوەند. بەهەمان شێوە، ویلایەتەکانی ئەمەریکا لە بودجە فیدرالییەکان بوونە ئالییەتی دەسەڵاتی فیدراڵ، هەرچەندە بەڕادەیەکی کەمتر لە چاو دەسەڵاتە لۆکاڵەکانی بەریتانیا.

حکوومەتی لۆکاڵ بەسوودە، تەنیا لەبەرئەوەی نا رێگە بەباجدەران دەدات زیاتر لە خەرجی ئاگەدار بن، بگرە لەبەرئەوەش کە رێگە بە ئەزموونی بچووک دەدا، واتە کاتێ شتەکان بەهەڵە دەڕۆن ئەوا دەکرێ خێرا بپشکێنرێن و چاک بکرێنەوە پێش ئەوەی زۆر زیانیان لێ بکەوێتەوە. ئەزموونەکە چەند چڕ و ئاڵۆز بێت، ئەوەندە

مەترسیی زیان لێ کەوتنەوەی زیاتر دەبێت. لەو سۆنگەیەوە، بناخەیەکی گشتی هەیە لە نێوان دیموکراتە سۆشیالەکان و هایکدا. بۆ نموونە، سێر کارل پرۆپەر، ماوەیەکی زۆر لایەنگری دیموکراسیی سۆشیال بوو، بەڵام توند بوو لە ئاگەدارییەکان لەبارەی مەترسییەکانی ئەزموونە دەوڵەتییەکان. باسی ئەوەی کرد ئەندازەی کۆمەڵایەتی دەبێ لەسەر ئاستێکی بچووکدا بکرێت و ئەنجامەکان بەهۆشیاری چاودێری بکرێن، بۆ رێگەدان بەڕاستکردنەوەی هەڵەکان.

**باری سەلماندن**

گریمانە لە دانانی سیاسەتە گشتییەکان دەبێ دژی دەسەڵاتی کەرتی گشتی بێت، لە سەرووی هەمووشیانەوە دژی قۆرخکاری. ئەوانەی دەیانەوێ خزمەتگوزاری لە کەرتی گشتی بێت دەبێ باری سەلماندن قبووڵ بکەن. دەبێ پێشانی بدەن ئاخۆ خزمەتگوزارییەکە دابین دەکرێت بەتەواوی ئەگەر حکوومەت دابینی نەکرد، یانیش ئەوەتا باشتر لەلایەن حکووومەتەوە دابین دەکرێت. تەنانەت ئەگەر پێشنیازێک لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی دەرچێت هێشتا گریمانە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی تایبەتدا هەیە وەک ناوەندێک بۆ فراوانکردنی هەلەکانی بۆ کەسپکردنی شارەزاییە کەسانییەکان کە پێویستن بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکرات. کاتێ کەسێک هەیە بۆ دابینکردنی کەرتی گشتی، یەکەم شت دەبێ مافی دەسەڵاتە لۆکاڵەکان بێت کە لەگەڵ یەک پێشبڕکێ بکەن لە پێناو دانیشتواندا.

ئەگەر ئەو بنەمایانە جێبەجێ بکرێن ئەوا رێگە بەبوارێکی فراوان دەدرێت بۆ پەیدابوونی دەزگە خۆبەخشەکان بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی هاوولاتییان. هەروەک تۆمارگەلی مێژوویی دەری دەخەن کەوا خۆبەخشکردن تەنیا خزمەتگوزاریی پێشکێش نەکرد، بگرە هەلی رەخساند بۆ پێشخستنی شارەزاییی کەسانی کە پێویستن بۆ ئازادی. تەنیا ئەگەر دەرفەتەکان بڕەخسێن ئەوا ئازادی لە دەستی زۆرداری رزگاری دەبێت. گرینگیی رەخساندنی دەرفەتەکان بۆ چاکردنی سیفەتی خەڵک بە روونی لە ئەوروپای رۆهەڵات بەدی دەکرێت، ئەوێ کلیلی سەرەکیی بنیاتنانەوەی کۆمەڵەی مەدەنییە لەسەر کەلاوەی کۆمونیزم. دیکتاتۆریەتی پێش ١٩٨٩ حەزی لە تەپڵی وابوو کارەکتەری بەهێزتر بکات، بەڵام ئەوانەی کە متمانەیان بەخۆ بوو بەهۆی سەرکەوتن لە دابینکردنی

خزمەتگوزارییەکان بۆ باشەی هاوەڵانیان دەسبەجێ ملکەچی هەر سیستمێکی تۆتالیتاری داهاتوو نابن.

### ئاکارێک بۆ ئازادی

یەکێک لە هاودژەکانی تەمەن ئەوەیە سەرکردەی خاوەن بۆچوون گومانە ئەخلاقییەکان لەخۆ دەگرن لەبارەی سەرمایەدارییەوە، وێڕای سەرکەوتنی گەورەی لە کاراکردنی پیاو و ئافرەت بۆ دروستکردنی پێشکەوتنێکی بێ وێنە و ئازادکردنی ملیۆنان لە پاڵەپەستۆیەکانی مانەوە بۆ جەختکردنە سەر شتە باشترەکان. خەڵکی وڵاتان، کە وەک سەعات پابەند نەبوونە بە ئازادی، هێشتا زۆرینەی دانیشتوانی جیهانن، دەژین و کاریان بۆ دروستکردنەوەی کۆتاییەکانە. ڕکابەری سەرەکیی سەرمایەداری و کۆمونیزم فەشەلیان هێناوە و هیچی تر بە بەدیلێکی ڕژدی ناژمێردرێن.

هەندێ جار گومانە ئەخلاقییەکان لەبارەی سەرمایەدارییەوە، نەگەیشتن بەو ئازادییەی ئێمە لە ڕۆئاوا تامی دەکەین، گومانی دەسەڵاتدارانە کە ئازادییان لە هەندێ فۆرمی نوێی سیستمی سۆشیالیزم قەدەخە کردووە. بەڵام ئەقڵییەتی سۆشیالیستە کەللەرەقەکان بەتەواوی ڕەچاو ناکرێت بۆ گومانی فراوانی سەرمایەداری. هۆی سەرەکی بێ متمانەییەکی قووڵی خەڵکە کە پێشکەوتنیان دەوێ، هەروەها شەرمیش ناکەن لە چاوەڕوانکردنی. بەڵام هەر ئەوەندەشیان ناوێ. بەریتانیاییەکان خاوەن شارستانییەتێکی دەوڵەمەندن و بە ئاسانی باوەڕ بە کۆتاییی ڕەهایی ناهێنن.

فەشەلی پارتی کرێکاران لە دوا هەڵبژاردن پشتگیریی ئەم لێکدانەوەیە دەکات. گومانە ئەخلاقییەکان لەبارەی مادیەتی سەرمایەدارییەوە قۆستراونەتەوە لەلایەن ئەو سۆشیالستانەی وا خۆیان پێشان دەدەن کۆمەڵگەیەکی باشتر پێشکێش دەکەن. بەڵام، لە واقیعدا، سۆشیالیزم بەهەمان شێوە مادییە، چونکە دەردەکەوێت کە بۆچوونی ئەخلاقی زیاتر پێوەستە بە پارە و کەمتر شتەکانی تر. هەستی کز کە چالاکەکانی لێ دەخورێت سۆزە بۆ یەکسانیی مادی. یەکسانی بە دەسەڵاتێکی یەکسان وەسف دەکەن. بەڵام نیازیان داواکردنی نییە بۆ زۆربەی بەریتانیاییەکان.

پێ دەچێت خەڵکی بەریتانیایی ئەو بەهایانە لەخۆ بگرن کە بەتەواوی بەکار نابرێن، زۆر هۆشیار نین، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێنوێنیی رەفتاری خۆیان دەکەن لە کاتی هەڵبژاردندا؟ تا چ رادەیەک پابەندی بە چاکییە مەدەنیی نەریتی، وەک راستگۆیی، ئەرک، خۆبەخشکردن، شەرەف، خزمەتگوزاری، پرەنسیپی خود، خۆباشترکردن، مەدەنیەت، هێز، ئازایەتی، هۆشیاری و نیشتمانپەروەری، کە داوایە بۆ سروشتێکی باشتر؟ هێرشکردنە سەر بەها نەریتییەکان لە سەرەتای شەستەکاندا دەستی پێ کرد. خەڵکی هەڵسان پێش ئەوەی یادگاریی زۆر هەبێت، هەروەها دیالۆگێک هەیە لە نێوان نەوەکاندا. هەروەها زۆریشیان هێشتا ماون کە لە دوا شەڕدا خۆیان بەخت کرد، ژیانیان خستە مەترسییەوە لە پێناو خۆشەویستییان بۆ وڵات. وڵاتیان خۆش نەدەویست لەبەرئەوەی کە پشتگیرییان دەکرد "راست یان هەڵە" بێ، بەڵام لەبەرئەوەی وڵاتیان پاسەوانی ئازادی بوو و لە شەڕێکی دادوەرانەدا لە دژی زۆرداری دەجەنگا.

وێڕای کۆششەکانی کەمینەیەکی مامۆستایانی قوتابخانە بۆ دەرکردنی پاڵەوانەکانی رابردوو، زۆرێک لە گەنجان دەتوانن پشکی سۆزەکانی دەریاوانە تۆپچییەکانیان بەبەرکەوێت لە پێش شەڕی ترافالگار، لەلایەن ئاماژەیەکی نیلسنەوە وورووژان: "ئینگلتەرا لە هەموو پیاوێک رادەبینێت ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت." نیلسن پێویستی بەوە نەبوو قسەی زیاتر بکات. دەیتوانی پشت بە ئازایەتی، جێبەجێکردن و سیفەتە ئەخلاقییەکانی پیاوان ببەستێت.

ئەوە راستە کە گەنجان کەمتر دەخوێننەوە، بەڵام کتێبەکانی کتێبخانە کۆنەکانی ئینگلتەرا هێشتا ماون، ئێستاش کتێبەکانیان دەخوێنرێنەوە، ئەو بەهایانە بەبیر خوێنەران دەهێننەوە کە نەریتییانە لەم خاکەدا لە ئامێز دەگیران. زۆرجار دەگوترێ کولتووری جەماوەری بەها نەریتییەکانی پشتگوێ خستووە، ئەمە تا رادەیەک راستە. بەڵام کولتووری جەماوەری هەر تەنیا نیهیلیزم (nihilism)(21) لەخۆ ناگرێت. بۆ نموونە، لە فیلمەکانی "هاری پیس"ی کلینت ئیستودا پاڵەوانەکە لای بەها نەریتییەکانە. تاوانبار هەر تاوانبارە جا لە هەر گەرەکێکی جیاوازەوە هاتبێت، بێگومان تاوانبارەکە لە توندوتیژیی بەسۆی ئیستوودا دەگات بە کۆتایی خۆی. توندوتیژی شکۆی پێ دراوە، بەڵام ئەوە تاوانباری دژە کۆمەڵە کە ئازار دەچێژێت.

زۆرجـار گلەیی لـە پرۆگـرامـەکـانی تـەلەڤـزیۆن دەکـرێت، بەڵام کـاریگەرییـەکـەی بەیەک ئاراسـتەدا نییە. دراما وەرزییـەکان، کە تەلەڤزیۆنی بـەریتانیـایی پێشـانیان دەدا، هـەردەم کـارەکـتـەری بـاش پێـشـان دەدەن، مـیـانرۆیی، خـۆباشـتـرکـردن و پرەنسیپی خودی پێشبینکردن، بەبیرمان دێننەوە کە بۆچی تەنیا پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا پیاو و ئافرەت ئامادە بوون خۆیان لە پێناو وڵاتەکەیاندا بەخت بکەن.

بەریتـانیـا وەک کۆمـەڵگەیەکی کـراوە مـاوەتەوە، هـەروەهـا وێڕای درێغی نەکـردنی چینەکان، خـەڵکێکی باش پێوەندییـەکی باش وەردەگرن بۆ بەها نەریتـییـەکان بۆ ئەوەی لە یادگە و لە پراکتیکدا زیندوو بمێننەوە. ئەم واقیعـە قـەڵەمبـازێکی خـاتوو تاچەرە و باس لەوە دەکات بۆچی ئەو ئافرەتەی لەناو خەڵکیدا ئەو گەرمییەی نەبوو کە خـەڵک کەیفیـان پێی بێت، هـەروەها زۆریش کـەیفیـان پێی نەدەهات کـەچی هـەر جـەماوەری هـەبوو. ئافـرەتەکە رابردووی بەبیـر بەریتـانیاییـیەکان هێنایەوە، پێیـانی گـوت کـارەکـتـەری بنـەڕەتیی بەریتـانیـایی بەهـێـز بـووە، بە ڕادەیەک کـە "پـیـاوی نەخۆشـی ئەوروپا" لە سروشتی ئێمـەدا نەبووە. ئەمـە ئاکامی بەجێـهێشـتنی هـەڵەی بەها و دامەزراوەکانە کە ماوەی چەندان سەتە ئێمەیان بەرز و رێک راگرتووە.

خـۆزگـەی گـێـڕانەوەی بەها نەریتـیـیـەکان بەشـێک بوو لە تاچەریزم و بەهەندێ رێگەدا باسـی سـەرکـەوتن دەکـەن. بـەڵام لایەنێکی تر هـەبوو بۆ بـیـرکـردنەوەی هەشـتـاکـان کە بـاسـی ئەوە دەکـەن بۆچی شـۆڕشـی تاچەری بەتەواوی لەسـەر لم بنیـات نرابوو. گوتارەکەی زۆر مـادییـانە بوو، هـەروەها بە قـوتابخـانەیەکی تایبـەتی مـادیـانەی تیـۆریـی ئابووری بـەڕێوە دەبرا کـە خـەڵک بە بـەکـارهـێنـەری خـزمـەتگوزارییـەکـانی دەزانـێت، واتە خـەڵک تا ڕادەیەکی زۆر رازین. دەکـرێ ئەم شێوازە ئالییـەتێکی بەسوود بێ بۆ شـیکردنەوەی هـەندێ رەفتـاری بازرگانی، بەڵام ناکرێ بەکەڵک بێت بۆ ئازادی و هـەروەها تەواوی میساللییەت، سۆز، پاڵنەر، ئەرک، هیوا، ئەو گومان و ترسانە ناگرێتەوە کە واقیعی ژیانن. ئەو ریفۆرمانەی کە ماوەی کۆتاییی قۆناغی تاچەریزمیان گرتەوە، خەمۆکی دەخەنە روو. کێشەی راستەقینەی شـەیدایەکی ئازادی لەگەڵ NHS ئەوەیە کەوا دەوڵەت مـامـەڵە لەگەڵ خـەڵک دەکات وەک بڵێی منداڵن و دەبێ لە هـەموو شـتـەکان بپارێزرێن، وادیارە هـیـچیـان لەسـەر نییـە، بەڵام لە راستیدا لەسـەر حسێبی خـۆیانن. بەلای سـەرمایەداریی مەدەنییەوە، کەواتە ستراتیجی ریفۆرم دەبێ عەوداڵی گێڕانەوەی بەرپرسیارەتیی کەسانی بێت

بۆ چاودێریی تەندروستی، دەوڵەتیش جەخت بکاتەوە سەر پاراستنی هەژاران (هەروەک لە خوارەوە باس کراوە). بەڵام حکوومەت کێشەکەی بەو ڕێگەیە پێناسە نەکرد. سەرەتا ویستی بەهای پارە مسۆگەر بکات و دواتر بەسەر بازاڕی ناوەخۆدا بیسەپێنێت.

هەروەها ریفۆرمە پەروەردەییەکانی تاچەریشی لە بەرچاو گرت. کێشەی راستەقینە ئەوەیە سیستمی خۆشگوزەرانی وای لە دێباب (دایک و باوک) کردووە بەشی سەرەکیی بەرپرسیارەتییان بەخێوکردنی منداڵەکانیان بێت و بۆیە یارمەتیی بەلاوەنانی خێزانی دا، ئەمەش یەکەم خشتی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازادە. بەڵام، حکوومەت بەشێکی رێبەری کرا لەلایەن دێبابە سۆشیالیستە بێ متمانەکانەوە، ئەوانەی کە پێیان وابوو ئیختیاری ناژیرانە دەکەن، بەڵام حکوومەت بەهۆی بۆچوونێکی سەرچاوەی سروشتیی مرۆڤیشەوە رێبەری دەکرا. زمانی بەکاربەریی بەکار هێنا و عەوداڵی پەیداکردنی پارە بوو دوای ئیختیاری دێباب. بەڵام قسەی لەسەر گێڕانەوەی بەرپرسیارەتیی دێباب نەکرد، هەروەها داوای گرێبەستێکی تایبەتیشی نەکرد لە نێوان دێباب و منداڵانیان تا پەروەشە بەهێزەکەیان پێکەوە گرێ بدەن بۆ لەرزاندنی قوتابخانەکانمان.

میسالییەتی ئازادی زۆر لەودیو بازاڕەوەیە. لە رووی مێژووەوە، لایەنگرانی ئازادی ویستیان داوودەزگا دروست بکەن و بەهێزی بکەن تا هانی خۆباشترکردن بدەن. کاتێ، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، بەرگریکارانی سەرەکیی لێسێز فێریان کردە دڵی فەلسەفە و خەڵکیان بە گەڕۆکی قایلکەر ناوبرد، ئازادی، هێزی ئەخلاقییانەی خۆی لەدەست دا. ئێستاش هەر دەبێ ئەو هێزە بگەڕێنێتەوە.

هەندێ بازاڕخوازی ئازاد هەن بەگومانن لەبارەی ئەم هێڵەی بیرکردنەوەیەوە. بۆ نموونە، کاتێ پێشنیازم کرد بۆ یەکێک لە ئابووریناسەکان کەوا فەلسەفەی بازاڕ تەنیا بەشێکی سەرکەوتوو بووە لەوەتەی هەشتاکانەوە لەبەرئەوەی دەرکەوت کە هیچ رۆحێکی کولتووری بەرپرسیارەتیی کەسانی نییە و هیچ پابەند نییە بە ئەخلاقی خۆباشترکردن. ئابووریناسەکەش گوتی "ئەی ئەوە نەبوو کە جۆرج بلێک (خائینی کۆمونیستی بەریتانیا) لەبارەی کۆمیونیزمەوە گوتی؟" بەئاشکرا بلێک پێی وابوو کۆمونیزم سەری دەگرت ئەگەر خەڵک کەمێک باریان باشتر بوایە. بەڵام

سـەرمـایەدارانی مـەدەنیی مێژوو هیـوای ئەوەیـان نەخـواست "پیـاوی نوێ" دروست بکەن. ئەوان تەنیـا خـەڵکیان دەورووژاند، کەچی کۆمونیسـتـەکان زۆریان لە خـەڵک دەکرد بۆ پابەندبوون بە میسـالییـەتەکانیـان و خێـرابوون لە بەرچاوگرتنی خـراپیی ناوەوەی خـەڵک کـە بەسـەر هێـڵـەکـەدا نەڕۆیشتن، بۆیە ئـەمـەش پـاسـاوێک بوو بۆ دڕندایەتی یان کوشتار.

سـەرمـایەدارانـی مـەدەنـی بـەبـاشـی تێ گـەیشـتـبـوون لەوەی ژیان ملـمـلانێـیـەکی بەردەوامـە دژی ناکـامـڵـبـوون. چـاوەڕێی ئەوەیان نەدەکـرد کـامـڵـبـوون بێـتـە دی. هەروەهـا باشـتـربوونی ئەخـلاقییـان بە پرۆسـەیەکی تەواو ئارەزوومـەندانە دادەنا. زەختکردن لە خەڵک تا باشتر بن هاودژییـەک بوو، چونکە بوون بە کەسێکی باشتر تەواو پێوەندیی بە باشترکردنی ویستـەوە هەیە. ئەوە راستە کەوا کۆمونیسـتـەکان چەندان جـار زۆرداریی خـۆیان بە حـوکـمـێک پێـشـان دا بەهـۆی باسکردنی میسالییـەتە بەرزەکان، ئەمەش ستراتیجێک بوو سەرکەوتووانە کۆمەڵێ رۆشنبیری رۆئاوای هەڵخلیـسکاند. هەروەهـا ئەوەش راسـتـە کـە ئایدیالیسـتـەکـان زۆرجـار زۆریان لە خـەڵک کرد بگۆڕێن. بەڵام ئەمـە هەڵەیـەکی بنەڕەتییـە بۆ لکاندنی هەمـوو ئایدیالیزم بە زۆرداریەوە. جیاوازییەکە لە نێوان ئەوانەدایە کە ، لەلایەک، لەسـەر زەوی چاوەڕێی کامڵبوون دەکەن، بۆیە باوەڕیان بـە کامڵبوونی پیاو هەیە، هەروەهـا ئەوانەش، لەلایەکی ترەوە، کە مـەیلی کـامڵـبـوونیـان هەیە وەک ئـامـانجێکی رەهـای بەسوود، بەڵام هـەرگیز ناتاسێن ئەگەر خـەڵک لە میسـالییـەتەکاندا کەموکووڕییان هەبێت و بەرپـەرچی نـاکـامــڵــبـوون بدەنەوە، بە تووڕەیی و ســزادان بەرپـەرچی ناداتـەوە، بگرە بە خــەمناکی سـەرەتا و دواتر نوێکردنـەوەی سـەیری ملـمـلانـێ بۆ باشـترکردنی ئارەزوومـەندانە. هەندێ بازارخـوازی ئازاد، ئەقڵانییە ئابوورییـەکان، کەوتنە داوی ئەوەی کە هەموو قسە گەورەکانی لەمـەڕ ئەخلاقیان بە پێشەکییەک بۆ سـیـسـتـمی زۆرداری دانا. بەڵام بەئـەنجـامـدانـی ئەم کـارەش سـەرناکـەون لەوەی دادوەری بکەن بە نەریتی ئەو بیرکردنەوەی ئەوان بۆی دەگەڕێنەوە، هەردەم ئازادی تێکەڵەیـەکی دامـەزراوەکان بوو کە ژیـانی بە ملمـلانێـیـەک دانا دژی ناکامـڵـبـوونی مرۆڤ. یاسا زەنگێک بوو، هـەڕەشەی لە خراپەکاران دەکرد کە لەسەر کەیسی زۆر بچووکیش سزا دەدرێن. پێشبڕکێ رێی خۆش کرد بۆ وزەکانی خۆپەرستی بۆ نێو خزمەتکردنی ئەوانی تر.

هەروەها بەشێکی ژینگەی ئەخلاقی وەستایە سەر نارازیبوون، بەڵام لە سەرووی هەمــوو کــەســێکەوە بەشــداریی هەوڵی هاندانی ئەوانی تری کــرد بۆ ئەوەی بەشـێـوەیەکی دادوەرانـە و مـیـانـڕەوانە ڕەفـتـار بکەن. وا دەزانرا کـە پاراسـتنی کەشوهەوای ئەخلاقی پێویستی بە تەقەلایەکی بەردەوام بوو، وەک مەلەوانێک کە هیوای ئەوەیە نغرۆ نەبێت وەک ئەو بەردەی ئاسانتر بەسەر ئاو دەکەوێت ئەگەر بەردەوام بێت لە جووڵە. هیچ کۆتاییەک نییە، بەلانی کەم لەم دنیایەدا.

سـەیرکـردنی خـەڵک بەوەی کـە بەکـاربەری قـایلە و بنیـاتنانی سـیـاسـەتە گشتییەکان لەسەر ئەم گریمانەیە بنیاتنانیەتی لەسەر لم. ڕێی ئازادیی ژیان کە ئێمە تامان کردووە لە ڕۆژئاوا دەوەستێتە سەر نەهێشتنی جەختکردنەوە لەسەر دەسەلات. باشترین کەڵکی دەبێت ئەو کاتەی دەسەلات بلاو دەبێتەوە و هەوڵەکانی خەڵک پێش دەخات تا بەکاری بێنن. ئەگەر خەڵک خۆیان تەنیا بەگەڕۆکی قایل بینی، سوودەکانیان زیاتر بکەن، تەنیا خەونی بچووک دەبینن و سیستمەکەش وشک دەکات. وەک ئادەم سمیس دانی پێ دانا، لەوانەیە بمێنێتەوە؛ چونکە زۆر شت بەهۆی هەریەک لە ئێمە بەدەست دێت ئەگەر عەوداڵی سوودی هاوبەش بێت لە سیستمێکی پێشبڕکێکاریدا. بەڵام دەبێتە کۆمەڵگەیەکی خراپ ئەگەر بەرزترین میسالییەت دووبارە هاوبەشی بێت. هەریەک لە ئێمە غەریزەی فراوانتر و بەزەییانەتری هەیە.

**خێزان**

لە رووی نەریتییەوە، خێزان بە بەردی بناخەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد دانراوە. هەر لە خێزاندا، خەڵکی یەکەم جار فێری کۆنترۆڵی خود و حسێبی ئەوانی تر دەبن کە ئەمەش کۆمەڵگەیەکی لێبووردە، ئازاد و دیموکراتی پێوە بەندە. بەڵام، بەم دواییانە، چەند ئاماژەیەک هەبوو لەبارەی لاوازبوونی ژیانی خێزانییەوە. ژمارەی خێزانە یەک باوانییەکان (واتە یان باوک یان دایک لەگەڵ منداڵەکەیدایە) یەکجار زیادی کردووە. ئێستە یەک لە پێنجی تەواوی خێزانەکان پێک دێنن. هۆکارێکی سەرەکیی ئەمەش لەدایکبوونی ناشەرعییە لە ٥٪ەوە لە ١٩٤٧ بوو بە ٣٠٪ لە ١٩٩١، بەڵام گەورەترین هۆکار زۆربوونی تەڵاق و جودا بوونەوەیە. نزیکەی ٦٣٪ی دایکە تەنیاکان تەڵاق دراون یان جودا بوونەتەوە، ٢٩٪ یان هەر مێردیان نەکردووە

(بە کـەپڵـەکـانیـشـەوە)، هـەروەهـا ٨٠٪یش بێـوەژنن. تـا بەم دواییـیـانەش ئەمـە بە مسـۆگەری وەرگیـرابوو کەوا ئەگەر مێرمندالآن دەرفـەتی باشیان بـۆ برەخسـێ و لە داهـاتوودا هـەست بەبـەرپرسـیـارەتی بکەن لە کۆمـەڵگەیەکی ئازاد و جـێگیـردا، ئەوا پێویسـتیـان بـە رێنوێنیی بەردەوامی دایک و باوکێکی پابەند هـەیە، لە هـەر شـوێنێک بێت، بەهـاوکاریی باپیرە و داپیرە و مام و مامۆژنی خێزانەکە.

ئەمڕۆکە چیی تر ئەم بۆچوونە قەبووڵ نییە. هـەموو خێزانێکی یەک دێبابی کێشە نیـیـە: نموونەی قـارەمـان و سـەرکـەوتوو هـەیە لەوەی تـەنیـا باوک یـان دایک و خێزانیش هـەیە هـەردووکیان دایک و باوک زۆر سەرکەوتوو نین. بەڵام توێژینەوەکان دووپاتی دەکەنەوە بەرێژەی ئاسـایی ئـەو منداڵانەی یەک بەخـێوکەر (یان دایک یان باوک) هـەیە لە قـوتابخـانە زۆر باش نین، زیاتر بەلای تـاواندا دەچن، هـەروەهـا لە رووی جـەسـتـەییـشـەوە کەمـتر گەشـە دەکەن. هۆشـیـاریی ئـەو کێشـەیە چووەتە ناو بازنەی سیاسیش و یەکێک لە گفتوگۆ هـەرە باشـەکان لەلایەن ئەو دانەرانەوە کراوە کە لایەنگری سۆشـیـالیسـتن، لە کتێبی "خێزانە بێ دێبابەکان" لە نووسینی نۆرمان دێنیس و جـۆرج ئیـرۆدس، پێشـەکییـەکەی لەلایەن سـۆشـیال دیموکرات پرۆفـیسـۆر ئەی هێچ هـالسیییەوە نووسراوە.

ئازادی پێوەندیی بـە ئیـخـتیـاری شـێوازی ژیانەوە هـەیە، بـەڵام ئەمـە مـانـای ئەوە نییە هـەمـوو ئەرکەکان پشتگوێ بخرێن، بەهۆی ویستەوە. ئەگەر پیاو و ئافرەتێک منداڵێک بهێننە ئەم جیـهانە، ئەوا کـارێکی ئـاسـاییـیە چـاوەڕێی ئەوەیان لێ بکرێت منداڵـەکـە بەخـێـو بکەن تا گـەورە دەبێت. بڕیاری ئەوەی ئەم کـارە نەکـەیت ئەوا ئیـخـتیـارێکی باشی شـێوازی ژیان نییـە. هـەندێ گفتـوگۆی گشـتی باس لەوە دەکەن کـەوا نـاڕەوایە کـە سـوور بی لەسـەر دێبـابان منداڵەکانیـان بەخـێـو بکەن تا گەورە دەبن، بەڵام ئەگـەر، من پێ دابگرم، ئـازادی دەوەسـتـێـتـە سـەر قـەبـووڵی ئازادانەی هـەندێ ئـەرکی بنەڕەتـی، پاشـان ئەرکی ئـەوەی ببـیت بە دایـک و باوکـێکی باش بۆ منداڵەکەت، ئەمـەش بێگومـان یەکێکە لە ئەرکـەکان. لـەسەر ئەم پرسـە بنەڕەتییـانە هـەموو کات شێوان پەیدا دەبێت.

لە رووی مـێژووییـیـەوە، سـەرمـایەدارە مـەدەنییـەکان ئەو بۆچوونەیان هـەبوو کـەوا زەواج تەنیا ئیـختیارێک نییە بگرە پابەندبوونیشـە، واتە بەڵێنێکی تەواو بە وجوودی

خـێـزان و هـاوڕێیــان و دەســەڵاتداران دەدرێت بۆ پشــتگیــریکردنــی یەکـتـر و هـەر منداڵێکـی کـە لێـی دەکـەوێتــەوە. بۆ گـێـڕانەوەی ئـەم تێگەیشــتنەی زەواج وەک پابەندبـوونێک مـانـای گێـڕانەوەی زاڵبـوونـی نێر نـیـیـە لـە خـێـزان، گێـڕانەوەی ئەو خێزانە نییـە کە تێیدا ئافرەت نابێ هـەرگیز بچێتە دەرەوە کـار بکات. زەواج زیاتر شێوەی هـاوبەشییـەکی یەکسانی پێک دێنێ، بەڕاسـتیش وایە، هیچ هۆیەک نـیـیـە لە پاڵ ئەوەی بـۆچی دایکان نـاتـوانن کــار بکەن لە کــاتێکدا منداڵەکــانیــان لـە قـوتابخانەن، بەتایبـەتی ئەو دەمـەی داهـاتـی یەکێک گـونجاو نـیـیە بۆ هـاوکـاریکردنـی منداڵ. بەڵام ئەگـەر زەواج تەنیا گـونجـانێک بێت بۆ ئەم کـاتەی ئێسـتـا، ناتوانێت ئەرکی دانسقەی خۆی کە پێگەیاندنی هاووڵاتییانە بۆ ئازادی جێبەجێ بکات.

بەهـای کـۆمــەڵگەیەکی ئـازاد بۆ زەواج، وەک پابەندبـوونێک ئەوەیە مـنداڵ فـێـری وەخۆگرتنی ئەرک و قوربانی بەخـۆدان دەبن بەهۆی کۆپیکردنی ڕەفـتاری دێبـابیان و بەتایبەتی ڕەفتارەکانی دایکیان. ئازادیی منداڵەکانیـان لەسـەر خۆشەویستییەکی بێ مـەرجی دایکان بۆ بنیات دەنرێ. بەڵام ئەگـەر دێبـاب بـەرژەوەندیی خـۆیان لە پێش هـەمـوو شـتێکەوە دابنێن، ئەوا زەحـمـەتە بتـوانن منداڵەکانیـان فێری چاکەی ئەوە بکەن ئەوانـی تر لە بـەرچاو بگرن. جـۆزیف شـوپیــتــەر لـە چلەکــان بەولاوە هۆشـداریی مـەترسـیی کـۆمـەڵگەیەکی ئازادی دا کـە خـێزان لـەبار دەبات. گـوتی پرسـیـار لە بیری گـەلێ دێبابدا ئەوە بوو "ئێمـە بۆچی تمووحـەکانمان بقۆزینەوە و خۆیان تووشی هـەژاری بکەین لە پێناو ئەوەی سووک بکرێین و لە تەمـەنی پیریماندا سـەرکۆنە بکرێین." ئەگـەر ئەم پرسـیـارە لە بیری زۆربەی دێبابـاندا زەق بێتـەوە ئەوا خێزان زۆر خۆی ناگرێت. ئازادی دەوەستێتە سـەر هـەندێ داوودەزگا، عادەت، بەها و ئەو سـیفـەتانەی بەپیـرۆز دێنە دیتن. هـەندێ بازاڕخـوازی ئازاد و گـەلێکیش لەلای چەپدا گـاڵتـە بەو جـۆرە قـسـانە دەکـەن، بەڵام باوکی قـوتابـخـانەی ئابووریـنـاسـانی شیـکاگۆ، فـرانک نایت، بەقەناعـەتەوە گوتی، لیبرالیـزمی کلاسـیک توخـمی پیرۆز و دەست لێ نەدراوی خـۆی هـەیە کە مـوڵکی تایبـەتی لە سـەرووی هـەمـووانەوەیە. بۆ ئەوەی ئازادی سـەلامەت بێت، ئاخـۆ دەبێ فیکرەی زەواج وەک پابەندبوونێک بـەقەد ئەمانە پیرۆز بکرێت؟.

## ئابووریی بازاڕی سۆشیال

پێش ئەوەی بچینە سەر لێکۆڵینەوەی کەیسەکان، رەنگە وا باشتر بێ یەکێک لە سەرچاوەکانی شێوان لاببرێت. لەنێو رەخنەگرانی تاچەریزم ئەوانەن کە بەپەرۆشن بۆ بازاڕی سۆشیال، هەروەها ئەوە راستە ئەو هەوڵەی لە "داهێنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی" خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ بۆچوونی بازاڕی سۆشیالدا هەیە، لانی کەم لە رووی پشتگیری بۆ پێشبڕکێی بازاڕ. بەڵام جیاوازیی بەرچاویش هەن.

بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی "بازاڕی سۆشیال" کەمێک زیاتر لەو مانایە دەدات "سەرمایەداری لەگەڵ سیستمی خۆشگوزەرانیی بەردەست"، کە سوودەکانی دوور لە فەند، دابەشکردنەوەی داهاتەکان و سیفەتی سوودە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە لەسەر فەرمانبەرانی بۆ سۆنگەی دامەزراندنەوە. ئەم نەریتە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ بۆچوونی من کە لەسەر سەرمایەداریی مەدەنی هەمە، بەتایبەتی بەدەرنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهۆی سیستمی خۆشگوزەرانییەوە. لایەنگرانی ئەو شتەی پێی دەگوترێ شێوازی "شەقام"ی بازاڕی سۆشیال ئەوا نەگونجاوە سەبارەت بەم کێشەیە.

بەڵام، نەریتێکی کۆنتری ئابووریی بازاڕی سۆشیال هەیە کەوا زۆر خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ سەرمایەداریی مەدەنی. نەریتی گرووپی "ئۆردۆ"ی لیبرالەکان کە ناوەکەی بەناوی کۆواری ئۆردۆوە کراوە، ئەمانەشی تێدا بوو والتەر ئیکن، ویلهێن رۆپە و لودیوگ ئیهارد، کە یەکەم وەزیری ئابووری بوو لە ئەڵمانیای دوای شەڕدا. هەروەک نۆرمان باری پێشانی داوە، ئەندامانی گرووپی ئۆردۆ سەر بە نەریتی لیبرال کلاسیکن، بەڵام رازی نەبوون بە بۆچوونی گەلێ لە ئابووریناسان کە بازاڕ شتێکە خۆی خۆی راست دەکاتەوە. بەتایبەتی، قۆرخکاریی پیشەسازییان بە مەترسییەکی بەردەوام دادەنا. رەخنەیان لە ئابووریی لێسێز فێر دەگرت و پێیان وابوو کە ئازادی پێوەی بەندە، نەک تەنیا بەسەر بازاڕەکان بەتەنیا بگرە لەسەر سیستمی تەواوی دامەزراوەی یاسا و ئەخلاقیات. بۆ نموونە، ئیکن، باسی ئەوە دەکات: "ناکرێ واز لە سیستمی ئابووری بێنی، خۆی خۆی رێک بخات." بۆیە هیچ بوارێک نەما بۆ گەڕانەوەی لێسێز فێر. هەروەک پەرەگرافەکانی پێشتر خستیانە روو، هەردوو ئادەم سمیس و هایک هەمان هێڵیان گرتووەتە بەر.

بەڵام، لیبراڵەکانی ئۆردۆ گومانیان هەبوو لەبارەی دەوڵەتی دابەشکردنەوە و گومانیان لەبارەی سەرمایەداریی لێسێز فێریشەوە هەبوو. هیچ دوودڵ نەبوون لە چاوەڕێکردنی ئەوەی دەوڵەت یارمەتیی قوربانییانی ئابووریی بازاڕ بدات، بەڵام پشتگیریی خۆشگوزەرانییان نەکرد کە سیفەتێکی ژیانی ئەڵمانەکان بوو لەوەتەی بیسمارکەوە. بۆیە، نەریتی لیبراڵەکانی ئۆردۆ خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ سەرمایەداریی مەدەنی، بەڵام ئەمڕۆکە زاراوەی "بازاڕی سۆشیال" مانای لیبرالیزمی ئۆردۆی ڕۆپە، ئیکن و ئیهار نادات، بگرە مانای سەرمایەداریی خۆشگوزەرانی دەدات. هەروەها لە نەوەتەکان ئێستە دەتوانین لەوە تێ بگەین کە سیستمی خۆشگوزەرانی؛ شیرازە و دەوڵەمەندیی کۆمەڵگەی مەدەنی تێک دەدەن بەهۆی بچووککردنەوەی شوێن بۆ میسالییەتی کەسانی.

## لێکۆڵینەوەی کەیسەکان

مەبەستی ئەم کتێبە بەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی تێروتەسەلی ریفۆرم نییە. لە جیاتیی ئەوە، من هەوڵم داوە پێشنیازی ئاراستەیەکی گشتیی ریفۆرم بکەم لە تەندروستی و پەروەردە و هاوکاریکردنی هەژاران. ئەو خزمەتگوزارییانە دەستنیشان کراون لەبەرئەوەی بۆ گەلێ کەس ئەمانە بەرپرسیارەتیی حکوومەتن. من ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونە دەبمەوە.

پێش ئەوەی بێینە سەر خزمەتگوزارییەکان، لەوانەیە کارێکی باش بێ شتێک لەبارەی قۆرخکاریی پیشەسازییەوە بڵێین. من دووپاتم کردووەتەوە کە سەرمایەدارانی مەدەنی بەئومێدی ئەوە بوون جەخت لەسەر دەسەڵات نەکەنەوە، بەڵام یەکێک لە رەخنە سۆشیالیستەکانی کۆمەڵگە بازاڕییەکان ئەوەیە بازاڕەکان نیازی قۆرخکارییان هەیە. ئەم روانگەیە زۆر زێدەڕۆییی تێدایە بەڵام ناکرێ نکووڵی لەوە بکرێت کە قۆرخکاری بوونی هەیە. وەڵامی دەقی کتێبەکە ئەوەیە قۆرخکارییەکان خۆیان خۆیان راست دەکەنەوە و تەنیا ئەو کاتە تەمەنیان دەبێ کە حکوومەت لە جیاتیی ئەوان تەداخول دەکات بۆ مسۆگەرکردنی قۆرخکاری. ئەم بۆچوونە دژە بەبەڵگە پشتگیری دەکرێت، بەڵام بێگومان کاتی دەوێت، کاتێکی زۆریش. کاتێ بەکاربەران پێویست دەکات لە قۆرخکارییەک ببوورن لە پێناو دابینکردنی بەرهەمێکی تایبەتییە. وەڵامی دەقی کتێبەکە ئەوەیە دەبێ بەکاربەران

فێر بن چاوەڕێی بازاڕ بکەن تا خۆی ڕاست دەکاتەوە، چونکە کاری دەوڵەت ڕەنگە ئەنجامێکی خراپتری لێ بکەوێتەوە. دووبارە، ئەم بۆچوونە هێزێکی گەورەیە بەڵام کەسگەلێک زۆر پێی ڕازی نین. لەبەر هەندێ من هاوبەشیی بۆچوونی هایک دەکەم لە کتێبی "دەستووری ئازادی" کە ڕەنگە شتێکی باش بێت ئەگەر قۆرخکار وەک کوڕێکی لێدراوی سیاسەتی ئابووری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەک لەسەرەوە بینیمان، تا ئەو کاتەی سەپاندن پابەند بێت بە جێبەجێبوونی یاسا گشتییەکان و هیچ بریکارێکی حکوومەت ڕێگەی پێ نەدرێت تام لە دەسەڵاتی ئیداری بکات.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دووبارە گرینگیی نەهێشتنی قۆرخکارییەکانی حکوومەت بێتەوە گۆڕێ، هەروەها دووبارە سەر لە پرسیاری "وردبینییەکی پێویست" بدەینەوە.

**سیستمی پەروەردەیی**

بزانە چۆن سیستمی پەروەردەیی بەهۆی وردبینییەکی پێویست دەمێنێتەوە. یەکەم، ئاخۆ پەروەردە بەتایبەتی دابین دەکرێ؟ لە ڕاستیدا دەتوانرێت، پاش چەندان ساڵی تێبینیکردن لەبارەی دابەزینی پێوەرەکانەوە لە قوتابخانەکانی دەوڵەتدا چەند کەسێک گومانی لە لێهاتوویی قوتابخانە تایبەتییەکان دەکات. دووەم، ئاخۆ سیستمی هەنووکە هەلەکان سەرکوت دەکات بۆ گەشەپێدانی سیفەتە ئەخلاقی و چالاک و ڕۆشنبیرییەکان؟ ئەگەر دەوڵەت زۆر شت بکات، هیچ نموونەیەک لەوە باشتر نییە چۆن بوار بۆ میسالییەت و دەسکەوتی کەسانی تەسک دەکاتەوە. لە پەروەردەدا، بەرپرسیارەتیی دێبابان بەتوندی تەسک کراوەتەوە. سێیەم، پەروەردەی دەوڵەت لە بەریتانیا سیستمێکە لە قۆرخکاریی لۆکال پێک هاتووە. ریفۆرمەکانی حکوومەت لە پەروەردە دژی یەکن. هەندێ پێوەر وەک ئیدارەی لۆکالیی قوتابخانەکان، هانی لامەرکەزییەت دەدەن، ئەوانی تر کار دەکەن بۆ دژ وەستانەوەی ئاراستەکە، بەتایبەتی مەنهەجی نیشتمانی. لاوازیی سەرەکیی مەنهەجی نیشتمانی ئەوەیە جیاوازییەک سەرکوت دەکات لە نێوان قوتابخانەکان و ئیختیاریش کەم دەکەنەوە. هەروەها هەلەکانی نوێکردنەوەی پیشەی مامۆستایی و ئەقڵییەتی یەکەتیی بازرگانی کەم دەکاتەوە، کە زۆر ئاستیان دابەزیوە.

ستراتیجێکی ریفۆرم بۆ پەروەردە دەبێ دوو مەبەستی سەرەکیی تێدابێت: ١)

دەبێ عـەودالّی گێڕانـەوەی بەرپرسـیـارەتیی دێبـاب بـەهۆی کـەمکردنـەوەی بـاجـەوە بکات بـۆ رێگەدان بە دێبـاب بـۆ ئەوەی پارەکـەیان خـەرج بکەن بـۆ پەروەردەکـردنی منداڵانیـان و ٢) دەبێ عـەودالّی رێکنـەخسـتنی لایەنی دابینکردن بن بۆ هـاندانی دامـەزراندنی قـوتابخـانەی نوێ و شـکاندنی دەسـەلاّتی قـۆرخکارییـەکانـی کـەرتی گشتیی لۆکالّ.

یەکـەم، لە رووی داواکــارییــەوە، دێبـاب دەبێ دەســەلاّتیــان پێ بـدرێت تاکــو ئیختیارەکەیان حسێبی بۆ بکرێت. خێزان وەک باشترین دامـەزراوە دەمێنێتەوە بۆ بەخێـوکردنی منداڵان تا بـبن بـە پیاو و ئافرەتی خـاوەن سـیـفـەتی جـوان. کـەواتە، رۆحی کولتووریی قـوتابخانە نابێ دژی دەسەلاّتی دێباب بوەسـتێتەوە. لە راسـتیدا، قوتابخانە دەبێ درێژکەرەوەی خێزان بێت. تاکە رێگەی دلّنیابوونی ئەوەی خێزان و قوتابخانە بەیەکەوە کار بکەن ئەوەیە دەبێ دێباب ئازاد بن لە ئیختیاری قوتابخانە و بیگۆڕن هـەر کـاتێک بیـانـەوێت. ئەمـەش تەنیا ئەو کاتە دەکرێت ئەگەر قوتابخـانە پشت بە دێبابان ببەستێت بۆ داهاتیان، ئەمـەش واتە دێباب دەبێ پارە بدات. بەبێ ئەمـە، هـیچ لێـپـرسـینەوەیەکی کـاریگەر نابێت. پارەدان وا لە دێبـاب دەکـات ئەو قـوتابخـانەیە هەڵبـژێرێت کـە تەنیـا جـەخت ناکاتە سـەر کـاری ئەکـادیمی و بگرە رێگەیەکی ئەخلاقیی پێ دەدات بۆ هاوبەشیکردن لەگەڵ مالّدا.

لە رووی مـێـژووییـیـەوە، لیـبـراڵە کلاسیکەکان باسی ئەوەیان کـردووە کـە دەبێ دەسەلاّت بە دێباب بدرێت لە رێگەی گرەنتییەکەوە ئەویش پارەدانە، بەهۆیەوە ئێمە تـەنیـــا پـارە بە پـەروەردە دەدەین لە رێگەی باجـــەکـــان و لە رێگەی دەوڵەتـەوە گـرەنتـیـیـەک وەربگرین کـە بتـوانێت لـە هەر قـوتابخـانەیەکدا ئالّوگـۆڕ بکرێت لە بەرامـبـەر پەروەردەکردنی منداڵدا. بەدیلێکی باشـتـر ئەوەیە دەسـەلاّتی خـەرجکردن بگەڕێنینەوە بۆ دێبـاب کە بەهۆی داهاتی دەوڵەتەوە دەسـتی بەسەردا گیـراوە، تاکو زۆربەیـان بتـــوانـن پارەی پـەروەردەکـــردنی مـنداڵـەکـــانیـــان بدەن. دەوڵەت دەبێ بەرپرسـیـارەتی قەبووڵ بکات بۆ هەژارترین منداڵ تاکو هـەمـوو تامی پەروەردەکردن بکەن.

وێڕای دەســـەلاّتی داواکـــاری، نـانیـــزامی، لایـەنی دابینکردنی رادیکاڵانە بـۆ شکاندنی پێگەی دەســەلاّتی مـەرکـەزی و بۆ وەگـەڕخـسـتنەوەی مـیـســالیـیـەتی

مامۆستایانیش پێویستە. ئەوەندە بەس نییە هەموو قوتابخانەکانی دەوڵەت بۆ قوتابخانەی بەپارە بگوازییەوە، هەروەک هەندێ پێشنیازیان کردبوو، هەرچەندە ئەنجامەکە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتە پەروەردەییە لۆکاڵەکان.

ئەم هەوڵە لەوانەیە ببێتە هۆی سوودێکی بەرچاو، بەڵام خێرا لە سۆنگەی نەبوونی ڕێکخستنی باشەوە، هەوڵی خزمەتگوزاری فەشەل دێنێت. ئێستا ئەوەندە باش دامەزراوە کە کلیلی ئەرکی سەرکەوتووانەی هەر بازاڕێک ئەو بەرپرسیارەتییەیە کە ئەوەی تازە دێتە ناو بازاڕەوە لە قوتابخانە هەنووکەییەکاندا پشکی بازاڕ وەردەگرێت. بەبێ ئەم پرەنسیپە، دابینکاران بەئاسانی لەگەڵ خاوەن قوتابخانە نوێیەکان ڕێک دەکەون. دواجار، هەموو قوتابخانەکان دەبێ تایبەتی بن. مامۆستایانی یان ئەوانی تر دەبێ ئازاد بن لە دۆزینەوەی قوتابخانەی نوێ، هەروەها دەبێ ئاسایی بێت قوتابخانەکانی هەنووکەی دەوڵەت ببن بە قوتابخانەی تایبەتی. قوتابخانەکان ئەو کاتە کۆنترۆڵی تەواویان دەبێ بەسەر وەرگرتنەوە، ژمارەی قوتابخانە، حوکمی پێکهاتە، ماوەی مامۆستا، ڕاهێنان و مووچەکانیش. قوتابخانەکان خۆیان کرێی خۆیان دادەنێن و بەرپرسیاریش نین لە بەرامبەر کارەکەیان بۆ هەر دەسەڵاتێکی بەرزتر جگە لە دێباب. نە حکوومەتی مەرکەزی و نە دەسەڵاتە لۆکاڵەکان دەسەڵاتیان بەسەر قوتابخانەکانەوە هەیە.

نانیزامکردنی ریشەیی یارمەتیی وەگەڕخستنەوەی مامۆستایان دەدات و بەرپرسیارەتی و پابەندبوونی دێبابانیش کاراتر دەکات. هەوڵی حکوومەت بۆ مامۆستایان سەپاندنی مەنهەجی نیشتمانی بووە بەهیوای وروژاندنی لە ویتهۆل کە لە هەر پۆلێکدا چی روو دەدات. بەڵام دانانی ڕێنوێنی لە ئاستێکی بەرزدا ئەوا پێ ناچێت پابەندبوونی مامۆستایان تێک بدات. ئەوە ڕاستە کە هەندێ مامۆستای لایەنگری ئایدیۆلۆجیایەکی شکستخواردوو بێ هیوا و گونجاو نین تا ببنە بەرپرسی گەنجان، بەڵام ئەمە بۆ هەمووان ڕاست نییە، ئەگەر ویستی باشیان پێکەوە نەگونجێت قوتابخانەکانی بەریتانیا پێش ناکەون. سیاسەتی نانیزامی ڕێگە بە قوتابخانەی نوێ دەدا، بەپێی پابەندبوونی مامۆستا لە هەر کوێیەک بێت بنیات بنرێت. ئەم هەوڵە سوودی تایبەتی دەبێت لە شارەکاندا؛ چونکە ڕێگە بە مامۆستایان دەدات هەست بە ئەرکێکی تایبەتی بکەن بۆ یارمەتیدانی هەژاران بەهۆی دامەزراندنی قوتابخانەی نوێوە.

حکوومەتە سەرەکی و تاچەرییەکان هەردووکیان ئیختیاری بەکاربەرییان بەکار هێنا، کە یەکسەر، ئەو بۆچوونە دەداتە دەست کە سیاسەتیان بەو سیاسەتە دەچێت کە لێرەدا پاڵپشتیی لێ دەکرێت. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئامانجی سەرەکیی حکوومەتەکانی بەم دواییانە چاککردنەوەی هاوبەشیی قوتابخانەی ماڵە بەهۆی لێک نزیککردنەوەی ماڵ و قوتابخانەوە. لە جیاتیی ئەوە پشتیان بەستووە بەدابرانی قوتابخانە و ماڵ و هەروەها دێبابەوە بە کەسانی دەرەکی دادەنرێن و لە بەرامبەر حوکمی قوتابخانەکان بوەستێت. ریفۆرمی پەروەردەییی ١٩٨٨ بوو بە نموونەیەکی تری بەرەنجامەکانی کارکردن لەگەڵ بۆچوونی سنووورداری بازاڕدا. دێباب ئیختیارێکیان پێ درا (کە کۆنترۆڵ کرابوو بەهۆی بەردەستی شوێنەوە) وەک ئالیەتێکی سیاسەتی حکوومەتی مەرکەزی. بەڵام ئەوەی گرینگە لەبارەی ئازادیی خەڵک لە بازاڕی رکابەریدا، هەر تەنیا ئەوە نییە کە گرووپێک ئازادن بۆ بەکارهێنانی ئەو شتانەی بەلای خۆیانەوە زۆر باشن، بگرە ئەوەش کە خەڵک ئازادن بۆ باشترکردنی سیفەتە کەسانییەکانیان و شارەزاییان لەژێر کاریگەریی پێشبڕکێدا. تەعینکردنی ئازادیی ژیری و میسالییەتی مرۆڤ، "سەرمایەی مرۆ" تەکنیکییانە قسە دەکات، ئەوە جەوهەری بازاڕی ئازادە. بەڵام، ئاراستەی حکوومەتە سەرەکی و تاچەرییەکان فراوانکردنی بواری داهێنانی مرۆیی نەبوو، بگرە زیادکردنی کۆنترۆڵی مەرکەزی بوو.

ئەم جەختکردنەوە وای کرد ریفۆرمەکانیان جێبەجێ نەکەن، ناچاری کردن بەتەواوی پشت بە مامۆستایان ببەستن. ئەگەر ویستیان دابەشکردنی دەسەڵات بێت بۆ ئەو دێبابانەی کە لە مەنهەجی نیشتمانییەوە تاقی دەکرێنەوە و رێی تێ دەچوو ئەنجامەکانیش بڵاو نەکرێنەوە و بەردی بناخەکان بۆ تەواوی قوتابخانەکان دابنرێن. ئەزموون لە هارلی رۆهەڵاتدا، کە لە سەرەتای حەفتاکان دەستی پێ کرد، ئەو سوودانە پێشان دەدات کە نانیزامیکردن بەرهەمی هێناون. لە ١٩٧٣، لە کۆی ٣٢ قوتابخانە لە نیۆرک، هارلی رۆهەڵات دوایەمین قوتابخانە بوو لە خوێندنەوە و بیرکاریدا. هەژاری بەربڵاو بوو، ٨٠٪ی قوتابیان نانی نیوەڕۆیان بەلاش وەردەگرت و زیاتر لە نیوەی خێزانەکانیش تەنیا بەسەر ژنەکاندا مابوونەوە. تێکەڵیی رەگەز ٦٠٪ی ئیسپانی و ٣٥٪ رەش بوون.

لە ١٩٧٤ەوە چاکسازی لەلایەنی دابینکردنەوە کرا. هانی مامۆستایان درا

پێشنیازەکانیان پێشکێش بە قوتابخانە نوێیەکان بکەن و لە جیاتیی ئەوەی جەخت لەسەر بینایەک بکرێتەوە، قوتابخانەکان دەبوایە بەپێی بابەت و بەرنامە و فەلسەفەکانەوە دروست کرابان. هەر قوتابخانە و کۆنترۆڵی قەبووڵ و مەنهەجی خۆیان دەکرد و دێبابەکان تەواو ئازاد بوون لە ئیختیاری قوتابخانە، بەپارە ئەو قوتابخانەی خۆیان دەیانویست هەڵیان دەبژارد. هانی دێبابەکان درا بەشداری لە قوتابخانەکانیان بکەن و هەست بە هاوبەشییەکی راستەقینە بکەن هێندەی ئەمەش گرینگ، کاتێ قوتابخانەکان فەشەلیان هێنا لە سەرنجراکێشانی قوتابیان، داخران.

پلانەکە لەوەتەی ١٩٧٤وە کارایە و ئەنجامەکانیش زۆر باش بوون. قوتابخانە زیادی کرد، پسپۆڕیان لە چەندان بواردا هەبوو، ئەو نموونانەی خوارەوە ئەمە دەسەلمێنن: ئەکادیمیای زانستی ژینگەیی، کۆمەڵگەی فێرکردنی داهێنەرانە، هارلمی رۆهەڵات، ئەکادیمیای پیشە، قوتابخانەی ماریتایمی هارلمی رۆهەڵات، قوتابخانەی هارلمی رۆهەلات بۆ تەندروستی و لێکۆڵینەوە بایۆمیدیکالەکان، قوتابخانەی هونەری خوزێ فیلیشیانۆ، قوتابخانەی ئیسحاق نیوتن بۆ بیرکاری و زانست.

نزیکەی ٦٠٪ی منداڵان ئیختیاری یەکەمی خۆیان وەرگرت، ٣٠٪ یان ئیختیاری دووەم و ٥٪یشیان ئیختیاری سێیەم. دەسکەوتی قوتابیان باشتر بوو. لە ١٩٧٣، تەنیا ١٦٪ی قوتابیان لە ئاستی خۆیان یان سەرووی ئەوەش دەیانخوێندەوە. لە ١٩٨٧، رێژەکە گەیشتە ٦٣٪، لە کۆتاییی نەوەتەکاندا هارلمی رۆهەڵات لە ناوەڕاستی زنجیرەی باشەکاندا بوو لە ٣٢ ناحیەی نیوۆرک. جۆن چەب و تێری مۆو، دانەرانی پەیمانگەی برووکینگز لە کتێبی سیاسەت، بازاڕ و قوتابخانە ئەمەریکاییەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامە: لە هەر رەهەندێکەوە، ریفۆرمەکانی هارلمی رۆهەڵات سەرکەوتنی گەورە بوون. قوتابخانە زۆرن، جەخت لەسەر هەموو شتێک دەکەنەوە لە موزیکەوە بگرە تا دەگاتە زانست. مامۆستایان بەپەرۆشن بۆ کارەکەیان و بەتەواوی کۆنترۆڵی قوتابخانەکانی خۆیان کردووە. دەسەڵاتیان هەیە و پرۆفێشناڵ و بەپێی پێویستن، هەموو ئەمانە بەدی هاتن بەهۆی بزاوی سروشتیی سیستمەکە، نەک لە رێگەی حوکمە دەستکردەکانی بیرۆکراسییەت. هاوبەش قوتابخانە بچووکن و نارەسمین، بەپێی هاوکاریی تیم و ئەرکی پێکەوەیی

دروست کــراون. دێبــابەکــان چالاکن، تەواو ئاگــەدارن، هەروەها شــانازی بە قوتابخانەکانیان دەکەن.

من پێـشنیـازی زیاتر دەکـەم لە چـاو ریفـۆرمـەکـانی هارلی رۆهـەلات، بەلام ئەو هەوڵەی لەو قـوتابخـانەیە درا، وێڕای سنوورەکـانی، پێ دەچێت زۆر مـیـتـۆدێکی کاریگەر بێت بۆ باشـترکردنی قوتابخـانەی ناو شـاری بـەریتـانیـیـان لە چاو هەر شتێک کە تا ئێستا لەلایەن حکوومەتەکانی بەم دواییانـەی بەریتانیاوە پێشکێش کراون.

## NHS

چۆن NHS بەرگەی "وردبینییەکی پێویست" دەگرێت؟ ئاخۆ دەکرێ خزمەتگوزارییەکە باشـتر لەلایەن کۆمـپـانیـای تایبـەتەوە دابین بکرێت؟ گـومـانێکی کـەم لەوەدا هەیە، بۆیەشە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا کۆپیی NHSیان نەکردووە و رێگە بە خاوەنداریەتیی نەخۆشـخانەی تایبـەت دەدەن. ئاخۆ دەوڵەت قـۆرخکارە؟ NHS گەورەترین قـۆرخکەرە لەنێو دەزگەکانی کەرتی گشـتیدا. ئاخۆ دەوڵەت دەسـەڵاتی نادادوەرانە بەکار دێنێت، لە راسـتـیـدا بەکـاری دێنێت، تەنانەت تا رادەی چارەسـەرییـەکـانی رزگـارکـردنی ژیانیش. با بۆ ساتێک وا دابنێین کە NHS بەندە بە دڵنیـاییـەکانەوە. ئەگەر وا بێت، ئەمــە جـۆرێکی دڵنیـاییـیــە کـە رێگە بە دڵنیـاکـەر دەدا بڕە پارەیەکی هەرەمــەکی وەربگرێت بەبێ هەبوونی گرێبـەستێک. لە راستیدا، سیاسەتی دڵنیایی دەڵێت یەکەم دەبێ ساڵانە زۆر پارە بدەیت، بەلام ئێمـە رەتی دەکەینەوە بڵێین چەند. دووەم، ئێمـە تەنیا ئەو بڕە وەردەگرین کە لە گیرفانی تۆوە دێت. سێیەمیشیان ئێمە تەنیا بەڵێنت پێ دەدەین کە خزمـەتگوزارییەکە گونجاو بێت، تۆ هیـچ مافێکی جێگیرت نییە. مافی چاودێریی تەندروستی دەرکەوت کە فەرمانێکە لە حکوومەتەوە وا لە تاکەکان دەکات پارەی خۆیان خەرج بکەن لەسەر قۆرخکاریی کەرتی گشتی.

زۆربەی خـەڵک دەیانەوێت چاودێریی تەندروسـتیی پێـویست بۆ هـەمـووان هـەبێت، جـا دەوڵەمــەند یان هـەژار بێت، بەلام ئەو شـتـەی کـە تێی نـەگـەیشـتـوون ئـەوەیە کـە NHS رێگەیەکی زۆر ناکاریگەری بەدەستهێنانی ئەم کۆتاییەیە. ئەگەر هەژار بپارێزرێت بەهۆی پێدانی دەسەڵاتی فرۆشتن لە جیاتیی خزمـەتگوزارییەکان ئەوا

دەچنە ئەو ئاستەی کە داوای خزمەتگوزاریی زیاتر لە بەرهەمهێنەران بکەن. هەروەها زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان ئازاد دەبن کام سیاسەتی دڵنیایی هەڵبژێرن، ئەوان بڕیار دەدەن کامە بۆ ئەوان راستە. NHS ئەو شتە دەدات بە خەڵک کە دەسەڵاتی پزیشکی رەچاوی دەکات کە بۆ ئەوان باش بێت، نەک ئەو شتەی کە بۆ خۆیانی هەڵدەبژێرن لەژێر رۆشنایی تێچوو و حەزە کەسانییەکانیان.

کەواتە ریفۆرمی بابەتیان دەبێ ببێتە هۆی خاوەنداریەتیی تایبەتی نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی و دابینکردنی دارایی چاودێریی تەندروستی لە رێگەی دڵنیاییە تایبەتییەکان نەک باجدان. کارێکی راستەوانەیە کە نەخۆشخانەکان ببن بەنەخۆشخانەی تایبەتی، بەتایبەتی لەبەرئەوەی زۆربەی NHSەکان ئێستا متمانەی پێ دەکەن. ریفۆرمی میتۆدی دابینکردنی دارایی چاودێریی تەندروستی زۆر زەحمەت دەبێت، لەبەر دڵنیاییی تایبەتی و ناکامڵبوونەکانیان. بەڵام ئەمانە بەسەر دەچن هەروەک من لە شوێنی تریشدا باسم کردووە.

باشترین رێگەی گێڕانەوەی بەرپرسیارەتیی کەسانی بۆ پارەدان ئەوەیە تاک وا لێ بکەیت گرێبەستی NHS بکات، هەروەک چۆن گرێبەست دەکەن لە پاتی خانەنشینی دەوڵەت. شێوەی تەواوتری ئەم پێشنیازە دەکرێ لە کتێبی "هەموو کەسێک نەخۆشێکی تایبەتە" بەدی بکرێت و ئەوەی بەدوایدا دێت تەنیا کورتەیەکە. کەس زۆری لێ ناکرێت NHS بەجێ بێڵێت، بەڵام ئەو تاکانەی نارازین ئازادن لە داوای وەرگرتنەوەی ئەو پارەیەی داویانە کە یەکسانە بەرامبەر بەوەی داویانە بە باج بۆ چاودێریی تەندروستی؛ ناچار دەبن دڵنیاییی تەندروستی وەربگرن کە خزمەتگوزارییەکانی دادەپۆشێت کەوا بەهۆی NHS بەردەستن و هەروەها داپۆشینی کارەساتباریش لابەرن، بۆ ئەوەی کەس پەرپووت (موفلیس) نەبێت، بەهۆی تێچووی چارەسەرکردنەوە. سەرەتا نەخۆشخانەکانی NHS داپۆشینی رووداو و حاڵەتی تەواری دابین دەکەن.

بۆیە خەڵک دڵنیا بوو لەوەی ئازادە بەدوای چاودێریدا بکەوێت لە نەخۆشخانە تایبەتەکان یان لە NHS. ئەگەر NHSیان بەکار هێنا ئەوا پارەیان دەکەوێتە سەر تێچووی دڵنیاکەریان و وەری دەگرنەوە. ئەم پلانە وا لە نەخۆشان دەکەن سوور بن

لەسەر خزمەتگوزاریی باشتر  و یارمەتیدانی بەکۆتاهێنای ڕێژەیی کە دەکەوێتە جەرگەی NHS. لە سەرووی هەموویانەوە، میسالییەت و ژیریی مرۆڤ  ئازاد دەکات کە پلانەکە سەرکوتیان دەکات، هەرچەندە بەتەواوی نا، بەهۆی قۆرخکاریی NHSەوە. یەک لە ئاکارەکان نوێکردنەوەی ڕوحی کولتووریی خزمەتگوزارییە کە نموونەیی بوو لە نەخۆشخانە ئارەزوومەندانەکانی پێش ١٩٤٨ لە ڕاستیدا، NHS تا ئێستا بەتەواوی ئەو کولتوورەی نەشکاندووە و بەردەوامبوونی لە هەندێ نەخۆشخانەی مێژوویی تەواو ئەوە شی دەکاتەوە چۆن NHS بەگشتی خراپ نییە. لەوانەیە ڕێکخراوەکان نوێنەری بەکاربەران بکەن، بە کۆمەڵە دۆستایەتییە کۆنەکان بچن، دەبێ دووبارە سەر هەڵدەنەوە. هەرگیز نازانین داهاتوو چی دەوێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە یەک پەندی ڕوونی ئەزموونی ڕابردوو، بەهیچ شێوەیەک کرانەوەکان تەسک ناکاتەوە کە ڕێگە بە خەڵک دەدەن بەڕێگەی خۆیان کاری باش ئەنجام بدەن.

## بارسووکیی هەژاری

بەرپرسیارەتیی دەوڵەت چییە لە هەمبەر هەژاراندا؟ نابێ کەس لە برسان بمرێت یان بەدەست نەدارییەوە بناڵێنێت. ئەم بنەمایە کەمترین ئەرکێکە ئێمە قەرزداری یەکترین، وەک هاوەڵانی یەک نیشتمان. پرسی یەکەتی گرینگە بۆ ڕێزی دوو لایەنە کە دەوەستێتە سەر ڕێزی هاوبەش بۆ یاسا، هەروەها دەوەستێتە سەر ئەو مەعریفەش کە ئێمە ڕێگە بە یەکێک لە ژمارەکانمان نادەین بکەوێتە ژێرەوەی دەرگە. بوونی تۆڕی سەلامەتی نابێ بەجێ بهێڵرێت بۆ چانس و حکوومەتەکان تەواو دامەزراون بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە هیچ پێیدا نەکەوێتە خوارەوە.

ئەگەر ئەمە بەرپرسیارەتییەکی ڕەوای دەوڵەت بێت نەهێڵێت خەڵک بکەونە ژێرەوەی داهاتی ئاسایی، ئەوساکە هیچ حکوومەتێک ناتوانێت لەوە رابکات چۆن بەباشترین شێوە ئەم تۆڕەی سەلامەتی بپارێزێت بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک بەکەس نەگات جگە لە باشی.

یەکەم مەترسی ئەوەیە کە بارسووکیی هەژاری وەک بەرگێک بۆ یەکسانیبوون بەکار دێت. پێشتر باسم کرد کەوا یەکێ لە بنەماکانی ڕێبەریکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد ئەوەیە نابێ دەوڵەت خەڵک وەک ئالییەت بەکار بێنێت بۆ ئەو کۆتاییەی

حکوومــەت هەڵی بژاردووە، بگرە دەبێ ئالیـیـەت بۆ خـەڵک دابین بکات. بـۆ من بەم شـێوەیە هاتبوو کە ئەم بنەمـایەی ڕێبەریکردنە هەموو گواستنەوە ئیجباریـیەکانی پارە بەلاوە نانێت، چونکە کاتێ پارە بە یەکێک دەدرێت لەلایەن حکوومەتەوە دەکرێ بگوترێ ئەو کـەسـە ئالییـەتی پـێ دراوە. بەڵام جیـاوازییـەکی روون هەیـە لە نێـوان، لەلایەک، پاراسـتـنی خـەڵک لە کەوتنە ژێر ژیانێکی سـتـاندارد کـە وایان لێ دەکات نەتـوانن سـوود لـەو بەهرەیـەی هەیـانە وەربـگرن، لەلایـەکی تـرەوە، گـەڕان بەدوای ئەوەی هـەمـوو کـەسـێک لـەو کـۆمـەڵگەیە وا لـێ بکەیت پابەند بێت بەبۆچوونی حکوومــەت بۆ دابەشکردنی دیاری داهات و سـامـان. ئەوەی دواتریان حکوومـەت دەگلێنێت لە بەکارهێنانی خەڵک تا لەگەڵ پلانە دەرهەستەکەیدا بگونجێت.

بۆ پـەسندکـردنی ئەوەی کـە دەوڵەت دەبێ تۆڕی سـەلامـەتی بپـارێزێت تاکـو مەینەتی نەهێڵێت، بۆیە بەفیـرۆچوونی بەهرە، تەواو جیاوازە لە پەلەکردن لەوەی کە دەبێ دەسەڵاتی ئیجباری بەکار بێنێت بۆ گوشینی داهاتەکان هەتا پابەند دەبن بە هەندێ شـیـرازەی پێش چارەنووسـیان. گـەڕان بـەدوای یەکسـانیی داهاتەکـان، لەگـەڵ سـیـسـتـمی لیـبـراڵدا نایەتەوە، چونکە ئالیـیـەتێکی گـشـتگیـرە بەتەواوی لەسـەریەتی ببـێـتـە هۆی ئەوەی پێ لەسـەر دەسـەڵات دابگرێ لە چەند لایەنێکەوە وێڕای ئەمـەش، واقیـعی پراکتیکی بەدواداچوونی یەکسـانی لە کاتی سـاڵانی دوای شـەڕ گـواسـتـنـەوەی دەسـەڵات بووە، لـە دەوڵەمـەندەوە بـۆ هەژار، بەڵام بۆ هـەمـوو کەسێک، دەوڵەمەند و هەژار وەک یەک وان لەلای دەوڵەتەوە.

یەکسـانیبـوون کـاریـگەرییـەکی گەندەڵکارانەی هەیـە لەسـەر پرۆسـەی سـیـاسـی. بووەتە مۆڵگەی شـەڕ بۆ سـوودەکان لەسـەر حسێبی خەڵک. سـیاسـەتوانان چاوەڕێی ئەوەیان لـێ ناکـرێت دروسـتـکاری ئەو یاسـایانە بـن کە پـێـویسـتن بۆ پیـادەکـردنی ئازادی، بەڵام پێچـەوانەی ئەوانەی کە سوودی تایبەتی داراییـیان لەسەری حسـێبی باجدەراندا دابین کـرد. ئەم ئاراسـتـەیە سـیـفـەتی تۆکمـەی بڕیاری بەکـۆمـەڵ پتـەو دەکات. هەروەک جیـمس مـادسـۆن ئامـاژەی پێ دا لە کـاتی مشـتـومڕەکان لەبارەی دەسـتـووری ئەمـەریکاییـیـەوە، گرفـتی سـیـاسـەت ئەوەیـە کـاریگـەریی ویـژدان کـەم دەکـاتەوە بەهۆی زیادکـردنی ژمـارەی ئەو گلەیی و سـتـایشـەی بەسـەریدا دابەش دەبێت. ئەو گوتی ویژدان "بەوە ناسـراوە کـە لە تاکـەکـاندا کـاڵ بووەتەوە، بەگشـتـی شتێکی زۆر کەم لە ویژدانەوە چاوەڕێ دەکرێ."

هێندەی ئەمە گرینگ، دادوەریی دابەشکردنەوە، وەک میسالییەتێکی ئەخلاقی باسی لێوە دەکرێت لە کاتێکدا بەس ئەو میسالییەتە نییە. لە تەواوی مێژووی شارستانییەتی رۆئاوادا، ئەخلاق هەر زۆر لە تاک داوا کراوە. ئادەم سمیس دانی پێدا دەنێت ئێمە دەتوانین زۆر شت بەدەست بێنین بەهۆی بەدواکەوتنی بەرژەوەندیی رەوای خودی خۆمان لە رێگەی گۆڕانی هاوبەش بۆ ئەوانی تر، بەڵام پێشی وابوو هەر کەسێکی شایستە دەبێ بەدوای کاری راستدا بگەڕێت بەپێی چوارچێوەی ئەرکەکانی.

سەرنجی دادوەریی دابەشکردنەوە، وەک میسالییەتێک ئەوەیە داوای هیچ لە پاڵەوانەکانی ناکات. لە راستیدا، تەواوی هێزەکەی داواکردنی ئابوونەیە لە کەسانی تر، جا دەوڵەمەند یان هاوولاتیی باجدەر بێت. باشیی خەڵک قیاس دەکرێت بە هێزێکی گەورەی دەربڕینەوە کە بەهۆیەوە داوا لە کار دەکەن لەوانی تر، نەک ئامادەییان بۆ قوربانیدان بەخۆیان. کەواتە دادوەریی دابەشکردنەوە فەشەل دێنێت بۆ داواکردنی باشترین خەڵک، بەپێچەوانەوە، داوا لە لایەنی خۆپەرستانەی سروشتی مرۆڤ دەکات.

یەکسانیی دەرفەتیش تەڵەیەکە. بەمانای یەکسانیی لە "دەروازەی دەسپێک"دا دەخرێتە روو، کە دەبێتە دوژمنکاری بۆ خێزان. توخمێکی حەتمی و لانەدراوی هەلومەرجی مرۆڤە لەدایک بێت بۆ خێزانێکی تایبەتی و بۆ هەندێ خێزانیش سوودی زیاتری دەبێت تا ئەوانی تر. ئەم بۆچوونی یەکسانییە وای لێ دێت ئەگەر دێبابی باش دەسپێکێکی باشتر بدەن بە منداڵەکە، ئەو سوودەی بەدەست هێنراوە رەوا نییە، چونکە لە ئەنجامی چاکەی خودی منداڵەکەوە نەهاتووە، کایەوە.

مەترسیی دووەم لەوەی دەوڵەت باری هەژاری سووک بکات، ئەوەیە گرووپێکی خەڵک پەیدا دەبن کە لە ژیان رادێن لەسەر داهاتی هاوکاری. هەروەک ج. س. میل بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات:

لە هەموو حاڵەتەکانی یارمەتیداندا، دوو کۆمەڵە ئاکام هەن دەبێ رەچاو بکرێن، ئاکامەکانی یارمەتیدانی خود، ئاکامەکانی پشتبەستن بە یارمەتی. ئەوەی یەکەمیان بەگشتی بەسوودە، بەڵام ئەوی تریان بۆ زۆربەیان بریندارکەرە، هەروەها لە گەلێ حاڵەتدا وەک ئەوە وایە بەهای سوود زۆر بایەخی پێ بدرێت.

میل پێی وابوو پێ ناچێت ئەو شتە هەرگیز روو بدات، مەگەر لەو کەیسانەی کە پێویستیی یارمەتیدانیان لەوپەڕیدا بێت. میل درکی بەوەش کرد چۆن و کەی یارمەتی لەخۆ بگیرێت، ئەو دەمەی باری هەر کەسێک زۆر کارەساتبارە کە وزەکانی ئیفلیج بوونە بەهۆی هان نەدانەوە، یارمەتیی پاڵنەرە نەک خاوکەر، لە جیاتیی سڕکردنی توانستە چالاکەکان، هەردەم ئەوەی دابین کردووە کە هاوکاری وەک ئەوە نییە خۆت یارمەتیی خۆت بدەیت، بەهۆی پێدانی هیوایەکی باشترە بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەهۆی ناوەندە رەواکانەوە.

ئەو دانی پێدا دەنێت:

تا ئێستا کە بابەتەکە دان بە هەر رێچکەیەکی گشتی یان قسەیەکەوە دەنێت، پێ دەچێت ئەگەر یارمەتیی بەم شێوەیە بدرێت کە هەلومەرجی کەسی یارمەتیدراو بەوە وەسف کرابێت کە وەک ئەو کەسەیە سەردەکەوێت لە ئەنجامدانی هەمان شت بەبێ هاوکاری و یارمەتی، ئەگەر بتوانرێت حسێب بکرێت ئەمە دەسکەوت نییە، بەڵام ئەگەر، لە کاتێکدا بۆ هەموو کەسێک هەبێت، ئەوا پاڵنەرێکی بەهێز بۆ هەموو کەسێک بەجێ دێڵێت بێ ئەمەش بیکات ئەگەر بتوانێت، ئەوا دەبێتە بەسوودترین بەش.

بەڵام، لە کاتێکدا پێی وابوو دەوڵەت دەبێ هەموو شتێک بۆ هەمووان مسۆگەر بکات. هێندەی ئەمە گرینگ ئەوەیە ئەرکی جیاکردنەوەی نێوان کەیسێکی پێویستی راستەقینە و یەکێکی تر دەبێ بەرپرسیارەتیی دەسپێشخەری تایبەتی بێت. خێرخوازیی تایبەتی، شتی زیاتر بە شایستان دەدات، لە کاتێکدا دەوڵەت دەبێ بەپێی یاسا گشتییەکان کار بکات. هەروەها پێی وابوو هەڵەیە بۆ بەرپرسانی گشتی جیاوازی لە نێوان شایستە و ناشایستەدا بکەن:

ئەمە زۆر پشتگوێخستنی ئەو رێگەیانەی مرۆڤ پێشان دەدات بۆ رەچاوکردنی ئەو جۆرە کەسانە، تەنانەت لە کەیسە هەرە مەحاڵەکانی ئەوانەی سیفەتیان باشە، کێشەی هێنانەوە پتەوکردنی رەفتاری رابردووی کەسەکە دەخاتە نەنگییەوە، تاوەکو بڕیارێکی ئەقڵانییانە لەبارەوە بدرێت. دەکرێ خێری تایبەتی ئەو جیاوازییانە بکات، هەروەها لە پێدانی پارەی خۆی، مافی ئەوەی هەیە ئەم کارە بکات بەپێی بڕیاری خۆی. بەڵام بەڕێوەبەرانی فەندی گشتی بەدوای ئەوە دەبوون

داوایان لێ نەکرێت شتی زیاتر بۆ هەر کەسێک بکەن، پێیان وابوو دەبوایە کەمترین شت بکەن لە کاتێکدا خراپترینە. ئەگەر وابن، تێوەگلانەکە زۆر بەخێرایی دەبێتە یاسا، رەتکردنەوەی شتێکی دانسقەی زۆردارییانەی ئیجبارییە.

سیفەتی جیاکەرەوەی هەوڵەکەی میل ئەوەیە وەک بریکارێکی ئەخلاقی مامەڵە لەگەڵ هەژاراندا دەکات، نەک وەک قوربانییانی دۆخ. بۆچوونی سەرەکی بۆ زۆربەی ئەم سەتەیە ئەوە بووە خەڵک هەژارن و بەرژەوەندیی هۆکارەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵیان ئەوانی کەواندووە. ئاراستەی گشتیی سیاسەتی گشتیی تاقیکردنەوەی چەندان بەرنامەی جۆرەوجۆر بووە بۆ کارکردن لەسەر هەژاران. وەک قوربانییانی نادیار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە دەکرێ دروست بکرێن بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە گشتییەکان. بەگشتی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دێتە ئەنجامدان، بەهۆی شیکردنەوەی ئامارەکان کە زۆرجار لەلایەن حکومەتەوە کۆ دەکرێنەوە بۆ مەرامی ئیدارییانەی خۆی، نەک بەنیازی تێگەیشتن لە هەژاران. کاریگەریی سیاسەتە نوێیەکان زۆرجار بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت، لە دەرەوەیدا سەیری ناوەوە دەکەن. خاڵی لاوازی ئەم هەوڵە ئەوەیە کەوا فەشەل دێنێت ئەگەر گرینگترین سیفەتی مرۆڤ لە بەرچاو بگرێت، کەوا ئێمە هەموومان توانای ئیختیاری ئەخلاقی و هەستیارمان هەیە و کەوا سەرچاوە ناوەکییەکان جیاوازییەکی گەورە دروست دەکەن لە ژیانماندا. بۆیە دەبێ سیاسەتی گشتیی ئەم واقیعە رەچاو بکات.

## پێشنیازێک

ئا لێرەدا هەندێ ئالییەتی گەشەپێدانی هەوڵێکی نوێ هەن بەمەبەستی گێڕانەوەی هەژاریی پشتبەستوو بۆ هاوولاتیبوونی سەربەخۆ. گریمانەکە بریتییە لەوەی یارمەتیی پراکتیکی لە پێشەوەی خێرکردنە، جا لەلایەن دەزگە خێرخوازییەکان یان دەوڵەتەوە بێت. ناردنی چەکی گیرۆ[٢٢] زۆر ئاسانە. چاودێریی راستەقینە واتە کات و کێشە، نەک هاوکاریی پارەی هیشکە. کەواتە مەبەستەکە رەخساندنی دەرفەتێکە بۆ ئەو هەژارەی جەستەی تەواوە شتێک گل بداتەوە، نەک تەنیا خەرج بکات.

مەترسیی سەرەکی کە دەبێ لەناو ببرێت کاریگەریی "پاڵەپەستۆی خەڵک"ە

لەسەر سیستمی خۆشگوزەرانی. هەرکە سیستمی خۆشگوزەرانی گەشەی کرد، دەزگە خێرخوازییەکانی گووشی و رۆحی بەرپرسیارەتیی کەسانی لەناو برد کە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی چالاکی پێوە بەندە. تۆکڤیل، نووسینەکانی لەبارەی پەیدابوونی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانەوە پشت ئەستوورن بە سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا لە سالآنی (١٨٣٠)دا، پێشبینیی ئەوەی کردووە سیستمی نوێی کۆمەلایەتی، لەوانەیە تووشی جۆرە ئەقڵییەتێکی خزم خزمێنە بێت کە سەراپای بگرێتەوە. بەتێپەڕینی هەر ساڵێک هۆشدارییەکەی پێچەوانە دەبێتەوە. ئەو پێی وابوو هۆکاری ریشەیی تاکرەویی ناپێویستە:

یەکەم شت کە سەرنجەکە دەیگرێتەوە ژمارەی بێ شوماری پیاوە، هەموویان یەکسان و وەک یەکن، بەتەواوی هەوڵی بەدەستهێنانی خۆشییە ناشایستە و کەمەکان دەدەن کە ژیانیان پێ مەیسەر دەکەن. هەریەکەیان، بەتەنیا دەژین، وەک نامۆیەک وایە بۆ چارەنووسی تەواوی ئەوانی تر، منداڵ و هاوڕێکانی تەواوی مرۆڤایەتی بۆ ئەو پێک دێن. سەبارەت بە تەواوی هاوولاتییەکانی تریش، لێیان نزیکە، بەلآم نایانبینێت، دەستیان لێ دەدات، بەلآم هەستیان پێ ناکات، تەنیا بۆ خۆی وجوودی هەیە و تەنیا خۆی.

تۆکڤیل هۆشداریی دا کەوا ئەوانەی ئەم سیفەتەیان هەیە، رەنگە لەلایەن ئەمەی خوارەوە حوکم بکرێن:

دەسەلآتێکی زل و زیندانپارێز، کە هەر تەنیا خۆی ژیانیان مسۆگەر دەکات و ئاگای لە چارەنووسیان دەبێت. ئەم دەسەلآتە دەسەلآتێکی رەهایە، بچووکە، بەنیزامە، دابینکارە و نەرمە. وەک دەسەلآتی دێباب دەبێت ئەگەر، ئامانجی ئامادەکردنی پیاوە بۆ پیاوەتی، بەلآم بەپێچەوانەوە بەدوای ئەوەدایە هەر بەمنداڵی بیانهێڵێتەوە. تەواو باوەڕی بەوە هەیە خەڵک دەبێ خۆشحاڵ بن، بیر لە هیچ نەکەنەوە تەنیا خۆشی نەبێت. بۆ خۆشحاڵیی ئەوان ئەم جۆرە حکوومەتە کار دەکات، بەلآم دەیەوێت تاکە بریکار و تاکە پێناوی ئەو دڵخۆشییە بێت. ئەم دەسەلآتە ئاسایش بۆ خەڵک دابین دەکات، پێشبینیی پێداویستییەکانیان دەکات و بۆیان دابین دەکات، ئاسانکاری بۆ خۆشییەکانیان دەکات، خەمە سەرەکییەکانیان دەخوات، ئاراستەی کار و پیشەیان دەکات، موڵکیان رێک دەخات، شکۆمەندییان دابەش دەکات.

ئەو هۆشـداریـی دا کـە ئاکـامی ئەم دەسـەڵاتە ئەوەیە هەمـوو ڕۆژێک ئەم جـۆرە حکوومەتە ئازادیی مرۆڤ کەمتر و کەمتر بەسوود دەکات. بەهۆی سنووردارکردنی ویست لە مـەودایەکی تەسکتـر پێدا پێدا پیـاو لـە هەمـوو بەکـارهێنانەکانـی خـۆی رووت دەکاتەوە.

ئێستـا دەتوانین لەوە تێ بگەین کـە سیستـمی خۆشـگوزەرانی ئەم کاریگەرییـەی لەسـەر سیفەتی مرۆڤ هەیە. هەروەکو مایکل نۆڤاک نووسیـویەتی، بۆ ماوەی زیاتر لە سـەتەیەک سـۆشیـالیـزم "خـەیاڵی مـرۆڤی گومـڕا کردووە بەهـۆی جـەختـکردنەوە لەسـەر دەوڵەت"، بۆیە گۆڕینی سـروشـتیی کۆمـەڵایەتیی مـرۆڤ بۆ دەوڵەت، دەبێتـە هۆی سەرکوتکردنی بەرپرسیارەتی و داهێنانی کەسانی. بۆ ئەوەی ئەمە زیاتر روو نەدات، نۆڤاک پەلەی ئەوەیەتی کە ئێمە سیستـمە خـۆشگوزەرانییەکانمان دووبارە دارِێژینەوە، نەخشـەی نوێ بـۆ تاکەکەسـەکان، خـێزانەکانیـان و کۆمـەڵەکانیـان و باشـترینیـان و هـەوڵە هەرە داهێنەرانـە و هەرە دروسـتکارەکـانیـان دابرێژینەوە. سیستمی خۆشگوزەرانی دوای شـەڕ ڕێگەی بە مرۆڤ  و کۆمـەڵگەی مەدەنی داوە، بەڵام دەرفـەتێکی کـەمـی پێ داون بۆ پیادەی ئازادیی بەرپرسیـارەتیی کـەسـانی و داهێنانی کۆمەڵایەتی.

ئەو سیـاسـەتانەی کە لەم هەوڵەوە دێن دەبنە سێ گرووپ: ١) ئەو سیـاسـەتانەی مەبەستیان گەشـەی ئابووری بوو، ٢) لابردنی بەربەستەکانی سیاسەتی گشتی لە بەردەم خێزان یان پێشکەوتنی کەسانی، بەتایبەتی باجی زۆر و ٣) جەختکردنە سەر سەربەخۆیی کەسانی.

١– گەشەی ئابووری

جەختکردنە سەر رەفتار و ئەخلاقی تاک پێویستە بۆ سەرکەوتن، بەڵام تەنیا بە ویستی خـۆی ئەمە بەس نییە. گەشـەی ئابووری پێویستییەکە، بەڵام بەسیش نییە، پێشـە مـەرجـە بۆ دروسـتکردنی دەرفـەت بۆ راکردن لە هـەژاری. گەشـەی ئابووری بەزۆری پشت دەبەستێت بە وزە و ژیریی هاووڵاتییانی تایبەتی، بەڵام سیـاسـەتی ناژیرانەی دارایی و پارە دەتوانن زۆر بەئاسـانی هەوڵەکانی مرۆڤ هەڵوەشێننەوە. کەواتـە، حکوومـەت بەرپرسیـارەتی لـە دروسـتکردنی چوارچێوەیەکی ئابووری کە لەگەڵ ئازادیدا بگونجێت.

٢- نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم سیاسەتی گشتی

ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەندێ سیاسەتی گشتی بوار تەسک دەکەنەوە بۆ هەڵاتن لە هەژاری. تاوانی تایبەتی باجی زۆرن بۆ سەر خەزن و داهاتەوە، هەروەها لێکدانێکی نابەجێی باج و سوودەکانە. بەرنامەی ریفۆرمێکی گشتگیر پێویستە بۆ نەهێشتنی بەربەستەکان کە زۆر زەحمەتی دەکات بۆ هەژاران بەهۆی هەوڵەکانی خۆیان پێش بکەون. هەموو باجە هەنووکەییەکان، سوود و نیزام و یاساکان و سیاسەتە گشتییەکان، هەروەها هەموو پێشنیازەکان بۆ چاکسازیی ئەمانە، دەبێ بچنە ژێر باری هەڵسەنگاندنی کاریگەریی سەربەخۆیی بۆ سنووردارکردنی کاریگەرییان لەسەر هەوڵەکانی تاک بۆ هەڵاتن لە هەژاری بەهۆی هەوڵەکانیانەوە.

ئەم هەڵسەنگاندنانە دەبێ بەربەستەکانی بەردەم کاری جووڵاویش بگرنە خۆ، وەک ئەنجوومەنی ڕێپێدانی یاساکان، ڕەتکردنەوەی توند لە کەرتی کرێی تایبەتی بەهۆی کۆنترۆڵی کرێ و نیزامەکانی تر کە ناهێڵن خەڵک تام لە موڵکیان بکەن، هەروەها بایەخی ڕەهن و قیستی بارسووکی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخی خانوو، ئەمەش وا دەکات خاوەنداریەتیی ماڵ زۆر زەحمەت بێت بۆ ئەوانەی مووچەکەیان سنوورداره.

سیاسەتی باج دەبێ بەپێی یاسایەکی تایبەت بێت. ژمێریارانی باج دەبێ وا پەروەردە بن ڕێگە بە کرێکاران بدەن قازانجی زیاتری خۆیان بپارێزن. دەبێ زیادەی باجی منداڵ بگەڕێنرێتەوە و زیادەی باجی ژن یان مێرد زیاد بکرێت وەک بەشێک لە زیادکردنی گشتیی باج  لە پێناو بەهێزکردنی پێکهێنانی خێزان بە ژن و مێردەوە. هاوکاریی هاوبەشی خێزان هێشتا بەباشترین دەزگە دەمێنێتەوە بۆ سەربەخۆیی.

قازانجی باج لەسەر خەزنەکان کاریگەرییەکی تایبەتی زیانگەیێنی هەیە لەسەر ئەوانەی دەیانەوێت دۆخیان باشتر بکەن لە ڕێگەی هەڵگرتنی پارەوە. ئەگەر نەتوانرێت هەموو باجی هەڵگرتنەکان هەڵبوەشێنرێنەوە لە ماوەیەکی کورتدا، ئەوا پێناسەی دەسبەجێی زیادەی باجی ئازاد نزیکەی ساڵانە ٥ هەزار پاوەند دەبێت، کە یەکسان نابێ و زیادەی باجی دەسکەوتی سەرمایە  بێهێز دەبێت. لەبەرئەوەی

باجی دەسکەوتی سەرمایە پێشتر هەبووە، بەڵام لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە بەکار نەهێنراوە، لەووانەیە بگونجێت ئەگەر دابڕێژرێتەوە بۆ بڕە قازانج یان دەسکەوتی سەرمایەی دوانە، لە پێناو ئەوەی سوود بەهەموو کەسێک بگەیەنێت، نەک تەنیا ئەو کەمینەیەی کە دەسکەوتی سەرمایەی هەیە.

٣- پلانی سەربەخۆیی کەسانی

چەندان هۆکار هەن بۆ بێکاری. هەندێ بێکاری هەن وەرزین، هەندێکیان بەهۆی خولی بازرگانییە، هەندێکیشیان بەهۆی گۆڕانی پێکهاتەیی درێژخایەنە لە هەلومەرجە ئابوورییەکاندا. نەمانی پیشەسازیی خەڵووز، چونکە فۆرمەکانی تری وزە شوێنی خەڵووزیان گرتەوە، نموونەیەکی روونی بێکاریی پێکهاتەییە. حکوومەتەکان دەتوانن رێژەی بێکاری زۆر خراپتر بکەن بەهۆی کارەکانیانەوە، یان ئەوەتا بەهۆی سەرنەکەوتن لە کۆنترۆڵی نرخی گرانیی بازار، یان گرانکردنی، هەرکە لە ١٩٢٥ چوونەوە سەر ستانداردی جیهانی مەرجەکانی ژمارەی منداڵ لە پێش شەڕ، بەم دواییانەش بەستنەوەی پاوەند بە مارک لە میکانیزمی رێژەی ئاڵوگۆڕدا.

لێرەدا، من باسی ئەو کەسانە دەکەم کە کاریان نییە لەبەرئەوەی شارەزایی و پاڵنەریان نییە، یارمەتیی خۆیان بدەن لەو گێژاوەی تێی کەوتوون. ئێمە سەرناکەوین لە یارمەتیدانی ئەم گرووپە و سیاسەتی نوێی پێویست بۆ مەبەستی یارمەتیدانی ئەم جۆرە تاکانە. جەختکردنە سەر یارمەتی و ئامۆژگاریی تاکی رەنجدەر زۆر پێویستە، بەڵام میل هۆشداریی دا، پێ ناچێت داوودەزگەی حکوومەتی هەرگیز ببن بە باشترین ئالییەت بۆ ئەم جۆرە کارە. هەوڵێکی بەدیلی گواستنەوەی ئەو بەرنامانەیە کە یارمەتیی تاکی تایبەت دەدات بگەڕێنەوە نێو هێزی کار بۆ کۆمەڵەی چاودێریی تایبەتی، کە دەکرێ بەرپرسیار بن لە دانانی پلانێکی سەربەخۆ بۆ هەر کەسێک.

لە نیسانی ١٩٩٣ەوە، ئەوانەی تەعین نەکراون بۆ ماوەی ١٢ مانگ داوایان لێ کراوە دووبارە دیمانەیان لەگەڵدا بکرێتەوە. لەم قۆناخەدا، دەتوانن لە داهاتوودا دابەش ببنە سەر دوو پۆلێن، ئەوانەی گونجاون بۆ گەڕانەوە بۆ ئاژانسی راوێژی سەربەخۆ و ئەوانەشی کە گونجاو نین.

چۆن ئەم پاتە دەدرێت؟ یەکێک لە هەوڵەکان ئەوەیە پارە بۆ ئاژانسی تایبەتی تەرخان بکرێت بەرێژەی ٥٠/٥٠ی کەرتی گشتی و تایبەتی، واتە بۆ هەر پاوەندێکی پارەی تایبەتی کە لەلایەن حکومەتەوە کۆ دەکرێتەوە ئەوا یەک پاوەند دەدات بۆ سنوورێک کە لەسەری رێک کەوتن. دەکرێ پارە بۆ ئاژانسەکان دابین بکرێت بەهۆی ئەو کرێیانەی کە لە بەرامبەر دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران دەدرێت. بۆ نموونە، دەتوانن ٩٠٪ی دەرامەتی داهاتیان پێ بدرێت بۆ ماوەی ١٢ مانگ ئەگەر کاریان بۆ بێکارێک دۆزییەوە بە ماوەیەکی زۆر کەم. ئەمە چوارچێوەیەک دروست دەکات بەهۆیەوە کۆمەڵە تایبەتەکان هان دەدات خزمەتگوزاریی نوێ بێننە کایەوە.

نموونەیەکی پلانی سەرکەوتووی لەم جۆرە پێشتر لە ئەمەریکادا هەبووە، پێی دەگوترێت "ئەمەریکا کار دەکات: America Works". ویلایەتی نیۆرک نزیکەی ٣٠٠ وەرگری خۆشگوزەرانیی سالأنە لە بەرنامەی "ئەمەریکا کار دەکات"دا دادەنێت. ئاژانسەکە هیچ کرێیەک لە ویلایەتەکە وەرناگرێت تا ئەو کاتەی کارێکی فوولتایم و بەردەوام بۆ هەر سوودمەندێک دەدۆزێتەوە کە کەسەکە بۆ ماوەی حەفت مانگان بەدەستی بێنێت. ئەوجا نزیکەی ٥٧٠٠ دۆلار وەک کرێ وەردەگرێت، کەمتر لە ٢٣ هەزار دۆلار لەسەر نیۆرک دەکەوێت بۆ پاراستنی خێزانێکی سێ کەسی لە ماوەی ساڵێکدا. ئەم شارەزاییەی ئاژانسەکە لە قەناعەت پێکردنی بەڕێوەبەردایە بۆ وەرگرتنی کەسێکی خۆشگوزەران بۆ ماوەیەکی چوار مانگی، لەم ماوەیەدا ئاژانسی "ئەمەریکا کار دەکات" پشتگیریی خۆی دەکات لە بەرامبەر کرێیەک لە بەڕێوەبەرەکەوە. عادەتەن، بەڕێوەبەران لە سەعاتێکدا ٧ دۆلار دەدەن بە "ئەمەریکا کار دەکات"، لە کۆی ئەمەش کرێکار ٣,٧٥ دۆلار وەردەگرێت لەگەڵ سوودەکان. رێژەی ئاسایی ٧ دۆلار عادەتەن نزیکەی یەک دۆلارە لە سەعاتێکدا کەمتر لە رێژەی سەعاتی، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو مەترسییەی کە بەڕێوەبەر لەگەڵ فەرمانبەر دەیگرنە بەر کە تۆمارێکی زۆری هەیە لەبارەی ئەو شارەزاییانەی کە پشتیان پێ نابەسترێت. فەرمانبەران بە مووچەیەکی کەم دەست پێ دەکەن، بەڵام چانسیان دەبێت رابهێنرێن و بەهای خۆیان بە بەڕێوەبەر پێشان بدەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی راهێنانی زیاتر و یان بەرزکردنەوەی پۆست و زیادکردنی مووچە.

دوای دادگەییەکی چوار مانگی، نزیکەی ٧٠٪ی ئەوانەی تەعین کرابوون کارێکی فوولتایمیان پێ درا بەرێژەی ئاسایی مووچە، لە کۆی ئەمانەشدا، دوای

سـاڵێک ٩٠٪ یان لە کـار دەمێننەوە کلیلی سـەرکـەوتنی "ئەمـەریکا کـار دەکـات" ئەوەیە جـەخت دەکاتە سـەر شارەزاییـە تایبـەتییـەکانی مـوشتـەرییـەکانی. هەندێ جار، شارەزاییان پێ دەدرێت تا زاڵ بن بەسـەر جیاکاریدا، هەندێ جار هەست بە کـەمـوکـووڕیی شکۆمـەندی دەکـەن، یان زانیـارییـەکی کـەم یان هـەر نـییـانە لەبارەی چۆنیـەتیی رەفـتـارکـردن لە شـوێنی کـاردا، یانیش نازانن چۆن بـەدوای دیمانەی کاردا بگەڕێن یان خـۆیان لە کاتی دیمانـەکەدا بسـەلمێنن، هەندێ جـاریش ئەوەندە بێکار بوونە هـیچ بەڕێوەبەرێک متـمـانەیان پێ ناکـات. ئاژانسـەکە ڕاوێژکـار تەعین دەکات بۆ باشـترکردنی سـەرمایەی مرۆییی موشتەرییەکان کەوا ئەو تەکنیکانەیان فـێـر دەکـەن و لە شـوێنـی کـاردا شـارەزایان دەکـەن و هـەروەهـا کرێکاری مـەیدانی تەعین دەکات بۆ کۆکردنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە ئامادەن موجازەفە بکەن.

"ئەمەریکا کار دەکات" باسی جـۆرە هەوڵێک دەکات کـە زۆر پێویسـتە. جـەختـەکە لەسەر شارەزاییی کەسانییە و بنیاتنانەوەی کارەکتەرە. ئێمە دەبێ زیاتر لەبارەی سـەرچاوە ناوەکـییـەکانەوە بزانین کـە پێـویسـتن بۆ هەڵاتن لـە هەژاری، هـەروەهـا لە ستراتیجیی تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی تێ بگەین کە ئاشکرای دەکات تا چ رادەیەک ئەو شـارەزاییـیـە یان سـیـفـەتە کـەسـانـیـیـە دەکـرێ فـێـر ببـین. وێڕای ئەمـەش، چیرۆکـەکـانی سـەرکـەوتن سـەرچاوەیان لە ئالیـیـەتە هـەرە باشـەکـانی فـێربوون و سەرچاوەکانی ئیلهامەوە گرتووە.

هـەوڵی "ئـەمـەریکـا کـار دەکـات" واتە دەست پێکردن بە مـووچەی کـەم، بەڵام ئەو کەسەی موجـازەفە دەکات زۆرجار کۆتا دێنێت بەهۆی تامی قایلبوونە ناوەکییەکان و پێشکەوتنی مـادییەوە. هەست دەکەن سەرەتـای ژیانیانە و رەنگدانەوەی ئیختیار و رێزی هـاوبەشـی ئـەوانی ترە، هـەروەهـا لەگــەڵ دەرفـەتی نوێ بـۆ بەشـداریکردن لەگەڵ پێشکەوتنی پۆزەتیڤانەی مرۆڤ.

## بەرەنجام

ئێمـە بەو مـاوە درێژەدا تێ پەڕیوین تێیدا شـەڕی ئایدیـەکان رووی داوە لە نێـوان دوو سـیـسـتـمـی رکـابەری ئابووریدا. سـیسـتـمـی ئـابووریی بازاڕ مـشـتـومـڕەکەی بردەوە؛ چونکە ئاسـانکاریی بۆ گـەشـەی ئابووری کـرد. بەڵام ئەگـەر کـۆمـونیـزم بیتـوانیبـا گەشـەیەکی گەورەتری کردبا، ئاخۆ ئەمـە مشتـومڕێکی یەکلایی دەبوو لە

بەرژەوەند کۆمونیزمدا؟ هەندێ پێیان وایە ئەمە وا دەبوو، بەڵام زۆر مشتومڕی سیاسی روو دەدات لە چوارچێوەی ئەقڵانییەتی ئابووری. شەڕی دژی ئابووریی کۆباوەڕی ئێمەی وا لێ کرد زۆر پەرە بە گرینگیی بازاڕەکان لە پێناوی پاراستنی ئازادیدا بدەین و رەهەندی ئاسایی کۆمەڵگەی ئازاد و گەندەڵیی دانانی یاسا لەلایەن سیاسەتەوە پشتگوێ بخەین.

کەواتە، سەرمایەدارانی مەدەنی هیوای سێ گۆڕانی سەرەکی دەخوازن. یەکەم، پاڵپشتیی ریفۆرمی دەستووری بۆ دامەزراندنەوەی بێلایەنیی یاسا بەهۆی جیاکردنەوەی پرۆسەی یاسادانان لە جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسییەکان. یاسادانان بووەتە ئالییەتێکی بەسیاسیکراوی زۆرینەی پەرلەمان، بەڵام ئەگەر یاسا حوکم بکات رێزی بگرن، دەبێ بوەستێتە سەر تاقیکردنەوەیەکی تەواوتر تا زۆرینەی ئەندام پەرلەمانان بەدروستی دەری بکەن.

دووەم، دەبێ تێگەیشتنمان لە کەیسی ئەخلاقی دژی سیستمی خۆشگوزەرانی، نوێ بکەینەوە. زۆربەی ئەو شتانەی ئێمە پێیان دەڵێین سیستمی خۆشگوزەرانی دەبێ بگەڕێنرێنەوە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەتی پەروەردە و چاودێریی تەندروستی، بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە دەبێ سەرکوتکردنی دەرفەتەکان بنبڕ بکرێت، بۆ هێنانە دەرەوەی باشترین کەس لە رێگەی خزمەتکردنی ئەوانی تر. دەبێ دەوڵەت تۆڕێکی سەلامەتی بپارێزێت کە لەژێریدا نابێ کەس بکەوێت، بەڵام هەر یارمەتییەک لەودیو دەوڵەتەوە بێ، دەبێ تایبەتی بێت بۆ فراوانکردنی بواری بەخشندەییی تاک و خزمەتی ئەوانی تر. لەو شوێنەی خزمەتگوزارییەکان پرسێک بن بۆ حکوومەت، دەبێ لێپرسینەوە زیاد بکرێت لە رێگەی لامەرکەزییەتی ناوچەکان و لابردنی کۆنترۆڵی حکوومەتی ناوەندی لەسەر دەسەڵاتە لۆکاڵەکان. ئەنجامەکە بۆ زیادکردنی هۆشیاریی باجدەری لۆکاڵ دەبێت کە ئەوان پارە بۆچی دەدەن، بەهۆی کەمکردنەوەی بواری تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتی، بۆ زیادکردنی چانسی ئەو هەڵانەی گیراون و راست کراونەتەوە پێش ئەوەی زیانێکی زۆر بگەیەنن. کاریگەریی گشتیی ئەو پێوەرانە بۆ زیادکردنی بواری کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەمەش دنیای ئیختیار و ویژدانی ئازادە کە دژی دنیای فەرمانی حکوومەت دەوەستێتەوە.

سێیەم، سەرمایەدارە مەدەنییەکان بەهیوای ئەوە هانی مشتومڕ بدەن لەمەڕ کەشوهەوای ئەخلاقی کە ئازادی دەکاتە شتێکی ئاسایی. لە سەرووی هەموویانەوە، ئێمە پێویستمان بە رۆحێکی کولتووریی هاریکاریی کۆمەڵایەتی دەبێت کە دەوەستێتە سەر رەچاوکردنی هاوبەش بۆ ئەوانی تر و هەستێکی بەهێزی بەرپرسیارەتیی کەسانی نەک گواستنەوەی داهات. ئەمەش واتە ئامادەییی کەسێک بۆ پاراستنی سیستمی باشی دامەزراوەکان، عادەت و بەهاکان و سیفەتەکان بنەڕەتین بۆ ئازادی. بەپەلە پێویستمان بە چاککردنەوەی پابەندبوونی کولتووری کەسانی هەیە بۆ خزمەتکردنی کەمتری سامان لە ڕێگەی هاریکاریی یەکتر یان کاری خێرخوازییەوە.

من بەم ئاستەنگە کۆتا بە باسەکەم دێنم بۆ خاوەن بیر و بۆچوونەکان. ئازادی دەتوانێت بەپشتگوێخستنێکی بەرچاو بژیت، بەڵام تا پشکێکی تەواوی بیرکردنەوەی خەڵک ئامادە نەبێت کە ببێتە هەڵگری کولتووری ئازادی، ئەوا لەناوچوونی ئازادی زۆری پێ ناچێت. رۆشنبیرانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی بەجیا خۆیان دەبینن وەک رادیکاڵەکان و پرسیار لە ستاتس کو دەکەن، بەڵام لە کردەدا هەروەک لێکۆڵینەوەکانی نۆرمان دێنیس پێشانی دەدەن، زۆرجار هاوەڵانی مۆدێلن، پابەندن بەو ڕێچکانەی ئەمرۆکە کە لە رووی سیاسییەوە راستن. ئەوانەی سەردەمێک رەخنەگرانی رادیکاڵی دامەزراندنی سەرمایەداری بوون، ئەمڕۆ بوونەتە بەرگریکارانی دامەزراوەی خۆشگوزەرانی، ئامادە نین دان بەخەوشە بنەڕەتییەکاندا بنێن یان بەشدار بن لە واقیعە تاڵەکان. خۆشبەختانە، بۆشاییەکە بەهۆی رۆژنامەنووسان، بەتایبەتیش گۆشەنووسانەوە پڕ بووەتەوە. بەڵام لە کاتێکدا، ئازادیی رۆژنامەوانی ئێمەی رزگار کرد لە راستییە سیاسییەکان، ئاستەنگ بۆ کەسانی خاوەن بیر دەمێنێتەوە.

ئازادی دەوەستێتە سەر رێزگرتن لە یاسا، بەرپرسیارەتیی هاوبەش، تەرخانبوون بۆ خێزان و خۆشەویستیی وڵات، نەک بەرژەوەندیی خود. ئێستا کێ لە ئێمە پشتی لە پابەندبوونی راستییە سیاسییەکان دەکات لە جیاتیی ئەوانە شان بەشانی بەرگریکردن لە ئەخلاق و دامەزراوەکان بکات کە بەبێ ئەوان مەحاڵە رێگەی ئازادی سیفەتی ژیانی شارستانیەتی رۆئاوا بپارێزرێت و بەردەوام بێت؟

## پەراوێزەکان

١- سیستەمی خۆشگوزەرانی: واتە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. لە هەندێ وڵاتدا حکوومەت مووچە بۆ کەسانی کەمدەرامەت، بێکار، پیر و پەککەوتە دەبڕێتەوە و یارمەتییان دەدا.

٢- مارگرێت هیلدا تاچەر: سەرۆک وەزیرانی میرنشینی یەکگرتوو بوو لە ١٩٧٩ تا ١٩٩٠، هەروەها سەرکردەی پارتی پارێزکاران بوو لە ١٩٧٥ تا ١٩٩٠.

٣- مافەکانی habeas corpus: برێتین لە مافەکانی هاوولاتییانی ئەمەریکایی. هەر زیندانییەک مافی ئەوەی هەیە بپرسێت تا کەی حکوومەت بەندی دەکات. لە مادەی یەکی دەستووری ئەمەریکاییدا ئەم مافە هەڵدەپەسێرێت لە کاتی هەڕەشە بۆ سەر سەلامەتیی گشتی، بۆ نموونە لە کاتی شەڕ لەگەڵ تیرۆردا.

٤- کۆمەڵی ئامانجدار: برێتییە لە بەهێزترین فۆرمی ئەقڵانییەت لە سیاسەتدا.

٥- Continent: واتە پارزەوینی ئەوروپا جگە لە دوورگەکانی بەریتانیا.

٦- پاشاکانی ستوارت: ئەو پاشا و شاژنانەی کە ئینگلتەرا و سکۆتلاندیان بەڕێوە برد لە نێوان ساڵانی ١٦٠٣ تا ١٧١٤.

٧- فیلۆسووفەکان: فەیلەسووفانی رۆشنگەری دەگرێتەوە لە ئەوروپا، بەتایبەتی فرەنسا.

٨- لێسێز فێر: پرەنسیپی پیشەسازیی بێ دەستوور و دەسوەرنەدان: ئەو پرەنسیپەیە کە رەوشی ئابووری دەگاتە لووتکە ئەگەر مەرج و تەلبەند بۆ پیشەسازی دانەنرێت و بازاڕ ئازاد بێ.

٩- پێرسێ: دەستەواژەیەکی لاتینییە. زۆرجار لە مشتومڕی ئینگلیزیدا بەمانای "خود" بەکار دێت.

١٠- پێوەندیی نەقدی: واتە ئەو پێوەندییەی کە لە رێگەی مامەڵەکردن بەپارەوە دروست دەبێت.

١١- کۆمەڵەی دۆستایەتی: ئێستا لە کوردستانیش بەدەیان عەشیرەت هەیە جۆرێک لەو کۆمەڵانەیان هەیە. سیپەی رۆژی رەشیان هەیە. هەر خێزانە و مانگانە برێک پارە دەخاتە ناو سیپەکە. وەک بلێی مانگانە ئابوونە دەدەن. لە رۆژی تەنگانەدا، وەک

تازیە، لێقەومان، عەمەلیاتێکی گەورە، یان هەر ڕووداوێک کە بەپارە چارەسەر بکرێت، لەو سیپەدا دابینی دەکەن. ئابوونەکەش بەپێی ئاستی بژێویی خێزانەکەیە. خێزانی وا هەیە دەوڵەمەندە مانگانە ١٥٠ هەزار دادەنێت و هیی واش هەیە هەژارە مانگانە ٢٠ هەزار دادەنێت.

١٢- شیلینگ: شیلینگ جۆرە دراوێک بوو چل ساڵ لەمەوبەر بەکار دەهێنرا لە وڵاتانی کۆمۆنوێلسدا. ٢٠ شیلینگ یەک پاوەندی ئێستا بوو.

١٣- کۆمەڵگەی هۆلۆوێی: برێتین لەو کۆمەڵگەیانەی کە داهاتی تاک تێیدا مسۆگەرە.

١٤- سێر فیلیپ سیدنی: شاعیرێکی مەزنی سەردەمی خۆی بووە. لە ١٥٥٤ تا ١٥٨٤دا ژیاوە. ئەو شاعیرە ناسراوە بەوەی کە خزمەتی سەربازیی زۆری کردووە. لە کتێبە بەناوبانگەکانی ئەمانەن: پۆزشێک بۆ شیعر (١٥٨١ نووسی و لە ١٥٩٥دا بڵاو کرایەوە)، ئەشترۆفیل و ستێلا (١٥٨١ نووسی و لە ١٥٩١دا بڵاو کرایەوە).

١٥- ئێستا لە کوردستان باوی ئەو پرسەیە. هەر موزەمیدێک یان موعاون توبییەک دەگری لە گەڕەکەکەی خۆی دوکانێکی بچووکی بەناوی "عیادەی توبی" کردووەتەوە. هەندێ لەو عیادانە هەیە ئیشیان زۆر لە هیی دوکتۆرێکی گەورەی ناو بازاڕی پزیشکان باشترە. خەڵکی هەژار، ئەوانەی ناتوانن بچنە عیادەی تایبەتی، ڕوو لەو عیادە مەحەلییانە دەکەن.

١٦- مۆنۆپسۆنی: واتە کاتێ لە بازاڕدا فرۆشیاری کاڵایەک زۆرن بەڵام تەنیا یەک کڕیار هەیە. ئەمە پێچەوانەی قۆرخکارییە کە کڕیار زۆرە و یەک فرۆشیار هەیە و کاڵاکەی بۆ خۆی پاوان و قۆرخ کردووە.

١٧- شەهیدانی تۆلپەدل گرووپێک کرێکاران بوون لە سەتەی نۆزدەدا گیران لەبەرئەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی دۆستایەتیی کرێکارانی کشتوکاڵ سوێندێکی نهێنییان خوارد. سزاکەشیان دوورخستنەوەیان لە وڵات بوو بۆ ئوستورالیا.

١٨- حکوومەتی ویگ: یەکەم حکوومەتی ویگ لە ١٧٨٣ دەسەڵاتی گرتە دەست دوای ئەوەی حکوومەتی تۆری متمانەی لێ سەندرایەوە. لەو سەردەمەدا، دوو حزبی باڵادەست هەبوون لە ئینگلتەرا ئەوانیش: ویگ و تۆری بوون.

١٩- ستاتس کو: زاراوەیەکی لاتینییە واتە "ئەو دۆخی ئێستای کاروبارەکان". بۆ زاڵبوون بەسەر ستاتس کو یان پاراستنی واتە زاڵبوون یان پاراستنی ئەو دۆخەی کە ئێستا هەیە بۆ بارودۆخەکانی دەوڵەت.

٢٠- جەست کۆندەکت: واتە ڕەفتاری دادوەرانە. وەک زاراوەش سێ بنەما لەخۆ دەگرێت.

جـیـاکــاری، ڕێژەیی و بەرپرسـیــارەتی. ئەم زاراوەیە زیاتر لە شــەڕەدا بەکــار دێت: جـیـاکـاری واتە کێ ئامـانجـە لە شـەڕەکـەدا. ڕێژەیی، واتە چـەند هێـز پێـویسـتـە بۆ شەڕەکە. بەرپرسیارەتی واتە بەرپرسیارەتی دەکەوێتە کوێ لە کاتی شەڕدا.

٢١- نیـهیلیـزم: ڕەتکردنەوەی یەکجـارەکیی هـەمـوو دەسـەڵات و دامـەزراوەکان. لەنێو دەقی فـەلسـەفیـدا بەواتـای ئەوە دێت کـە هیـچ شـتـێک وجـوودی نـییـە، هـەمـوو شـتـێک بە خودیشەوە بەناواقیعی دادەنێت.

٢٢- چەکی گـیـرۆ: ئەو چەکـەیە حکوومـەتی بـەریـتـانـیـایـی دەیدا بەوانەی بێکـارن و تەعین نەکراون. کەسەکە بەو چەکە پارە لە بانک وەردەگرێت.